حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

# مافی چارەنووس لەڕۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان

## توێژینەوەیەکی وەسفیی ڕووپێوی شیکارییە لە نێوان هەردوو ڕۆژنامەی ( میدیا و هەواڵ )دا

نامەیەکە خوێندکار

شادمان حسن مولود

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،وەك بەشێك لە پێویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندندا.

سەرپەرشتیار

پ.ی.د.عمر احمد رمضان

٢٧١٧ ك ٢٠١٧ز

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار(شادمان حسن مولود)بەناونیشانی(مافی چارەنووس لە ڕۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان)بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە،بەشێکە لەپێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر،لەزانستی (ڕاگەیاندن)دا،پێشنیاردەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەلسەنگاندن بکرێت.

واژۆ

سەرپەرشتیار:د.عمرئەحمەد ڕەمەزان

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار /٩/٢٠١٧

بەپێی ئەم پێشنیارە،ئەم نامەیە پیشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

پ.ی.د.سلام نصرالدین

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

بەروار /٩/٢٠١٧

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

**نامـــەی ماســـتەری خوێنـــدکار (شـــادمان حســـن مولـــود)کـــە ناونیشـــانی بریتیـــە لـــە (مـــافی چـــارەنووس لـــە رۆژنامـــەوانی کـــوردی باشـــوری کوردســـتان)پێداچـــوونەوەی زمانـــەوانی بـــۆ کـــراوە ، ئـــەو هەڵانەشـــی کـــە تێیـــدابوو ڕاســـت کراونەتـــەوە بـــەوەش نامـــەی ماســـتەرەکەی لـــە ڕووی زمانـــــــەوانی و شـــــــێوازی دەربڕینـــــــەوە ئامادەیـــــــە بـــــــۆ گفتوگۆکردن.**

**واژۆ**

**پ.د. صباح رشید قادر**

**زانکۆی ڕاپەڕین**

**بەروار٢٠١٧/٩/١٦**

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمـــە وەك ئەنـــدامانی لیژنـــەی گفتوگـــۆ، ئـــەم نامەیـــەی خوێنـــدكار (شـادمان حسـن مولـود)بەناونیشـانی (مـافی چـارەنووس لـە رۆژنامـەوانی كـوردی باشـوری كوردسـتان)خوێنـدەوەو گفتوگۆمـان دەربـارەی نـاوەڕۆك و لایەنـەكانی تـری كـردووە،بڕیارمانـدا بـە پلـەی (        ) بڕوانامـەی ماستەری لە زانستی (راگەیاندن)پێبدرێت.

واژۆ
ناو:د.فؤاد علی احمد
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆكی لیژنە
بەروار //٢٠١٨

واژۆ
ناو: د.ابراهیم سعید فتح الله
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار //٢٠١٨

واژۆ
ناو:د.عبدالحكیم خسرو جوزل
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام
بەروار //٢٠١٨

واژۆ
ناو: د.عمر احمد رمضان
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار //٢٠١٨

لەلایەن ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/زانكۆی سلێمانی_پەسندكرا

واژۆ
ناو:پ.ی.د ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان
بەروار //٢٠١٨

# پێشکەشە

* پێشکەشە بە گیانی پاکی هەردوو شەهیدان (کامەران و ڕابەری)برام، شەهیدان( کرێکار وجەنگی )ئامۆزام،رۆحی پاکی هەموو ئەوانەی لە پێناو گەیشتن بە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد.

* پێشکەشە بەیاد و گیانی پاکی باوکم و دایکم کە ئەوانیش هەر لەم ڕێگایە و لە دەربەدەری سەری خۆیان نایەوە .

* پێشکەشە بە خوشکی گەورەم ( پەخشان_دادەم ) کە بەشێك لە جێگای دایکمانی بۆ پڕکردوینتەوە ،هەمیشە ئاواتی گەیشتنمە بە ئاواتەکانم .لەگەل تەواوی خوشك و براکانم و هاوسەرەکەم.

* پێشکەشە بە گولە جوانەکانم ( دابین، دێنێ ، دیدەن ).

# سوپاس و پێزانین

١_ سوپاسی مامۆستای بەڕێزم پ.ی.د.عومەر ئەحمەد رەمەزان دەکەم کە سەرپەرشتی توێژنەوەکەی گرتە ئەستۆ و ئەرکی زۆری کێشا.

٢_ سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم (دکتۆر کارزان محەمەد)دەکەم لە وەرگێڕانی دەقە فارسییەکان و پەیدا کردنی چەند سەرچاوەیەك.

٣_ زۆر سوپاسی هەموو شارەزا و ئەکادیمیە بەڕێزەکان دەکەم کە ئەرکیان کێشا و فۆڕمی ڕاپرسی (راستی)یان وەلام دایەوە ،ناویان لەبەشی یەکەمی توێژنەوەکەدا هاتووە .

٣_ سوپاسی (دکتۆر رێزان مەلا حەسەن)دەکەم بۆ وەرگێڕانی پوختەی توێژنەوەکە بۆ سەر زمانی عەرەبی .

٤_ سوپاسی مامۆستا(کامەران عوسمان)دەکەم بۆ وەرگێڕانی پوختەی توێژنەوەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی .

٥_ سوپاسی (دکتۆر عوسمان و شیلانی خوشکم)دەکەم یارمەتیدەری حەوانەم بوون لە شاری سلێمانی لەماوەی تەواوکردنی کۆڕسەکانی خوێندندا.

٦_سوپاسی زۆرم بۆ ستافی هەردوو رۆژنامەی میدیا و هەواڵ ،کە زۆر دلسۆزانە هاوکارم بوون ،لە پێشکەش کردنی هەموو پێویستیەکان.

٧_ سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی کە هاوکارم بوونە لە خوێندنی کۆڕسەکان و نووسین و رێکخستنی ئەم توێژنەوەیەدا.

# پوختەی توێژنەوەکە

بابەتی ئەم توێژنەوەیە یەکێکە لە بابەتە گرنگ وجێبایەخەکانی کۆمەڵی کوردستان، بەناونیشانی (مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان)،چونکە کۆمەڵی کوردستان هەتاکو ئێستا لەهەولی بەردەوامدایە بۆ وەدەست خستنی ئەم مافە،بەتایبەتی لە باشوری کوردستان،کە خۆی لە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبینێتەوە.توێژنەوەکە باس لە دەرخستن و ئاشکراکردنی رۆلی رۆژنامەوانی کوردی لە باشوری کوردستان دەکات،لەناساندن و کاریگەری لەسەر پرسی مافی چارەنووس، لە رێگای دەرخستنی ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ ومیدیا )دا،ڕووپێوی کردن و بەراووردکردنیان لەم ڕووەوە .ئەمەش لە دووتویی (١٥٣)لاپەڕەدایە، لە چوارچێوەی دوو لایەنی سەرەکیدا دەبێت کە لایەنی تیۆری و پراکتیکی توێژنەوەکەیە ،بەجۆرێك کە لە پێنج بەش پێکهاتووە .لایەنی تیۆری لە پوختەی توێژنەوەکە،پێشەکی،چواربەش پێکدێت .بەشی پێنجەم لایەنی پراکتیکی توێژنەوەکەیە کە تایبەتە بە ڕووپێوی کردن و بەراووردکاری ئەنجامەکانی کاریگەرێتیان لەسەر پرسی مافی چارەنووس،ئەمە جگە لە چەندین خشتە و ئەنجام وپێشنیاز و راسپاردە و سەرچاوە و پاشکۆی توێژنەوەکە.ئامانجی سەرەکی ئەم توێژنەوەیە زانینی ڕادەی بایەخی پرسی مافی چارەنووسە لە لایەن رۆژنامەوانی کوردی لە باشوری کوردستاندا .بایەخ و گرنگی ئەم پرسە لە لایەن هەردوو رۆژنامەی( هەواڵ و میدیا)دا. توێژەر بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە پشتی بە میتۆدی وەسفیی بەستووە بە بەکارهێنانی رووپێوی شیکاری ڕواڵەتیە لە سامپلی ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا)دا بەشێوەی (ڕوومالکردنی گشتگیر_حصر الشامل)بۆ تەواوی ژمارەکانی ساڵی ٢٠١٤هەردوو رۆژنامەکە ،توێژەر ئامرازی ئامارو رێژەی سەدی بەکارهێناوە بەمەبەستی گەیشتن بەدەرئەنجامێکی تەواو پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژنەوەکە .

توێژەر لە کۆتایی توێژنەوەکەیدا بەکۆمەلێك دەرئەنجام گەیشتووە،بەم شێوەیەی خوارەوە:

١_ ئەنجامی توێژنەوەکە ئاماژە بەوەدەدات، کە کۆی گشتی سامپلی توێژنەوەکە ،مافی چارەنوس لە رۆژنامەوانی کوردی لە لایەن هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا)دا بایەخ و گرنگی پێدراوە .وەك بابەتێکی دیاریکاری رۆژنامەوانی رۆژ لە باشوری کوردستاندا .

٢_ پرسی مافی چارەنووس لە هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا)دا بابەتی هەمەجۆری ووروووژاندوە بۆ تەواوکردنی بابەتەکانی تایبەت بە پرسی مافی چارەنووس لە هەموو ڕووێکەوە بەمەبستی دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ئەم پرسە لە باشوری کوردستاندا.

**٣_ پرسی مافی چارەنووس کاریگەریی تەواوی کردۆتە سەر ناوەڕۆکی هەردوو ڕۆژنامەکە ،لەئامادەکردنی ژانرە ڕۆژنامەوانیەکانیاندا وەك بەشێك لە پرسێکی گرنگی کۆمەڵی باشوری کوردستان.**

**٤_ لەتەواوی ژانرەکانی تایبەت بەپرسی مافی چارەنووس لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەم پرسە خراوەتە ڕوو، شرۆڤەی پێویستی بۆکراوە .**

**٥_ مافی چارەنووس کاریگەریی تەواوی لەسەر هەمەجۆری بابەتەکانی هەردوو ڕۆژنامەکەدا کردووە ،لەهەموو ڕوویێکی ژیانەوە بابەتی گرنگ لەسەر ئەم پرسە بلاوکراوەتەوە ،وەك بەشێك لە ئەرکی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕای گشتی و لایەنی بەرپرسیار.**

**٦_ هەردوو ڕۆژنامەی (هەواڵ و میدیا) جگە لەکاری ڕۆژنامەوانی خۆیان بۆ بلاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی ئەرکێکی تەواوکاری ڕۆژنامەوانی کوردیشیان تەواو کردوە، بەمەش بوونەتە سەکۆیەك بۆ خستنە رووی تەواوی ئەو بابەتانەی کەپەیوەستن بەپرسی مافی چارەنووس و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵی باشوری کوردستان لەتەواوی لایەنەکانی ئەم بابەتەدا .**

**بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کەوا بۆیەکەم جارە توێژنەوەیەکی فراوانی لەم شێوەیە لەسەر پرسی مافی چارەنووس لە ڕۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستاندا (تەنانەت لە میدیای کوردیشدا) ئەنجام بدرێت،ئەمەش بەمەبەستی زیاتر بایەخدانی ڕۆژنامەوانی کوردییە بەم پرسە گرنگ و کاریگەرەی کۆمەڵی کوردستان.لەپاڵ ئەمەشدا گرنگی و بایەخی مافی چارەنووس ئامانجی توێژەر بووە، کە کاری توێژنەوەی لەسەر بکات،وەك هەنگاوێکی بەرهەمهێنانی کاری ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا.**

# پێڕست



| ژ | ناونیشانی بابەتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| ٢ | بڕیاری شارەزای زمانەوانی | ب |
| ٣ | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| ٤ | پێشکەشە | ث |
| ٥ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٦ | پوختەی توێژینەوە | ح خ |
| ٧ | پێڕستی توێژینەوە | د ذ ر |
| ٨ | پێڕستی خشتەکان | ر ز |
| ٩ | پێڕستی هێڵکارییەکان | س |
| ١٠ | پێڕستی پاشکۆکان | س |
| ١١ | پێشەکی | ١_٢ |
| ١٢ | بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ١٣ | کێشەی توێژنەوەکە | ٣ |
| ١٤ | گرنگی توێژنەوەکە | ٣_٤ |
| ١٥ | ئامانجی توێژنەوەکە | ٤ |
| ١٦ | گریمانەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٧ | جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٨ | ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١٩ | بواری توێژینەوەکە | ٥ |
| ٢٠ | کۆمەڵ وسامپڵی توێژینەوەکە | ٥ |
| ٢١ | هۆکاری هەڵبژاردنی توێژنەوەکە | ٥_٦ |
| ٢٢ | ئاستەنگیەکانی توێژینەوەکە | ٦ |
| ٢٣ | ڕاستی وجێگیری توێژینەوەکە | ٦_٧ |
| ٢٤ | چەمك ودەستەواژەکانی توێژینەوەکە | ٧ |
| ٢٥ | توێژینەوەکانی پێشوو | ٨ |
| ٢٦ | بەشی دووەم : بنەما ژیاریەکانی باشـــوری کوردستان لەدوای لکاندنی بەدەوڵەتی عێراقەوە | ٩_١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | پاری یەکەم:بارووەدۆخی سیاسی باشوری کوردستان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا | ١١_١٦ |
| ٢٨ | پاری دووەم :خستنە رووی بنەما جوگرافی و ئابوورییەکانی باشوری کوردستان | ١٦_٢٢ |
| ٢٩ | پاری سێیەم: بنەمای شارستانی و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی باشوری کوردستان | ٢٢_٣١ |
| ٣٠ | پاری چوارەم: مێژووی نووسین و فەرهەنگ وکاری رۆژنامەوانی کوردی لەباشوری کورد | ٣١_٣٥ |
| ٣١ | بەشـــی ســێیەم:مافی چارەنووس لە رووی چەمك و زمانەوانیەوە | ٣٦ |
| ٣٢ | پاری یەکەم:پێناسەو و بنەما و پێوەرەکانی مێژووی چەمکی مافی چارەنووس | ٣٦_٤٢ |
| ٣٣ | پاری دووەم:مافی چارەنووس لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان | ٤٢_٤٨ |
| ٣٤ | پاری سێیەم:باشوری کوردستان لەنێوان لکاندنی بەدەوڵەتی عێراق و گەیشتن بەمافی چارەنووس | ٤٨_٦١ |
| ٣٥ | بەشی چوارەم : ناساندن و خستنە ڕووی پێکهاتەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵ | ٦٢ |
| ٣٦ | پاری یەکەم: ناساندن و خستنە ڕووی رۆژنامەی میدیا | ٦٢_٦٨ |
| ٣٧ | پاری دووەم:ناساندن و خستنە ڕووی رۆژنامەی هەواڵ | ٦٨_٧٤ |
| ٣٨ | پاری سێیەم:مافی چارەووس لە ژانرەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵدا | ٧٤_٨٧ |
| ٣٩ | بەشی پێنجەم:مافی چارەنووس لە ژانرەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵدا | ٨٨_٨٩ |
| ٤٠ | پاری یەکەم: رووپێویکردن و شیکاریکردنی ژانرەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵ | ٨٩_١٠٦ |
| ٤١ | پاری دووەم : وێنە لە ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەی هەواڵ و میدیا | ١٠٦_١٠٨ |
| ٤٢ | پاری سێیەم:رووپێوی ڕووبەری وەرگیراو و بەکارهاتووی لاپەڕەکانی هەردوو رۆژنامەکە | ١٠٨_١١٠ |
| ٤٣ | پاری چوارەم:هێلکاری دەرخستنی رێژەی (٪)ڕووبەری ژانرەکان لە رۆژنامەی میدیاو هەواڵ دا | ١١١_١١٥ |
| ٤٤ | ئەنجام | ١١٦_١١٧ |
| ٤٥ | پێشنیاز | ١١٧ |
| ٤٦ | راسپاردە | ١١٧_١١٨ |
| ٤٧ | لیستی سەرچاوەکان | ١١٩_١٢٧ |
| ٤٨ | پاشکۆکان | A |
| ٤٩ | فۆڕمی سەرەتایی کۆکردنەوەی زانیاری | B |
| ٥٠ | فۆڕمی راپرسی ئاستی دەسەڵاتی زانستی شارەزایانی ئەکادیمی | C-H |

| | | |
|---|---|---|
| ٥١ | خشتەی سەرەنجی پسپۆڕان لەسەر برگە جیاوازەکان | I |
| ٥٢ | پوختەی توێژنەوەکە بەزمانی عەرەبی | J |
| ٥٣ | پوختەی توێژنەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | K-L |
| ٥٤ | ناونیشانی توێژنەوەکە بەزمانی عەرەبی | M |
| ٥٥ | ناونیشانی توێژنەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | N |


## پێرستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دەرخستنی درێژی سنوری باشوری کوردستان ،لەگەل ولاتانی دراوسێ | ١٠ |
| ٢ | دەرخستنی رێژەی دانیشتوانی شار و لادێکانی باشوری کوردستان (١٩٥٧_١٩٨٧) | ٢٥ |
| ٣ | دەرخستنی ژمارەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی باشوری کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦ | ٣٤ |
| | دەرخستنی ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن(٢٠١٢_٢٠١٣) | ٣٤ |
| ٥ | دەرخستنی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکانی باشوری کوردستان بۆ خوێندنی( ٢٠١٥_٢٠١٦) | ٣٥ |
| ٦ | دەرخستنی ژمارەی کادیرە بالاکانی زانکۆ و پەیمانگاحکومییەکانی لە ساڵی ٢٠١٥ | ٣٥ |
| ٧ | دەرخستنی کۆی ژانرەکان لە رۆژنامەی میدیادا | ٨٨ |
| ٨ | دەرخستنی کۆی ژانرەکان لە رۆژنامەی هەواڵدا | ٨٨ |
| ٩ | دەرخستنی مەبەستی مانشێت لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٨٩ |
| ١٠ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە مانشێتی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٠ |
| ١١ | دەرخستنی جۆرەکانی هەواڵ لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٠ |
| ١٢ | دەرخستنی جۆری سەرچاوەی هەواڵ لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩١ |
| ١٣ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە هەواڵەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩١ |
| ١٤ | دەرخستنی جۆری وتار لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٢ |
| ١٥ | دەرخستنی جۆری بابەت لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٣ |
| ١٦ | مەبەست لە نووسینی وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٣ |
| ١٧ | دەرخستنی هەڵوێست لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٤ |
| ١٨ | دەرخستنی سەرچاوەی بەکارهاتوو لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٤ |
| ١٩ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٥ |
| ٢٠ | دەرخستنی جۆرەکانی راپۆرت لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | دەرخستنی جۆری بابەتەکانی راپۆرت لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٦ |
| ٢٢ | دەرخستنی مەبەست لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٦ |
| ٢٣ | دەرخستنی سەرچاوە لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٧ |
| ٢٤ | دەرخستنی هەڵوێست لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٧ |
| ٢٥ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٨ |
| ٢٦ | دەرخستنی جۆری بابەت لە ریپۆرتاژی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٨ |
| ٢٧ | دەرخستنی مەبەست لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٩ |
| ٢٨ | هەڵوێست لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩٩ |
| ٢٩ | جۆرەکانی سەرچاوەی بەکارهاتوولە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٠ |
| ٣٠ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٠ |
| ٣١ | دیاریکردنی چاوپێکەوتنی کەسایەتییەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠١ |
| ٣٢ | دەرخستنی جۆری بابەت لە چاوپێکەوتنەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠١ |
| ٣٣ | دەرخستنی مەبەستی چاوپێکەوتنەکان لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٢ |
| ٣٤ | دەرخستنی هەوڵوێست لە چاوپێکەوتنەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٢ |
| ٣٥ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە چاوپێکەوتنەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٣ |
| ٣٦ | دەرخستنی گوزارشتکردن لە کاریکاتێرەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٤ |
| ٣٧ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە کاریکاتێرەکانی رۆژنامەی هەواڵ ومیدیادا | ١٠٤ |
| ٣٨ | دەرخستنی هەڵوێست لەبابەتە ئەدەبییەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٥ |
| ٣٩ | دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە بابەتە ئەدەبیەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٥ |
| ٤٠ | دەرخستنی رێژەی(٪) ڕووبەری وێنە لە کۆی گشتی ڕووبەری وەرگیراو و بەکارهاتوو لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٦ |
| ٤١ | دەرخستنی جۆرەکانی وێنە لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٧ |
| ٤٢ | دەرخستنی ڕووپێوی تەواوی ژمارە وەرگیراوەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٨ |
| ٤٣ | دەرخستنی ڕووبەری تایبەت بە توێژنەوەکەورێژەی(٪)لەرۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٩ |
| ٤٤ | دەرخستنی کۆی رووبەری هەریەك لە ژانرەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠٩ |
| ٤٥ | دەرخستنی شوێنی ژانرە بەکارهاتووەکان لە ژمارەی لاپەڕەکانی رۆژنامەی هەواڵدا | ١١٠ |
| ٤٦ | دەرخستنی شوێنی ژانرە بەکارهاتووەکان لە ژمارەی لاپەڕەکانی رۆژنامەی میدیادا | ١١٠ |

## پێرستی هێڵکاریەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی هێڵکاریەکان | ژ |
|---|---|---|
| ١٠٧ | دەرخستنی رێژەی (٪)جۆری وێنەکان لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١ |
| ١٠٨ | دەرخستنی رێژەی(٪) جۆرەکانی وێنە لە ڕووبەری بەکارهاتووی وێنەکان لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٢ |
| ١١١ | دەرخستنی رێژەی(٪) ژانرەکان لە کۆی ڕووبەری تایبەت لە رۆژنامەی هەواڵدا | ٣ |
| ١١١ | دەرخستنی رێژەی(٪) ژانرەکان لە کۆی ڕووبەری تایبەت لە رۆژنامەی میدیادا | ٤ |
| ١١٢ | دەرخستنی رێژەی(٪)ڕووبەری ژانرەکان لە کۆی ڕووبەری وەرگیراو بۆ توێژنەوەکە | ٥ |
| ١١٢ | دەرخستنی رێژەی(٪) ڕووبەری وەرگیراوی هەردوو رۆژنامەکە | ٦ |
| ١١٣ | دەرخستنی رێژەی(٪)ڕووبەری بەکارهاتوو لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٧ |
| ١١٣ | دەرخستنی رێژەی دووبارە بوونەوەی بابەتەکان لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٨ |
| ١١٤ | دەرخستنی رێژەی(٪) دووبارە بوونەوەی مەبەست لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ٩ |
| ١١٤ | دەرخستنی رێژەی(٪) دووبارە بوونەوەی هەڵوێست لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٠ |
| ١١٥ | دەرخستنی رێژەی(٪) دووبارە بوونەوەی سەرچاوە لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١١ |
| ١١٥ | دەرخستنی دووبارە بوونەوەی ناوچەی جوگرافی لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | ١٢ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| لاپەڕە | ناونیشانی پاشکۆکان | ژ |
|---|---|---|
| A | ناونیشانی پاشکۆکان | ١ |
| B | فۆڕمی سەرەتایی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری | ٢ |
| C-H | فۆڕمی ڕاپرسی بۆ ئاستی زانستی شارەزایانی ئەکادیمی | ٣ |
| I | خشتەی سەرنجی پسپۆڕان لەسەر بڕگە جیاوازەکان | ٤ |
| J | پوختەی توێژنەوەکە بەزمانی عەرەبی | ٥ |
| K-L | پوختەی توێژنەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | ٦ |
| M | ناونیشانی توێژنەوەکە بەزمانی عەرەبی | ٧ |
| N | ناونیشانی توێژنەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | ٨ |

# پێشەکی

لەئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤_١٩١٨) دەوڵەتی عوسمانی تێکشکا و ڕووخا، بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆساڵی ١٩١٦ کوردستانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی دابەشی سەر سێ بەش کرا، بەشە زۆرەکەی بەردەوڵەتی تورکیا کەوت و بەشی دووەمی بەر ئێراق و بەشی سێەمی بەر سوریا کەوت. لەو کاتەوە باشوری کوردستان بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی ئێراقەوە لکێنرا.پرسی کورد بوو بە کێشەیەکی دیاری ئەم دەوڵەتە تازەیە.لەو کاتەوەجولانەوەی سیاسی و چەکداری لەباشوری کوردستان بەردەوامی هەبووە بۆ گەیشتن بەمافی چارەنووس.رۆژنامەوانی کوردیش بەر لەو مێژووە سەری هەڵداوە،هەمیشە لەگەل ڕەوتی ڕووداوەکان گەشەی کردوە و هاتۆتە مەیدان.ئەگەر رۆژنامەکانی سەردەمی دەسەلاتداریەتی شێخ مەحمود وەك نمونە وەربگرین، رۆژی کوردستان-١٩٢٢،بانگی کوردستان-١٩٢٢،ئومێدی ئیستقلال-١٩٢٣، بانگی حەق-١٩٢٣.ئەوە بەدڵنیاییەوە رۆژنامەوانی کوردی لەو سەردەمەوە لەجولانەوە چەکداری و سیاسییەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردیدا دانەبڕاوە و دوانەکەوتووە ، بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس.

ڕۆژنامەوانی کوردی لەرۆژنامەوانی زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی دونیا جیاوازتر بووە، ئەوەندی ئەرکی خستنە ڕووی داواو مافەکانی کوردبووە،هێندە پێشەییانە ئەرکی رۆژنامەوانی خۆی جێبەجێ نەکردووە،چونکە پێشێلکردن و پشتگوێ خستنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان وایان کردووە هەمیشە کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرەکانی کورد،پەنا بۆ رۆژنامە و گۆڤار و بڵاکراوەکان ببەن، تا داخوازییەکانی گەلی کوردی تێدا باس بکەن و بیخەنە ڕوو بۆ رای گشتی ناوخۆ و دەرەوە.بۆیە رۆژنامەوانی کوردی هەمیشە بلندگۆیەکی کاریگەر و دیاری پرسی مافی چارەنووس بووە،ئەگەر لاپەڕەکانی رۆژنامە جیاوازەکانی کورد لە رابردوودا بخوێنینەوە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت،کەوا رۆژنامەوانی کوردی جگە لەئەرکە پیشەییەکەی خۆی کەگەیاندنی هەواڵو شیکردنەوەی هەواڵ و وتار و راپۆرت و چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژ،...هتد، بووە،هەموودەم پرسی مافی چارەنووسی وەك ئەرکێکی نەتەوەیی کردۆتە بەشێك لە بەرنامەی خۆی لە جولانەوەی سیاسی و چەکداری باشوری کوردستاندا ،هەمیشە رۆژنامە و گۆڤاروبلاوکراوەکان بوونیان هەبووە،وەك هۆکارێکی کاریگەری سەردەمیانە، بۆ گەیاندنی دیدو بۆچوونەکان،هەروەها بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی و سەربازی.مافی چارەنووس هەمیشە لەدروشمە دیارەکانی رۆژنامەوانی راستەقینەی کوردی بووە.دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژنامەوانی کوردیش لە ژێر چەتری یاسای چاپەمەنییەکاندا گەشەی کرد، بگرە تەواوی کەرتی میدیا گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، پرسی مافی چارەنووسیش بوو بە بەشێك لە ئەرك و داخوازی رۆژنامەوانی کوردی. بەپێی سروشتی سیاسەتی داڕێژراوی خۆی، حزبی بووبێ ، یان ئەهلی، باسی لە مافی چارەنووس کردووە.مافی چارەنووس خۆی لەسیستەمێکی سیاسی گونجاو دەبینێتەوە،کە ئەو پێکهاتەی داوای دەکات ، چۆن بیەوێ رێکیبخات، مێژووی پرسی مافی چارەنووس لەباشوری کوردستان لە سەربەخۆیەوە بۆ لامەرکەزی و

ئۆتۆنۆمی و فیدڕالی و کۆنفیدڕالی و دووباره سەربەخۆیی دابەش بووه . بەلام دەستەواژەی پرسی مافی چارەنووس لەهەموو دەستەواژەکانیتر دیارتر و جێگیرتر کراوه .واته دەستەواژەیەکی گشتگیره بۆ هەموو سەردەم و قۆناغێك دەست دەدات.دوای رووخاندنی رژێمی بەعس (١٩٦٨_٢٠٠٣) لەسەر دەستی ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەساڵی ٢٠٠٣دا،پرسی مافی چارەنووس له باشوری کوردستان زیاتر وروژێنرایەوه له مۆدێلی فیدڕالی و سەربەخۆیدا. ئەگەرچی حزبه سیاسییه باڵادەستەکان بەفیدڕالی رازی بوون و لەدەستووری ئێراقدا جێگیریان کرد،زۆرینەی خەڵکی باشوری کوردستانیش دەنگیان بۆ دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا، بەلام زۆرینەیەك لەخەڵکی رۆشنبیر و نووسەر و کەسایەتییه کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بانگەشەیان بۆسەربەخۆیی کوردستان کرد، ئەوەبوولەپاڵ هەڵبژاردنی گشتیدا بۆ پەرلەمانی عێراق و کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان له ساڵی ٢٠٠٥دا، راپرسییەکی نا رەسمیش بۆ سەربەخۆیی ئەنجام درا، له(٩٨٪) بەشداربووان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی و جودابوونەوه لەگەل دەوڵەتی ئێراقدا.لەم پرسەدا رۆژنامەوانیی کوردی رۆڵی دیاری هەبوو،هەردوو رۆژنامەی (میدیا و هەواڵ)که یەکەمیان ئۆرگانی پارتێکی نەتەوەییه، باوەڕی بەسەربەخۆیی کوردستان هەیه، دووەمیان رۆژنامەیەکی ئەهلی یه و لەشاری کەرکوك و ناوچه کوردستانییه کێشه لەسەرەکان دەردەچێ،لەپێشەنگی وروژاندنی پرسی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بوونی باشوری کوردستانن.

# بەشی یەکەم

# (چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە)

## یەکەم: کێشەی توێژنەوەکە:

هەنگاوی یەکەمی ئەنجامدانی هەموو توێژینەوەیەکی زانستی سەرەتا دیاریکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەیە. چونکە هەست کردنی توێژەر بەبابەتی شیاو،لەگەل پەی پێبردنی بە کێشەیەك،کە پێویستی بە وەسفکردن و لێکدانەوە و چارەسەرهەبێت. هەنگاوێکی لۆژیکی گرنگە بۆئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ووردی زانستی،لەم روانگەیەوە توێژەر(مافی چارەنووس لەرۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان، لە ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەی میدیا و هەواڵ)ی کرد بەناونیشانی توێژینەوەکەی، تاکو لە سۆنگەی بەش وپارەکانی توێژینەوەکەوەدا،بگات بە وەڵامی زانستی بۆ ئەم پرسیارانە:

١_ ڕەنگدانەوەی پرسی مافی چارەنووس لە ناو ژانر و بابەتە رۆژنامەوانیە کوردیەجیاوازەکانی باشوری کوردستان، لە چ ئاست و پلەیەکی بایەخ بەندیانە؟.

٢_ پلەی بەرجەستەکردنی مافی چارەنووس لە ڕووی شێوە وناوەرۆك و دیاریکردنی دیدوبۆچونەکان لە چ ئاستێکی گرنگی پێدانی هەردوو رۆژنامەی (میدیا و هەواڵ)دایە؟.

٣_ دەرخستن وئاشکراکردنی جۆر و چۆنێتی پاشخانی گرنگیپێدانی رۆژنامەوانی لەمەڕ پرسی مافی چارەنووس ،لە هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا)دا لە چ ئاستێکدایە ؟.

## دووەم :گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەی زانستی لەوەدایە کە کێشەکانی هەر کۆمەڵێك دیاری بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە،زیادەیەك بخاتە سەر زانست و زانیاری، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر گرنگی ئەم بابەتەی زانیوە لە رۆژنامەوانی کوردیدا،کە رۆڵی کاریگەر و دیاری هەبووە لە روونکردنەوە و گەیاندنی ئەو داخوازیەی کە مافی چارەنووسە بۆ گەلی کورد، مافی چارەنووسی گەلی کوردستان داهاتوی خۆرهەڵاتی ناوەند دەگۆڕێت وسەرلەنوێ سیما و خەسڵەتی نوێی پێدەبەخشێت، ئەم دۆزە لەهۆکارە جیاوازەکانی راگەیاندندا ڕەنگی داوەتەوە ،بەتایبەت لە رۆژنامەدا،گرنگێتی توێژینەوەکە لەگرنگی بابەتەکەیەوە (مافی چارەنووس) سەرچاوە دەگرێت. ئەم توێژینەوەیە لەکاتێکدایە کەگەلی کوردستان بەقۆناغێکی فرە هەستیار دا تێدەپەرێت، رۆژنامەش رۆلێکی گەلی گرنگ دەگێرێت سەبارەت بە بەرجەستەکردنی هەڵوێست و دید و بۆچونی هێز ولایەنەجیاوازەکان لەم ڕووەوە، هەروەها ڕای گشتی گرنگی پێدەدا، زەمینەی گفتوگۆ وژیربێژی فەراهەم دەکات، لەرووی قایل بوون و قایلاندنەوە.دیاریکردنی چۆنێتی رووماڵکردنی ئەو دۆزە وەك رەهەندێك کە گەلی کوردستان گرنگێتی پێدەدا، ئاستی رەنگدانەوەی لەرۆژنامەوانی کوریدا، بابەتێکی لەپێشینەیەو کەلێنێکی گرنگ لەو ڕووەوە پڕ دەکاتەوە.هێندەی توێژەر ئاگادار بێت ئەمە یەکەم توێژینەوەیە لەم رووەوە ئەنجام دەدرێت، هەر چەندە بابەتێکی زیندوی کۆمەڵی کوردستانە، لەناو توێژینەوەکانی راگەیاندندا لەریزی پێشەوەیە.گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵی کوردیدا لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

١_ گرنگی بابەتی مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستاندا دەردەخات .

٢_ گرنگی رۆژنامەوانی کوردی وەك بەشێك لەو هەوڵدانەی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس دەردەخات .

٣_ نەبوونی توێژنەوە لە بواری مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردیدا .

٤_ گرنگی و پەیوەندی ئەم توێژینەوەیە بە فاکت و بارودۆخی باشوری کوردستانەوە .

٥_ ئەم توێژینەوەیە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ توانا و رۆلی زیاتری رۆژنامەوانی کوردی لەمەڕ پرسی مافی چارەنووس و دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو بۆ گەیشتن بەم مافە .

٦_ دەرخستنی مێژووی پرسی مافی چارەنووس و بنەما ژیارییەکانی باشوری کوردستان و ناوەڕۆکی هەردوو رۆژنامەی میدیا و هەواڵ بەتایبەتی .

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژنەوەیە (مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان) بریتیە لە دەرخستنو زانینی ئاستی گرنگیدان بە پرسی مافی چارەنووس لە باشوری کوردستان و رۆڵی رۆژنامەوانیی کوردی لەم بوارەدا. ئامانجە لاوەکیەکانیشی بریتین لە:

١_دیاریکردنی ناوەرۆکی ڕووماڵە رۆژنامەوانییەکان دەربارەی مافی چارەنووس لە رۆژنامەی(هەواڵ و میدیا)دا.

٢_ئاماژەدان بەئاست و بایەخی رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا) بەدۆزی مافی چارەنووس وەك شێوە وبابەت.

٣_ئاماژەدان بەو پاساوە جەختکاریانەی کەرۆژنامەکانی(هەواڵ و میدیا) هێناویانەتەوە سەبارەت بە مافی چارەنووس.

## چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانە بەگشتی لێکدانەوەی ئەگەری پێکەوە بەستنی هۆ وهۆکار بەرجەستە دەکات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیارانەی ئاماژەیان پێدراوە گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا دیاری دەکات:

١_ بابەت و ڕووماڵە رۆژنامەوانییەکانی هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا) کە بۆ پرسی مافی چارەنووس تەرخانیان کردووە.

٢_ دەرخستنی ڕۆڵ وکاریگەری رۆژنامەوانی کوردی لەباشوری کوردستان بەتایبەت هەردوو رۆژنامی (هەواڵ و میدیا) لە بایەخدانیان بە پرسی مافی چارەنووس.

## پێنجەم جۆر و رێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیی یە،کە کۆمەلێك رێباز و تەکنیکە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەنجامی زانستی و بابەتی،هەروەها دیاریکردن وشیکرنەوە وپۆلێنکردنی زانیارییەکان ، لەو سۆنگەیەوە وەسفیی پرسی مافی چارەنووس وکاریگەرێتی رۆژنامە دەکات ،لەهەردوو رۆژنامەی (هەواڵ ومیدیا)دا، هەروەها گونجاویشە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە و ئەو گریمانانەی بۆی دانراوە. لەهەمان کاتدا لە چوارچێوەی جۆری توێژینەوەکەدا توێژەر هەردوو رێبازی ڕووپێوی و شیکاری بەکارهێناوە، یەکەمیان بۆ رووپێوکردنی ئەو ژانرە رۆژنامە نووسیانەی کە تایبەتن بەپرسی مافی چارە نووس، لەگەل دەستکەوتنی زانیاری وپۆلێنکردنیان، دووەمیان بۆ شیکردنەوە وئاستی گرنگیپێدانی هەردوو رۆژنامەکە بە پرسی مافی چارەنووس.

## شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

١_فۆرمی سەرەتایی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا).

٢_دروست کردنی فۆڕمی ڕووپێوی و شیکاریکردن بۆ ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەی (هەواڵ و میدیا).

٣_چاوپێکەوتن:توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر شێوازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە.لەگەل ئەوکەسانەی کە لە هەردوو رۆژنامەی (میدیا و هەواڵ)دا بەرپرسیارەتی کارگێڕی و نووسینیان هەبووە و شارەزاییان لە مێژووی رۆژنامەکاندا هەبووە.

٤_کۆڕ و سیمینار:توێژەر جگە لە دەست کەوتنی سەرچاوە زانستیەکانی لە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەو توێژنەوە لە بارەی پرسی مافی چارەنووس لە چەندین کۆڕ و سیمیناری رۆشنبیری و سیاسیی و زانستیی تایبەت بەم پرسە بەشدار بووە ،لەگەل شارەزایان و یاسا ناسان و مێژوونووسان و نووسەر و رۆژنامەوانانەدا کە شارەزاییان لە دۆزی مافی چارەنووس هەبووە، گفتۆوگۆی کردووە و سوودی زۆری لێبینووە و سەرچاوەی زانیایەکانی دەوڵەمەندتر کردووە بۆ ئەنجامدانی توێژنەوەکە .

## حەوتەم:بواری توێژینەوەکە:

١_بواری بابەت: هەموو ئەو ژانرانە کەلەبارەی (مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان)لەهەردوو رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا بلاوکراونەتەوە بابەتی توێژینەوەکەیە.

٢_بواری کات:(تەواوی ژمارەکانی ساڵی ٢٠١٤ی هەردوو رۆژنامەی ( میدیا و هەواڵ) دیاریکراون .کە بەسەر یەکەوە (٧٢)ژمارەیە.کاتەکەیان بەم شێوەیە:(رۆژنامەی میدیا لە ژمارە (٦١٠)ی رۆژی ٢٠١٤/١/١٤ تاکو ژمارە (٦٣٤)ی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣)هەروەها(رۆژنامەی هەواڵ لە ژمارە(٥٥٢)ی رۆژی ٢٠١٤/١/١١ تاکو ژمارە (٥٩٨)ی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٧).

٣_بواری شوێن: شاری هەولێر کە رۆژنامەی میدیای لێدەردەچێ، شاری کەرکوك کە رۆژنامەی هەواڵی لێدەردەچێت، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەن .

## هەشتەم: کۆمەڵ وسامپڵی توێژینەوەکە:

١_کۆمەڵی توێژینەوەکە: رۆژنامەکانی باشوری کوردستان کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

٢_سامپڵی توێژینەوەکە:سەرجەم ژمارەکانی هەردوو رۆژنامەی( میدیا و هەواڵ)لە ساڵی ٢٠١٤دا وەرگیراوە بەسەریەکەوە (٧٢) ژمارەیە، بەمانای بەشێوەی کۆگیری(حصرشامل) وەرگیراون

## نۆهەم:هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

١_ ساڵی ٢٠١٤ هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمانی ئێراق ئەنجامدرا ،دروشمی پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی کورد زۆر بەرزکرابۆوە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس. لە کۆنفیدڕالیەوە تاکو سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان .

٢_ ساڵی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێراق و شام(داعش) ، پەلاماری کوردستانی دا ،ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەوەی ڕایەکی تازە بێتە کایەوە، کە پێویستە کورد لە ئێراق جودابێتەوە، چونکە بە واقع جودابۆتەوە.دەوڵەتی سەربەخۆ باشترین چارەسەرە بۆ باشوری کوردستان.

**٣_ به هۆی قەیرانی دارایی کە زیاتر لە ساڵانی دواتر کاریگەری پەیدا کرد ،زۆر لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی باشوری کوردستان لە دەرچوون وەستان .**

**٤_ هەردوو رۆژنامەی (میدیا و هەواڵ)بایەخ و گرنگی خۆیان هەبوو . یەکەمیان رۆژنامەی میدیا وەك زمان حالی پارتێکی سیاسی کە دروشمی سەرەکی سەربەخۆیی کوردستانە. دووەمیان رۆژنامەی هەواڵ لەشاری کەرکوك وەك بڵندگۆیەکی ئازاد بۆ گەڕانەوەی کەرکوك ناوچە دابڕاوەکان بۆسەرئیدارەی هەرێمی کوردستان و گەیشتن بەسەربەخۆیی ،هۆکارێکی ترن بۆ ئەنجامدانی توێژنەوە .**

## دەهەم:ئاستەنگیەکانی توێژینەوەکە:

**ئاستەنگیەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە بریتی بوون لە:**

**١_توێژەر لە نێوان شارەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی هاتووچۆی کردووە،چونکە توێژنەوەکە پەیوەندی بەم سێ شوێنەوە هەبووە .ئەمەش ماندووبوون و خەرجییێکی زۆری لەسەر توێژەر خستۆتەوە.**

**٢_هەژاری کتێبخانەی کوردی لە کەمی سەرچاوە لە بارەی پرسی مافی چارەنووس بەگشتی . هەروەها کەمی سەرچاوە لەسەر پرسی مافی چارەنووسی گەلی باشوری کوردستان بەتایبەتی.**

**٣_کەمی توێژینەوەی زانستی لەسەر پرسی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی هاوشێوەی پرسی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە کتێبخانەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت.**

## یانزەهەم: راستی وجێگیری توێژینەوەکە:

### أ_ راستی (صدق)Face.

**بەمەبەستی پێدانی ڕاستگۆیی بەتوێژینەوەکە، توێژەر فۆرمی رووپێویی ئامادە کراوی دابەشکرد بەسەر کۆمەڵێك ئەکادیمی بەمەبەستی دەرهێنانی دروستی ڕواڵەتی، پێکهاتبون لە مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی: سلێمانی،سەلاحەدین،پۆڵەتەکنیکی سلێمانی، پسپۆڕێکی راگەیاندنی دەرەکی کەهەریەکەیان خاوەنی ئەزموون و شارەزاییەکی باشن لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا. هەموو سەرنجەکانیان بە هەند وەرگیراو کاری پێکرا،رێژەی لە (٨٨٪)دەرچوو ئەمەش لەڕووی زانستییەوە رێژەیەکی پەسەندە بۆ ئەنجامدانی توێژنەوەکە[١].**

### ب_ جێگیری توێژینەوە(ثبات البحث)Reliability Statistics.

**جێگیری بریتییە لەدڵنیا بوون لەو پێوەرەی کە دانراوە بۆ پێوانەکردن، بەدوو شێواز ئەنجام دەدەرێت :**

---

[١]- ناوی پسۆڕان بۆ راستگۆیی بە پێی ریزبەندی پسپۆڕیان.

١. پ.ی.د. مەغدید سەپان، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب، پسپۆڕی راگەیاندن.
٢. پ.ی.د. حبیب مالەللا، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب، پسپۆڕی راگەیاندن.
٣. پ.ی.د.فوئاد عەلی، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، پسپۆڕی راگەیاندن.
٤. د. سامان جەلال، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب، پسپۆڕی راگەیاندن.
٥. د. کاروان عەلی، زانکۆی پۆلیتەکنیك، سلێمانی، پسپۆڕی راگەیاندن.
٦. د.رێبەر گۆران، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، پسپۆڕی راگەیاندن.
٧. د. ئەمیر نامیق ، پەرلەمانی کوردستان. پسپۆڕی راگەیاندن(دەرەکی).

١. پسپۆڕێك لەدووكاتی جیاوازدا كە بەلایەنی كەمەوە دوو هەفتەی بەسەردا رابورێت.

٢. جێگیری لەنێوان دوو توێژەری جیاوازدا.

توێژەر ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد،فۆرمەكانی دا بەدوو توێژەری جیاواز،بەپشت بەستن بەهاوكێشەی هۆلستی كردەی جێگیری بۆ راپێوییەكە ئەنجام درا، دەركەوت ڕێژەی لێكچونی هەردوو كردەكە بریتییە لە (٩٣,٨٧٪)، ئەمەش لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەكی پەسەندە.

## دوازدەهەم: چەمك ودەستەواژەكانی توێژینەوەكە:

توێژەر وایدەبینێت كە شرۆڤە كردن و خستنەڕووی چەمكە بنەڕەتیەكانی پەیوەستن بە توێژینەوەكە بخاتە ڕوو،ئەمەش بەمەبەستی هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان توێژەر و خوێنەر،ئەو چەمكانەش بریتین لە:

١_ڕۆژنامە:بڵاوكراوەیەكی چاپكراوی چەند لاپەڕەی رەش و سپی یان رەنگاوڕەنگە،ئەركی گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییە،بەزمانێكی دیاری كراوی پێكهاتەیەكی نەتەوەیی یان ئاینی گوزارشت دەكات.ناوێكی دیاری كراوی هەیە ،بەشێویەكی رێك و پێك بە هەمان ناوەوە دەردەچێت. ڕۆژانە لە كاتەكانی بەیانی یان ئێوارە بڵاودەكرێتەوە .یاخود هەفتانە و نیومانگ و مانگانە بڵاودەبێتەوە ،هەواڵ و وتار و لێدوان و دیدار و راپۆرت و لێكۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی و وێنە و كاریكاتێر وبابەتی ئەدەبی بڵاودەكاتەوە .ئامانجی راگەیاندن و ئاراستەكردن و رێنمایی و زانیاری بەخشین و پشوودانە بۆ خوێنەرەكانی ،بۆی هەیە جاڕنامە و ریكلام وبانگەشەی سیاسی بەرامبەر بڕێك پارە بڵاوبكاتەوە [1].

٢_ باشوری كوردستان:باشوری كوردستان دەكەوێـتە نێوان بازنەی پانی (٠٧_٣٣ و ٢٢_٣٧ )رۆژهەڵات و هێلی درێژی (٠٨_٤١ و ١٨_٤٦) باكور.ئەم ناوچە جوگرافیەش بەشێكی دانەبڕاو بووە لە خاكێكی فراوانتر، كە بە كوردستانی گەورە ناسراوە.لە ساڵی ١٩٢٥ بەشێوەیەكی فەرمی ئەم بەشەی كوردستان لكێنراوە بەدەوڵەتی تازە دروستكراوی ئێراق.لە ساڵی ١٩٩١ لە ئەنجامی راپەڕینێكی جەماوەری زۆربەی شارەكانی باشوری كوردستان رزگاركران لە دەست سوپای حكومەتی ئێراقی و دەسەڵاتێكی خۆبەڕێوەبەری لێدامەزراوە بەناوی هەرێمی كوردستان[2].

٣_مافی چارەنووس: بەو مافە دێت كەوا هەموو تاكێك و پێكهاتەیەكی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی بتوانێ پێبگات و خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بكات لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی خۆی ودرێژەدان بە ژیان لە سایەیدا.ئەوەی لەم توێژنەوەیەدا مەبەستە مافی چارەنووسی گەلی كوردە لەو شێوە سیستەمە سیاسییەی بۆ ژیان لە باشوری كوردستان خۆی هەڵیدەبژێرێ.

---

[1] - http://wiki.kololk.com/wiki62065-ta3leem-%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D9%88%D9%85%D8%B9%D9%86%D9%89_%D8%AA%D9%82%D8%B1%D9%8A%D8%B1_%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B5%D9%8A%D8%B1.كاتی سەردان ٢٠١٦/٩/١٨.

[2] - د.جزا توفيق طالب،المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان،(سليمانية،مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٥)،ص٢٥.

## سیازدەهەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

**هێندەی توێژەرئاگاداربێت هەتاکو ئەنجامدانی ئەم توێژنەوەیە ،هیچ توێژینەوەیەکی تر لەسەر مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی ئەنجام نەدراوە، ئەم توێژنەوەیە (مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان) دەبێت بە یەکەم توێژینەوە لەم بوارەدا .کەوا رۆڵی رۆژنامەوانی کوردی دەردەخات لە پرسی مافی چارەنووس لە باشوری کوردستان.ئەمەش سەرەتایەکی باش و بەسوودە بۆ ئەنجامدانی توێژنەوەی زیاتر لەم بوارەدا.**

# بــــەشـــــی دووەم

## بنەما ژیاریەکانی باشـــوری کوردستان لەدوای لکاندنی بەدەوڵەتی عێراقەوە

لە ١٩٢٥/١٢/١٦ بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان(عصبة الأمم) باشوری کوردستان بە فەرمی بە دەوڵەتی تازەی ئێراقی عەرەبیەوە لکێنـرا، ئـەو بەشـەی بـەر دەوڵـەتی تـازەی ئێـراق کـەوت لـە رووی رووبـەری جـوگرافی و ژمـارەی دانیشـتوان، لـە دوای هـەردوو بەشـی کوردسـتانی بەرکـەوتووی تورکیـا و ئێـران دێـت، لەوکاتـەوە دەسـتەواژەی باشـوری کوردسـتان یـان کوردسـتانی ئێـراق[1]،وەك ناسـنامەی ئـەو بەشـەی کوردسـتان بەکارهاتووە.باشوری کوردستان دەکەوێتە ناو جەرگەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، تـەواوی باکور و رۆژهـەلاتی باکور و رۆژئاوای بـاکوری وڵاتـی ئێـراق دەگرێتـەوە .هاوسنورە لەگـەل بەشـەکانی تـری خـاکی کوردسـتان لـە تورکیا و ئێران و سوریا .تەنها سنوری باشوری دەکەوێتە سەر خاکی عەرەب[2].سەبارەت بـە ڕووبـەر و سـنورو دانیشتوانی باشوری کوردستان،چەند ڕاوبۆچون و داتایەکی نارەسمی هەیە.

**أ_ڕووبەری خاکی باشوری کوردستان**: بە زیاترلە(٧٠)هـەزار کیلۆمـەتر چوارگۆشـە مەزەنـدەدەکرێت. دکتـۆر جەزا تۆفیق تالیب ڕووبەری خاکی باشوری کوردستان بە (٧٣٦١٨کیلۆمـەتر چوارگۆشـە ) دادەنـێ و بـە چـوار هێنـدەی رووبـەری وڵاتـی ئیسـرائیل، بـە خـاکی فەڵەستینیشـەوە هاوتـای دەکـات[3]. بـەلام بـەهۆی سیاسـەتی راگواستن و تەعریبەوە رووبەری ئەم خاکە بەردەوام بەرتەسك کراوەتەوە،لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب .

**ب_سنوری باشوری کوردستان**:لەوەتەی باشوری کوردستان خراوەتە سـەر دەوڵـەتی ئێـراق ،هەمیشـە کێشـەی دیاریکردن و ساغکردنەوەی سنوری باشوری کوردستان لەگەل ئێراقی عەرەبی کێشەیەکی گـەورەی جولانـەوە سیاسی و چەکدارییەکانی کوردستان بووە ،چەندین بیروڕای جیـاواز هـەبووە لـە لایـەن نووسـەر و گـەڕیـدە و جۆگرافیناسە بیانی و عەرەب و کوردەکان.

لە بیانیەکان (فردریك میلـنگن)،لـە سـاڵی ١٨٧٠زاینـی نووسـیویەتی :زنجیرە بەرزایـەکانی شـەنگار و رووبـاری دیجلە سنوری باشور وباشوری رۆژئاوای کوردستانی ئێراق پێکدێنن[4].لەساڵی ١٩٢٤ لیژنـەی کۆمەڵەی گـەلان بـۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، ئەنجامی بەدەست هاتووی بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

١-سنوری ئێراق لەباکوورەوە لەهیتو تکریتو زنجیرە چیاکانی حەمرین تێپەڕ ناکـات، لـەوێوە (لـە دوای ئـەم ناوچانەی کەناویان هاتووە بەرەو باکور خاکی کوردانە )ناوچەیەکی کوردنشینە.

٢-دڵنیانەبوون کەبەشێکی ناوچەی ململانێ رۆژێك لەڕۆژان بەشێك نەبووە لەئێراقی عەجەم [5].

---

[1]- د.سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل،چەمك و سنوری هـەرێمی کوردسـتان، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی، ژمـارە (٤٤) تشـرینی دووەمی،سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٨.

[2]-د.جزا توفیق طالب،سەرچاوەی پێشوو،ل١٨.

[3]- هەمان سەرچاوە،ل٢٠.

[4]- د.سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل،سەرچاوەی پێشوو،ل١٢.

[5]- د. فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: ،محەمەد شاکەلی، (سلێمانی، چاپخانەی خاك، ١٩٩٩،ل١٠٨).

له عەرەبەکان (دکتۆر شاکر خەسباك)* ،بەم جۆرە باس دەکات:لە مەندەلیەوە دەست پێدەکات و بەرەو خۆرئاوای خانەقین تێدەپەڕێت هەتا دەگاتە تەپۆڵکەکانی حەمرین،لەوێشەوە بەرەو زنجیرەی یەکەم لەچیای شێخان پاشان وەردەچەرخێت بەرەو باکووری خۆرئاوا بە درێژایی بەرزاییەکان (تەپۆلکە و گردەکان) هەتا دەگاتە فیشخابوور لەسەر رووباری دیجلە،پاشان وەردەگەڕێت بەرەو خۆرئاوا بەرەو چیاکان.هەروەها هەر چوار لیوای (موسڵ و کەرکوك و هەولێر و سلێمانی ) و (خانەقین و مەندەلیش)لە لیوای دیالە بە کوردستانی ئێراق دەناسێنێت[١].

بەڕای شارەزایانی کورد(سنوری کوردستانی ئێراق لە شاری بە درەوە دەست پێدەکات و لەوێوە سنور بەرەو مەندەلی و شارەبان بەتەنیشت چیای حەمرین دەڕوات تا لە دیجلە دەپەڕێتەوە و لە ڕۆژئاوای دیجلەوە بەتەنیشت چیای مەکحول و شەنگار دەڕوات تا دەگاتە سەر سنوری ئێراق _ سوریا)[٢].درێژیی سنوری باشوری کوردستانی لەگەل ئێراق وڵاتانی دەوروبەری بە کیلۆمەتر لە خشتەی(١)دا خراوەتە ڕوو [٣].

| خشتەی (١)دەرخستنی درێژی سنوری باشوری کوردستان لەگەل وڵاتانی دراوسێ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وڵات | درێژی سنوری باشوری کوردستان /کم | ڕێژەی ٪ سنوری باشوری کوردستان لە کۆی سنورەکەدا | درێژی سنوری ئێراق لەگەڵ ئەو وڵاتە/کم | ڕێژەی (٪) سنوری باشوری کوردستان لە کۆی سنوری ئێراق |
| ئێران | ٦٣٥ | ٣٦,٧ | ١٣٠٠ | ٤٨,٨ |
| تورکیا | ٣٧٧ | ٢١,٨ | ٣٧٧ | ١٠٠ |
| سوریا | ١٦٠ | ٩,٣ | ٦٠٠ | ٢٦,٧ |
| ئێراق | ٥٥٥ | ٣٢,٢ | _ | _ |
| هەمووی | ١٧٢٧ | ٪١٠٠ | _ | _ |

بەپێی دیاریکردن و لێکدانەوەی شارەزایان بێت سنوری باشوری کوردستان لە گەل ئێراقی عەرەبی بە هۆی چەند دیاردیەکی سروشتی ، وەك زنجیرە شاخەکانی حەمرین و رووباری دیجلە و بەرزاییەکانی

---

*_دکتۆر شاکر خەسباك ساڵی ١٩٣٠ لە شاری حلّەی خوار بەغدای پایتەختی ئێراق لە دایك بووە .قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەتووی بڕیوە ،تاکو لە ساڵی ١٩٥٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی جوگرافیا بەدەست هێناوە.لە زانکۆکانی بەغدا و ریاز و یەمەن وانە بێژی کردوە ،شارەزایەکی زۆری لە زانستی جوگرافیادا هەبووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراوە لەم روەوە .ئێستا لەتەمەنی ٨٧ ساڵیدایە دووچاری نەخۆشی لەبیرچوونەوە بۆتەوە ،لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژی .

[١]- ئەحمەد رەفیق کەریم،ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان،( سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، ٢٠١٤،ل٤٠).

[٢]ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی،دەربارەی دەستنیشان کردنی سنوری کوردستان، هەولێر،گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی،ژمارە (٢)، ساڵی ٣، ١٩٩٤،ل٢٢.

[٣]- هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین،لێکۆلینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان،چاپی دووە،( سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١،ل٢٥).

شەنگار،سنورێکی دیارە،ئەو هۆکارە سروشتیانە وایان کردووە سنورێکی سروشتی جیاوازی هەبێت لەگەل ئێراق . ئەگەرچی بە شێوەیەکی رەسمی دیاری نەکراوە .

ج_ ژمارەی دانیشتوان:سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی باشوری کوردستان .تاکو ئێستا،هیچ سەرژمێریەکی سەربەخۆ و تەندروستی بۆ نەکراوە . ئێراق چەند جارێك سەرژمێری کردوە ،دواین سەرژمێری لە سالی ١٩٩٧بوو . ئەویش هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆکی نەگرتەوە. لە هەمان کات گۆڕانی زۆر بەسەر ژمارەی دانیشتوانی باشوری کوردستاندا هاتووە ،بەهۆی شەڕ و کۆچکردن و ڕاگواستنی زۆرە ملێ. بەپشت بەستن بە چەند توێژینەوەیەك.کە فۆرمی خۆراك* سەرچاوەی سەرەکیە لە توێژنەوەکەدا ، سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی باشوری کوردستان لە سالی ٢٠٠٧ بە(٨,٠٠٧,٠٠٠) کەس هەژمار کراوە[١].بۆ زیاتر ناساندنی کۆمەلی باشوری کوردستان توێژەر بەشی دووەمی بەسەر چوار پار دابەش کردووە .

## پاری یەکەم:

## بارووددۆخی سیاسی باشوری کوردستان لە ناو دەولەتی عێراقدا

### ١_ لکاندنی باشوری کوردستان بە دەولەتی ئێراقەوە.

لە سالی ١٩٢٦ کۆتایی بە کێشەی ویلایەتی موسل هات و باشوری کوردستان،بە رەسمی بووە بە شێك لە ئێراقی عەرەبی.ئەگەرچی هەندێ پەیمان و بەلێن درا بۆ دەستەبەرکردنی هەندێ ماف بۆ گەلی کورد[٢].بەلام هیچ لە بەلێنەکان جێبەجێ نەکرا .جولانەوە سیاسی و چەکداریەکانی شێخ مەحمودی حەفید(١٨٨٦_١٩٥٦)* ئەگەرچی لاواز بووبوو،بەلام بەردەوامیان هەبوو لە پێناو گەیشتن بەمافەکانی کورد. هەولدانی گەلی کورد بەردەوام بوو بەرامبەر بە دەسەلاتی پاشایەتی لە ئێراق، لە پێناوگەیشتن بەمافەکانی.لە سالانی (١٩٣١، ١٩٣٣، ١٩٤٤) ی بارزانیەکان چەند جولانەوەیەکی چەکداریان ئەنجامدا،لەبەرامبەر دەسەلاتدارانی حکومەتی پاشایەتی لە ئێراقدا.بەلام هیچ یەك لەم جولانەوانە بە ئاکام نەگەیشت.نە لەڕووی سیاسی نە لەڕووی سەربازی[٣].ڕەوتی ڕووداوەکان بەردەوام بوون تاکو لە رۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کودەتایەکی سەربازی لە بەغدا ئەنجامدرا.سیستەمی بەڕێوەبردنی ئێراق لە پاشایەتیەوە گۆڕدرا بۆ کۆماری.لە دەستووری کاتیدا کورد وەك

---

*_ لە ئەنجامی گەمارۆی ئابووری کۆمەلی نێودەولەتی لەسەر ئێراق بە هۆی داگیرکردنی ولاتی کوێت لە سالی ١٩٩٠ نەتەوە یەکگرتووەکان سالی ١٩٩٦ بڕیاری ژمارە(٩٨٦)ی دەرکرد نەوت بەرامبەر بە خۆراك ،هەموو خێزانێکی ئێراقی فۆڕمی خۆراکی بۆ دروستکرا ، ئەم فۆڕمە وەك بنەمایەکی سەرژمێری بۆ دانیشتوانی ئێراق بەکاردێت لە زۆر بواردا.

[١]- هاورێ یاسین محەممەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٣.

[٢]- د. فاضل حسین،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٢.

*_ (محمود شێخ سعید کاکە ئەحمەد بەرزنجی ، سالی ١٨٨٦لە سلیمانی لە دایك بووە .بۆیەکەم جار شێخ مەحمودی حەفید لە ١٩١٨/١٠/١٧ بووە فەرمان رەوای ناوچەی سلێمانی .بەلام لە ئایاری سالی ١٩١٩ لەگەل ئینگلیزەکان پێکدا هەلبژا،لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە دەربەندی بازیانی نزیك شاری سلێمانی شێخ محمود دەستگیرکراو دوورخرایەوە بۆ هیندستان .لە سالی ١٩٢٢ جارێکی تربۆوە بە حوکمداری ناوچەکە.لە سالی ١٩٣١ بەدواوە دەست بەرداری جولانەوەکانی بوو،لە سالی ١٩٥٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوای کرد و تەرمەکەی هێنرایەوە شاری سلێمانی لە مزگەوتی گەورەی ئەم شارە نێژرا.

[٣]- أيوب برزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤_١٩٥٨، (فرنسا،دار نشر حقائق المشرق، ٢٠٠٢،...ص٣١).

نەتەوەی دووەم لـە ئێـراق نـاوی جێگیرکـرا[١].(مـەلا مسـتەفا)* لـە پەناهەنـدەیی گەڕایـەوە ئێـراق، لەبەرامبـەر داواکاریەکانی کورد حکومەتی بەغداد ملی نەدا، تاکو لە ئـەیلۆلی سـاڵی ١٩٦١بزووتنـەوەی چـەکداری کـورد بـە ڕابەرایـەتی پـارتی دیمـۆکراتی کوردسـتان سـەری هەڵـدا و درێـژەی بـە کـردەی سـەربازی و سیاسـی خۆیـدا ،چەندین جار کەوتە گفتووگۆ و دانوستاندن لەگەل حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێـراق، بـۆ وەرگرتنـی مافەکانی گەلی کورد،کە مافی ئۆتۆنۆمی بوو.دواجارحکومەتی ئێراق کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی ڕابەرایـەتی دەکـرد(١٩٦٨_٢٠٠٣)*،کەوتـە گفتووگـۆ و دانوسـتاندن لەگـەل سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئـەیلۆل بەسەرکردایەتی( مەلا مستەفا)،لـە ئەنجامـدا بـەیانی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لەلایـەن حکومـەتی بەغـداوە دەرکـرا و مافی ئۆتۆنۆمی بـۆ بەشـێك لـە باشوری کوردسـتان دیـاری کـرا[٢].دواتـر لـە سـاڵی ١٩٧٤ مافـە ئۆتۆنۆمیەکـە بـە شێوەیەکی تـر نـەخشی گـرت ،لەبەرامبـەردا سـەرکردایەتی پـارتی دیمـۆکراتی کوردسـتان دەسـتی کـردەوە بـە شـەڕ.لـە ١٩ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٥ کۆتـایی بـەبوونی چـەکداری هـات، زۆرینـەی هێـزی پێشـمەرگە تەسـلیم بـە حکومـەتی ئێراقـی بوونـەوە ، بەشێکیشـیان لـە ئێـران بوونـە پەناهەنـدە و ژمارەیـەکیش ئـاوارەی ولاتـانی ئـەوروپا و ئەمـەریکا بـوون[٣].حکومـەتی بـەعس لـە ئێـراق دوو ئەنجومـەنی بـەناوی ئەنجومـەنی یاسادانان و جێبەێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردسـتان لـە هەرسـێ پارێزگـای هـەولێر و سلێمانی و دهـۆك دامەزرانـد . بەلام کورد دەستەوەستان نەبوون لە جولانەوەی سیاسـی و چـەکداری خۆیانـدا،لـە ١٩٧٥/٦/١ ڕێکخراوێکـی تـر دامەزرا بەناوی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئەم ڕێکخراوە لە شێوەی نیمچە بەرەیەك بـوو ،چـونکە چـەند ڕێکخستنێکی وەك (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی کوردسـتان و خەتی گشتی و چەندین کەسایەتی گرتە خۆی)[٤].دوای یەك ساڵ لە دامەزراندنی یەکێـتی خـەباتی چـەکداری دەستی پێکردەوە . لەولاش پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق لە ژێر ناوی ڕێکخسـتنی سـەرکردایەتی کـاتی دەستی بە جولانەوەی چەکداری کردەوە[٥].بزووتنەوەی چەکداری کوردستان بـە دۆخێکـی ئـالۆزدا ڕەت دەبـوو،

---

[١]- لە ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٥٨ نووسراوە. عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا.

*-(مستەفا محەمەد عبدالسلام بارزانی)زیاتر بە مەلا مستەفا ناسراوە،لە ساڵی ١٩٠٣ لە بارزان لە دایك بـووە ،لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە ئەمـەریکا کۆچی دوایی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٤٥ چۆتە کوردسـتانی ڕۆژهـەلات و بەشـدار بـووە لـە دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، لـە دوای تێـك چوونی کۆمار دوایی ئەوەی نەیتوانی بگەڕێتەوە باشوری کوردستان خۆی و ٥٠٠کەس لە چەکدارەکانی بەرەو یـەکێتی سـۆڤیەت ڕۆیشـتن و بووە پەناهەندە ،تاکو لە ساڵی ١٩٥٨ لەسەرداوای سەرکردەکانی پارتی ،عبدالکریم قاسـم لێبـوردنی بـۆ دەرکـرد و گەڕایـەوە عێـراق .لـە ساڵی ١٩٦١تاکو ١٩٧٥ بۆ ماوەی ١٤ ساڵ سەرکردەی یەکەمی شۆڕشی ئەیلول بوو.

*- حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٩٤٧دامەزرا .حزبێکی نەتـەوەیی بـوو لـە ئێـراق سـاڵی ١٩٦٨دەسـەلاتی گرتـە دەسـت .لـە ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر دەستی سوپای ئەمەریکا روخێنرا و بە بڕیارێکی پۆڵ بلیمەری حاکمی سیاسـی ئێـراق هەڵوەشـایەوە .بـەلام لـە سـوریا هەتاکو ئێستا دەسەلاتی لە دەستە .ئەگەرچی حزبی بەعسی ئێراق جیاوازە لە حزی بەعسی سوری لە ڕووی سەرکردایەتی کردنەوە.

[٢]- مكرم طالباني(د) ،مراحل تطور الحركة القومية الكردية ، السليمانية،مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، ٢٠٠٩،ص٣٨٣.

[٣]- ايوب بارزاني،الحركة التحررية الكوردية وصراع القوة الاقليمية و الدولية ،١٩٥٨_١٩٧٥،( جنيف ،دار النشر الحقائق المشرق،٢٠١١، ص٥٥١).

[٤]- سربست حسين مجيد،حول الحركة التحررية للشعب في كردستان العراق،( السليمانية ،من منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر ،٢٠١٧،ص٢٢).

[٥]- کریس کۆچیرا،بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی ،و:حەسەن ڕەستگار ،( هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٣،ل٦٣).

لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٦_١٩٨٦ چەندین شەڕیان بەرامبەر بەیەکتر کرد ،تاکو ئاشت بوونەوەی گشتی نێوان هێزە کوردستانییەکان هاتەکایەوە. سەرەنجام بەرەیەکی کوردستانی* لە ساڵی ١٩٨٨ پێك هات لـە نێـوان حـزب و ڕێکخراوەکوردستانییەکانی کە دژ بە دەسەڵاتی ئێراقی جەنگی پارتیزانیان دەکرد[1].

سـوپای ئێـراق لـە ١٩٩٠/٨/٢ وڵاتـی کـوێتی داگیر کـرد و بەئێراقیـەوە لکانـد،وەك پارێزگـای نۆزدەهـەمیین هەژماری کرد .کۆمەڵی نێو دەوڵەتی لەسەر ئەم کردەوەیـە دەستەوەسـتان نەوەسـتان ،نەتـەوە یـەکگرتووەکان بڕیاری دەرکردنی سوپای ئێراقی دا بە زەبری هێز،لە ١٩٩١/١/١٧ سوپای هاوپەیمانان پەلاماری سوپای ئێراق و دامەزراوەکانی ئەم وڵاتەیاندا لـەماوەی کـەمتر لـە دوو مـانگ توانیـان شکست بـە سـوپای ئێـراق بهێـنن و لـە کوێت دەری پەڕێنن[2]. لـە ئـەنجامی شکستی سـوپادا خـەڵکی باشـوری ئێـراق ڕاپـەڕین و لـە ماوەیـەکی کەمـدا زۆربەی دام و دەزگاکانی حکومەتیان کۆنترۆڵ کرد.لەباشوری کوردستانیش لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ ،لە شاری ڕانیە ڕاپەڕین بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە دەستی پێکرد.لەماوەی (١٦)ڕۆژدا زۆرینەی خاکی باشـوری کوردسـتان ئازاد کرا[3].دواتر سوپای ئێراق بەکەلك وەرگرتن لە ئاگربەست لەگـەل هێـزی هاوپـەیمانان پـەلاماری باشـوری ئێراقیـدا و کـۆنترۆڵی کـردەوە،دواتـر پـەلاماری کوردسـتانیدا، لـە چـەند شـوێنێك سـوپای ئێـراق دووچـاری بەرەنگاربوونەوەی هێـزی پێشـمەرگە بوونـەوە،شکستیان خـوارد*.زۆرینـەی خـەڵکی کوردسـتانیش لـە ترسـی گیانی خۆیان ئاوارەی سەر سنورەکان بوون ، ئەمە وای لە ڕای گشتی جیهـان کـرد ،سـنورێك بـۆ کردەوەکـانی حکومەتی ئێراق دابنێن.بۆ ئەم مەبەستە بڕیـاری ژمـارە (٦٨٨)ی ئەنجومـەنی ئاسـایش لـە ١٩٩١/٤/٥ دەرچـوو، سـەرکۆنەی تاوانـەکانی دەسـەڵاتدارانی بـەعس دەکـات بەرامبـەر بـەکورد.حکومـەتی ئێـراق ناچـاربوو داوای گفتوگـۆ لەگـەل سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی بکـات .گفتوگـۆ هـیچ ڕێکـەوتنێکی لێنەکەوتـەوە.دواتـر دەسەڵاتدارانی ئێـراق لـە مـانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٩١ هەڵسان بـە کێشـانەوەی سـەرجەم دام و دەزگـا کارگێڕیەکان،لە تەواوی پارێزگای سلێمانی و زۆرینەی پارێزگای هەولێر و تـەواوی پارێزگـای دهـۆك و چـەند ناوچەیەکی سەر بە پارێزگاکانی  دیالە و نەینەوا[4].گەمارۆی ئابووریان لەسەرباشوری کوردسـتان دانـا،خـەڵکی باشـوری کوردسـتان دووچـاری کێشـەی ئـابوری و خزمـەتگوزاری و کـارگێڕی گـەورە بـوون.لـە ئەنجامـدا

---

*_ بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٨/٦/١٢ لە ناوچەی خواکورك لـە نێـوان ئـەم حـزب و ڕێکخراوانـە دامـەزرا( یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی گەلی دیمۆکراتی کوردستان و هـەرێمی کوردسـتانی حزبـی شـیوعی ئێراق و پارتی سۆشیالیستی کورد :پاسۆك. دواتر بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئاشووری و حزبی زەحمەتکێشانی  بوون بە ئەندام تێیدا) .

[1] - عمر احمد رمضان،التحقيق الصحفي في الصحافة الكوردية في اقليم كوردستان،( كركوك،مطبعة الشهيد،ازاد هورامى، ٢٠١٤،ص٨٩_٩٠).

[2] - الغزو العراقي لكويت، سنوات الضياع، www.moheet.com ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٤.

[3] - (*)بڕیاری ژمارە (٦٧٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش لـە ٢٩ی نۆفەمبـەری ١٩٩٠ مـاوەی ٤٥ ڕۆژی بـۆ سـوپای عێـراق دانـا لـە کوێت بکشێتەوە ئەگەرنا بەهێز دەریدەکەن.ئەوە بوو لە ١٩٩١/١/١٥ ماوەکە تەواو بوو ئێـراق مایـەوە.شـەوی ١٩٩١/١/١٧ پـەلاماری سـەر ئێـراق لـە لایـەن ٢٨ دەوڵەتەوە دەستی پێکرد و لە خاکی کوێت وەدەریان نا.

*_ لە دەربەندی کۆڕێی باکوری شاری هەولێر و لـە چیای ئەزمـەڕی بـاکوری شـاری سلێمانی و لـە گونـدی هیزۆپـی نێـوان شـاری کۆیـە _ڕانیە و شاخی سەرتەکی بەمۆ لە گەرمیان و چەندین شوێنی تر سوپای ئێراق دووچاری شکست بوو لە پێشڕەوی کردن ڕاگیرا ، دواتـر دەست کرا بە گفتوگۆکردن.

[4] - کریس کۆچیرا ،سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٤.

سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بڕیاریدا هەڵبژاردن بکرێت بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی یاسادانان و ئەنجومەنێکی جێبەجێکردن .

## ٢_ قۆناغی خۆبەڕێوەبردن لە باشوری کوردستاندا.

لە ١٩ی مایسی ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجامدرا،هەردوو حزبی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرکەوتن.لەبەرامبەردا حزبەکانی تر نەیان توانی ئەو بەربەستە بشکێنن کەدانرا بوو ، بۆهەرلیستێك سەروی (٧٪ )ی کۆی گشتی دەنگەکان تێپەڕینێ.دوای ئەنجامدانی پرۆسەکە ئەنجومەنەکەناوی نرا(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی ئێراق ) لە (١٠٥) کورسی پێك هاتبوو، (١٠٠)کورسی بۆ زۆرینەی خەڵکی کوردستان ،(٥)کورسیش بۆ پێکهاتەی مەسیحی[1].لە جیاتی ئەنجومەنی جێبەجێکردن ناوی دامەزراوەکەکرا بە (حکومەتی هەرێمی کوردستان_ ئێراق) .یەکەم کابینە لە ١٩٩٢/٧/٤ بەسەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد مەعصوم و جێگرایەتی دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس راگەیەنرا[2].ئەم هەنگاوەی باشوری کوردستان لە لایەن وڵاتانی دەوروبەری بە نەرێنی وەلام درایەوە . بەلام بەشێوەیەکی گشتی وڵاتانی هاوپەیمان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا بەردەوام بوون لە پاراستنی بەشێك لە ئاسمانی باشورکوردستان، کە زیاتر بە هێلی (٣٦) ناسرا بوو .پەرلەمان و حکومەتی هەرێم توانیان زۆربەی دامەزراوە دادوەری و سیاسی و کارگێڕی و خزمەتگوزاری و ئەمنییەکان دابمەزرێننەوە.لە پاڵ ئەوەشدا کاری رۆژنامەوانی هەتا ڕادەیەکی زۆر بە بێ سانسۆر هاتە کایەوە .هەرێمی کوردستان بە چەند رووداوێکی کاریگەر گوزەری کرد لەوانە.

**_شەڕی ناوخۆ:**دۆخی یەکگرتووی هەرێم زۆری نەخایەند لە ساڵی ١٩٩٤ شەڕی ناوخۆ روویدا.باشوری کوردستان بە ئاقارێکی مەترسیدار بردرا .لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ سوپای ئێراق هاتە ناوشەڕەکە و پالپشتی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد. لە ئەنجامدا تەرازووی هێز بەلای پارتیدا کەوت و یەکێتی هەولێر و دەوروبەری لەدەستدا[3]. پەرلەمان یەك لایەنە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و کورسی کۆتاکان بەڕێوە دەچوو.حکومەتیش بوو بە دوو لەت، ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی.دوای چەندین ساڵ لەشەڕ و کوشتاری نێوان هەر دوو حزب، ساڵی ١٩٩٨ کۆبوونەوەی ئاشتەوایی نێوان هەردوو حزب دەستی پێکرد و لە ١٧ی ئەیلۆلی هەمان ساڵ لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا بە ئامادە بوونی (مادلین ئۆڵبرایت)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، رێکەوتننامەی ئاشتی مۆراکرا لەلایەن جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان .بەپێی رێکەوتنەکە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و حکومەتیش یەك بخرێتەوە[4].

**_ پرۆسەی ئازادی عێراق:**لە دوای ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ شاری نیۆرك، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بڕیاری رووخاندنی رژێمی بەعسیاندا ،لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ لە ماوەی مانگێکدا

---

[1]_ مێژووی هەڵبژاردن، خولی یەکەم ١٩٩٢،www.perleman.org ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٤.

[2]-حکومة أقليم كردستان ، cabinet.gov.krd ،کاتی سەردان ،٢٠١٧/٣/٢٤

[3]- جريدة العراق ،العدد ،(٦٠٩٨) ،تاريخ ٢ايلول ١٩٩٦،...ص١.

[4]- د.خالد يونس خالد، الزعيم الوطني الكردستاني ،جلال طالباني ،( سليمانية ،منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني. ٢٠٠٥،ص٧٠).

رژێمی بەعس روخێنرا.کورد یەك هەڵوێست بوولە پرۆسەکەدا، بەشێك بوو لە هاوپەیمانیەتی دژ بە دەسەڵاتی بەعس. هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە کورد بە خاکی کوردستانی دادەنێ .دوای روخاندنی رژێمی بەعس سەرکردە یەکەمەکانی کورد چوونە بەغدا ،لەوێ لەگەل زۆرینەی سەرکردە ئۆپۆزیسۆنەکانی رژێمی بەعس دووبارە گفتوگۆ و راوێژیان دەست پێکردەوە، بۆ دیاریکردنی شێوەی سیستەمی سیاسی داهاتووی ئێراق.سەرەنجام یاسای ئیدارەی کاتی هاتە بەرهەم کە ئەنجومەنێکی (٢٥) کەسی بوو، بۆ بەرێوەبردنی وڵات،لەگەل دانانی ئەنجومەنێکی یاسادانان کەلە (١٠٠)کەس پێکهاتبوو، وەك پەرلەمان بەمەبەستی رێکخستن و نووسینەوەی پرۆژە دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ ئێراق[١].لە ٢٠٠٥/١/٣٠ یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە ئێراق و کوردستان ئەنجامدرا . لەپاڵ هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی پەرلەمانی ئێراق، دووەم هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستانیش ئەنجامدرا .لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ راپرسی گشتی لەسەر دەستووری هەمیشەیی ئێراق ئەنجامدرا[٢].کورد بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتن و جێگیر بوونی ئەم دەستوورە ،چونکە گەر دەنگی کورد نەبوایە دەنگی عەرەبی سوننە لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەددین و نەینەوا دەستوورەکەیان رەت دەکردەوە .لە دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا بە رەسمی دان بە هەرێمی کوردستان نرا ،وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە ئێراقی تازەدا.پەرلەمانی کوردستانیش قانوونی سەرۆکایەتی هەرێمی دەرکرد و سەرۆك و جێگری سەرۆکی هەرێمی لەناو پەرلەمان هەڵبژارد .لە ساڵی ٢٠٠٦ هەر دوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم یەکی گرتەوە [٣].

_ **سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسۆن**:لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئۆپۆزیسۆن سەر هەڵبدات.ژمارەی کورسییەکانی هەردوو حزب پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێتە خوارەوە کە هاوپەیمانی یەکتر بوون بۆ (٥٩) کورسی. لەبەرامبەردا بزووتنەوەی گۆڕانی تازە دروست بوو (٢٥) کورسی پەرلەمانی مسۆگەرکرد.لیستی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و حزبی سۆسیالیست و حزبی ئایندە بەیەکەوە (١٣) کورسیان بردەوە[٤].

_ **هێرشی تیرۆرستان** :لە ساڵی ٢٠١٤ رێکخراوی تیرۆرستی داعش پەلاماری زۆر شوێن و ناوچەی ئێراق و کوردستانی دا .دەستی بەسەر شاری موسڵ و تکریت و دەیان شار و شارۆچکەی تردا گرت . لە ناوچەی شەنگار ئەنفالی کوردە ئێزیدیەکانی کرد و لە نەینەوا کریستیان و شەبەك و کاکەیەکانی هەوار بەدەرکرد[٥].لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری داعش سوپای ئێراق لەزۆر شوێن خۆی دا بەدەستەوە بەبێ شەڕ، چەك و جبەخەنایەکی یەکجار زۆر کەوتە دەستی ئەم رێکخراوە تیرۆرستییە.لە هێرش و پەلاماری تیرۆرستانی داعش بۆ سەر کوردستان رووبەڕوی بەرگری هێزی پێشمەرگە بوونەوە ، ئەگەرچی لە هەندێ شوێن پێشڕەویان کرد، بەلام دواتر دەرپەڕێنرانەوە،بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان.ئەو

---

[١]- news.bbc.co.uk/hi/arabic/news/newsid_3062000/3062851.stm،کاتی سەردان٢٠١٧/٣/٢٤.

[٢]- صحيفة الوسيط،العدد،(١١٤٦)، ٢٦أكتوبر،٢٠٠٥،...ص١.

[٣]- بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٦پەرلەمانی کوردستان، www.kurdistan-parliament ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٥.

[٤]- خولی سێیەمی پەرلەمان ٢٠٠٩،www.kurdistan-parliament.org ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٥.

[٥]- رۆژنامەی کوردستانی نوێ ،ژمارە (٦٤٤٧)، رۆژی ٢٠١٤/٨/٤،...ل٢.

سنورەی کە بە ڕەسمی لە ساڵی ١٩٩١وە بە هەرێمی کوردستان ناسراوە،زیاتر لە (٤٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. ئەگەر ڕووبەری باشوری کوردستان بە (٧٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دابنرێ ،ئەوە (٣٠)هەزار کیلۆمەتری خاکەکەی لە دەرەوەی سنوری هەرێمە.لەهەموو حالەتێکدا ڕووبەرێکی زۆری خاکی کوردستان ،هێشتا نەخراوەتەوە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی کورد.ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای رووخانی رژێمی بەعس، دەسەڵاتی واقعی ناوچە جێ ناکۆکەکان کەوتۆتە دەست کورد.لە دوای شەڕی داعش لە ڕووی واقعیەوە زیاتر سیمای دەسەڵات و پارێزگاریکردنی کوردستانی بەم ناوچانەوە دیارە.دەکرێ ئەم ناوچانەلە رێگای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق بێت یان بە هەرشێوە و رێگایەکی تروە بێت بخرێنەوە سەردەسەڵاتی هەرێم*.

## پاری دووەم

# خستنە رووی بنەما جوگرافی و ئابوورییەکانی باشوری کوردستان

باشوری کوردستان لە ڕووی تۆپۆگرافییە خاکەکەی هەمەچەشنە ،هەروەها بەناوچەیەکی دەوڵەمەندی سامانی سروشتی و داهاتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سەرچاوەکانی ئاو هەژمار دەکرێت [١].

**١_ ناوچە شاخاوییەکان.**

ئەم ناوچانە باکور و باکوری رۆژهەڵاتی باشوری کوردستان دەگرێتەوە، لە زنجیرە شاخی بەرز و سەخت وچڕ پێکهاتووە . سەرجەم رووبەری ناوچەی شاخاوی( ٢٣٢٧٠) کم٢ دەبێت،بەرزیان لە نێوان ( ١٠٠٠_٣٦٠٠)مەتردایە.درێژیەکەی لە(٣٩٠) کیلۆمەتر و پانتایەکەی لەنێوان (٢٠_١٢٠)کیلۆمەتر دەبێت،زیاتر لە( ٢٧٪) رووبەری باشوری کوردستان پێك دەهێنێ .

**٢_ ناوچە نیمچە شاخاوییەکان .**

ئەم ناوچانە زیاتر ناوەڕاست و باشور و باشوری رۆژئاوای باشوری کوردستان دەگرێتەوە.لە چەندین شێوە شاخ و زوورگ و بەرزایی پێك هاتووە ،بەرزیان لە نێوان (٢٠٠_١٠٠٠) مەتر دەبێت ،درێژیەکەیان (٥٠٠) کم دەبێت و پانایيەکەیان لە نێوان (٨٠_١٥٠ ) کم دەبێت . رووبەری سەرجەمیان نزیك بە (٥٧,٥٠٠)کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت .

**٣_ ناوچە دەشتاییەکان .**

باشوری کوردستان لە چەند دەشتاییەکی پان و بەرین و بە پیت پێکهاتووە .کە سەرجەمیان لە (٣٨٪)رووبەری خاکی باشوری کوردستان پێك دەهێنن.وەکو دەشتەکانی:شارەزوور،سلێمانی،رانیە(بیتوێن و پشدەر)، بازیان، زاخۆ(سندی)،حەمرین، دیبەگە(کەندیناوە)، هەولێر، سنجار،هەروەها هەردوو دەشتی قەراج و حەویجەش کە دەکەونە ناوچەی تەخت ، بە سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی دەوڵەمەندن.

---

*- پارێزگای کەرکوك و ناوچە کوردنشینەکانی نەینەوا و دیالە و سەلاحەددین لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی دیاریکراون بە چەند قۆناغێك تاکو دەگاتە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر چارەنووسیان بۆ یەکلایکردنەوەیان.

[١]- د.جزا توفیق طالب، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٦_٨٠.

لەهــەمان کاتــدا باشــوری کوردســتان بەچــەندین سەرچــاوەی سروشــتی دەوڵەمەنــدە ،بــۆ خــۆ بــژێوی دانیشتوانەکەی وەك.

### ١_ کشتوکاڵ و ئاژەڵ و پەڵەوەر.

**أ_ کشتوکاڵ:** کوردستان خاوەنی ژمارەیەك دەشتی بەپیت و شیاوە بۆ کشتوکاڵ.بەتایبـەت کشتوکاڵی دێمـی وەك گەنم و جۆ و جۆرەکانی تری دانەوێلە ،کەسەرچاوەی سەرەکی خـۆراکن هـەم بـۆ مـرۆڤ هـەم بـۆ ئـاژەڵ. سەرجەمی ڕووبـەری ئـەو دەشـتانەی کـە بۆکشتوکاڵ دەست دەدەن دەگاتـە نزیکـەی (٤،٠٥٠،١٠٠) دۆنم.(بـەبێ هـەژمارکردنی دەشـتی قـەراج و حەویجـە ).خـاکی ئـەم دەشـتانە مەڵبەنـدێکی گـەورە و بـەپیتن بـۆ بەرهـەم هێنانی بـەروبوومی کشـتوکاڵی،کە دەکرێ بەرهـەمی دانەوێلـە بکەینـە پێشـەنگی بەرهەمـەکانی تـر[1].بـەپێی ئاماری وەزارەتی پـلان دانـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی ٢٠١٤_٢٠١٥ بەرهـەمی گـەنم سـەرووی (١،٤٢٧،٠٩٧) تۆن بووە.هەروەها بەرهەمی برنجیش سەرووی(٧،٢٤٤) تـۆن بـووە.جگـە لـە پارێزگـای کـەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان .

**ب_ ئاژەڵداری:**باشوری کوردستان خاکێکی گونجاوی هەیە بـۆ ئاژەڵداری،بەتایبـەت (مـەڕ و بـزن و مانگـا و گـامێش ) جگـە لـە ولاخـی بـەرزە (وەك ئەسـپ و مـاین و ئێسـتر و گوێدرێـژ).هۆکـاری سـەرەکیش بـوونی لەوەڕگای زۆر و سەرچاوەی ئاو .لە کۆندا زیـاتر ئاژەڵـدارەکان گـەرمیان و کوێسـتانیان دەکـرد، واتـە هاوینـان بەرەو بەرزی چیاکان دەڕۆیشتن بەدوای لەوەڕگای تەڕ و تازە . پایز و زستان وبەهاریش دادەکشانەوە ناوچـە پێدەشت و گەرمەکان . ئەم شێوە بەخێوکردنەی ئاژەڵ بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لـە ئێسـتادا کـەم بۆتـەوە . گوند لای کورد واتـە کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری و پەلـەوەر. سـاڵی ١٩٨٨ لـە پرۆسـەی ئەنفالـدا زیـانی گـەورە بـەر کەرتی ئاژەڵداری کوردسـتان کـەوت ، زیاترلـە (١،٤٤٠،١٦٨) ئـاژەل لەگـەل خاوەنـەکانیان لـەناوبردراون[2].کـەرتی ئاژەڵداری لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەریم بوژاوەتەوە،بەلام ئەوەندە چالاك نیە،بەرهەمەکانی ناتوانـێ تەواوی پێویستی بازاڕەکانی باشوری کوردستان پڕ بکاتەوە.

**ج_ پەڵەوەر**:لە باشوری کوردستان چەندین جۆر باڵندەی داخۆنی هەیە .کەوا زیاتر دەستەواژەی پەلـەوەر بۆ ئەم باڵندانە بەکاردێت.( مریشك و عەلەشیش و قاز و مراوی و چین و ماچین و کـۆتر). چـەندین جـۆر باڵنـدەی تـر هەیـە لـە کوردسـتان، بـەلام ئـەوان زیـاتر کێـوین و داخـۆنی نـین. لەگـەل گەشـەی ئـابووری و تەکنەلۆژیادا،لە کوردستانیش کێلگەی پەلەوەری هاوچەرخ هەیە، بۆ بەرهەم هێنانی مریشك.هـەروەها مێش هەنگیش لـە چوارچێوەی پەلـەوەر هـەژمار دەکـرێ،هـەنگی کوردسـتان بەناوبانگـە و سـالانە داهـاتێکی زۆری هەنگوین دەخرێتە بازاڕەکانی کوردستان.لە ساڵی ١٩٨٨ پەلەوەری باشوری کوردستان بەدەر نەبوو لـە شـالاوی فڕکردنی ئەنفالدا،زیاتر لە (٥٨٢،٦٩٢) پەلەوەر لەناوبردراوە[3].هەروەها بـەپێی ئامـاری وەزارەتـی پـلان دانـانی

---

[1]- سـاکار محەمـەد حەسـەن گـەردی،ڕۆڵـی دانەوێڵـە لـە دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی خـۆراك لـە هـەرێمی کوردسـتان ،( سـلێمانی، لـە بلاوکراوەکانی ،سەنتەری ستراتیجیی کوردستان ، ٢٠١٠،ل٨٠).

[2]_ وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکانی حکومـەتی هـەرێم ،خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییـەکانی جینۆسـایدی گـەلی کـورد، (هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات ، ٢٠٠٨،ل٧٦).

[3]- هەمان سەرچاوە ،ل٨٦.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ پڕۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر (١،١٦٥) پڕۆژە بووە.ئەگەر سامانی ماسیش لە خانەی پەلەوەر هەژمار بکەین لە هەمان ساڵدا (٣٤٠)پڕۆژەی بەخێوکردنی سامانی ماسی هەبووە.جگە لە پارێزگای کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان.**

## ٢_سەرچاوەکانی ئاو.

**باشوری کوردستان بە چەندین جۆر سەرچاوەی ئاو دەوڵەمەندە.**

**أ_ بەفر و باران:لە کۆتایی وەرزی پایز و زستان و بەهاردا، دابارین دەست پێدەکات.لەناوچە شاخاوییە بەرزەکان بەفر دەبارێت و لەناوچە نیمچە شاخاوی و پێدەشتەکان باران دەبارێت.تاکو بەئاراستەی باکوری رۆژهەڵات بڕۆی رێژەی دابارین زیاتر دەبێت.نێوەنجی باران بارین لە کەمترینەوە بۆ زۆرترین ساڵانە لە نێوان (٣٠٠بۆ ١١٠٠) ملم دەبێت [١].**

**ب_ئاوی سەرزەوی:مەبەست لە ئاوی سەر زەوی ئاوی رووبار و چۆم و کانیاوەکانە.رووباری دیجلەی بەناوبانگ، تەواوی لقەکانی بە باشوری کوردستان تێدەپەڕێ و بەشێکی زۆری داهاتی ئاوەکەشی لەناوخۆ سەرچاوە دەگرێ .لقە سەرەکیەکانی ئەمانەن[٢]:**

١. **رووباری دیجلە:لە زنجیرە چیاکانی تۆڕۆسی رۆژهەڵاتی باکوری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ.**
٢. **خابور لە چیاکانی (جودی و دریانوداغ) باکوری کوردستان سەرچاوە دەگرێ.**
٣. **زێی گەورە (زابی گەورە) لە بەرزاییەکانی ناوچەی هەکاری باکوری کوردستان سەرچاوە دەگرێ .**
٤. **زێی بچوك( زابی بچوك)لە ناوچەی لاجانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوە دەگرێ.**
٥. **ئاوە سپی (العظیم) لە زنجیرە چیای قەرەداغ و بەرزاییەکانی ناوچەی شوان سەرچاوە دەگرێ.**
٦. **سیروان ( دیالە) لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوە دەگرێ.**

**هەروەها چەند بەنداوێکی گەورەی گلدانەوەی ئاو دروستکراون ،بەمەبستی پاشەکەوت کردنی ئاو بۆ وەرزی هاوین و پایز.هەروەها بۆ ئاودێری و بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا و بەخێوکردنی ماسی .بەنداوەکانی باشوری کوردستان ئەمانەن( بەنداوی موسڵ توانای پاشەکەوتکردنی (١٣،٧٣٠) ملیار م٣ ئاوی هەیە . بەنداوی دوکان توانای پاشەکەوتکردنی (٦،٨) ملیارم٣ ئاوی هەیە.بەنداوی دەربەندیخان توانای پاشەکەوتکردنی (٣)ملیارم٣ ئاوی هەیە.بەنداوی حەمرین توانای پاشەکەوتکردنی (٣،٩٥٠) ملیار م٣ ئاوی هەیە)[٣].جگە لەم بەنداوانە چەندین بەنداوی مام ناوەندی و بچوك لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٤_٢٠١٤ دروستکراون. بەنداوەکان لە ڕووی ستراتیجیەوە گرنگیان بۆ ئێستا و داهاتووی عەمبارکردنی ئاوهەیە .**

**ج_ئاوی ژێر زەوی:لە باشوری کوردستان بەهۆی،دابارینی باران،ئاوی ژێر زەوی زۆرە.مەبەست لە ئاوی ژێر زەوی ،ئەو ئاوەیە کە لە شێوەی (بیر، کارێز، کانی) سوودی لێدەبینرێ.باشوری کوردستانیش لە دێر زەمانەوە**

---

[١]_ د. سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل ،ئەو فاکتەرانەی جوگرافیا کە کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێم دا ، ژمارە ،(٤٨)ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ،سلێمانی ،مایسی ٢٠٠٦،ل ٧.

[٢]- د. جزا توفیق گالب ،سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٣.

[٣]- د.جەزا تۆفیق تالب،داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ،سلێمانی ،تشرینی دووەمی ٢٠٠٦،ل١٥_١٦.

،ژمارەیەکی زۆری کانی و کانیا و کارێز و بیری دەستکردی مرۆڤی هەبووە،بۆ هەڵێنجانی ئاوی شیرن بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ بەکاری هێناوە[١].

**٣_کانزاکان.**

باشوری کوردستان بە چەندین جۆر کانزا بەناوبانگە.ئەو کانزایانە رۆڵی دیاریان هەبووە لە بنیادنانی ژێرخانی ئابوری دەوڵەتی ئێراق و کوردستان.چەند کانزایەك دیارترین کانزان کە هەن،ئەمانیش[٢] :

**أ_ نەوت** : نەوت لەدوای سەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی سەدەی نۆزدەهەم لە کیشوەری ئەوروپا ،گرنگی زۆری پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩٢٠ .ئینگلیزەکان کەوتنە گەڕان و پشکنین بەدوای نەوت،یەکەم چاڵە نەوتیان لە ١٤ای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ لە باباگوڕگوڕی نزیك شاری کەرکوك هەڵکەند و دەستیان بەدەرهێنانی نەوت کرد[٣]. دواتر چەندین چاڵگە نەوتی تر دۆزرانەوە ،وەك نەفت خانە و بای حەسەن و زەمبور .لە دوای روخانی رژێمی بەعس، ساڵی ٢٠٠٣و دووبارە دروستکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق(٤٠) کۆمپانیا لە (٣٠) وڵات روویان لە باشوری کوردستان کرد،بەمەبەستی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت. دەیان چاڵگە نەوتی تر لە ناوچەکانی تر دۆزراوەتەوە.سەرجەم یەدەگی نەوتی ئاشکراکراوی باشوری کوردستان بە زیاتر لە (٤٥)ملیار بەرمیل دەخەملێنرێ.حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٣ بۆری سەربەخۆی هەناردەکردنی نەوتی بەئەنجام گەیاند.لە ساڵی ٢٠١٦دا مانگانە زیاتر لە (١٥) ملیۆن بەرمیل نەوت بە بۆڕی هەناردە کراوە[٤].لە هەمان کات چەند پالاوگەیەکیش بۆ بەرهەم هێنانی جۆرەکانی سووتەمەنی دامەزروان،کە دیارترینیان پالاوگەی بازیان لە سلێمانی و پالاوگەی کەورگۆسك لە هەولێر .

**ب_ گازی سروشتی**: لە باشوری کوردستان ساڵی ٢٠٠٣ کۆمپانیاکان دەستیان بە بەرهەم هێنانی گازی سروشتی کردوە . بەپێی داتای ئاشکرا کراو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەبارەی گازی سروشتی بە (٢٠٠)ترلیۆن پێ سێجا ،واتە (٧،٥) ترلیۆن مەتر سێجاخەملێنراوە . ئەم قەبارە گەورەیە لە گازی سروشتی، دەکاتە رێژەی لە(٣٪) هەموو قەبارەی ئاشکرای گازی سروشتی جیهان.بەمەش باشوری کوردستان شوێنێکی گرنگ لە بازاڕی ووزەی جیهانی بەدەست دەهێنێ.هەروەها چەند وێستگەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبا بە گازی سروشتی بنیاد نراوە.وەك وێستگەی چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی، وێستگەی منارە لە پارێزگای هەولێر،وێستگەی دهۆك لە پارێزگای دهۆك [٥].

**ج_ کانزاکانی تر**: ئەو کانزایانەی هەتاکو ئێستا لە باشوری کوردستان بوونیان سەلمێنراوە ئەمانەن( ئاسن و مس و مەنگەنیز و گۆگرد و قوڕقوشم(رەساس)و یۆرانیۆم)،لەوانەیە کنە و پشکنینی زانستی بکرێت جۆری تریش بدۆزرێتەوە [٦].

---

[١]_ هەمان سەرچاوە ،ل١٧.

[٢]- د. عەبدوڵلا غەفوور ،جیۆگرافیای باشووری کوردستان،( سلێمانی، چاپخانەی رەنج ، ٢٠٠٨..ل١١٩).

[٣]- فەرهاد حەمزە محەمەد،مێژووی نەوتی کەرکوك،(سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١٢،ل٢١).

[٤]_ http://mnr.krg.org/index.php/ku/oil-ku/vision.کاتی سەردان ٢٠١٦/٤/١٨.

[٥]- mnr.krg.org/index.php/ku/gas-ku/vision.کاتی سەردان ٢٠١٦/٤/١٨.

[٦]- د. عەبدوڵلا غەفوور ،سەرچاوەی پێشوو ،ل١١٩.

### ٤_ پیشەسازی و بازرگانی .

**أ_ پیشەسازی:** لە کۆندا چەندین جۆر پیشەسازی هەبووە،لە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بەرهەم هاتووە.بەتایبەت پیشەسازی دەستکردی وەك چنین و مافور و دەباغی و سابوون[1]. پیشەسازی گەورە بە شێوەیەکی کەم چۆتە پێش،بەبەراوورد لەگەل ولاتانی تری دەوروبەر،سەرەڕای بوونی کانزای زۆر. لە باشوری کوردستان جگە لە پیشەسازی کۆن واتە شێوە کلاسیکەکەی،چەندین جۆر پیشەسازی هاوچەرخ کارگەی بۆدانراوە، بەرهەمی هەبووە،وەك کارگەی مافور و کارگەی ڕستن و چنین و خۆشکردنی پێستە و دوورینی جل و بەرگ و چیمەنتۆ و گەچ و بەردی مەڕمەڕ و کاشی و بلۆك و خشتی سوور.لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەمانی گەمارۆی ئابووری سەدان کارگەی تازەی پیشەسازی دانراوە،کە زیاتر بۆ پێویستی بازاڕی باشوری کوردستان و ولاتی ئێراقە.بەپێی ئاماری وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێم بەدەر لەپارێزگای کەرکوك، ساڵی ٢٠١٣ سەرجەم دامەزراوە پیشەسازیەکانی بەسەر دوو جۆر دابەش کردووە، کە بنیاد نراون، ئەوانیش گەورە و مام ناوەندی.دامەزراوە پیشەسازییەگەورەکان (٨٩) دانەیە ،دامەزراوە پیشەسازیە مام ناوەندییەکان (١٨٢)دانەیە.

**ب_ بازرگانی؛**لە مێژووی کۆندا پێگەی باشوری کوردستان وەك بەردەبازێك هەمیشە گونجاو بووە ،بۆ پەڕینەوەی کاروانی بازرگانی .سەرچاوە مێژووییەکان لە کۆندا،کوردستان بە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی وەسف دەکەن[2].لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ،بووە خالی بەیەك گەیشتن یاخود دەربازبوونی زۆر جۆری کالا و شمەك بۆ ئاسیای ناوەڕاست.ئاڵ و ێری بازرگانی زۆر گەشەی سەندوە لە دوای هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری سەر ئێراق، بەلام زیاتر یەك سەرەیە، چونکە باشور زۆرترین شمەك هاوردە دەکات وەك لەوەی هەناردە بکات، بازرگانی کوردستان زۆرینەی بەرێگای ووشکانیە، بەشێکی کەمیشی لە ڕێگای هەردوو فڕۆکەخانەی ئەربیل و سلێمانییەوەیە.

### ٥_ گەشت و گوزار.

باشوری کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی، هەمەچەشنی پێکهاتەی تۆپۆگرافیاکەی ناوچەیەکی گونجاو و سەرنج ڕاکێشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بەتایبەت لە ئێراق.چونکە تاکە هەرێمە لە ئێراق خاوەن شاخی بەرز و دۆل و چەم و رووباری سازگارە ، هەروەها خاوەنی دارستانی سروشتی و چڕە .لە وەرزی هاوین شەپۆلی گەرما کاریگەری زۆری هەیە،بەتایبەت لە ناوەڕاست و باشور . بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی ئێراق روو لە هاوینەهەوارەکانی کوردستان دەکەن.بەپێی ئاماری وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٣ لە دەرەوەی هەرێم (٧٨١١٣٤) گەشتیار ڕووی لە ناوچە جیاجیاکانی کردوە .

بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٠ یەکەم شوێنی گەشت و گوزار لە پیرمام ( هاوینەهەواری سەلاحەددین) دیاری کرا و چەندین پڕۆژەی گەشتیاری تێدا بنیادنرا ،وەك هۆتێل و خانوی نیشتەجێبوون و گازینۆ و سینەما بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیار .دواتر بایەخدانەکە پەڕیەوە بۆ چەندین شوینی تری وەك شەقلاوە و حاجی

---

[1] ـ میهرداد ئیزەدی،ئابوری کوردستان،ژمارە(٢٤)ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،سلێمانی ،تشرینی دووەمی ١٩٩٨،ل٦٠.

[2]_ هەمان سەرچاوە،ل٦٣.

ئۆمەران لە پارێزگای هەولێر و سەرسەنگ و زاوێتەوە و سوڵاڤ لە ناوچەی دهۆك[١].لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە باشوری کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی گەشت و گوزارەوە.چونکە بەسەدان هۆتێل و مۆتێل و کۆمەڵگەی گەشتیاری لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دروستکران. بنەما سروشتییەکانی ناوچە گەشت و گوزارییەکان لە باشوری کوردستان هۆکارن بۆ راکێشانی گەشتیار وەك[٢].

**أ_ بەرزی و نزمی:** هەمە جۆری شێوەکانی رووی زەوی دەبێتە هۆی هەمە چەشنی دیمەنە سروشتییەکان لە ناوچەکەدا، ئەمەش رۆڵی سەرەکی هەیە لە راکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە.

**ب_ئاو وهەوا:**بەهۆی بەرزی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان لە مانگەکانی مایس و حوزەیران و تەمموز و ئاب و ئەیلول ناوچەی فێنك و لەبارن بۆ گەشتیار.

**ج_سەرچاوەکانی ئاو:** بوونی رووبار و دەریاچە و کانیاوەکان، وەك ئاوی ئاسایی و کانزایی، هۆکارێکی ترن بۆ بوونی گەشتیار لە باشوری کوردستان .

**د_رووپۆشی ڕووەك:**ڕووپۆشی ڕووەك یەکێکە لە بنەماکانی گەشتیاری ،وەك دارستانە خۆڕسکەکان و مێرگ و گیا سروشتییەکان.

شوێنە گەشتیارییەکان دەکرێ بکەین بە دوو بەش یەکەمیان شوێنەوارە مێژووییەکان.دووەم شوێنە سروشتییەکان [٣].

**یەکەم _ شوێنەوارە مێژووییەکان** :لە کوردستان چەندین شوێنی مێژووی هەیە، کەوا بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی شارستانی دادەنرێت.ئەم شوێنانە بوونەتە هۆکارێك بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیارتاکو سەردانی ئەم شوێنانە بکەن .

١_ قەلاو منارە لەناو شاری هەولێر،ئەشکەوتی شانەدەر لە پارێزگای هەولێر .

٢_ قەلای کەرکوك،منارەی داقوق لە پارێزگای کەرکوك .

٣_ کەنیسەی مار ئیپ لاهای،قەلای ئامێدی و منارەکەی لە پارێزگای دهۆك.

٤_ ئەشکەوتی هەزار مێرد و پەیکەری نارام سین و قەلای شێروانە لە پارێزگای سلێمانی.

**دووەم _ شوێنەوارە گەشتیارییەکان:** چەندین شوێن و ناوچەی گەشتیاری دڵڕفێن هەن وەك هاوینەهەوار بوونەتە هۆی راکێشانی گەشتیار لەوانە.

١_ شاری شەقلاوە بەسەرچاوەی ئاو و دارستانی زۆر و دیمەنی چیای سەفین رازاوەتەوە.گەلی عەلی بەگ وەك دۆڵێکی قوڵ لەنێوان چەند لولە شاخی بەرز و تاڤگەکەی.تاڤگەی بێخال و سەرچاوەی ئاوی جوندیان و بەرزی ناوچەی حاجی ئۆمەران لە پارێزگای هەولێر .

٢_سەرچاوەی ئاوی زەڵم لە ئەحمەد ئاوا، قۆپەکانی چیای قەرەداغ و دەریاچەی دوکان و هاوینەهەوارەکانی کونە ماسی و سەرسیر لە شوێنە گەشتیاریەکانی پارێزگای سلێمانین .

---

[١]- د.جزا توفيق طالب ،المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان،ل٣٣٣.

[٢]-هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین ،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٩_٢٨١.

[٣]_ www.gov.krd ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٣.

٣_ هاوینەهەوارەکانی سۆلاڤ و سەرسنگ و ئاشاواو سیتە لە شوێنە گەشتیاریەکانی پارێزگای دهۆکن .

هەروەها دەبێ ئەوەش بگوترێ کەوا بنیادنانی هەزاران کیلۆمەتر لە رێگا و بانی هاوچەرخ و شوێنی مانەوە (وەك هۆتێل و مۆتێل و کۆشك و خانووی نیشتەجێبوون) و هەردوو فڕۆکەخانەی ئەربیل و سلێمانی رۆڵی دیاریان هەبووە، لە هاتنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی باشوری کوردستان .

## پاری سێیەم

## بنەمای شارستانی و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی باشوری کوردستان

کۆمەڵی باشوری کوردستان،وەك زۆرینەی کۆمەڵە هاوشێوەکانی دەوروبەری،لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە دابەش بووە،وەك ئاغا و سەرۆك هۆز و شێخ و موسکێن و کرمانج و مورید.شێوەی نیشتەجێبوون لە نێوان شار و گوند و کۆچەریبوون دایە.هەروەها لە ڕووی باوەڕدارییەوە دابەشی سەرچەند ئاین و ئاینزا و رێباوەڕێکی عیرفانی بووە.لەگەل گەشە و پێشکەوتنەکانی جیهان ،کۆمەڵی کوردستانیش گەشەی کردوە و پێشکەوتووە.زۆر لە دیاردە و داب و نەریتە کۆنەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.هەندێ داب و نەریت نەماون یان بەتەواوی شێوەی تریان وەرگرتووە .هەندێ داب و نەریتی تازە هاتۆتە کایەوە لە ژێر کاریگەری و هەژموونی جیهانگیری و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکان،بەتایبەت هۆکارەکانی پەخشی میدیا، لەگەل رووداوە سیاسییەکان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر گۆڕانی باری کۆمەلایەتی.بەتایبەت ئەو گۆڕانانەی کە راستەوخۆ بوونە ،وەك جولانەوە سیاسیی و فەرهەنگییەکان. کۆمەڵی کوردی لە ڕووی کۆمەلایەتی دابەشی چەند یەکەیەك بووە[١].

أ_**خێزان**:دیارترین یەکە،کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ژن و مێرد و منداڵە رەبەنەکانیان کە هێشتا نەچوونەتە ناو پڕۆسەی هاوسەرگیریەوە پێکهاتووە .چەند دەیەك لەمەوبەر خێزان گەورەتر بوو.چونکە داپیرە و باپیرەش هەر لەناو ئەم یەکەیە بوون.کوڕەکانیش کە ژنیان دەهێنا ماوەیەکی زۆر هەر لە ماڵە باوان دەمانەوە.کەواتە خێزان یەکەیەکی چالاکیە ئابوورییەکانە، خێزان لە خێلە کۆچەریەکانەوە بۆ گوند و شار جیاوازترە، چونکە لەناو خێلە کۆچەریەکان خێزان گەورەیە،هۆکارەکەش ئەوەیە کەوا بەرهەمی دەستە هەروەزی زیاترە.بەلام لە گوند یەکەکە بچوکتر دەبێتەوە.ئەرکی خێزان سوکترە، لەوانەیە بەرهەم هێنان لە کێڵگەکان ئاسانتربێت ،وەك لە خێلە کۆچەریەکان.لە شار خێزان یەکەیەکی تەواو سەربەخۆیەوە .کەمتر پێویستی بە دەستی ئەوانیتر هەیە.لەناو خێزانی کوردی موسڵمان و ئێزیدی و کاکەیی پیاوەکان دەتوانن بە پێی شەرعی ئاینەکانیان زیاتر لە ژنێکیان هەبێ.زۆرجار دیاردەی فرە ژنی وەك ئامانجێکی ئابووری بووە ،چونکە دەستی کار بۆ ئەو پیاوە زیاتر دەبوو .ژنیش لە ژیانی کۆچەری و لادێدا کەسێکی چالاکی کارکردنە ،ئەم دیاردەیە لە ئێستادا کەمبۆتەوە .بەهۆی زۆری پێداویستی خێزان و پەروەردەی منداڵ،هەروەها فشاری زۆری رێکخراوەکانی ژنان ،دەرکردنی چەند یاسایەك بۆ رێگری کردن یان تەنگ کردنەوەی فرەژنی[٢].هەروەها دیاردەی ژن بەژن و گەورە بە بچوك لە کۆمەڵی کوردەواری وەك نەریتێکی باو بوو

---

[١]- مارتین ڤان برونەسن ،ئاغا و شێخ و دەوڵەت ،و:د. کوردۆ عەلی،( سلێمانی،چاپخانەی حەمەدی، ٢٠١٠،ل٩١_٩٣).

[٢]_ یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ ،پەرلەمانی کوردستان.

،نابوایە ژن بەبێ بەرامبەر بدرێت بەهیچ کەسێك،ئەمەش بە دەگمەن ماوە .ئەو کوڕانەی گەر خوشکیان نەبوایە بە زەحمەت ژنیان دەست دەکەوت.بۆیە دیاردەی رەدوو کەوتن یان ژن هەڵگرتن باو بوو.ئەویش زیاتر لە نێوان ئەو کوڕ و کچانەی خۆشەویستی هەبوو .بەلام بەربەست لە رێگای بەیەك گەیشتنیاندا دروست دەکرا.بۆیە پەنایان بۆ هەلاتن دەبرد.زۆرجار ئەم رووداوانە تاوانی گەورەی لێدەکەوتەوە.بەکوشتنی کچە و کورە کۆتایی دەهات.زۆرچیرۆکی تراژیدی لە هونەری فۆلکلۆری کوردیدا هەیە لەم بارەیەوە[١].

**ب_ خێڵ**:(بنەمالە _تیرە_ هۆز -عەشیرەت)، لە دوای یەکەی خێزان کۆمەڵی کوردەواری یەکسەر وابەستەیی خۆی بۆ چەند یەکەیەکی تر دەردەخات.ئەوانیش بنەمالە و تیرە و هۆز و خێل یان عەشیرەتە .ئەم یەکە کۆمەلایەتیانە پێك هاتوون لە سەرۆکێك ،کە رابەرایەتی بنەماڵە یان هۆز و عەشیرەت دەکات .ئەم سەرۆکە زۆرجار بەناوی سەرۆك خێڵ یان ئاغا و بەگ و میر و خان ناو دەبرێت.لە کۆندا ئەم هۆزانە خاوەن سوپا و هێزی جەنگی بوونە .مەبەست پاراستنی تەواوی ئەندامانی خۆیان بووە .هەروەها وەك یەکەیەکی گەورەی بەرهەم هێنانی ئابوریش بووە ،بۆ سەرۆك خێڵ یان ئاغا.لەهەمان کات دەوڵەتانی ناوچەکە سوودیان لەم یەکە کۆمەلایەتییە وەردەگرت بۆ دوو مەبەست.یەکەم بە مەبەستی بوونی جەنگاوەر لە کاتی شەڕدا،دووەم بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانەی دەوڵەت.هەموو ئەمانە لە رێگای سەرۆك خێڵەوە دەکرا ،کە خاوەن دەسەلاتی حکومەتەکانیشی وەرگرتبوو.لە سەدەی نۆزدەهەم دا زۆربەی خێڵە کۆچەریەکان بە شێوەیەکی نیوە ناچڵ جێگیر بوون ، دێهاتیان ئاوەدانکردەوە،بە کشتوکاڵەوە خۆیان خەریك کرد[٢].لە قۆناغی دەست پێکردنی جولانەوەی چەکداری کورد (١٩٦١_١٩٩١) هەمیشە دەسەڵاتدارانی ئێراقی لە هەولی زیندوکردنەوەی ئەم شێوە پێکهاتە کۆمەلایەتییەدا بوون.بەمەبەستی دروستکردنی جەنگاوەری جاش بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوە چەکدارییەکانی باشوری کوردستان[*].

هەتاکو سەدەی نۆزدەهەمیش زۆرینەی کۆمەڵی کوردی لە باشوری کوردستان کۆچەری بوون.واتە خەریکی ئاژەڵداری بوون.کوێستان و گەرمیانیان دەکرد.لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم شێوە مولکداری تازەی نیمچە دەرەبەگایەتی دروست بوو، کە خۆی لە میرنشینەکان دەبینییەوە . میرنشینی بابان و سۆران و بادینان ،گۆڕانی تازە لە شێوەی نیشتەجێبوون و بەرهەم هێنان هاتە کایەوە . (لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە عەبدولڕەحمان پاشای بابان هانی کوردە کۆچەرییەکان و نیمچە کۆچەرییەکانیدا تا شێوەی کۆنفیدرالییەتی جافایەتی خێڵەکی بگۆڕن بۆ جێگیربوون لە ناو میرنشینەکەی،ئەویش بە بەخشینی زەوی وزارێکی زۆر پێیان.بۆیە دەبینین لە چلەکانی سەدەی دواتردا واتە دوای پەنجا ساڵ چەندین گوند لە ناوچەی شارەزوو پەیدا بوون و جووتیارەکانی جاف بە چڕی کەوتنە

---

[١]ـ مینۆرسکی ،کورد،و: حەمەسعید حەمەکریم،( هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٤،ل١٥٩).

[٢]ـ دکتۆر عەزیز شەمزینی ،دابەشبوونی چینایەتی و پەیدابوونی چینی کرێکاران لە کوردستاندا ،ژمارە ٢٣ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، سلێمانی، ئابی ١٩٩٨،ل١٦.

[*]ـ جاش دیاردەیەکی دەستکردی حکومەتەکانی ئێراق بوو .بەمەبەستی دژایەتی کردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی چەکداری کوردستان .

داچـاندنی زەوی و زارەکـانی ئـەو نـاوە)[1].بەهـەمان شـێوە پێدەشـتەکانی گـەرمیان و کـەرکوك و هـەولێر و نەینەواش گوند و شارۆچکەی تازەی لێ پەیدا بـوو.لـە گـەڵ دروسـت بـوونی دەوڵـەتی ئێـراق و دیـاریکردنی سنورلە نێـوان ئێـراق و تورکیـا، سـاڵی ١٩٢٦ کـۆت وبەنـدی زیـاتر کەوتـە بـەردەم خێڵـە کۆچـەریەکان،بۆیـە نیشتەجێبوون لە شار و گوندەکان زیاتر پـەرەی سـەند [2]. هـەروەها حکومـەتی ئێـراقیش هەمیشـە لـە هـەولی زیـاتری نیشـتەجێکردنی خێڵـە کۆچـەرییە کـورد و عەرەبەکانـدا بـوو.سـاڵی ١٩٧٦ نەخشـەی دامـالینی ناوچـە سنورییەکان دەستی پێکرد، کە (٨٠٠) کیلۆمەترچوارگۆشەی گرتەوە ، لـە ناوچـەی پشـتەی ناحیـەی سیروانی قـەزای هەڵەبجـەوە درێژدەبێتـەوە تـا دەگاتـە رووبـاری خابوورلـە قـەزای زاخـۆ ،ئەمـەش بـۆ کۆچـەرییەکان رێگریەکی تەواو بوو[3].لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کۆچەرەکان ژمارەیەکی یەکجار کەمیان ماون ،کە ئەم شێوە ژیانـە درێژە پێ بدەن،زۆرینەی دانیشتوانی باشوری کوردستان بەسەر شار و گوند دابەش بوونە.

**أ_ گوندنشـین:** بـەر لـە دروسـت بـوونی دەوڵـەتی ئێـراق لـە سـاڵی ١٩٢٠ .زۆرینـەی دانیشـتوانی باشـوری کوردسـتان گوندنشـین و کۆچـەری بـوون. بـەلام دوای دروسـت بـوونی دەوڵـەتی ئێـراق  نیشـتەجێبوون بـە هۆکـاری کێلانـی زەوی،بـۆ وەدەسـت هێنـانی سەرچـاوەی داهـاتی باشـتر،نیشـتەجێبوون لـە گونـدەکان زیـادی کرد،بەتایبەت لە ناوچـە پێدەشـت و دەم رووبارەکـان.لەگـەل ئەوەشـدا ژمـارەی دانیشـتوان بـەرەو زیـاد بـوون رۆیشت.لە رووی پێکهاتەی خاکەوە هەمیشە گونـدەکان دەکەونـە ئـەو شـوێنانەی کـە خاکەکـەیان بـەردەلان و تونده، هەروەها شوێنەکەی بەرزترە لە زەویە کشتوکاڵییەکان ،ئەمەش بۆ خـۆ دوورگـرتن لـە ئـاوی قـوڕس و لافاو.جیاوازی لە نێوان گوندەکانی باشوری کوردستان زۆرە، لە ناوچە پێدەشتەکان رووبەری فراوانی هەیـە . واتە ئازادی لـە فراوانکردنـی رووبـەری خانووەکانـدا هەیـە .وەك لـە ناوچـە شـاخاویە بەرتەسکەکان.چونکە شـوێنی نیشـتەجێبوون کەمـە[4]. هەمیشـە سەرچـاوەی ئـاو هۆکـاری سـەرەکی بـوونی گونـدەکانی باشـوری کوردستانە.جا ئەم سەرچاوە ئاویـە (کانی،بیر،کارێز،جۆگـا،رووبـار)بێـت.کشـتوکاڵ کـاری سـەرەکی گوندەکانـە. بـەپێی تۆپۆگرافیـای ناوچـەکان کشـتوکاڵ دەگۆڕدرێـت ، نموونـە لـە ناوچـە دەشـتاییەکان زیـاتر دانەوێلـە دەچێنرێت ، بەپلەی یەکەمیش گەنم و جۆ، لەناوچـە دەم رووبارەکـان کشتوکاڵی تـەڕ دەکرێـت وەك ئـەوەی پێیـدەلێن (شـیناوی ).بـەلام ناوچـە شـاخاوییەکان زیـاتر رەز و بـاخ دەکـەن و هـەنگ بـە خێـو دەکـەن [5]. ئاژەڵداریش بەشێکە لە کار و پیشەی گوند.ئەو گوندانەی دەکەونە ناوچەی نیمچە شاخاوی یاخود زورگەکان ،زیاتر ئاژەڵ بەخێو دەکەن ،بەپلـەی یەکـەم مـەڕ و بـزن و مانگایـە.چونکە پـاوان و لـەوەڕگای باشـیان هەیـە .لەهەمان کات بەدەگمەن ماڵێك هەیە لە گوندەکانرپەلەوەر بە خێو نەکات ،بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە هێلکـە و گۆشتەکەی.ژن رۆڵی بەرچاوی هەیەلە کارکردن، بۆیـە حاڵـەتی فـرە ژنـی زیـاتر لـە گونـدەکان بـاوە.هـەروەها

---

[1]- د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان ،و:جەوهەر کرمانج ،( سلێمانی ،چاپخانەی داناز ،٢٠٠٤،ل١٠).

[2]- د. فاضل حسين ،سەرچاوەی پێشوو،ل٨٢.

[3]- عومەر هەمزە ساڵح ،راگواستن ،( دهۆك ،چاپخانەی خانی ، ٢٠٠٩،ل٧٧).

[4]_ د. محمد عبدالله عمراللهوني ،التحليل الجغرافي للاستيطان الريفي في اقليم كردستان، (السليمانية ،منشورات مركز كردستان للدراسات الآستراتيجية، ٢٠٠٥،ص١٤٨).

[5]- د. عەبدوڵلا غەفور،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٢.

زۆری ژمارەی منداڵ.چونکە منداڵ هۆکارێکە بۆ نەپچڕانەوەی وەچەی بنەماڵە، هەوەها وەك دەستی کار و هێزێکی کاریگەریش بۆ پاراستنی زەوی و زار و سەرمایەی بنەماڵە. منالّی کوڕ زیاتر خۆشەویسترە لە گوند وەك لە منالّی کچ، ئەو ژنەی کە منالّی زۆری کوڕ بێت ،ئەوە ژنێکی بە بەخت و خاوەن پێگەی کۆمەلایەتییە لە ناو خێزاندا [١]. بەلام شێوەی ژیانی گوندەکانی باشور زۆر گۆڕاوە بەهۆی ڕاگواستنەوە.

دەسەلاّتدارانی ئێراق لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتەکەیانەوە هەمیشە لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای باشوری کوردستاندا بوون.لەسەرەتاوە هەڵسان بە نیشتەجێکردنی زۆر لە خێڵە عەرەبە کۆچەرییەکان لەناوچە دەشتاییە بەپیتەکاندا.وەك دەشتی حەویجە و رەبیعە و دیاڵە.لە هەمان کاتدا فشاریان دەخستە سەر دانیشتوانە کورد و تورکمان و ئاسورییەکان، بۆ چۆلکردنی ناوچەکانیان.ئەمەش وایکردوە هەمیشە ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان بەرەو کەمبوونەوە بچێت ، شارەکان ژمارەیان زیاد بکات[٢].

| خشتەی (٢) دەرخستنی ڕێژەی دانیشتوانی شار و لادێکانی باشوری کوردستان (١٩٥٧_١٩٨٧) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکان | ١٩٥٧ | | ١٩٨٧ | |
| | شار | گوند | شار | گوند |
| دهۆك | ٪٧،٢ | ٪٨٢,٣ | ٪٧٤,٦ | ٪٢٥,٤ |
| نەینەوا | ٪٢٧,٦ | ٪٧٢,٤ | ٪٤٢ | ٪٥٨ |
| هەولێر | ٪٢٦,٦ | ٪٧٣,٤ | ٪٧٧,٣ | ٪٢٢,٧ |
| سلێمانی | ٪٢٦ | ٪٧٤ | ٪٧١ | ٪٢٩ |
| کەرکوك | ٪٣٩ | ٪٦١ | ٪٧٤ | ٪٢٦ |
| قەزای خانەقین | ٪٣٢ | ٪٦٨ | ٪٥٣ | ٪٤٧ |
| مەڵبەندی مەندەلی | ٪٢٦ | ٪٧٤ | ٪٠٢ | ٪٩٩,٨ |
| هەرێمی کوردستان | ٪٢٩ | ٪٧١ | ٪٦٧ | ٪٣٣ |
| ئێراق | ٪٣٩ | ٪٦١ | ٪٧٠ | ٪٣٠ |

لەخشتەی (٢)دا دەردەکەوێت گەشەی دانیشتوانی شارەکان سروشتی و ئاسایی نیە . چونکە لە هیچ شوێنێکی دونیادا نیە لەماوەی (٣٠) ساڵ ئەم گۆڕانە گەورەیە لە هاوسەنگی شوێنی دانیشتوان رووبدات ، بۆیە هۆکارەکە ڕوونە ،ئەویش راگواستنی دانیشتوانی کوردە بەچەند قۆناغێك [٣].

**قۆناغی یەکەم (١٩٦٣_١٩٧٥)**:لەگەل سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولّ(١٩٦١_١٩٧٥)،ڕاگواستن دەستی پێکرد. لە ١٩٦٣/٦/١١ تەنها لە قەزای دوبز (٢٢) گوندی کوردان چۆڵکراو عەرەبی تێدا نیشتەجێ کرا.هەروەها لە گەل بەهێز بوونی رژێمی بەعس(١٩٦٨_٢٠٠٣) لە دەسەلاّت ،درێژەی دا بە سیاسەتی ڕاگواستنی کورد، بەدەیان گوندیان لە ناوچەکانی پارێزگای کەرکوك و دیاڵە و نەینەوا وهەولێر ڕاگواست.بەهۆکاری ئەمنی سنورەکان

---

[١]- هەمان سەرچاوە،ل١٣١.

[٢]_ عومەر هەمزە سالّح ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٧٦.

[٣]- مراد حەکیم محەمەد ،ئاکامە کۆمەلاّیەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا،( سلێمانی، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان ، ٢٠٠٤،ل١١٦).

،بەشێکیش بە هۆکاری نزیکیان لە کێڵگە نەوتییەکان.جگە لە وەدەرنانی کوردی فەیلی بۆ ئێران،نموونە تەنها لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧٠ دا،(٥٠٠٠٠)کەس لەکوردی فەیلی دەرکران[١].ئەمە جگە لە دەرکردنی کورد لە شاری کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و شارۆچکەکانی تر .

**قۆناغی دووەم (١٩٧٥_١٩٨٠):** تەنها لە ساڵی ١٩٧٥ لە پارێزگاکانی نەینەواو کەرکوك و دهۆك و خانەقین (٣٨٢) گوندی راگواست.نیوەی ئەم ژمارەیە، گوندی ئێزیدیەکانی شەنگار و شێخان بوو.لەم قۆناغەدا رژێمی بەعس هەر بە ڕاگواستنی گوندەکانی هاوسنور لەگەل ناوچە عەرەب نشینەکان و دەوروبەری کێڵگە نەوتیەکان نەوەستا.بەلکو دەستی بە ڕاگواستنی گوندە سنورییەکانیش کرد،بەهۆکاری دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی بە قولایی (٣٠_٤٠) کیلۆمەتر،گوندە هاوسنورەکانی ئێران و تورکیا بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتن.ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکان لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك (٨٧٢)گوند و (٣٠٨١٤)خێزان بووە.ڕووبەری چۆڵکراویش (١٣,١٠٠)کم٢ بووە.سەرجەم دانیشتوانی ئەم گوندانە لە (٦٥) ئۆردوگای زۆرە ملێی نزیك شار و ڕێگا سەرەکیەکان نیشتەجێ کران[٢].بەم شێوەیە کۆمەڵی کوردی لە بەرهەم هێنەوە دەکرا بە بەکاربەر.مەبەستی سەرەکی لە ڕاگواستنی گوندە سنورییەکان،گورز وەشاندن بوو لە هێزی پێشمەرگە، لە ڕووی کەمکردنەوەی هێزی مرۆیی وبژێوی و حەوانەوەیاندا.

**قۆناغی سێیەم(١٩٨٠_١٩٩٠):** لەم قۆناغەدا راگواستنی گوندەکان گەیشتە لوتکە.هەم بەهۆکاری جەنگ لەگەل ئێران (١٩٨٠_١٩٨٨)،هەمیش بەهۆی فراوان بوونی جەنگ لەگەل هێزی پێشمەرگەی کوردستان . لە ١٩٧٩/٧/١٧ سەدام حسێن بە کودەتایەکی سپی بووە یەکەمی بێ رکابەر لە ئێراقدا.ساڵی ١٩٨٠ شەڕی نێوان ئێراق و ئێران هەڵگیرسا،شەڕ هەموو سنوری ئێراق ئێرانی گرتەوە(لە سنوری پارێزگای هەولێر قەزای چۆمان و (٣٥) گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان (١٧٧٩) خێزانە،لە سنوری پارێزگای سلێمانی قەزای پێنجوین و ناحیەی بیارە و مەرکەزی ناحیەی سیوەیل و ئۆردوگاکانی ناڵپارێز و پێنجوین و (٦٦) گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان دەکاتە (١٦١٢٥)خێزان راگوێزران)[٣].لەگەل گەرم بوونی شەڕی پێشمەرگە و سوپای ئێراق،لە ساڵی ١٩٨٥تاکو ١٩٨٧ لەسەرجەم باشوری کوردستان(٩٣٣)گوندی ترخاپوورکران[٤].لە ١٩٨٧/٣/٢٩ بەبڕیاری ژمارە (١٦٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(عەلی حەسەن مەجید)* بە ئەمینداری نووسینگەی باکوری حزبی بەعس دیاری کرا، بە دەسەلاتێکی زۆرەوە ،ئەویش بڕیاری بە خاپورکردنی کوردستانی دا، هەڵمەتەکانی ئەنفال دەستی پێکرد تەنها ساڵی ١٩٨٨ زیاتر لە(١٦٦٨)گوندی خاپور کرد و دانیشتوانەکەی راگوێزران، بەشی زۆریشیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن لە بیابانەکانی باشوری ئێراق زیندە بەچاڵکران.لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی

---

[١]_ هەمان سەرچاوە ،ل١١٧.

[٢]_ هەمان سەرچاوە،ل١٢٧.

[٣]_ ئەمین قادر مینە ،ئەمنی ستراتیجی ئێراق و سێکوچکەی بەعسیان(تەرحیل_تەعریب_تەبعیس)،( سلێمانی،لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ١٩٩٩،ل٨٤).

[٤]_ عومەر هەمزە ساڵح سەرچاوەی پێشوو،ل٩٣.

*_ عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیاوی)لە ساڵی ١٩٤١ لە دایك بووە . ئامۆزای سەدام حسێن سەرۆك کۆماری ئێراق بووە .چەندین پۆستی گەورەی لەسەردەمی دەسەلاتی حزبی بەعس بینیوە .کەسێکی درندە و تاوانبار بووە .لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە دەستگیرکراو لە ساڵی ٢٠١٠ لە سێدارە درا.

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ئاودیوی سنورەکانی ئێران و تورکیا بوون.هەروەها لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠تاکو ١٩٩٠ ژمارەی دەرکراوانی کوردی فەیلی گەیشتە یەك ملیۆن کەس.ڕاگواستن بەردەوام بوو تاکو لە ساڵی ١٩٨٩ قەزای قەلادزێ و ئۆردوگاکانی ژاراوە و سەنگەسەر و تووەسوران، لەگەڵ چەندین گوندی تری سەر بە قەزای رانیە راگوێزران وخاپوورکران[1].ئەوە جگە لە قەزای هەڵەبجە و ناحیەی سیروان و خورماڵ و سەید سادق کە لەگەڵ هەڵمەتی کیمیاباران ئەوانیش راگوێزران و خاپوورکران .سەرجەم دانیشتوانی راگوێزراو لە چەند ئۆردوگایەکی دەوروبەری شاری هەولێر و سلێمانی و رانیە و کەلار و دهۆك نیشتەجێ کران.تاکە رێگالەبەردەم مرۆڤی گەنجی کورد ئەوە بوو یان دەبوایە ببێتە سەرباز یاخود جاش یان رابکات بۆ دەرەوەی وڵات.لە دوای راپەڕین وپاشان ڕووخانی رژێمی بەعس زۆربەی گوندەکانی کوردستان ئاوەدان بوونەتەوە،بەلام ژمارەی نیشتەجێبوون کەمە .

**ب_ شارنشین:** دەستەواژەی شارنشین زۆربەی کات ئاماژەیە بۆ شار یان ئەو خەڵکەی لە شار دەژین[2].شار بەو شوێنەی دانیشتوان دێت،کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرن و لە کار و پیشەدا هەمەجۆرن.واتە بە پێچەوانەی گوند کە تەنها چەند کارێك تێیدا باوە ئەویش کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.بەلام شارئابووری هەمەجۆری تێدایە .وەك بازرگانی و پیشەسازی. لەگەڵ چەندین پیشەی تری هەمەچەشنی وەك نانکردن و چێشتخانە .لەهەمان کاتدا جیاوازیەکی تری شار ئەوەیە دەسەڵاتی تێدایە .واتە حکومەت کاروبارەکانی رێك دەخات.چونکە لە شاردا مرۆڤەکان زیاتر پشت بە خودی خۆیان وەکو تاك دەبەستن.نەوەك خزم و کۆمەڵ.هەروەها شار هەمەچەشنە لە ئاین و بیروباوەڕی جیاواز، لەگەڵ بوونی کەلتور و داب و نەریتی جیاواز.هەر شوێنێکی نیشتەجێبوون ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی سەرووی (٣٠٠٠)هەزار کەس بوو ئەوە دەکرێ حیسابی شاری بۆ بکرێ[3].خەسڵەتێکی تری شار ئەوەیە باڵەخانە و خانووەکانی جیاوازترن لە لادێ ، لە شار باڵەخانەی بەرز و شەقامی رێك هەیە. بێگومان شاری ئێستا نەوەك هی کۆن.هەروەها لە شاردا ناوەندی گەورەی فێرکردن و خوێندن هەیە لە بابەتی پەیمانگاو وزانکۆکان.هەمیشە شار ناوەندی ساغکردنەوەی بەرهەمە خۆراکیەکانی لادێیە، هەروەها لە ڕووی سیاسییەوە شار دەتوانێ گۆڕان بکات لە هەموو بوارێکی ژیانەوە.چونکە ناوەندی ململانێکان لە شارە . بەتایبەت چینی کرێکار و کاسبکار کەوا ژمارەیان زۆرە،چینێکی بە ئاگان لە ژیان،زۆرینەی داهێنانە پیشەسازییەکان لە شار سەرچاوەی گرتووە.بۆیە شارنشین بە دانیشتوانێکی هۆشیار و بە ئاگا و کاریگەر دەناسرێن لە رەوتی پێشهات و گۆرانەکان .مێژووی پەیدابوونی شار لەم بەشەی کوردستاندا،بۆ کۆتایی سەد ساڵەی چوارەم و سەرەتای سەد ساڵەی پێنجەمی پێش زایین دەگەرێتەوە .هەندێك لەو شارانە بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە .بۆ نموونە ئەربائیلۆ(ئەربیل/هەولێر)کە یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی کوردستان و باشوری رۆژئاوای ئاسیا. بە درێژایی مێژوو ئاوەدان بووە و ناویشی نەگۆڕاوە[4].لە مێژووی کۆندا شار یان شاری گەورە لە کوردستان کەم بووە.ئەو شارانەی کە لە ناوچە شاخاویەکان دروستکراون شاری بچوك بوونە.زیاتر

[1]- مراد حەکیم محەمەد،سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٤_١٥٥.

[2]_ زبير رسول أحمد،المجتمع المدني والدولة .اشكالية العلاقة،( السليمانية ، مطبعة حمدى، ٢٠١٠،ص٢٦).

[3]- https://ar.wikipedia.org/wiki ،کاتی سەردان٢٠١٧/٣/٢٣.

[4]_ د. عەبدوڵلا غەفوور،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٩.

له قەڵایەکی سەخت هیچی ترنەبوون،ئەویش زیاتر بۆ خۆ پاراستنی دانیشتوانەکەی و ئەو دەسەڵاتەی کە تێیدا فەرمانڕەوایی کردوە، بۆئەوەی لە هێرش و پەلاماری دووژمن پارێزراوبێت، نموونەی شاری ڕەواندوز و ئامێدی و قەلاچۆلان. لە ئێستادا چەند شارێکی گەورە هەیە.وەك هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆك.کە چەقی قوڕسی ژمارەی دانیشتوانن.بەپێی ڕێکخستنی پەیکەری کارگێڕی حکومەتی ئێراق و حکومەتی هەرێم ،بەسەر سێ یەکە دابەش کراوە.پارێزگا و قەزا و ناحیە.زۆرجار شار و شارۆچکە و شارۆکە یا شارەدێ لەسەر ئەم یەکە کارگێڕیانە هەژمار دەکرێ.بەلام ئەمە مەرج نیە،چونکە زانستی سۆسۆلۆژیای دانیشتوان، بۆ دەست نیشان کردنی شار،ژمارەی دانیشتوانی کردۆتە پێوەربەم شێوەیە [١].

شار : ژمارەی دانیشتوانی لە سەرووی (٢٠) هەزار کەس بێت.

شارۆچکە: ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان (٥_٢٠)هەزار کەس بێت .

شارۆکە : ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان (١_٥) هەزار کەس بێت .

شارەدێ : ژمارەی دانیشتوانی لە دەوری (١٠٠٠) کەس بێت.

لە باشوری کوردستان لە ئەنجامی زوو گەشەکردنی شارەکان،بەهۆی راگوێزانی دیهاتەکان.هاوسەنگی دانیشتوان زیاتر بەلای شارەکاندا کەوتووە.ئەمەش وایکرد پرۆسەی بەشاریکردن بە شێوەیەکی ناتەندروست گەشە بکات.بە پێی دواین خەملاندن بۆ ژمارەی شارنشین و گوند نشین لە باشوری کوردستان کە کرابێ بۆ ساڵی ٢٠٠٧زاینیە.بەم شێوەیە( ٦٦٪شارنشین. ٣٤٪ گوند نشین )[٢].

هەروەها باشوری کوردستان لە رووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە دەکرێ بە دوو بەش،لە ڕووی ئاینی و نەتەوەییەوە.

### ١_ پێکهاتەی دانیشتوان لە ڕووی ئاینییەوە.

**_ئیسلام:** ئاینی ئیسلام لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زاینیەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە هاتۆتە کوردستان.کوردانی باشوری کوردستان زۆرینەیان بە ئاین موسڵمانن.لەسەر ئاینزای سوننەی شافیعین . بەشیکی کەمیش لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی سەر بە ئاینزای شیعەی دوانزە ئیمامین.لەهەمان کات چەند تەریقەتێکی عیرفانی و سۆفی گەری هەیە،کە لە کۆندا رۆڵی دیاریان هەبووە لە بزاوتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا [٣].ئەوانیش تەریەقەتی قادری و نەقشبەندی و رەفاعی و ڕێبازی هەقەیە .

**_مەسیحی:** ئاینی مەسیحی لە ئاینە کۆنەکانی باشوری کوردستانە.لە سێیەمین سەد ساڵەی هاتنە دونیای حەزرەتی مەسیحەوە ،ئەم ئاینە هاتۆتە کوردستانەوە،لە شارەکانی دهۆك و نەینەواو کەرکوك و هەولێر و کۆیە و شەقلاوە و سلێمانی و دیانا و ئامێدی دەژین،ئەوانیش لەگەل ڕەوتی رووداوەکان ژمارەیان کەم و زیادی کردووە. هەروەها شوێنی نیشتەجێ بوونیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە [٤].

---

[١]ـ هەمان سەرچاوە،ل٢١٠.

[٢]- هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢٤.

[٣]_ مینۆرسکی، ،سەرچاوەی پێشوو ،ل١٠٧.

[٤]_ د. عەبدوڵلا غەفوور،سەرچاوەی پێشوو،ل١٨١.

**_جولەكايەتی**: مێژووی جولەكایەتی لە كوردستاندا مێژوویێكی كۆنە. بەپێی تەلمود (٢٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر پاشای ئاشورییەكان شەلمانسەری سێیەم (٨٥٨_٨٢٤پ،ز) جولەكە ڕاگوێزراوەكانی لە كوردستاندا نیشتەجێ كردوە[١]. بەلام لەگەل دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا جولەكەكانی كوردستان و ئێراق لە ساڵانی ١٩٤٩_١٩٥١ وەدەرنران بۆ خاكی ئیسرائیل[٢].لە ئێستادا ژمارەیەكی كەمی جولەكە لە كوردستاندا دەژین[٣].

**_ئێزیدیاتی** :پەیڕوانی ئاینی ئێزیدیاتی خۆیان بە چەند ناوێك دەناسێنن،ئێزیدی،یەزدانی ،یەزیدی و داسنی .زۆرجاریش بێگانەكان یاخود ئیسلامەكان وەك سوكایەتییەك پێیان دەلێن شەیتان پەرستەكان. ئێزیدییەكان زۆرینەیان خۆیان بە كوردی ڕەسەن دادەنێن، چونكە موناجاتی ئاینیان بە كوردیە، لە باشوری كوردستاندا ئێزیدییەكان بە ژمارە دووەم ئاینن، بە زۆری لە ناوچەی شەنگال و شێخان و دهۆك نیشتەجێن[٤].

**_كاكەیی** : ئەم كۆمەڵە ئیتنۆ_ ئاینییە، لە باشوری كوردستاندا، بە كاكەیی ناسراون.بەلاّم ناوی راستەقینەیان ئەهلی هەقە،لای هەندێ پسپۆر و لێكۆڵەرەوە زیاتر بە ناوی (عەلی ئیلاهی)یەوە ناویان رۆیشتووە.موناجاتی ئاینیان بە هۆنراوەیە،كتێبی (سەرەنجام) یان ئەدەبی یارسان دەقە ئاینیەكانیی لە خۆ گرتووە .لەناوچەی هەڵەبجە و خانەقین و داقوق و كەركوك و دەشتی نەینەوا نیشتەجێین[٥].

**_بابی و بەهائی** :بابی لە ساڵی ١٨٤٤ لەوڵاتی فارس لەسەر دەستی میرزا عەلی محەمەد(١٨١٩_١٨٥٠)داهات . باب واتە دەروازە(بەرەو خودایی)یاخود بابا كە نوێنەرایەتی بەرجەستەكار دەكا.میرزا حوسێن عەلی (بەهائوڵلا )گەشەی پێدا و لە كۆتایەكانی سەدەی نۆزدەهەم لە گوندی سەرگەڵوی نزیك شاری سلێمانی ماوەیەك نیشتەجێ بوو[٦]. بەهائییەكان لە هەموو جیهان بوونیان هەیە. لە باشوری كوردستانیش نمایندەیان لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی حكومەتی هەرێم دا هەیە[٧].

**_شەبەك**: لە سنوری پارێزگای موسڵ هەن،زۆركات خۆیان بە موسڵمان دەزانن و سەربە ئاینزای شیعەن ، بڕوایان بە ئیمامی عەلی خەلیفەی چوارەمی موسڵمانان هەیە .ئەم گروپە بە زۆری كەوتوونەتە نێوان ناوچەی رووباری خازر لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوا قەزای تەلكیف[٨].زمانیان كوردیەكی تێكەل لەگەل وشەی عەرەبیە و زۆرتر لە شێوە زاری لوڕی و هەورامی نزیكە.لە ساڵی ٢٠١٤ لەگەل هاتنی گروپی تیرۆرستی داعش بەر شالاوی دەركردن كەوتن .

---

[١]_ میهرداد ئیزەدی،ئاین و تایفە ئاینی یەكان لە كوردستاندا،ژمارە ٢٧ی گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی،سلێمانی،ئابی ١٩٩٩،ل٩٩.

[٢]- هەڵۆێست عمر قادر،یهود كردستان،( السليمانية ،مطبعة حمدي ،٢٠٠٧،ص٨).

[٣]- گفتوگۆ لەگەل مەریوان محمود نەقشەبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندیەكان لە وەزارەتی ئاوقاف و كاروباری ئاینی حكومەتی هەرێمی كوردستان،هەولێر كاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ رۆژی ١٢/١٠/٢٠١٦.

[٤]- میهرداد ئیزەدی ،سەرچاوەی پێشوو،ل٨١.

[٥]- د. عەبدوڵلا غەفوور،سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٣.

[٦]- ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی،بەهائوڵلا لە كوردستان، و:دڵشاد كەریم،( سلێمانی،چاپخانەی روون ، ٢٠١٠،ل٧٦).

[٧]- یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی كوردستان.

[٨]- هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین ،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٥.

_ **زەردەشتی**: ئاینی زەردەشتی بە کۆنترین ئاینی یەکتاپەرستی دادەنرێت.زۆر لە نووسەرانی کورد زەردەشتی بە ئاینی کۆنی کوردی دادەنێن.لەگەل هاتنی ئاینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاینی ئەم ئاینە بەرەو لەناوچوون چووە.لە ساڵی ١٩٩١وە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەم ئاینە دەدرێ لە باشوری کوردستان،لە ساڵی ٢٠١٦ نمایندەیان هەیە لە وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان[١].

**_سابیئە**: زۆرجار بە(سابیئە مەندائی)ناودەبرێن، ئەم ئاینە زۆر کۆنە،یەحا پێغەمبەر پەیامبەریانە . بەلام لە باشوری کوردستان بوونیان زۆر کەمە.لە وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان نمایندەیان هەیە.پەیڕەوانی لە شارەکانی باشوری کوردستان هەیە.بەلام بەدەگمەن پەیڕەوانی ئەم ئاینە لە نەتەوەی کوردن [٢].

تاکو ئێستا هیچ ئامارێکی دروست لەبارەی ژمارە و رێژەی بڕواداران لە باشوری کوردستان نیە.چونکە هیچ سەرژمێرێکی وورد و دروست نەکراوە . ئەوەی کرابیش لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بووە.ئەویش دروست نەبووە ،چونکە هەم بەهۆی فشاری دەوڵەتەوە .هەمیش لەترسەوە ،زۆر لە بڕوادارانی ئاینە جیاوازەکان نەوێروان بەئاشکرا باوەڕداری خۆیان تۆمار بکەن.

### ٢_ پێکهاتەی دانیشتوان لە ڕووی نەتەوەییەوە.

**_کورد**:زۆرلە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان هەموویان ئاماژە بە بوونی کورد دەکەن .لە دیر زەمانەوە لەسەر ئەم خاکە دەژی، کورد نەتەوەی یەکەمی باشوری کوردستانن لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە .

**_عەرەب**:لە سەدەی حەوتەمی زاینی لەگەل شالاوی هاتنی ئیسلام،سەرکەوتنیان بۆ باکوری چۆمی فوڕات[٣].بەهۆی سیاسەتی تەعریب و راگواستنی کورد،لەزێدی خۆیان لەلایەن دەسەلاتدارانی ئێراقەوە لەبەغدا (١٩٢١_٢٠٠٣)،نەتەوەی عەرەب لە ڕووی ژمارەوە بە دووەمین نەتەوەی باشوری کوردستان دێت.

**_تورکمان**: سەرەتای دەرکەوتنیان لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە ساڵی( ١٣٨کۆچی)، کاتێ فەزڵی کوڕی یەحیای بەرمەکی بیست هەزار جەنگاوەری نارد بۆ ئێراق بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە سوپای عەباسییەکاندا[٤].پاشماوەی ئەم سوپایانە لەگەل هاتنی شەپۆلەکانی مەنگۆل و تەتەر و دەوڵەتی عوسمانی وایکرد تورکمان لە باشوری کوردستان پەیدا ببێت .

**_کلدان و سریان**: لەنەتەوە دێرینەکانی باشوری کوردستانن،دەکەونە هەندێك ناوچە و شارەوە لە هەرێم وەك موسڵ و کەرکوك و زاخۆ و شەقلاوە و کۆیە و شوێنی تریش. بەپێی ئامارە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراق بەردەوام ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە[٥].

---

[١]- یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان.

[٢]-گفتوگۆ لەگەل مەریوان محمود نەقشەبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان لە وەزراەتی ئاوقاف و کاروباری ئاینی ،هەولێر کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ رۆژی ٢٠١٦/١٠/١٢.

[٣]- ئەحمەد رەفیق کەریم ،سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٢.

[٤]- هەمان سەرچاوە،ل١٠٤.

[٥]- هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین ،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٢.

**_ئەرمەنی**:ئەرمەنییەکان لە کۆنەوە تێکەڵ بوونە لەگەل کورد،لەهەندێك شار و گوندەکانی باشوری کوردستان جێنیشینن، پارێزگای دهۆك شوێنی سەرەکیانە و لەوێش قەزای زاخۆ، ناحیەی باتێل (جاران ناحیەی سلیڤانی)،لەوێشدا گوندەکانی وەکو:ئاڤزریك میری و هەڤرێسك و شکەڤدلا [١].

بەهەمان شێوەی پێکهاتەی ئاینی تاکو ئێستا سەرژمێریەکی وورد بۆ ژمارەی دانیشتوان لە باشوری کوردستان نەکراوە ،ئەوەی کراوە هی دەوڵەتی ئێراق بووە .ئەویش بەهۆی فشارەکانیەوە هەمیشە زۆر لە پێکهاتە نەتەوەیە نا عەرەبەکان لە ترسان و بە پێدانی ئیمتیازات خۆیان بە عەرەب هەژمار دەکرد.بەلام ژمارە و پێکهاتەی دانیشتوانی باشوری کوردستان لە دوای رووخانی رژێمی بەعس ،گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، لەکەمکردن و زیادبوونی ژمارەی نەتەوەکان، لە شارو ناوچە جیاجیاکان ،بەلام ئاماری دروست لەبەردەستدا نیە.لە ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی شەڕی تیرۆرستانی داعش زۆر لەناوچە کانی باشوری کوردستان بوونە مەیدانی جەنگ،دانیشتوانەکەی ناچار بە کۆچ کردن بوون.ئەمەش کاریگەری لەسەر پێکهاتەی دانیشتوان کردووە لە ڕووی کەمی و زیادی پێکهاتە نەتەوەیەکانی کوردستانەوە.

## پاری چوارەم

## مێژووی نووسین و فەرهەنگ وکاری رۆژنامەوانی کوردی لەباشوری کوردستاندا

مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە باشوری کوردستان.بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە،ڕەوتی پێشهات و ڕووداوەکانی جیهان و ناوچەکە کاریگەریان لەسەر گەشە و داهێنانی فەرهەنگی کوردی هەبووە.

**_نووسین**: زمانی نووسینی کوردی درەنگ گەشەی کردوە .میر و سەرۆك هۆز و خوێندەوارانی سەردەمی خۆی زیاتر پیاوانی ئاینی بوونە.ئەوانیش لە خوێندنی ئاینی زیاتر فێری زمانی عەرەبی و فارسی دەبوون، بۆیە بەو زمانانە کاری خۆیان رایی دەکرد و بەزمانی کوردی نامە و پێویستیە بازرگانی و کارگێڕیەکانی خۆیان نەدەنووسی . دەوڵەتێکی کوردی نەبوو تاکو گرنگی بەزمان و نووسینی کوردی بدات.ولاتە داگیرکەرەکانی ئەو رۆژگارانەش هیچ گرنگیەکیان بە خوێندن و مافی نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان نەدەدا،بەتایبەت کورد ، بۆیەنووسین بە زمانی کوردی شێوە زاری سۆرانی زۆر درەنگ دەرکەوت. نووسینی کوردی وەك زمانی بابەتی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلایەتی وزانستی لەگەل سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی کوردی دەرکەوتووە*.بەتایبەت ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە شێوە زاری کرمانجی خواروویان بەکار هێناوە گۆڤاری(رۆژی کورد)لە ئەستەمبۆڵ ساڵی ١٩١٣ و (بانگی کورد)لە بەغدا ساڵی ١٩١٤ کە لە لایەن جەمال بابان دەرچووە، بە زمانی کوردی و تورکی [٢].دەکرێ ئەمە بەسەرەتای نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی لە باشوری کوردستان دابنرێ.لەگەل هاتنی ئینگلیزەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم،زمانی کوردی گرنگی زیاتری پێدرا.دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی جنوبی لە شاری سلێمانی،کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی

---

[١]- د. عەبدوللا غەفور،ئەتنۆ_ جۆگرافیای باشووری کوردستان ،( دهۆك،چاپخانەی زانکۆی دهۆك ،٢٠١٠،ل١٥).

*- مەولود نامەکەی( شێخ حوسێنی قازی )ساڵی ١٢٦٠کۆچی دایناوە بە سەرەتای پەخشان و نووسینی شێوەزاری سۆرانی دەست نیشانی دەکرێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :مێژووی پەخشانی کوردی:علاءالدین سجادی،(چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر ،٢٠٠٠ل)٣٤.

[٢]- ع .ز ،رەفیق ساڵح ئەحمەد،رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی، ژمارە ١١_١٢ی گۆڤاری رۆژنامەڤانی،هەولێر،ساڵی ٢٠٠٣،ل٩٤.

*- چیرۆکی ،لە خەوما،ی ،جەمیل سائیب لە ساڵی ١٩٢٥ بەیەکەم چیرۆکی نووسراوی کوردی بە شێوە زاری کرمانجی خواروو دادەنرێت .

کوردی ،لەوە بەدواوە زمانی کوردی شێوە زاری کرمانجی خواروو بووە زمانی بنچینەیی نووسین لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا.بۆیە زۆرترین نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و رۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی شێوە زاری سۆرانیە.

_**هونەر**:هونەر بەمانا فرەکەی ،هونەری فۆلکلۆری گۆرانی و ستران بەهەموو جۆرەکانی دەگرێتەوە . لەگەل هونەری سەردەم ،کە چەندین لق و پۆپی هەیە.هونەری نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و شانۆ و سینەما و نواندن و گۆرانی .هونەری کوردی بە شێوەیەکی گشتی گەشەی سەردەمی بەخۆیەوە بینیوە.

_**ئەدەب**: ئەدەبی کوردی لە باشوری کوردستان گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە . جگە لە شیعر کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە،لە شیعری کلاسیکەوە بۆ شیعری ئازاد.لەهەمان کات لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە چیرۆکیش سەریهەلدا*.لە ئێستای ئەدەبی کوردی رۆمان و جۆرەکانی چیرۆك زۆر گەشەیان کردوە . هەروەها ئەدەبی منداڵانیش لە کاروانەکە دوا نەکەوتووە .

## ١_ ئامرازە هاوچەرخەکان بۆ گەشەپێدانی میدیا و فەرهەنگی کوردی .

مەبەست لە ئامرازی هاوچەرخ ئەو ئامێر و ئامرازانەن کەوا توانای نووسینی زۆر و یەك شێوە و رێك و پێکی هەیە،وەك چاپ.هەروەها ئامرازی دەنگ تۆمار کردن وەك ریکۆرد ، لەگەل ئامرازی گەیاندنی دەنگ وەك رادیۆ . ئامرازی گەیاندنی وێنە و دەنگ وەك تەلەفزیۆن .

_**چاپخانە**: یەکەم چاپخانەی کوردی ،لەلایەن (سید حوسێن حوزنی موکریانی)وە دامەزراوە لەساڵی ١٩١٥ . دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ هێناویەتە شاری رەواندوز لەوێ گۆڤاری زاری کرمانجی پێ دەرکردوە[١]. حاکمی سیاسی ئینگلیز(مێجەر سۆن)لە ساڵی ١٩١٩ چاپخانەیەکی هێنایە شاری سلێمانی ، لە ساڵی ١٩٢٠ رۆژنامەی ( پێشکەوتن)ی پێدەرکرد[٢]. هەروەها لەگەل هاتنی چاپخانە بۆ باشوری کوردستان ، چاپکردنی کتێبیش سەری هەڵدا.کاروانی رۆژنامەوانی کوردی بەچەندین قۆناغدا رۆیشتووە ، تاکو لە ١٩٩٢/١/١٢ یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە شاری هەولێر بەناوی (کوردستانی نوێ ) دەرچوو. لە ئێستادا چەندین دامەزراوەی گەورە هەن بۆ چاپکردنی کتێب،لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ _ ٢٠١٥) ئەو کتێبانەی کە ژمارەی سپاردنیان وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێم(١٠٦٤٦) کتێب بووە ،واتا ساڵانە (٤٠٠) ناونیشان دەکات [٣].

_ **تۆمارکردن**: مێژووی ئامێری تۆمارکردن دیارنیە کەی هاتۆتە باشوری کوردستان ، بەلام ئەوەی زانراوە هونەرمەندانی کورد لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیست ، لە باشوری کوردستان دەستیان بە تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان کردوە بەلام بە رێژەی کەم،لە ئێستادا هونەری تۆمارکردن زۆر لە پێشەوەیە .

_ **سینەما**:هونەری سینەما وەك شوێنی پەخش کردن و وەك دەرهێنانی فیلمی کوردی لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سییەکانی سەدەی بیستەم . لە چلەکانی سەدەی بیستەم لە شارە گەورەکانی وەك

---

[١]- حوسێن حوزنی موکریانی،سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی،بەرگی یەکەم،( هەولێر، دەزگای ئاراس،چاپخانەی ئاراس، ٢٠١١،ل٩).

[٢]- ع .ز _ رەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٨.

[٣]- ئاماری بەشی راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێم و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ٢٠١٦.

هەولێر و کەرکوك و سلێمانی سینما دانراوە . فیلمی سینمایی کوردی تاکو سەرەتای سەدەی بیست و یەك ئەو گەشەکردنەی بە خۆیەوە نەبینیوە.لە ئێستادا چەند دەزگایەکی دەرهێنانی سینەمای کوردی هەیە[١].

_**رادیۆ**: ئامێری رادیۆ لەسەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵدا.لەرۆژی ١ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٦ بۆیەکەم جار ئێستگەی رادیۆی بەغدا لە ئێراق دامەزرا.لە رۆژی ١٩/١١/ ١٩٣٩ لە هەمان رادیۆدا بەشی کوردی دەستی بە پەخش کرد[٢].ئەمە بەسەرەتای دامەزراندنی رادیۆی کوردی دادەنرێت لە باشوری کوردستان.لەگەل سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان(١٩٦١_١٩٧٥) ، رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراق لەساڵی ١٩٦٣دامەزرا،وەك زمانحالی جولانەوەکە بوو [٣].

_ **تەلەفزیۆن**: لە ئێراق بۆیەکەم جار پەخشی تەلە فزیۆنی لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرا.ئەمەش بە ڕووداوێکی گرنگ وەسف دەکرێ لە مێژووی ئێراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاست[٤]. چونکە تا ئەوکات کەم ولاتی ئەوروپی هەبوو تەلەفزیۆنی هەبێ. بەشی کوردی لە ساڵی ١٩٦٧ دامەزرا ، دواتر بووە تەلەفزیۆنێکی نیمچە سەربەخۆ لە شاری کەرکوك ،هەواڵ و بەرنامە و گۆرانی بە زمانی کوردی پەخش دەکرد،لەگەل تۆمارکردن و پەخش کردنی چیرۆکی تەمسیلی کوردی.لە دوای راپەڕین وەرچەرخانی گەورە هاتە کایەوە لە بواری رۆژنامەوانی و میدیا،بۆیەکەم جار تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە ١٩٩١/٩/١١ دەستی بە پەخش کرد[٥] ، یەکەم تەلەفزیۆنی سەتەلایت لە ١٩٩٩/١/١٧ بەناوی سەتەلایتی (کوردستان تیڤی) دەستی بە پەخش کرد [٦].

_**ئینتەرنێت**: لە ساڵی ٢٠٠٠ تۆڕی ئینتەرنێت لە باشوری کوردستان بەشێوەیەکی سەرەتایی میدیای کوردی سوودی لێ بینی، دواتر گەشەی کرد رۆژنامەی ئەلکترۆنی کوردیش هاوشانی رۆژنامە ئەلکترۆنیەکانی جیهان پەیدا بوو.لە ئێستادا بەشێوەیەکی فراوان تۆڕەکانی ئینتەرنێت ،خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.خەڵکی باشوری کوردستان لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بەشێوەیەکی فراوان بوونیان هەیە[٧].

لە باشوری کوردستان گەشەکردنی ئامرازەکانی میدیا ،لە سەد ساڵی ڕابردوو کاریگەری زۆر گەورەیان هەبووە،لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سیاسی.

بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەوەتەی دامەزراوە لە ساڵی ٢٠٠٣،تۆماری رۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەکان لەلای ئەوانە ،تاکو ساڵی ٢٠١٥لە باشوری کوردستان (٨١٨) رۆژنامە و گۆڤاری هەمەجۆر مۆڵەتیان وەرگرتووە.کە (٢٣١)رۆژنامە و (٥٨٧)گۆڤاربووە، لە هەموو بوارە تایبەتمەندییەکانی ژیانی تێدا بووە.لەگەل جیاوازی دەرچوونی کاتەکانیان[٨].

| خشتەی (٣) دەرخستنی ژمارەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی باشوری کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦ |
|---|

---

١- www.cinema-masrah.org/department-of-cinema.کاتی سەردان ٢٠١٦/٦/٢٥.

٢- سالار عوسمان،دەنگی کوردستان نیو سەدە بەخشش،( هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری ، ٢٠١٣،ل٣٣).

٣- ،هەمان سەرچاوە ،ل٦٩.

٤- محمد خضر الحمداني، أوائل كركوك،http://www.mesopot.com/old/adad13/47.htm کاتی سەردان٢٠١٦/٤/٢٦.

٥- فؤاد علي احمد ،الاتصال السياسي في الاحزاب الكردية،(السليمانية،مطبعة حمدي،٢٠٠٩،ص٢٢٠).

٦- ئاماری بەشی راگەیاندن لە وەزارەتی رۆشنبیری و ولاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٦.

٧- فؤاد علي احمد،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢١.

٨- ئاماری بەشی راگەیاندن لە وەزارەتی رۆشنبیری و ولاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٦.

| هەموو | رۆژنامەی ئەلكترۆنی | سەتەلایت | تەلەفزیۆنی لۆكالّی | رادیۆ | گۆڤار | رۆژنامەی هەفتانە | رۆژنامەی رۆژانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠ | _ | ٣٢ | ٨٥ | ١٤٤ | ٤١ | ١٤ | ٤ |

لە خشتەی (٣)دا ژمارەی كەنالەكانی میدیامان بۆ دەركەوتووە .بەلام ژمارەی مالّپەڕە ئەلكترۆنیەكان نازانرێ .ئەگەرچی بەهۆی قەیرانی ئابوری كوردستان لە سالّی ٢٠١٤وە زۆر لە كەنالەكانی میدیا بەتایبەت گۆڤار و رۆژنامەكان داخراون.

**٢_ كەرتی پەروەردە و فێركردن لە باشوری كوردستاندا.**

لە باشوری كوردستان بۆیەكەم جار خوێندنی كوردی هاوچەرخ لەسەردەمی حكومەتەكەی شێخ مەحمودی حەفید قوتابخانە دامەزرا،ئەمە بووە دەست پێكێكی گرنگ و بناغەدانەری خوێندنی هاوچەرخ بەزمانی كوردی[١].لەگەل هەلّكشانی زەمەن خوێندن و خوێندەواری لە كوردستان پەرەی سەند،تاكی كورد زیاتر گرنگی و بایەخی خوێندنی هاوچەرخی لا زیاتربوو،بۆ پێگەیاندنی نەوەیەكی هۆشیار.لەدوای دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە سالّی ١٩٩٢ ، پەروەردە و فێركردن لایەنێكی گرنگی بەرنامەی حكومەت بووە،بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی سالّی(٢٠١٢_٢٠١٣)ژمارەی قوتابیانی سەرجەم قۆناغەكان(١,٦٤٩,١٥٦)قوتابی بووە،ژمارەی مامۆستایان (١١٣,٥٤٤) بووە،ژمارەی فەرمانبەر و كرێكارانی كەرتی پەروەردەش (٣٤,٠٨٧)بوونە[٢].ئەم ژمارە زۆرەی قوتابیان و مامۆستاو فەرمانبەر و كرێكارانی كەرتی پەروەردە، بۆ باشوری كوردستان زۆرە ،بەبەراوورد لەگەل بارودۆخە سیاسی و ئابووریەكەی.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە حكومەتی هەرێم بایەخێكی زۆری بە كەرتی پەروەردە و فێركردن داوە. ئەم گرنگیدانە وایكردوە رێژەی نەخوێندەواری لە باشوری كوردستان بۆ ئاستێكی زۆر كەم دابەزێت. بە پێی هەندێ ئاماری نافەرمی لە سالّی ٢٠١٤ رێژەی نەخوێندەواری لە كوردستان (١٦٪) بووە.ئەمەش بە بەراوورد لەگەل ولأتانی دەوروبەر رێژەیەكی زۆر كەمە،هەروەها ژمارەیەكی زۆری قوتابخانە لە باشوری كوردستاندا هەیە[٣].

| خشتەی (٤) دەرخستنی ژمارەی ناوەندەكانی خوێندن لە هەموو ئاستەكانی خوێندن(٢٠١٢_٢٠١٣) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنی خێرا | پەیمانگاكان | پیشەیی | ئامادەیی | دواناوەندی | بنەڕەت | باخچەی ساوایان |
| ١٠٨ | ٢٩ | ٣٤ | ٧١٢ | ٢٢٦ | ٥٢١١ | ٤١٨ |

**٣_ خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی لە باشوری كوردستاندا.**

بۆیەكەم جار لە سالّی ١٩٦٨ زانكۆی سلێمانی وەك ناوەندی پێگەیاندنی كادیری ئاست بالا لە زۆربەی بوارەكانی زانستی مرۆیی و زانستی سروشتی دامەزرا . ئەم زانكۆیە رۆلّی دیاری هەبووە لە هۆشیاركردنەوە

---

[١]- سدیق سالح،حكومەتی كوردستان،١٩١٨/١٩٢٤،چاپی دووەم،(سلێمانی ،چاپخانەی شڤان،٢٠٠٦،ل١١٣).

[٢]- وەزارەتی پەروەردە،هەرێمی كوردستانی عێراق،پوختەی راپۆرتی سالأنە ،ئایاری ٢٠١٢_ ئەیلولی ٢٠١٣،( هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠١٣،ل١٥).

[٣]- هەمان سەرچاوە،ل٧.

کۆمەڵی کوردستان،بەبڕیاری حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٨١ ئەم زانکۆیە گواستڕایەوە شاری هەولێر، ناوەکەشی گۆڕدرا بۆ زانکۆی سەلاحەددین.لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢بایەخی زیاتر بە خوێندنی بالا درا، دوو زانکۆی ترلە سلێمانی و دهۆك کرایەوە.لە ئێستادا ناوەندەکانی پێگەیاندنی کادیری بالا لە باشوری کوردستان زۆرە،سالانە بە دەیان هەزارکەس لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ لەسەرجەم بوارەکانی زانستی دەردەچێ[١].

| خشتەی (٥)دەرخستنی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان بۆخوێندنی( ٢٠١٥_٢٠١٦) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زانکۆ حکومییەکان | زانکۆ ئەهلییەکان | پەیمانگا حکومییەکان | پەیمانگا ئەهلییەکان | ناوەندە بالاکانی توێژینەوە |
| ١٥ | ١٥ | ١٨٤ | ٩ | ٢ |

ئەم ژمارە زۆرەی زانکۆ و پەیمانگای حکومی و ئەهلیەکان نیشانەی بایەخی خەڵکی ئەم وڵاتەیە بۆ خوێندن و خوێندەواری.لە هەمان کاتدا ئەم زانکۆیانە ژمارەیەکی زۆرکادیری بالایان لە پسپۆڕیە جیاوازەکان پێگەیاندوە،بەشی زۆریان لە کەرتی خوێندنی بالادان،لە هەڵگری دبلۆمی بالا و ماستەر و دکتۆرا بۆ ساڵی ٢٠١٥ ژمارەیان (٧٩٢٨)مامۆستا بووە ، ژمارەیەکی زۆری هەڵگری بڕوانامەی بالا لە کەرەتەکانی تری دەوڵەت و کۆمپانیائەهلییەکان کاردەکەن [٢].

| خشتەی(٦)دەرخستنی ژمارەی کادیرە بالاکانی زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان لە ساڵی ٢٠١٥ | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرۆفیسۆر | | یاردە دەری پرۆفیسۆر | | دکتۆرا | | مامۆستا | | یاردەدەری مامۆستا | |
| نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ٧٢ | ٣٥ | ٦٩٢ | ١٩١ | ١١٧٦ | ٤١١ | ٣١٢ | ٢٠٩ | ٢٩٤٣ | ١٦٥٧ |

لە خشتەی(٦)دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا رەگەزی مێ لە باشوری کوردستان ،چۆتە بەرزترین ئاستی پەروەردە و فێرکردن و ژمارەیان لە رەگەزی نێر ئەوەندە کەمتر نیە .ئەمەش نیشانەی بەرەو پێشکەوتن و ئاستی فەرهەنگی کۆمەڵی باشوری کوردستانە،لە جیاوازی نەکردن لە نێوان رەگەزی نێر و مێ بۆ خوێندن .ئەمەش ئەو راستەیەمان پێدەلێ،کەوا کۆمەڵی باشوری کوردستان لە ئاست میللەتانی ناوچەکە ئەگەر لە پێشتر نەبێ ،ئەوە ئەوەندە لە دوای ئەوانەوە نیە .

# بەشـــی سـێیەم

## مافی چارەنووس لە رووی چەمك و زمانەوانیەوە

[١]- www.mhe-krg.org.کاتی سەردان، ٢٠١٦/١١/١٢.

[٢]- ئاماری وەرگیراو لە وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

مافی چارەنووس،بەزمانی ئینگلیزی واتا (Right of self-determination).بـەزمانی عـەرەبی (**حق تقرير المصير**).دەستەواژەکە لە زمانی کوردی وەرگیراوی زمانی عەرەبیە (حق تقرير المصير).واتە ئەو مافـەی کـە خـۆت بڕیـاری لێـدەدەیت ،لەسـەر چـارەنووس و ژیـانی خـۆت.جـا هـەر شـێوە و فۆڕمێـك وەربگرێـت،لـە چۆنیەتی خـۆ بـەڕێوەبردن،چونکە مافەکـە بـەمانای (حـق)دێت،واتـە مافەکـە هـی خۆتـە.هەرخۆشـت مـافی ئەوەت هەیە چۆن بریـاری لێبـدەی،چارەنووسـیش بـەمانای (تقریرالمصیر) دێـت.ئـەم دەسـتەواژەیە لـە ڕووی سیاسـەتی نێـو دەوڵـەتی و زانسـتی سیاسـی زیـاتر بـەکاردێت بـۆ هـەموو کۆمـەڵ و گروپێکـی کۆمەلایـەتی و نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، کەوا خاوەن تایبەتمەندیی و ناسنامە و کەڵتوری خۆی بێت،وەك نەتـەوە یـان گروپێکی رەگەزی جیاواز لە نەتەوەی تر،بەمەبەسـتی بـەکارهێنانی ئـازادی و دەسـەڵاتی تـەواو،بـەبێ ئـەوەی هیچ نەتەوە و دەوڵەتێکی تر مافی ئەوەی هەبێ رێگای لێبگرێ، یاخود بەربەستی بۆ دروست بکات لـە بـەکار هێنانی ئازادیدا ،لە مامەلەی سەربەخۆیی خۆیدا،جا لە هەر شێوە وفۆڕمێکدا بێت[١].

١-مافی ئازادانەی میللەت لـە دەستنیشـانکردنی دەوڵـەت، سیسـتەمی سیاسـی و چـۆنیەتی بڕیـاردانی لـە مـافی چارنووس و پرۆسەی سیاسی و مەدەنی خۆیاندا (ئەمەش مافی چارەنووسی ناوخۆیی و دەرەکییە).

٢-ماڤی کەمینـەکان لـە پاراسـتن و گەشـەپێدانی کـەڵتوروئاین و زمـانی خۆیـان،مـافی بەشـداریان لـە پرۆسـەی بڕیارداندا لەخۆدەگری، هەروەها دوو شێوە چارەسەر دیاری کراوە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسیان[٢].

١-خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی) نیشتیمانی و کەڵتوری.

٢-بەشداری کاریگەرانەی کەمینەکان لە بڕیارە ستراتیجییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵدا[٣].

## پاری یەکەم

## پێناسەو بنەما و پێوەرەکانی مێژووی چەمکی مافی چارەنووس

### پێناسەی مافی چارەنووس

واتە ئازادی تاکە کەس و میللەت بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی ژیانی سیاسی خۆی، بەبێ رێگریکـردن و دەسـت وەردانی هیچ هێزێکـی نـاوخۆ و دەرەکی،چۆنیەتی بـەڕێوەبردنی لـە هـەر شـێوە و فۆڕمێکـدا بێـت ،لەلایـەن هەمووکەسـێك،بەومەرجـەی لەسـەر خـاك و چوارچـێوەی نیشـتمانی خۆیـدابێت.بەشـێوەیەکی گشـتی وشـەی (ماف) واتە ئەو کەس و گروپانەی کە ویست و مافێکیان هەیە، بەو شێوە و ئارەزووەی کە خۆیـان دەیانـەوێ، یان بەرژەوەندییان ئەوە دەخوازێ کەوا بەم شێوە بژین ،ئەوە ماف و ویستی خۆیانە، نابێ بـەهیچ شـێوەیەك رێگریان لێبکرێ،بەمەرجێك ئـەم داواکردنـە یاسـا و رێسـای خـۆی هـەبێ.دەبـێ کۆمـەڵێك خـاڵی هاوبـەش لـە چەند ڕووێکەوە لە نێوان ئەم گروپەدا هەبێ،یاخود دەگوترێ مـافی چارەنووس(مـافی دەسـت نیشـان کردنـی چارەنووس، مافی میللەتانە بۆ هەڵبژاردنی مۆدێلێکی حوکمڕانی لە چوارچێوەی ئەو ولاتەی کە تێیـدا دەژی )[٤].مـافی چـارەنووس بـۆ ئـەو کۆمەڵـە مرۆڤەیـە،کەچـەند تایبەتمەندییـەك کۆیـان دەکاتـەوە،بـەهۆی بـوونی

---

[١] - http://www.unpo.org/article/4957.کاتی سەردان ٢٠١٧/١٢.

[٢] - د.علی امیدی،گسترش مفهومی حق تعیین سرنوشت، فصلنامه حقوق، شمارە ٢، تابستان ١٣٨٧، ص ٥.

[٣] - هەمان سەرچاوە،ل٩.

[٤] - https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1952-54v03/d919.کاتی سەردان٢٠١٧/٢/١٢.

تایبەتمەندییەکانیانەوە دەکرێ بە گەل یان نەتەوە یان میللەت و پێکهاتە و کەمینە هەژمار بکرێن.لەسەرەتای سەدەی بیستەم گفتوگۆ و ڕای جیاواز و ناکۆکی توند،لە نێوان چەمکی (دەوڵەتان) و (میللەتان) دا هاتەکایەوە ،لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا دوو ئاراستەی جیاواز سەبارەت بە بناغە و پشتیوانی لە مافەکانی خەڵك هاتە ئاراوە.ئەگەرچی بە گشتی سەرۆك (ووردۆ ویڵسۆن، Woodrow Wilson،١٨٥٦_١٩٢٤)سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ،بە خاوەنی یەکەمین بیری چەمکی دەست نیشان کردنی مافی چارەنووس دادەنرێت.بەلام بەلشەفیکەکانیش هەر لەو سەردەمەدا بە چەمکێکی جیاواز،هەمان بیروبۆچونیان لە ئایدۆلۆژیای خۆیان خستە ڕوو لەسەر ئەم بابەتە[١].دەکرێ پێناسە و ناسین بۆ ئەوانە بکەین کە مافی چارەنووس دەیان گرێتەوە لەگەل دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیاندا .

**یەکەم: نەتەوە یان میللەت.**

نەتەوە لە بنەڕەتدا لە وشەی(Nationalite)ی فەرەنسی و (Nationalism)ی ئینگلیزی وەرگیراوە،کە درێژکراوەی ووشەی (Nation) واتە نەتەوە،لە عەرەبی بە (الامة)دێت،مانا تەواوەکەی واتە کۆمەڵێکی رەگەزی کە لە یەك هەرێم لەدایك بووبن[٢].نەتەوە دەرهاوێشتەیەکی تازەیە لەگەل سەرهەڵدانی بزووتنەوە رۆشنگەرییەکانی دوای شۆڕشی پیشەسازی هاتە کایەوە.ئەگەرنا جاران زیاتر گەل (الامة) بەکاردەهات بۆ ئەو میللەتانەی کە زمان و کەلتوری هاوبەشیان هەبووە،دەتوانین بلێن ئاین زیاتر ڕێکی خستبوون،وەك موسڵمانەکان کە زمانی عەرەبی خالی هاوبەشیان بوو.مەسیحییەکان زمانی لاتینی،یاخود ولأت و ئیمپراتۆریەتەکان یەکی خستبوون،وەك گەلی ئەمەریکی و عوسمانی و بریتانی و سۆڤیەتی وچینی .

بەلام دەکرێ ئەوانەی چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە وەك میللەت بناسرێن،جیاوازن لە نەتەوەی سەردەست،تاکو مافی چارەنووس وەدەست بهێنن خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکن: مێژوویێکی بەردەوام و هاوبەش،کەلتورێکی هاوبەش، زمانێکی یەکگرتوو،جوگرافیای هاوبەش، ژیانێکی ئابووری هاوبەش ،ئاینێکی هاوبەش ( بەلام ئەمەیان زۆر مەرج نیە بۆ یەکگرتووی میللەت)، ویستێکی هاوبەشی نەتەوەیی بوون ( واتە هەست و سۆزێك لەلایەن سەرجەم تاکەکان هەبێت کەوا یەك میللەتە)،دەبێ ژمارەیەکی دیاریکراوبن لە خەڵك ،هەرچەندە مەرج نیە ژمارەیەکی یەکجار زۆربن، بوونی رێکخرا و دەزگاکانی پاراستن و گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکانی میللەت[٣].بەلام مەرج نیە تەواوی تایبەتمەندییەکان لە هەموو میللەتێکدا هەبێ ،نزیکترین نموونە نەتەوەی کورد زمانەکەی یەکگرتوو نیە.

**دووەم:پێکهاتە یان کەمینەکان.**

وشەی پێکهاتە بە گونجاوتر دەزانرێ وەك لە وشەی کەمینەکان یان کەمایەتییەکان (الاقلیة).چونکە وشەی پێکهاتە (المكون)گونجاوترە بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی تایبەتمەندیی جیاوازیان هەیە،سەرەڕای

---

[١]- http://www.danielearchibugi.org کاتی سەردان ٢٠١٧/٢/١٢.

[٢]- پشتیوان حمە سعید محمد امین ،القومیە فی عصر العولە ،( السلیمانیە،مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیە، ٢٠١٥،ص١٠).

[٣]- جیان بدرخان ،المؤتمر الوطني الكردي وحق تقرير المصير،www.yasa-online.org.٢٠١١.کاتی سەردان ٢٠١٦/٧/١٩.

تایبەتمەندییە هاوبەشەکان لەگەڵ ئەو میللەتەی کە بەیەکەوە دەژین،وەك زمان و ئاین و ئاینزای خۆیان . لە باشوری کوردستان نموونەی زۆری وەك کلدان و ئاشوری و سریان و تورکمان و ئەرمەن هەیە.پێکهاتەی تریش هەیە وەك ئێزیدی و یارسان و شەبەك، بەلام ئەوان لە ڕووی ڕەگەزی نەتەوەیی خۆیان بە کورد دەزانن. کەمینە واتە لە ڕووی ژمارەوە کەمترن لە نەتەوەی سەردەست.کەمینە بریتییە لە کۆمەڵێك هاوڵاتی کە لەڕووی ژمارەوە بە بەراورد لەگەڵ کۆی گشتی دانیشتواندا ژمارەیان کەمترە لەوان،کاریگەرییان لە کۆمەڵدا کەمترە وەك لە زۆرینە، بەڵام ئەندامانی ئەو کەمینەیە لەڕووی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وەك زمان، ئاین ،مەزهەب، نەتەوە، لەگەڵ دانیشتوانیتری کۆمەڵدا جیاوازن. ئەندامانی ئەو پێکهاتەیەش خاوەنی هەستێکی یەکگرتوون،لەپێناو پاراستنی کەلتور ، ئاین ، زمانەکەیان. نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی پێکهاتەکانی کردووە،(گروپێك لە هاوڵاتیانی وڵات ،تاکەکانی هاوبەشن لە ڕەگەز و ئاین و زمان،کە جیایان دەکاتەوە لە زۆرینەی دانیشتوان ،هاوکار و پشتیوانی یەکترن لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان )[1]. دووجۆر پێکهاتە هەیە،یەکیان ئەو هاوڵاتییە ڕەسەنانەی وڵاتەکەی خۆیانن. دووەم ئەو هاوڵاتییە بیانیانەن کەوا هاتوون لەم وڵاتە نیشتەجێ بوونە.بۆگەیشتن بە مافی چارەنووسی پێکهاتەکان دەکرێ تەواوی مافەکانیان بۆ فەراهەم بکرێ لە چوارچێوەی وڵاتی دایك. چونکە زۆرجار پێکهاتەکان مەرجی سەربەخۆییان نیە ،لە وانە هۆکاری جوگرافی و ژمارەی دانیشتوان .

## مێژووی چەمکی مافی چارەنووس

لە ڕووی سیاسییەوە مافی سەروەری وڵاتان و میللەتان دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی ئاشتی( وێستفالیا _ Peace of Westphalia)،کەلەئۆکتۆبەری ساڵی ١٦٤٨مۆرکرا،بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی (٣٠) ساڵەی نێوان هەردوو ڕێباوەڕی پڕۆتستانت و کاسۆلیکی ئاینی مەسیحی ،زۆری شەرەکە لەسەرخاکی ئەڵمانیای ئەمڕۆ بوو،لەگەل شەڕی (٨٠)ساڵەی نێوان ئیسپانیا و شانشینی زەویە نزمەکان.دوای ئەم ڕێکەوتنە،چەندین وڵاتی وەك سویسرا و هۆڵەندا و سافۆی و مانتوا ،دان بەسەربەخۆیی و سەروەریان نرا[2].هەروەها مێژووی مافی گەلان وگروپ و پێکهاتە نەتەوەیی و کەلتوری و ڕەگەزی و ئاینییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم ،کاتێ لە ساڵی ١٦٥٩زاینی،جۆن ئامۆس کۆمینیوس،(Johann Amos Comenius)ی فەیلەسوف،کتێبێکی نووسی بەناوی(خۆشگوزەرانی میللەت)لەم کتێبەیدا کۆمینیۆس (١٨) خاڵی دیاری کردوە بۆ چۆنیەتی خۆشگوزەرانی میللەت،یەك لەوانە مافی خۆبەڕێوەبردنی خۆیەتی.دواتر لە سەدەی هەژدەییەمدا ئامانجەکە گۆڕا بوو بە مافی چارەنووس.واتە سەروەری میللەت لە بەڕێوەبردنی خۆیدا. کاتێ فەیلەسوفی فەڕەنسی(جان جاك ڕۆسۆ)لە ساڵی١٧٦٢زاینی کتێبی (گرێبەستی کۆمەلایەتی ) نووسی ، تێیدا باس لە سەروەری میللەت دەکات بۆ بەڕێوەبردنی خۆی ، ئەمەش بووە ناوەڕۆکی شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩. ئەمە وایکرد ئیرادەی میللەت لە ئەمەریکا و فەڕەنسا سەر بکەوێ، دەسەڵاتی بنەماڵە و پشتاوپشتی کۆتایی هات.میللەتان خۆیان کەوتنە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان[3]. لە ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشی

---

[1]- www.un.org/ar/events/indigenousday/assets/pdf//GuideMinoritiesar.pdf.کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٨.

[2]- http://www.almrsal.com/post/261326. کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٨.

[3]- **د .کامیران حاج عبدو ،الکرد وحق تقریر المصیر**،انترنیت،٢٠١٥،ص١.کاتی سەردان ٢٠١٦/٧/٢١.

گەلی ئەمەریکا بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان لە ٤ی تەمموزی ساڵی ١٧٧٦زاینی ، لە کۆنگرەی (فلادیڤیا) هاتووە ، لە نێوانی دوو گەلدا پێویستە پەیوەندییەکانیان هەریەکەی سەربەخۆ بێت ، واتە باوەر بوون بە مافی چارەنووس بۆ هەموو گەلان، ئەمەش بووە بنەمای بەرەسمی ناساندنی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. لە بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩دا ،مافی چارەنووس بۆ میللەت هاتووە ،کەوا مافی خۆ بەڕێوەبردنی هەیە. لە ١٩ای شوباتی ساڵی ١٧٩٢ کۆمەڵەی نیشتمانی فەرەنسی، پشتیوانی خۆی بۆ ئازادی گەلان دەربڕی، بەدڵنیایەوە شۆڕشی فەرەنسی بووە هۆکارێکی کاریگەر بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەتان،بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی[1]. لە هەمان کاتدا لە نێوان ساڵانی (١٨١٠_١٨٢٥ )داکاتێ وڵاتانی ژێر چەپۆکی ئیمپریالیزمی ئیسپانی و پورتوگالی لە ئەمەریکای لاتین،لە هەوڵ وتێکۆشاندابوون بۆدەرچوون لەژێرچەپۆکی کۆلۆنیالیەکان،سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا(جێمس مۆنرۆ،١٧٥٨_١٨٣١) لە رۆژی ٢ی دیسەمبەری ١٨٢٣ لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکا وتارێکی دا.کە بە راگەیاندنی مۆنرۆ ناسراوە ،تێیدا هاتووە،(وڵاتانی ئەوروپی بۆیان نیە دەست لە کاروباری وڵاتانی ئەمەریکا لاتین یان نیوەی گۆی زەوی وەربدەن.وڵاتانی وابەستە بەخۆیان دروست بکەن.ئەوان مافی خۆیانە سەربەخۆ بن لە چۆنیەتی دیاریکردنی دەسەلاتی وڵاتەکانی خۆیان).لەهەمان کاتدا ئامادەیی پشتیوانی سەربازی و کۆمەکی بۆ ئەم وڵاتانە دەربڕی لەبەرامبەر وڵاتانی ئەوروپی[2]. لەو کاتەوە ئامانجی سەربەخۆیی لای میللەتانی ژێر دەستەی ئیمپریالیزم چەکەرەی کرد.لە زۆربەی وڵاتانی داگیرکراوی جیهاندا،بزووتنەوەی چەکداری و سیاسی بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنووس سەری هەڵدا.سەرکردەی شۆڕشی بەلشەفی (ڤلادیمێر لینین،١٨٧٠_١٩٢٤) لە وتارێکیدا،لەژمارە(١)ی ئۆکتۆبەری ١٩١٦ی رۆژنامەی(Sbornik Sotsial-Demokrata)بلاْوکراوەتەوە.لە وەلامی چەند نووسینێك کەوا رەخنەیان لە بیری سۆسیالیستی گرتووە ،سەبارەت بەمافی چارەنووس، لەوەلامدا(لینین)دەنووسێت:(سۆسیالیست و مافی چارەنووس ،پێشتر و ئێستا دووبارەی دەکەینەوە کەوا واز هێنان و فەرامۆش کردن و بە ئەنجام نەگەیاندنی مافی چارەنووس لە سایەی سیستەمی سۆسیالیستی،خیانەتێکی گەورەیە کەواله سۆسیالیزم دەکرێت)[3].دواتر کە شۆڕشی بەلەشەفی لە روسیای قەیسەری بەئەنجام گەیشت،لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ زۆر لەنەتەوە و گروپەکانی سۆڤیەت لەسەردەمی لینین بەمافی خۆیان گەیشتن.یەك لەوانە میللەتی کورد کۆمارێکی بچکۆلەی بۆدانرا[*].لەسەر وبەندی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا داخوازی گەلانی ژێر دەست زیاتر بوو بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.جەنگ وەرچەرخانێکی گرنگ و گەورە بوو لە ژیانی زۆرمیللەتان.چونکە چەندین ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك نەمساوی و عوسمانی هەرەسیان هێنا.تەواو بوونی جەنگ بووە دەرفەتێکی باش بۆ زۆر لە میللەتان، تاکو بە مافی چارەنووسی خۆیان بگەن ، بەتایبەت میللەتانی ژێر دەستەی ئەوروپا

[1]- د. محمد الطاهر محمد،القضية الكردية وحق تقرير المصير،( القاهرة ، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨،ص٦٨).

[2]- تميم الحربي ،حق تقرير المصير في القانون الدولي والحالة الكردية في سوريا،انترنيت.کاتی سەردان ٢٠١٦/٧/٢١.

[3]- فلاديمير لينين ،حصيلة مناقشات حق تقرير المصير،الحوار المتمدن،العدد،٢٥٢٧ ،٢٠٠٩ / ١ / ١٥ ،١٠:٤٠ ،المحور،الارشيف الماركسي.

*- کۆماری کوردستانی سور لە دوای دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢٣ لەناوچەی لاچین نێوان کۆماری ئەرمینیا و ئازەربێجان دامەزرا،لە ساڵی ١٩٢٩ لەسەر دەستی ستاڵین بەشێوەیەکی تراژیدی هەڵوەشێنرایەوە.

و رۆژهەڵات.سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ئەوکات(ووردۆ ویلسۆن) لە رۆژی ٨ی یەنایەری ١٩١٨ دا لە راگەیاندراوێکدا، پێشنیارێکی (١٤) خاڵی خستە بەردەم ولاتانی ئەوسای جیهان.سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی جیهان،لەم چوارده خالەدا باس لە مافی میللەتانی رزگار بووی ژێر دەستە دەکات،لە داگیر کەرێکەوە بۆ داگیرکەرە سەرکەوتووەکانی جەنگ .لە خاڵی (١٢) دا باس لە پێدانی سەروەری بۆ بەشێك لە خاکی تورکیا دەکات بۆ تورکەکان، لەگەل پێدانی مافی چارەنووس بۆ گەلانی جیاواز لە تورك.خاڵی کۆتایی پێشنیازەکانی ویلسۆن ،دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان بوو، مەبەست لەم کۆمەڵەیە چارەسەرکردنی کێشە و ململانێ نێو دەوڵەتییەکان بوو،بەشێوەیەکی ئاشتیانە[1]. دوای تەواو بوونی جەنگ دەستکەوتەکانی دابەشکرا، لە میراتی دەوڵەتی عوسمانی.پێشنیازەکانی ویلسۆن نەتەوەی کوردیشی دەگرتەوە.بەلام کورد لە گەیشتن بە مافی خۆی بێ بەش کرا.ئەگەرچی کوردیش هیچی کەمتر نەبوو لە نەتەوەکانی تری ناوچەکە. لەدوای تەواو بوونی جەنگ مافی گەلان شێوە و رێگا چارەی تری وەرگرت لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

## ١_ مافی چارەنووس لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا.

کۆمەڵەی گەلان( بەزمانی عەرەبی _عصبة الأمم ،بەزمانی ئینگلیزی بەمانای _ League of Nationsبەزمانی فەرەنسی بەمانای _ *Société des Nations* ). لە بنەرەتدا یەك لە چوارده خالە پێشنیازکراوەکەی سەرۆکی ئەمەریکا بوو .مەبەست لەم رێکخراوە نێودەوڵەتیە چارەسەرکردنی کێشەکانی دوای جەنگ بوو.بەپلەی یەکەم ئەو ناوچانەی جاران لە دەست ئەڵمانیا و عوسمانیدا بوون،گۆڕابوون بۆ شێوە کۆلۆنیالیەکی تر.پێشنیازەکە لە کۆنگرەی (ڤێرسای) ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩،لەسەر پێشنیازی وەزیری دەرەوەی بریتانیا(ئیدوارد گری) سەری گرت، بووە بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان.سەرەنجام لە ١٠ی یەنایەری ١٩٢٠ کۆمەڵەی گەلان یەکەم کۆبوونەوەی ئاشکراکردنی خۆی گرێدا، بە ئەندامێتی (٤٤) ولات،هەرچەندە دامەزراندنی رێکخراوەکە پێشنیازی سەرۆکی ئەمەریکا بوو.بەلام ئەمەریکا نەیتوانی ببێت بە ئەندام،چونکە کۆنگرێس دەنگی بۆ سەرۆکەکەی نەدا.زمانی رەسمی رێکخراوەکە فەرەنسی و ئینگلیزی بوو، بارەگای سەرەکی و هەمیشەیی لە شاری (جنێف)ی سویسرا دانرا[2].ئامانج لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان زیاتر بۆ دامرکاندنەوەی جەنگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بوو،ئاشتیەکی سەرتاپاگیر لە نێوان تەواوی ولاتاندابێتە کایەوە ،رێگرتن لە بازرگانی چەك و خراپ بەکارهێنانی.سەپاندنی دادێکی نێو دەوڵەتی ،بەسەر ئەو ولاتانەی کە کێشەیان هەیە،چارەسەرکردنیان بە گفتوگۆ بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە.پاراستنی مافی پێکهاتە رەگەزییەکان لە ئەورووپا،وەدیهێنانی مامەلەیەکی یەکسان بۆ دانیشتوانی ئەو ولاتانەی کە لە ژێر ئینتیداب و ژێردەستی ئیستیعماردان[3].لەگەل چەندین ئامانجی تر،کەپەیوەندیان بەم توێژنەوەیە نیە.

---

[1]- مبادئ ويلسون الأربعة عشر، https://ar.wikipedia.org/wik،کاتی سەردان ،٢٠١٧/٣/١٥.

[2]- http://www.startimes.com/?t=27494602،کاتی سەردان ،٢٠١٧/٣/١٥.

[3]- إسلام الزبون - تعريف عصبة الأمم. بواسطة، آخر تحديث، ٣٧:٠٧ ، ٢١ يناير ٢٠١٦،http://mawdoo3.com.کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/٢٢.

## ٢_ مافی چارە نووس و مافی گەلی کورد لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلاندا.

مافی چارەنووس،لەهیچ بڕیـار و راسـپاردەیەکی کۆمەڵـەی گەلاندا،بـە شـێوەیەکی روون و ئاشـکرا نـەهاتووە. تەنها لە ماددەی (٢٢)ی کۆمەڵەکـەدا بابـەتی ئینتیـداب (Mandate) باسـکراوە،کـەوا بـۆ ئـەو ولآتانـەی لـە ژێردەسەلاَتی داگیرکاری تازەی دوای جـەنگ بـوون .واتـە ئـەو ناوچـانەی لـەژێر دەسـەلاتی ئـەلمانیاو نەمسا و عوسمانی کەوتبوونە ژێـر چـەپۆکی بریتانیـا و فەرەنسـا.لەوانـەش فەلەسـتین و ئێـراق بـۆ بریتانیـا،سـوریا و لوبنان بۆ فەرەنسا، مەبەستیش لە ئینتیداب ئەوە بوو ، پێویستە ولآتانی زلهێز سەرپەرشت و چاودێری ئـەو ولاتانە بکەن، کە میللەتەکانیان ناتوانن بە ئاسانی گەشە بکەن و پێشبکەون، بۆیە ولآتانی سەردەستە هاوکـار دەبـن لـە رێکخسـتن و بـەڕێوەبردنیان تـاکو پێشـدەکەون و دەگەنـە قۆنـاغی خۆشـگوزەرانی.ئینتیـداب لێـرەدا زیـاتر بـەمانای مـافی ئۆتۆنـۆمی دێـت،بڕیارەکـەش زیـاتر لـە لایـەن هـەردوو ولآتـی زلهێـز و ئیمپریـالیزمی ئەوکاتەی جیهـان فەرەنسـا و بریتانیـا دەهـات[1].دروسـتکردنی ولآتـانی تـازە پێچـەوانەی نـاوەڕۆکی بڕیارەکـەی کۆمەڵەی گەلان بـوو.چـونکە هـیچ یـەکێ لـەو دەوڵەتـە تازانـەی کـە دروسـتکرابوون نموونـەی وەك ئێـراق و سوریا،لەسەر خواسـت و سروشـتی میللەتـەکانیان نـەبوو.بـەڵکو لـە دووری هـەزاران کیلۆمـەتر نەخشـەکانیان کێشـرابوو. کـورد زەرەر مەنـدی یەکـەم بـوو لـە سیسـتەمی مانـدات،چـونکە نـەبووە خـاوەنی قەوارەیـەکی نیشتمانی سەربەخۆ. ئەگەرچی زۆر لە سەرۆك و رۆشنبیر و کەسایەتیی و سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـورد لـە باشوری کوردستان دەستیان کرد بە بەرزکردنەوەی یاداشت و داواکاری، لە رێگای مەندووبی سامی و سـەرۆك وەزیرانـی ئێـراق و رۆژنامـەکانی ئـەو سـەردەمە ، بـۆ وەدەسـت هێنـانی مـافی کوردلـە کۆمەڵـەی گەلانـدا [2]. ئەگەرچی بەپێی راگەێنراوی هاوبەشی بریتانی _ ئێراقی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا هـاتووە( ئێـراق دەبـێ دان بـە مـافی کوردەکـان بنـێ .هـەروەها لـە مـاددەی (١٦)ی مانـدات هـاتووە کـەوا نابـێ رێگـری لـە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بکرێ)[3].لەهەمان کاتدا مەرجی راپـۆرتی(لێژنـەی کۆمەڵـەی گـەلان)ی سـاڵی ١٩٢٥بۆ ساغکردنەوەی ویلایەتی موسڵ بەم شێوە بوو [4].

١_ مانەوەی ئێراق لە ژێر ئینتیدابی بریتانیا بۆماوەی (٢٥)ساڵ.

٢_ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی ،یان بەلێندانی ئێراق بـۆ پێکهێنـانی حکومـەتێکی کـوردی بۆناوچـەکانی خۆیان.

---

[1]- د. محمد الطاهر محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل١٨١.

[2]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق ،سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سلێمانی،(چاپخانەی ئۆفسێتی دەزگـای سـەردەم، ١٩٩٩، ل٢٣٠).

[3]- د. سعد بشير اسكندر،الديمقراطية وحق تقرير المصير القومي،( السليمانية ،من منشورات مكتب الفكر و التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني ، ٢٠٠٤،ص١٠٥).

[4]- السيد عبدالرزاق الحسني،تأريخ العراق السياسي الحديث،(مطبعة الرافدين،لبنان،بيروت ،الطبعة السابعة،٢٠٠٨،ص١٢٩).

هیچ یەکێ لەو راسپاردە و بەلێنانـە نەچوونە واری جێبەجێکردنـەوە.لـە کۆتایـدا بریتانیـا و ئێـراق لـە ١٨ی تـەمموزی ١٩٣٠ پەیماننامەیـەکی تریـان ئیمـزا کـرد.کـە ئێـراق بۆمـاوەی دوو سـاڵی تـر سـەربەخۆ دەبێـت ،دەتوانێت ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان.پەیماننامەکە هیچ ئاماژەیـەکی بـە مافـەکانی کـورد نـەدابوو،کـە کۆمەڵەی گەلان لە دانیشتنی رۆژی ١٦ی کانوونی یەکـەمی ١٩٢٥ جێگیری کردبـوو[١].خۆپیشـاندانی ٦ی ئـەیلولی ١٩٣٠ شاری سلێمانی یەك لەو نارەزایانە بوو لەسەر پشت گوێ خستنی مافەکانی کورد.ساڵی ١٩٣٢ ئێـراق وەك ولاتێکی سەربەخۆ بووە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، لە راگەیەنراوێکدا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بـەلێن نامەیـەکی دە خاڵی راگەیاند.لە ماددەی نۆیەمدا بەلێن دەدات زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە لیواکانی موسـڵ و هەولێر و کەرکوك و سلێمانی زمانی رەسمی بێت.لە هەردوو قەزای کەرکوك و کفری زمـانی تورکمـانیش بـە هەمان شێوە[٢].سـەرەنجام هـیچ یـەکێ لـە بەلێنـەکان وەك خـۆی نەچـووە سـەر.سـاڵی ١٩٣٩ لەگـەل هەڵگیرسـانی جەنگی جیهانی دووەم،کۆمەڵەی گەلانیش پوکایەوە و کۆتایی هات .

## پاری دووەم

## مافی چارەنووس لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـەزمانی ئیینگلیـزی (**United Nations**) بـەزمانی عـەرەبی (الآمـم المتحـدة). سـەرەتای دامەزرانـدنی ئـەو رێکخـراوە نێونەتەوەیـە دەگەرێتـەوە بـۆ گەرمـەی جـەنگی جیهـانی دووەم (١٩٣٩_١٩٤٥).بۆیەکەم جار لـە ١٢ی حـوزەیرانی ١٩٤١لـە شـاری (لەنـدەن)هاوپـەیمانان کۆبوونەوە،رێکـەوتنێکیان مۆرکرد بۆ شەڕ و ئاشتی لە گەل میللەتانی ئازاد،ئەمە یەکەم هـەنگاوی دامەزرانـدنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بوو،لە ١٤ی ئابی هەمان ساڵ کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام درا لەسەر پشتی کەشتی (خاوەن شکۆ شازادە وێڵز)لە پانایی دەریا .پێشنیارەکانی (فرانکلین رۆزفێلت،١٨٨٢_١٩٤٥)ی سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاو (وینسـتۆن چەرچـل،١٨٧٤_١٩٦٥)ی سـەرۆك وەزیرانـی شانشـینی یـەکگرتوو بـوو بـە بنـەمای رێکـەوتنی ئەتلەسی،لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢لە واشنتۆن نوێنـەری (٢٥) ولات لـە هاوپـەیمانانی شـەڕی دژ بـە بـەرەی سوێندخۆران (المحور) کۆبوونەوە بەلێنیانـدا کـەوا پشـتیوانی بنـەماکانی رێکـەوتنی ئەتلەسـی بکەن،بۆیەکـەم جار دەستەواژەی (نەتـەوە یـەکگرتووەکان) بـەرەسمی لەم بەلگەنامەیـەدا هاتـە ئاراوە،کـە سـەرۆك رۆزفێلـت پێشنیاری کردبوو.سـەرەنجام رۆژی ٢٥ی نیسـانی ١٩٤٥ لەتـەلاری ئـۆپێرای شـاری (سـان فرانسیسـکۆ)،نوێنـەری (٥٠) ولات کۆبوونــەوە و رەش نوســی رێکــەوتنێکیان ئامــادە کــرد و ئیمزایــان لەســەر کــرد[٣]،بـەم شـێوەیە رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دامـەزرا .نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـەمانای دەوڵـەتی جیهـانی نایـەت.بـەلام خـاوەن بنەمایەکـە وەك دەسـتوورێکی جیهـانی تێیـدەروانرێ.بڕیارەکانیشـی وەك یاسـای نێودەوڵـەتی سـەیر دەکرێن،مەرج نیە دەوڵەتان بڕیارەکە راستەوخۆ جێبەجێ بکەن .رێکخراوەکە لەسەرەتاوە گرنگی و بایـەخی خـۆی هـەبووە،لـە رێکخسـتنی پەیوەندیـە کـەلتوری و مرۆیـەکانی جیهـان.(١٩٣)ولات ئەنـدامن لـە نەتـەوە

---

[١]- هەمان سەرچاوە،ل٢٣٠.

[٢]- محمد صالح عقراوي ،الكرد والدولة المستقلة ،( اربيل،مطبعة پاك، ٢٠٠٥،ص٧٨).

[٣]- www.un.org/ar/aboutun/history/charter_history.shtml.،کاتی سەردان١٥/٣/٢٠١٧.

یەکگرتووەکان.بە شەش زمان کارە رەسمیەکانی خۆی رایدەکات (ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و عەرەبی و چینی و روسی). ئەم رێکخراوە جگە لە شەش دەستەی سەرەکی ،بەدەیان رێکخراوی تری هەیە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، بارەگای سەرەکی رێکخراوەکە لە شاری (نیوۆرك)ی ولاتی ئەمەریکایە.چەند دامەزراوەیەکیشی لە ولاتانی تری وەك، هۆلەندا،نەمسا،ئیسپانیا،کینیا،سویسرا[١].پەیرەو وبەرنامەی ناوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێشەکییەکی کورتی نۆ خاڵی و(١٩)بەش و (١١١)مادده پێکهاتووە،لە پێشەکیەکەیدا هاتووە:ئێمە میللەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە لەسەرمان ،نەوەکانی داهاتوومان رزگار بکەین لە دەست کارەسات و ناخۆشیەکانی جەنگ،کەوا لە سەردەمی یەك نەوە دووجار بەسەر مرۆڤایەتی داهات ،ناخۆشیەکان لە وەسف کردن نایەن*.سەرلەنوێ دووپاتی دەکەینەوە باوەڕمان بە مافی بنەڕەتی مرۆڤ و رێزگرتن لە تاك و چارەنووسی پیاو و ژن و نەتەوەکان،بە بچوك و گەورەی لە مافی وەك یەك و یەکسان هەیە،هێنانە کایەوەی رەوشێك کەوا لە سێبەریدا دادپەروەری بێتە کایەوە.لە رێگای پەیمان و یاسا نێودەوڵەتییەکان،بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەلایەتی و رەخساندنی کەشی ئازادی زیاتر.هەروەها گیانی لێبوردەیی ژیانی ئاشتیانە و هاوسێیەتی و یەکتر قبول کردن بهێنینەوە کایەوە.لە ماددەی دووەمیدا هاتووە (پەیوەندییە ئاسایەکانی نێوان گەلان دەبێ لەسەر بنەمای رێزگرتن بێت ،لەسەر ئەو بنەمایەی کە مافی نێوان میللەتان دەبێت بۆ هەر یەکەی چارەنووس بێت)[٢].لەم برگەیەدا باس لە مافی چارەنووسی گەلان دەکات.واتە هەموو میللەتێك مافی ئەوەی هەیە وەك میللەتانی تر بژێت .بەلام باس لەوە نەکراوە ئەو میللەتانەی کە بەمافی خۆیان نەگەیشتون چۆن پێی بگەن.لە بەشی نۆیەم و لە سەرەتای ماددەی (٥٥)داهاتووە (ئارەزوو کردن لە ئامادەسازی بۆ سەقامگیری و خۆشگوزەرانی پێویست بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی تەندروست و ئاسایی لە نێوان گەلانی یەکگرتوو دامەزراوە لەسەر رێزگرتن و بنەمای چارەسەری مافی نێوان گەلان ، بەشێوەیەك هەریەکەی چارەنووسی خۆی دیاری بکات ).لێرەدا بە روونی باس لە مافی هەموو میللەتێك دەکات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. هەروەها لە بەشی یازدە و دوازدەدا باس لەو هەرێمانە دەکات کە تا ئەوکات لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی بوونە یان ئەو هەرێمانەی کە ئۆتۆنۆمیان پێدراوە.پێویستە ئۆتۆنۆمییەکەیان چڕ بکرێتەوە لەمافی گشتی و گەشەپێدانی ژیان لە هەموو بوارەکاندا.لە برگەی دووەمی ماددەی (٧٦) دا هاتووە (کارکردن بۆ پێشخستنی دانیشتوانی ئەو هەرێمانەی کە چاودێری نێو دەوڵەتی دەیان گرێتەوە،لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فێرکردن،دەرهینان و پێشخستنی بەرەو ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی)[٣].زۆر لە میللەتان دوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ .کەپێشتر لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا بوون، یاخود خاوەن ئۆتۆنۆمی بوون.بەلام کورد خاوەنی هیچ یەکێ لەمانە نەبوو ،بۆیە نەبووە خاوەنی هیچ شێوە مافێك ، ئۆتۆنۆمی یان

---

[١]- http://www.un.org/ar/sections/about-un/main-organs/index.html. ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٥.

★_ مەبەستی لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤_١٩١٨) و جەنگی جیهانی دووەم(١٩٣٩_١٩٤٥) کە بەهەردووکیان زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن مرۆڤ لەناوچوو ،جگە لە وێرانی و کاولکاری ولاتان .

[٢]- http://www.icj-cij.org/homepage/ar/unchart.php ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٥.

[٣]- http://www.icj-cij.org/homepage/ar/unchart.php ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٦.

سەربەخۆیی.لەدوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم بڕیار کەوا باسی لە ئازادی و مافی چارنووس کردبێ، ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤی جیهانیە، کە لە ڕۆژی ١٠ی دیسەمبەری ١٩٤٨ دەرچووە،لە پێشەکییەك و(٣٠)ماددە پێك هاتووە.لە ماددەی یەکەمدا باس لە ئازادی بێ چەند و چۆنی مرۆڤ دەکات (هەموو کەس بە ئازادی لە دایك دەبن و یەکسانن لە کەرامەت و مافدا.عەقل و ویژدانی پێدراوە،پێویستە بە شێوەیەکی برایانە لەگەل یەك هەلس و کەوت بکەن ).لە ماددەی دووەمدا بە ڕوونی هاتووە (هەموو مرۆڤێك ئەومافەی هەیە لەزەت لە مافەکانی خۆی وەربگرێ ،لەو ئازادیانەی کە لەم ڕاگەیاندنەدا هاتووە ،بەبێ جیاوازی، بەهۆی نەتەوە و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئاین و بیروڕای سیاسی یان هەر بیروباوەڕێکی تر یان ڕەسەنایەتی لە نیشتمان و باری کۆمەلایەتی و سەروەت و سامان و لەدایك بوون یان هەر دۆخیکی تر،بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان ژن و پیاودا،سەرەڕای پێشکەوتن نابێ هیچ جیاوازیەك بکرێ لە بنەڕەتدا کە دۆخی سیاسی و قانوونی و نێودەوڵەتی وڵات یان ئەو ڕووبەرەی کە تاك بۆی دەگەڕێتەوە ،جا ئەم ڕووبەرە سەربەخۆ بێت یان لە ژێر چاودێری دابێت یان مافی ئۆتۆنۆمی نەبێت ،یاخود سەروەری وابەستەی هەر شێوەیەك بێت)[١].

کەواتە بەم پێیە بێت گەلی کوردیش مافی ئەوەی هەیە جیاکاری نەکرێ،مافی سەربەخۆیی خۆی هەبێ ،یان هەر شێوە بەڕێوەبردنێك کە خۆی بریاری لێبدات،کۆمەڵەی گشتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بریاری ژمارە (٤٢١)ی ساڵی ١٩٥٠دا،چەند ڕاسپاردەیەکی دەرکرد بۆ ئازادی تاك و مافی میللەتان.لە بریاری ژمارە (١٥١٤) ی خولی چواردەی ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ی کۆمەڵەی گشتی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان،لە ڕاگەیاندنی پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتان و میللەتانی داگیرکراودا هاتووە (هەموو میللەتێك مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە ،بەپێی ئەومافە دەتوانێ ناوەندی سیاسی خۆی ئازادانە دیاری بکات ).ئەم بریارە بە دەنگی بەلێی (٩٠)وڵات و بێدەنگ بوونی نۆ وڵات دراوە [٢]. بەهەمان شێوە لە بریاری ژمارە (١٥٤١)ی ساڵی ١٩٦٦ی کۆمەڵەی گشتی هاتۆتەوە ،وەك دووپاتکردنەوەیەك لەسەر مافی چارەنووسی گەلانی ژێر دەست (هەموو میللەتێك مافی ئەوەی هەیە چارەنووسی خۆی دیاری بکات) .بەهەمان شێوە لە بریاری ژمارە (٢٦٢٥)ی کۆمەڵەی گشتی لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠ دا دووبارە هاتۆتەوە (هەموو میللەتێك مافی ئەوەی هەیە چارەنووسی خۆی دیاری بکات ،بەبێ دەست وەردانی دەرەکی).بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەنووس لە چەندین بڕیار و کۆنگرەی نێودەوڵەتی تری سەربە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە،وەك (بڕیاری ژمارە(٢٧٨٧)ی ساڵی ١٩٧١، بریاری ژمارە(٢٩٥٥)ی ساڵی ١٩٧٢،بڕیاری ژمارە (٣٠٧٠) ی ساڵی١٩٧٣،بڕیاری ژمارە (٣٣١٤) ساڵی ١٩٧٤)[٣]. لەهەمان کات بەپێی زەمەن چەندین وڵات و میللەت لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری دەرچوون و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت. گەلی کورد دەتوانێ لە چوارچێوەی ئەم بڕیارانە ڕای گشتی جیهان بە ئاگا بهێنێتەوە ، بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس .

**١_ مافی چارەنووسی گەلان لەکۆنگرە و ڕاگەیەنراوە نێو دەوڵەتییەکاندا.**

---

[١]- http://www.un.org/ar/documents/udhr ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٦.

[٢]- د .عبد الناصر قاسم الفرا ،حق تقرير المصير للشعب الفلسطيني في ضوء الشرعية الدولية،علوم سياسية،جامعة القدس المفتوحة ،غزة، فلسطين.مجلة جامعة المنيا ،كلية الاداب، عدد٦٩،يوليو٢٠٠٩،ص٢٥_٢٦.

[٣]- د. محمد الطاهر محمد ، سەرچاوەی پێشوو،ل٧٧.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بۆ رزگار بوونی وڵاتان و گەلانی ژێر دەستە چەندین کۆنگرە و راگەیەنراوی جیهانی ئەنجامدراوە ،بۆ گەیشتنی ئەو میللەتانەی کە بە مافی چارەنووسی خۆیان نەگەیشتوون.لە چەمکی راگەیاندنەکاندا ،مافی چارەنووس بە ڕوونی بۆ میللەتانی داگیرکراو دیاری کراوە .

**_کۆنگرەی باندۆگ:** ١٨ی نیسانی ١٩٥٥ لە شاری( باندۆگی)وڵاتی ئیندەنووسیا، کۆنگرەیەك بەبەشداری (٢٩)وڵات لە ئاسیا و ئەفریقا بەسترا. ئەم کۆنگرەیە بنەمای دامەزراندنی رێکخراوی وڵاتانی بێ لایەن بوو ،لە کێبڕکێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت.لە راگەیاندنی ئەم کۆنگرەیەدا ،داوا دەکات کۆتایی بە سەردەمی داگیرکاری وڵاتان و میللەتانی ئاسیا و ئەفەریقا بێت [١].

**_راگەیەنراوی جەزائیر:** راگەیەنراوی مافی مرۆڤی جیهانی لە پایتەختی وڵاتی جەزائیر،لە تەمووزی ١٩٧٥ لەبارەی مافی چارەنووسەوە رایگەیاند (هەموو میللەتێك مافی سەرەکی و بێ لادان لە چارەنووسی خۆی هەیە.خۆی ڕەوشی سیاسی خۆی دیاری دەکات،بەئازادیەکی تەواو بەبێ دەست وەردانی دەرەکی و بیانی) [٢].

**_کۆنگرەی هێلسنکی:** ای ئابی ١٩٧٥ لە پایتەختی وڵاتی فیلەندا،بەبەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و (٣٣) وڵاتی تر،کۆنگرەکە لەسەر(١٠) ماددە رێکەوتن،لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە (مافی هەموو میللەتێکە چارەنووسی خۆی دیاری بکات،مافی بەکارهێنانی سەروەت و سامانی خۆی هەیە) [٣].

**_کۆنگرەی نێرۆبی:** بەبەشدار سەرجەم وڵاتانی یەکێتی ئەفریقا، حوزەیرانی ١٩٨١ لە پایتەختی کینیا، بنەماکانی ئەفریقا بۆ مافی مرۆڤ و میللەتان لە (٦٨) ماددەدا راگەیەنرا.لە ماددەی بیستەمدا هاتووە (هەموو میللەتێك مافی بوونی هەیە.هەموو میللەتێك مافی رەهای جێگیری خۆی هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ،ئازادە لە دیاریکردنی رەوشی سیاسی خۆی، میللەتانی داگیرکراو و سەرکوتکراو مافی رزگارکردنی خۆیان هەیە لە ژێر دەستەیی،بەپەنابردنە بەر هەموو هۆکارێك کەوا دان پێنراو بێت لەلایەن کۆمەڵی نێونەتەوەیی) [٤].

**_کۆنگرەی ڤێنا:** کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە پایتەختی نەمسا ساڵی ١٩٩٣.راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە،لەم راگەیەنراوەدا هاتووە (مافی هەموو میللەتێکە چارەنووسی خۆی دیاری بکات،نکۆڵی کردن لەو مافە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە) [٥].

**_ راگەیەنراوی نەتەوە رەسەنەکان:** کۆمەڵەی گشتی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٧/٩/١٣ ،لە راگەیەنراوی خۆیدا بۆمافی مرۆڤ ،سەبارەت بە مافی میللەتانی رەسەن، توانی دەنگی (١٤٤) وڵات بە بەڵێ وەربگرێ، چوار وڵاتی دژ کە (ئەمەریکا و ئوسترالیا و نیوزڵەندا و کەندا)بوو لەگەل بێدەنگی (١١) وڵات.بۆ دیاریکردنی مافی میللەتانی رەسەن دووپاتی کردۆتەوە کەوا ( هەموو میللەتێك مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات،مافی خۆیەتی بەشێوەیەکی ئازادانە رەوشی سیاسی خۆی دیاری بکات،پەرە بە باری

---

[١]- د .عبد الناصر **قاسم الفرا** ، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤.

[٢]- تمیم الحربي ، **سەرچاوەی پێشوو،ل١٢.**

[٣]- **د .عبد** الناصر **قاسم الفرا** ، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤.

[٤]- هەمان سەرچاوە ل٢٤..

[٥]- تمیم الحربي ، **سەرچاوەی پێشوو،ل١٢.**

ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی خۆی بدات،بەبێ دەست وەردانە کاروباری ناوخۆی )[1].ئەم ڕاگەێنراوە لە شێوەی نامیلکەیەکە ،سەرلەبەری باس لە ماف و ویستی میللەتانی ڕەسەن دەکات، ئەگەرچی هیچ شوێنێکی دیاری نەکردوە کە میللەتی ڕەسەن کامەیە.بەلام ولاتانی داگیرکەر لەوە دەگەن میللەتانی ڕەسەن کامانەن ،بۆیە ئەم چوار ولاتە دەنگیان بۆ نەداوە نەوەك بکەونە ژێر وابەستە بوون بە پێدان و قەرەبووکردنەوەی ئەو مافەی کەلە میللەتانی ڕەسەنیان زەوت کردووە .

لە هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەدا دەردەکەوێت، مافی چارنووس مافێکی بێ چەند و چۆنی هەموو پێکهاتەیەکە، کەوا مەرجی یەکگرتووی نەتەوە و میللەت و گەلی تێدا بێت.لە هیچ یەکیان دیاری نەکردوە کەژمارەیان چەند بێت. کورد بەپێی هەموو ئەو ڕاگەیاندنانە بێت،مافی هەم لە لایەن ولاتانی داگیرکەر و هەم لە لایەن کۆمەڵی نێو دەوڵەتیەوە پێشێل کراوە.

بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس ،لە بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی ڕەوایەتی دەدات بە هەموو نەتەوە و میللەت و گروپێکی جیاواز،بۆگەیشتن بە مافی یەکسان و مافی چارەنووس.بەلام پشتیوانیش لە شێوەی خەباتی توند و تیژ ناکات .دیارە هۆکارەکەش ئەوەیە کە قانوونی دۆخی (الوضعي) وایکردوە هەمیشە ڕەوایەتی بە دەوڵەت بدات، چونکە هەر ئەم قانوونە مافی نەتەوە و میللەت و گروپە جیاوازەکانی قۆرغ کردوە، ڕێگا لە گەیشتن بە مافەکانی خۆیان دەگرێ .ڕژێمە سەرکوت کەرەکان و ولاتانی داگیرکەر بەناوی پاراستنی یاسا و سیستەم و ئاسایشی ناوخۆ و سەروەری ولات ،دەکەونە وێزەی ئەو نەتەوە و گروپ و پێکهاتانەی کە جیاوازن لەگەل دەسەلات.بۆیە مەرج نیە هەرچی بە یاسا ڕێگای نەدرا،ئەوە ڕەوایەتی خۆی هەبێ.چونکە دەوڵەتانی ئیستعمار و ولاتانی خۆسەپێن،باوەڕیان بە مافی یەکسان نیە، بۆ تەواوی پێکهاتەکانی ئەو ولاتە.بۆیە پێکهاتە ماف زەوتکراوەکان ناچار بە بەرگریکردن دەبن لە خۆیان.سەدەی هەژدەیەمی زاینی سەدەی داگیرکاری ئیستعماربوو بۆ ولاتان.بەلام سەدەی بیستەم چەرخی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بوو ،بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس و ئازادی بۆ گەلانی ژێردەستە،شۆڕشی بەلشەفی سالی ١٩١٧ وەرچەرخانێکی گەورە بوو،لە (ڕاگەیاندنی ئاشتی ) یەکێتی سۆڤیەت لەسەر زاری ڕابەری شۆڕش ( ڤلادیمێر لینین) ڕاگەیەنرا،هەموو میللەتانی یەکێتی سۆڤیەت مافی چارەنووسی خۆیان دەبێت.هەروەها پشتیوانی لە هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان دەکەین بۆ دەرچوون لە ژێر چەپۆکی ئیستعمار ،بەمەبەستی لاوازکردنی ولاتانی داگیرکار[2].بەلام دواتر یەکێتی سۆڤیەت خۆی بووە داگیرکاری چەندین ولات.نموونەی ئەفغانستان لە سالی ١٩٧٩. لەسەردەمی داگیرکاری فەڕەنسا لەلایەن دەوڵەتی ئەلمانیای نازی .حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی (ئایزنهاوەر،١٨٩٠_١٩٦٩) سەرکردەی سوپا،حکومەتی بریتانیا بەسەرۆکایەتی (وینستۆن چەرچل)پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ بەرگریکردنی گەلی فەڕەنسا دەربڕی بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ (شارڵ دیگۆل،١٨٧٠_١٩٧٠). ئەمەش ڕەوایەتی نێودەوڵەتییە بۆ بەرگریکردنی گەلانی ژێر دەستە و داگیرکراوی دەستی ئیستعمار، بۆ ڕزگاربوون بە ڕێگای خەباتی

---

[1]- الامم المتحدة،**الشعوب الأصلية ومنظومة الأمم المتحدة لحقوق الإنسان**.نیویورك و جنیف ،٢٠١٣،ص٤.

[2]- د. عبد الغنی عماد ، سەرچاوەی پێشوو،ل٦.

چەكداری[1].لە ڕێكەوتنەكانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩دا هاتووە،لە پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی ١٩٧٧ و ٢٠٠٥ پاشكۆی بۆ زیادكراوە،كەوا لەكاتی جەنگدا لەگەڵ بزووتنەوە و هێزە ناوخۆیەكانی هەر وڵاتێك پێویستە دیل و بریندارەكان وەك جەنگی نێوان دوو وڵات مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێ[2]. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لە ڕووی شەرعیەتی نێودەوڵەتی،دان بەو هێزە چەكدارانە دادەنرێت ،بۆ بەرگریكردن لە مافی ڕەوای میللەتەكانیان كە خەباتی بۆ دەكات.لە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥)ی نەتەوە یەكگرتووەكانی ١١/٤/ ١٩٧٤دا هاتووە ( لادان لە بنەمای مافی چارەنووس بە تاوانێكی نێودەوڵەتی دادەنرێ.بۆیە مافی هەموو میللەتێكە بگات بە مافی خۆی بە شێوەیەكی ئاشتیانە.ئەگەر بۆی نەلوا ئەوە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگای دەدات خەباتی چەكداریش بكات بۆ گەیشتن بەم ئامانجە)[3]. بەم شێوەیە خەبات كردن لە پێناو ڕزگاری نیشتمانی بۆ گەیشتن بە مافی چارە نووس ڕەوایەتی نێودەوڵەتی هەیە.هەركاتێ خەبات كردن ڕێگاكانی تری تاقیكردەوە بۆی نەلوا،دەكرێ ڕێگای تر تاقی بكرێتەوە، چونكە زۆر لە داگیركەرەكان گوێ بەخەباتی مەدەنی و ئاشتیانە نادەن، بۆیە میللەتان ناچار بەخەباتی چەكداری دەبن.

## ٢_ جۆرەكانی مافی چارەنووس.

بەپێی بنەماكانی ڕێكەوتنی نێودەوڵەتی چەند جۆرێك لە مافی چارەنووس هەیە،كەوا هەریەكەی پەیوەندی بەدۆخێكی تایبەتەوە هەیە .

أ_ **مافی چارەنووسی دەرەكی** :ئەم جۆرە تایبەتمەندە بە ڕەوشێكی بابەتی هاتوو بەسەر ناوچەكەدا،لە ئەنجامی گۆڕینی هاوكێشە سیاسی و جوگرافی و سەربازییەكان،میللەتانی ژێر دەستەی ئیستعمار بۆیان هەیە بگەن بە مافی چارەنووس.بڕیارەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانیش پشتیوانی لەم جۆرە گەیشتنە بە مافی چارەنووسە دەكات،بەتایبەت بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥)ی ساڵی ١٩٧٠. سێ ڕێگای داناوە بۆ گەلانی ژێر دەستەی چاودێری (الوصایە)،ڕێگای یەكەم:بۆی هەیە سەربەخۆیی تەواوی خۆی ڕابگەینێ.ڕێگای دووەم :دەتوانێ بە شێوەی وەرگرتنی مافی ئۆتۆنۆمی لەناو هەمان دەوڵەت بمێنێتەوە.ڕێگای سێیەم: دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ نەتەوەی سەردەست ،بەو شێوەی كە خۆی پێی وایە مافی یەكسان بوون و دوور لە چەوسانەوەی بەدەست هێناوە[4].

ب_ **مافی چارەنووسی ناوخۆیی**:ئەم جۆرەیان بەپێی دەستوور و شێوەی سیستەمی ئەو وڵاتە دەبێ،ئەگەر هاتوو وڵاتەكە دەستوری و دیموكراسی بوو،دەتوانرێ میللەتانی خاوەن ماف بە چارەنووسی خۆیان بگەن،لە ناو سنوری هەمان وڵات شێوەیەك لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دابمەزرێنن .

ج_ **ئۆتۆنۆمی ناوچەیی**:ئەم جۆرە بەشێكە لە سیستەمی سیاسی زۆرلە وڵاتانی پێشكەوتوو.بەتایبەت وڵاتانی دیموكراسی یان سیستەم فیدڕالی. نموونەی وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و ئەمەریكا و ئوسترالیا و كەنەدا .

---

[1] - هەمان سەرچاوە ،ل١٧.

[2] - **جیان بدرخان .المؤتمر الوطني الكردي وحق تقریر المصیر**؛ www.yasa-online.org .كاتی سەردان ٢٠١٦/٨/٣.

[3] - **أحمد محمد طوزان،التحول في المفهوم القانوني لحق تقریر المصیر بین تحقیق الاستقلال والانفصال،انترنیت**،ص٤٦٥. كاتی سەردان ٢٠١٦/٨/٣.

[4] - د. محمد الطاهر محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٢.

کەوا هەرێمەکان ئازادیەکی تەوایان هەیە لەکاری خۆبەڕێوەبەرییدا.ئەمانە زیاتر بۆ راییکردن و دوورخستنەوەی ناوەندی دەوڵەتە،لە بوونی کێشەی نەتەوەیی و کەلتوری جیاواز لە نەتەوەی سەردەستە [١].

## پاری سێیەم

## باشوری کوردستان لەنێوان لکاندنی بەدەوڵەتی عێراق و گەیشتن بەمافی چارەنووس

بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم،کوردستان بەشی زۆری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو،ئەویش بەشێك بوولە شەڕ دژبەهاوپەیمانان.بۆیە لەسەردەمی جەنگ و دوای جەنگ چەند ڕێکەوتنێك ،هاتە کایەوە بۆ دابەش کردنی میراتی ئەم دەوڵەتە .

١_ **ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ**: دوای گەرم بوونی جەنگ و بەدەرکەوتنی ئاسۆی یەکلابوونەوەی،لە بەرژەوەندی هاوپەیمانان،بریتانیا و فەڕەنسا بە هاوکاری ڕوسیای قەیسەری کەوتنە جموجۆلی ڕێکەوتن و نەخشە سازی،بۆ دابەش کردنی ئەو خاکەی کە لە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدابوو.بۆ ئەو مەبەستە فەڕەنسا دیبلۆماسێکی خۆی بەناوی (چارڵز جۆرج پیکۆ) و بریتانیا دیبلۆماسێکی خۆی بەناوی (سێر مارك سایکس) راسپارد بۆ گفتوگۆکردن.لە نۆڤەمبەری ١٩١٥ دەستیان بە کۆبوونەوە و گفتوگۆی نهێنی کرد،تاکو لە مایسی ١٩١٦ گەیشتنە ڕێکەوتن.پاشان بەیەکەوە کەوتنە گفتوگۆ لەگەل (سێرگی سازانۆف)وەزیری دەرەوەی روسیا.بە پێی ئەم ڕێکەوتنە بەشی زۆری باکوری کوردستان بەر روسیا دەکەوت.بەشی باشور و رۆژئاواشی بەر فەڕەنسا دەکەوت.بەلام لەگەل سەر هەلدانی شۆڕشی بەلشەفی سالی ١٩١٧ ،روسیا لەم ڕێکەوتنە چووە دەرەوە . پاشانیش گۆڕان بەسەر بەشی فەڕەنسا و بریتانیادا هات،باشوری کوردستان بەر بریتانیا کەوت[٢].

٢_**کۆنگرەی ئاشتی :** کۆنگرەی ئاشتی لە ١٨ی یەنایەری ١٩١٩ لە (ڤێرسا)ی شاری پاریس،لە نێوان ولاّتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە جەنگ بەسترا.مەبەست لە کۆنگرەکە گرتنە بەری ڕێگا چارەی ئاشتی بوو لە جیهان. هەروەها چارەسەری کێشەی ئەو میللەت و ناوچانەی کە کەوتبوونە ژێر چنگی ولاّتانی هاوپەیمان . راگەیەنراوەکەی(وێلسۆن) سەرۆکی ئەمەریکا ،بنەمای زۆرینەی گفتوگۆکانی پێك دەهێنا ،لە ئەنجامدا ٢٩ی یەنایەر ئەنجامی کۆنگرەکە ڕاگەیەنرا،(دوای ئەوەی هەلۆەشانەوەی کۆلۆنیالیەکانی ئەلمانیا جێگیر کرا ،لەبەر بایەخی ستراتیجی و لە پێناو ئازادی هەموو گەلان و ئاسایشیان) ئەمەش هاتە کایەوە (ولاّتانی گەورەی هاوپەیمان و بێلایەن ڕێکەوتن، لەبەر هەمان هۆکار، بەتایبەت بەهۆی دەسەلاّتی ڕەشی تورك لەو ماوە مێژوویەی هەموو گەلانی ژێردەستەی فەرمان ڕەواییان ،بەهۆی کوشتاری دڕندانەی ئەرمەنیەکان و میللەتانی تر لە رابردووی نزیکدا _ لەیەك جوداکردنەوەی ئەرمینیا و سوریا و میسۆپۆتامیا و کوردستان و

---

[١]- عبد الرحمن أبو النصر ،مشروعية استخدام القوة بشأن حق تقرير المصير وعلاقته بالإرهاب الدولي في ضوء القانون الدولي العام والشريعة الإسلامية، مجلة جامعة الأزهر بغزة، سلسلة العلوم الإنسانية، المجلد الثامن، 2006 ،ص١٣٨.

[٢]- د.حامد محمود عيسى ،القضية الكردية في العراق،من الآحتلال البريطاني الى الغزو الآمريكي ،١٩١٤_٢٠٠٤، (القاهرة ،عربية للطباعة والنشر ، ٢٠٠٥،ص٩٩_١٠٠).

فەڵەستین و نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی تورکی ،لێك جوداکردنەوەیەکی تەواو لە یەکتر نابێ زیان بە بەشەکانی تری دەسەلاتی ئیمپراتۆرییەتی تورکیا بگەینرێ[1].لەم راگەیەنراوەدا ،ناوی کوردستان وەك دەستەواژەیکی سیاسی تازە هاتە کایەوە لە کۆنگرەیەکی گەورەی نێو دەوڵەتی دا،کۆنگرەکە چەندین لێکتێگەیشتنی نێوان وڵاتانی زلهێزی لێهاتە کایەوە .بەلام بۆ کورد هیچیان سوودی نەبوو،ئەگەرچی جەنەڕاڵ (شەریف پاشا)وەك نوێنەری کورد خۆی ناساندبوو،بەلام لە بنەڕاتدا شتیك نەبوو بەناوی وەفدی کوردی بۆ ئەم کۆنگرەیە.شەریف پاشا بەگەرمی جموجۆڵی لەگەل ئەندامانی وەفدی بەشداربوو لە کۆنگرەکەدا دەکرد[2]. یاداشتێکی خستە بەردەمی ئەندامانی کۆنگرەکە،کەس پشتیوانی لە کورد و کێشەکەی نەدەکرد. لە کۆنگرەکەدا شەریف پاشا هەڵسا بە ئەنجامدانی رێکەوتنێك لەگەل وەفدی ئەرمەنی کە پێك هاتبوو لە (ببوگۆز نۆبار پاشا و دکتۆر ئۆهانگیانیان جێگری سەرۆك کۆماری ئەرمینیا).کارەکەی شەریف پاشا لە روانگەی ئەوەی کوردیش تاوانبار دەکرا بە بەشداری کردن لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان،بۆیە رێکەوتنێکی لەگەل ئەنجامدان، کەکاربکرێ بۆ سڕینەوەی هەموو پاشماوە خراپەکانی نێوان هەردوو نەتەوە،لە کۆتایشدا یاداشتێکی هاوبەشیان پێشکەش بە کۆنگرەکە کرد ،بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی هاوسێی یەکتر، بەلێنی پاراستنی مافی پێکهاتەکانی تریشیان دابوو[3].

٣ _ **کۆنگرەی سان ریمۆ**:لە شاری (سان ریمۆ)ی ئیتالیا ئەنجومەنی بالای هاوپەیمانان کۆبوونەوە.لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ماندات خرایە سەر وڵاتانی تازە دروستکراوی وەك ئێراق و سوریا و ئوردەن و فەلەستین.لەم کۆنگرەیەدا باس لە دابەشکاری نەوت کرا،باشوری کوردستان بەر بریتانیا کەوت (لۆرد کرزن)کە ئەفسەرێکی بریتانی بووچەندین لەمپەری هێنایەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی باشوری کوردستان.ئەگەرچی لە کۆنگرەکەدا باس لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنییەکان کرا.هەروەها بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستانیش هەر لەم کۆنگرەیەدا باس کرا[4]. سیاسەتی وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا هاوتەریب نەبوو لەگەل سەربەخۆیی کوردستان .بەرژەوەندی ئەوان لەگەل ئەوەبوو چەند وڵاتێك لەسەر بنەمای جوگرافی دروست بکەن .

٤ _ **رێکەوتننامەی سیڤەر**: ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە فەڕەنسا بەسترا ، چوارده وڵات ئامادەی کۆنگرەکە بوون (بریتانیا و فەڕەنسا و یۆنان و ئیتالیا و رۆمانیا و یوگسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا و پۆلەندا و بەلجیکا و ژاپۆن و حیجاز و ئەرمینیای تەشقەندی لە لایەك، سوڵتانی عوسمانی لەلایەك). رێکەوتننامەکە تەواو کەری کۆنگرەی ڤێرسای بوو . وەفدی کوردیش بەسەرۆکایەتی جەنەڕاڵ شەریف پاشا بەشدار بوو.ئەنجامی کۆبوونەوەکە رێکەوتنامەیەك بوو بەناوی سیڤەر،لە (١٣)بەش و (٤٣٣)ماددە پێك هاتبوو، ماددەکانی (٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ ) تایبەت بوو بە چۆنیەتی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ.لە ماددەی (٦٢) سنوری ئەو ناوچەیەی

---

[1] - هەمان سەرچاوە،ل١٠٢_١٠٣.

[2] - کەماڵ مەزهەر،کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بریتانیادا،بەرگی یەکەم ،( لوبنان ، چاپخانەی گرین گالۆری،٢٠٠٨،ل٥١).

[3] - د.محمود زايد،دولة كردستان المستقلة والمؤامرات الغربية و الاقليمية لاجهاضها ،( القاهرة،دار الزواق الازهري ، ٢٠١٥،ص٣٥٢).

[4] - فيروز حسن حمه عزيز،الآهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية وتأثيرها على السياسة البريطانية ١٩١٤_١٩٢٤،( السليمانية، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية ، ٢٠٠٨،ص٢٩٥).

دیاریکردوە کە بە کوردستان دەناسرێ.لەگەڵ دیاریکردنی چەند کۆمیسیۆنێك بۆ راییکردنی ئەم کارە.لە ماددەی (٦٣) دەوڵەتی عوسمانی رادەسپێرێ بەئەرکی ئەنجامدان، کەوا لەگەل راگەیاندنی رێکەوتنەکە تاکو شەش مانگ دەبێ ئەوەی بۆی دیاری کراوە جێبەجێی بکات.ماددەی (٦٤) بۆ ماوەی یەك ساڵ کوردەکان دەخاتە ئەزموونەوە.یەك بیسەلمێنن کەوا ئەو ناوچانە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن.دووەم ئایا دانیشتوانەکەی لەگەل سەربەخۆین یان لەگەڵ مانەوەن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی[1].هەرچەندە رێکەوتننامەی سیڤەر لە مێژووی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کێشەی کورد تاکو ئێستاش روونترین بەلگەنامەی نێودەوڵەتییە،کەدان بەمافی چارەنووسی گەلی کورد دادەنێ.

٥_ **کۆنگرەی لەندەن** : ئەم کۆنگرەیە لەلایەن دەسەلاتدارانی بریتانیا لە مانگی شوباتی ١٩٢١ لە شاری (لەندەن) بەسترا.ئامانج لەم کۆنگرەیە دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی گونجاو بوو بۆ کێشەی کورد. بەلام بە هۆی فشارەکانی تورکیای بەشی ئەنادۆل*، نەیتوانی هیچ بریارێکی گونجاو بدات[2].

٥_ **کۆنگرەی قاهیرە** :ئەم کۆنگرەیە لەسەر راسپاردەی (وینستۆن چەرچل) وەزیری کۆلۆنیالییەکانی بریتانیا ،بۆ هەموو فەرماندە بالاکانی سەربازی و بەرپرسە بالاکانی مەدەنی بریتانی لە هۆتێل (سەمیر ئەمیس)ی شاری قاهیرە،لە نێوان رۆژانی ١٢_٢٣ی مارسی ١٩٢١ بەسترا .ئامانج لەم کۆنگرەیەدا دووبارە چاوخشاندنەوە بوو ،بە سیاسەتەکانی بریتانیا لە رۆژهەلاتی ناوەراست و چۆنیەتی مامەلە کردن لەگەل رووداو و پێشهاتەکان.لەم کۆنگرەیەدا جارێکی تر کێشەی کورد خرایەوە بەرباس،لە ماددەی چوارەمی کۆنگرەکەداهاتووە ،کێشەی کورد بەو شێوەی کە رێکەوتننامەی سیڤەر دیاری کردوە پێویستە بڕوات[3].

٧_ **رێکەوتننامەی لۆزان**: ٢٣ی تەمموزی ١٩٢٣ لە شاری (لۆزان) ولاتی سویسرا بەسترا.ولاتانی هاوپەیمان و تورکیای ئەنادۆلی پەیماننامەکەیان مۆرکرد،لە (١٤٣)ماددە پێکهاتووە، دابەشی سەر (١٧) رێکەوتن و بنەما و لێدوان و پاشکۆ کراوە.بە شێوەیەکی گشتی رێکەوتنەکە بەمەبەستی هەلوەشانەوەی رێکەوتننامەی ئاشتی سیڤەرە ،کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە نێوان ولاتانی هاوپەیمان و تورکیا عوسمانی مۆرکرابوو[4].لەم رێکەوتنەدا چەندین گۆران لە سنوری جوگرافی و واقعی سیاسیدا هاتە کایەوە.لەم رێکەوتنەدا ئەو بەلێنانەی بەکورد درابوو لە رێکەوتننامەی سیڤەر بەتالکرایەوە،ئەنجامی رێکەوتننامەکە ئەوەبوو ولایەتی موسڵ کە زۆرینەی خاکی باشوری کوردستانی دەگرتەوەخرایە سەر دەوڵەتی تازەی ئێراق.کوردی باکوریش نەبوون بەخاوەنی بچوکترین ماف.هەروەها بەیەکجاری کێشەی کورد لە سیاسەتی دیبلۆماسی ولاتان نەما و بووە کێشەیەکی

---

[1]- ئەحمەد رەفیق کەریم،ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان،( سلێمانی،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٤،ل ٢٢٦_٢٢٧).

[2]- د. عبدالله محمد علي العلياوي،جذور المشكلة الكردية. www.aljazeera.net،کاتی سەردان ٢٠١٧/٤/١.

*_ تورکیای ئەنادۆلی ئەوکات کەمال ئەتاتورك و عیسمەت ئەنینۆ سەرکردایەتیان دەکرد زۆربەی خاکی ئەمرۆی تورکیایان بەدەستەوە بوو. دوای سێ مانگ لەم بەرواره کۆماری تورکیان لەسەر تەواوی خاکی تورکیای ئەمرۆ راگەیاند و کۆتاییان بە تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی هێنا.

[3]- بۆردی مافی چارنووس،بەلگەنامەی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان _ عێراق،(لە بلاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ،هەولێر،٢٠١٦،ل٦٤).

[4]-_ معاهده لوزان-٢-اتفاقيه مهدت لتأسيس الجمهوريه التركيه،www.aljazeera.net ،کاتی سەردان ٢٠١٧/٤/١.

بچوکی خۆجێیەتی،لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو.چونکە دوای رێکەوتننامەی لۆزان هیچ پەیماننامە و رێکەوتن و کۆنگرەیەکی تر لەسەر چارەنووسی ناوچەکە رێك نەخرا .هەروەها هیچ گۆڕانێکیش بەسەر نەخشەی سیاسی و جوگرافی ناوچەکەدا نەهات.تەنانەت لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیش،سەرەڕای دروست بوونی کۆماری کوردستان لە ئێران.لەدوای لکاندنی باشوری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە ،کوردەکانی باشور دەستەوەستان نەوەستان،کەوتنە هەوڵی خۆیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان ،بۆ ئەم مەبەستە بەچەندین شێوە هەولیان داوە ،کەوا لەم چەند خاڵەدا خراوەتە ڕوو.

**١_هەولەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان بۆ گەیشتن بەمافی چارەنووس .**

لە دوای رێکەوتننامەی لۆزان ،کێشەی ویلایەتی موسڵ یەکلا بۆوە ،باشوری کوردستان لکێنرابە دەوڵەتی تازەی ئێراق.لەسەر بڕیاری کۆمەڵەی گەلاڵ،لیژنەیەك لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ سەردانی ناوچە کوردیەکانی کرد.بڕیارەکەی کۆمەڵە ڕوو لە بریتانیەکان بوو ،چونکە ئێراق لە ژێر ئینتیدابی ئەواندا بوو .پێویستە حکومەتی بریتانی ئەو راسپاردانەی لە لیژنەکەی کۆمەڵەدا هاتووە سەبارەت بەمافی کوردەکان،لە چوارچێوەی ئێراقدا جێ بەجێ بکات[1]. بەلام ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق بەرلەدەرچوونی راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان، لە ١٠ی تەمووزی ١٩٢٤ یاسای بنەڕەتی دەرکرد ،کە لە (١٢٥)ماددە پێك هاتبوو.بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئاماژەیەك بە مافەکانی گەلی کورد بدات، ئەم یاسایە وەك یەکەم دەستووری نووسراوی ئێراقی هەژمار کراوە[2]. لێرەوە دەردەکەوێت بریتانییەکان بەهیچ شێوەیەك نەیان ویستووە بچوکترین مافی کورد بسەلمێنن.بەرپرسانی دەوڵەتی ئێراقیش بەهەمان شێوە،بەدوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز دا دەگەڕان،دواجار دەوڵەتێك بێت ناسنامەکەی عەرەبی بێت،نەوەك هەمەچەشن لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی بێت.هیچ یەکێ لە راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان جێبەجێ نەکرا،سەبارەت بە گەلی کورد. لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا کە هێلی برۆکسل هێلێکی لە بارە بۆ ئەوەی ببێتە هێلی سنوری نێوان تورکیا و ئێراق.لە ساڵی ١٩٢٦ بە شێوەیەکی رەسمی کۆتایی بە کێشەی ویلایەتی موسڵ هات ،کاتێ هێلی برۆکسڵ بۆ دیاری کردنی سنوری نێوان تورکیا و ئێراق لە لایەن تورکیاوە پەسندکرا[3]. بەم شێوەیە هەولەکانی کورد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی تایبەتمەند بەخۆی سەری نەگرت.هەوڵەکان بەم شێوەیە بوون.

**یەکەم :هەولەکانی شێخ مەحمودی حەفید بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی کورد.**

شێخ مەحمودی حەفید(١٨٨٦_١٩٥٦)، یەکێك بوو لەو کەسایەتیە دیار و ناسراوانەی کوردستانی سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم و دوای جەنگ.شێخ مەحمود بە کۆکردنەوەی کۆمەلێك ئەفسەری کوردی سوپای عوسمانی و کەسانی خوێندەوار،جولانەوەیەکی سیاسی چەکداری دەست پێکرد، بە لایەنی سەرەکی داواکاری کێشەی کورد دەناسرا.دەسەلاتدارانی بریتانیا ناچار بوون، شێخ محمود بکەن بە حوکمدار جاری یەکەم لە

---

[1]- د.ولید حمدی ،کورد و کوردستان،لە بەلگەنامەکانی بەریتانیادا،و:موحەمەد نوری تۆفیق،( سلێمانی ،چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك،١٩٩٩،ل١٥٦).

[2]- شورش حسن عمر،حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقيه،( سليمانيه،مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، ٢٠٠٥،ص١٣٤).

[3]- کامەران مەنتك .کوردستان ،لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی و ناوچەییدا،( سلێمانی ،چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٠،ل ١٦٣).

ساڵی ۱۹۱۸،جاری دووەم لە ۱۰ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲.هەردوو حکومەتی بریتانی و ئێراقی دانیان پێدانا. بەلام شێخ مەحمود چاوی لەوە بوو بازنەی جوگرافی دەسەڵاتەکەی زیاتر فراوان بکات ،ئەمەش یەکانگیر نەبوو لەگەل ئەو بەرنامەیەی کە ئینگلیزەکان بۆیان دانابوو . بۆیە ئالۆزی جارێکی تردروست بۆوە، لە مایسی ۱۹۲۳ فڕۆکەکانی بریتانیا شاری سلێمانیان بۆردومان کرد، هێزەکانی کوردستانیش لەشارەکە چوونە دەرەوە،شێخ مەحمود لە هەولی بەدەست هێنانی پشتیوانی نێو دەوڵەتی تردا بوو، لە ۲۰ی کانوونی دووەمی ۱۹۲۳نامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتی تازەی سۆڤیەت کرد ،لە رێگای کۆنسولەکەیان لە ئازەربێجان[1].لە ۲۰ی نیسانی ۱۹۲۷ هێزەکانی بریتانیا و ئێراق شێخ مەحمودیان ناچار بە ڕکەوتنێك کرد ،لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ پێنجوێن چۆل کراو کەوتە دەست حکومەتی ئێراقی،شێخ مەحمودیش ئاودیوی گوندی(پیران)بوو لە رۆژهەلاتی کوردستان و تێیدا نیشتەجێ بوو [2].بەم شێوەیە جولانەوەکانی شێخ مەحمود بەرەو کزی و کۆتایی هاتن رۆیشت.

**دووەم :دامەزراندنی کۆمەڵە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان بۆ رێکخستن وگەشەی هۆشیاری.**

لەدوای لکاندنی باشوری کوردستان بە دەوڵەتی تازەی ئێراقەوە،شێوەی خەباتی سیاسیش گۆڕا،کەسە هۆشیار و خوێندەوارەکانی کورد ،هەڵسان بە دامەزراندنی کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی و فەرهەنگی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك وچۆنیەتی هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان .بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆمەلە و رێکخراوێك لە شارەکان دامەزرا.

١_ **کۆمەڵەی بەڵشەفیك:** لە کۆتایی ساڵی ۱۹۱۷ لە شاری کۆیەدامەزراوە ،ئەم رێکخراوە لە ئەنجامی دیل بوونی چەند سەربازێکی کوردی ناو سوپای عوسمانی لە لایەن روسەکان ،لەوێ ئاراستەکراون بە بیری بەڵشەفیك و هاتوونەتەوە کۆیە ئەم کۆمەڵەیان دامەزراندوە[3].

٢_ **کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان** :لە شاری سلێمانی لە لایەن (رەفیق حیلمی و ماجد مستەفا و مەحمود جەودەت ) دامەزراوە [4].

٣_ **کۆمەڵەکانی بەرزی وڵات ،کوردستان، گزنگ، فیداکارانی کورد، وەتەن پەروەران:** ئەم کۆمەڵە و گروپانە هەمویان لە ساڵی ۱۹۲۰ بوونیان هەبووە[5].جەمال عیرفان رۆلی بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنیان[*].

---

[1]-جلال طالباني،أغدوديمقراطي وحرمان شعب حتى من حق الحلم؟،الطبعة الثانية،( السليمانية ، منشورات اكاديمية التوعية و تأهيل الكوادر، ٢٠١٤،ص٥٤_٥٥).

[2]- ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ ،دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق - ئێراندا، ۱۹۳۷-۱۹٤۷،( سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ۲۰۱۰،ل٥٧).

[3]- محەمەد فاتح،پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشوردا،(چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،۲۰۱٤،ل٦٥).

[4]- رەفیق حیلمی ،یاداشت،بەشی دووەم ،چاپی دووەم،( هەولێر،چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان ، ۱۹۸۸،ل۱۲۸).

[5]- محەمەد فاتح ،سەرچاوەی پێشوو،ل٦٧_٧٠.

★_جەماڵ عیرفان: رۆلی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵانەدا هەبووە ، کەسێکی چالاکی شاری سلێمانی بوو.لە جەنگی جیهانی یەکەم دیلْ بووە لای روسەکان.هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی سۆسیالیستی بووە.لە ساڵی ۱۹۲۳کاتێك فەرمانبەر بووە لە ناوچەی مەرگە تیرۆرکراوە،

٤_ **كۆمەڵەی كوردستان**: جەمعیەتی كوردستان لە رۆژی ٢١ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٢لە شاری سولێمانی خۆی راگەیاند،بەسەرۆكایەتی جەنەراڵ مستەفا پاشایا مولكی و ئەندامێتی(٧)كەس وەك رابەری كۆمەڵەكەدیاری كران،ئامانج لەو كۆمەڵەیە رێكخستنی كاروباری سیاسی بوو بۆ هۆشیاركردنەوەی خەلك لە بابەتە نیشتمانییەكان [١].

٥_ **كۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی** :بە مۆلەتی رەسمی لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن چەند كەسایەتییەكی رۆشنبیر و خوێندەوار دامەزرا،ئامانجی كۆمەڵەكە پەروەردەیی و فێركردن بوو [٢].

٦_ **كۆمەڵەی زانستی لە كەركوك**: لە ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ بەهەمان شێوەی كۆمەڵەكەی سلێمانی لە شاری كەركوكیش كۆمەڵەی زانستی دامەزرا.ژمارەیەكی زۆر لە سەرۆك عەشیرەت و كەسایەتییە ناودارەكانی ئەوكاتی كەركوك لەم كۆمەڵەیەدا بوونە ئەندام [٣].

هەموو ئەو رێكخرا و كۆمەڵانە لە ناوچەیەكی بچوك دامەزراون.واتە زیاتر لە سەر ئاستی شارێك و ناوچەیەك بووە،ئەوانەی سەرەتا بێ مۆڵەت وەرگرتن بووە، بەلام ئەوانی تر لە رێگای مۆلەتی رەسمیەوە بووە.بۆیە بێ مۆلەتەكان زیاتر ئامانجیان هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی بووە،بەلام مۆڵەتدارەكان ،زیاتر ئامانجییان بلاوكردنەوەی هۆشیاری كۆمەلایەتی و خوێندن و خوێندەواری بووە .

**سێیەم : بروسكە و یاداشتەكان بۆ مەندوبی سامی و كۆمەڵەی گەلان لەسەر مافەكانی كورد.**

هەر لە سەرەتای هاتنی بریتانیەكان بۆ باشوری كوردستان.سەرۆك و پیاوە ناودارەكانی كورد لە رۆشنبیر و كەسایەتییە ئاینی و عەشایەریەكان ،بەردەوام لە گفتوگۆكانیان داوایان لە مەندوبی سامی و كاربەدەستانی بریتانی دەكرد.پێویستە مافەكانی گەلی كورد لەبەرچاو بگرن ،وەك هەموو گەلانی ناوچەكە.بۆ ئەم مەبەستە چەندین یاداشت و نامە و داواكاری و پێشنیازیان بۆ كاربەدەستانی بریتانی بەرزكردۆتەوە . هەروەها لە بەردەم بەرپرسانی حكومەتی ئێراقیش هەمیشە كەسایەتییە دیارەكانی كورد داكۆكیان لە مافی كورد كردووە .لە هەمان كاتدا چەند گۆڤار و رۆژنامەیەكیش بۆ ئەم مەبەستە دەركراوە .

لە بەڵگە نامەی ژمارە (٣٧١) (٥٠٦٩) (٧٩٢٨A) وەزارەتی هیند ژمارە (٥٢٣٧) رۆژی ٨ی تەمموزی ١٩٢٠ نامەیەكی تێدا پارێزراوە ،لە مەندوبی مەدەنی یەوە نێراوە بۆ وەزارەتی هیند.یاداشتەكە بە ئیمزای (٦٢) كەس پێكهاتووە.لە كەسایەتی و پیاو ماقولانی باشوری كوردستان .لە نامەكەیاندا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ دەكەن لە سەر خاكی كوردستانی باشور،لەگەل ولاتی نێوان هەردوو روبار پەیوەندێكی شێوە كۆنفدراڵی هەبێ .هەروەها لەژێر ئینتیدابی دەوڵەتی بریتانیادابێت [٤]. لە بەڵگە نامەی (٣٧١) (٥٠٦٩) (١٢٤٥٧E) وەزارەتی هیند ٢٠ی ئابی ١٩٢٠ دا هاتووە كە ئەفسەری سیاسی بریتانیا لە هەولێر یاداشتێكی نەهێنی بە ژمارە / S.C ٤/١٥٥ لە رۆژی ١٧ی تەمموز/ ١٩٢٠ ناردووە بۆ حاكمی مەدەنی،كە تێیدا

[١]- رەفیق حیلمی ، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٨٦.

[٢]- د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو،ل١٧١

[٣]- هەمان سەرچاوە،ل١٧٤_١٧٥.

[٤]- د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر كوردستان،لە سەردەمی ئاشتیدا،و:موحەمەد نوری تۆفیق،( سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٠،ل٣٢٢).

چەند راو سەرنج و بۆچوونێکی (مەلا محەمەدی گەورەی کۆیە و دادوەری شەرع جەمیل ئاغای حەوێزی) تێدا هاتووە کاتێ ئەفسەرکە سەردانی کۆیەی کردوە . یەك لە پێشنیارەکان ئەوەبووە حەمدی بەگی بابان بکرێتە حاکمی کوردستان.بەو مەرجەی لە ژێر ئینتیدابی بریتانیا بێت[1].بەرلە رێکەوتننامەی بریتانیا و ئێراق لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ .نوێنەری وەزراەتی دەرەوەی بریتانی(لانسلۆنت ئۆلیفنت) یاداشتێکی نەهێنی بەژمارە (٦٥_٤٤_١٣٦٧) لە ٢ی ئاداری ١٩٢٩ بەرزکردۆتەوە بۆ وەزراەتی دەرەوە .تێیدا ١٧ خالی خستۆتە ڕوو. ژمارەیەك ئاماری لەسەر ژمارەی کورد لە دام و دەزگا کارگێڕی و سوپا و پۆلیس و رێگاوبان و سکەی شەمەندەفەرو ژمارەی قوتابخانە و گەشەی زمانی کوردی ،هەروەها ژمارەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێراق و ژمارەی رۆژنامەکان و چەند لایەنێکی تری ژیانی کوردەکانی باشوری کوردستانی خستۆتە ڕوو[2]. بەلام ئەم ئامارانە نەیتوانیووە، ببێتە جێگای بێدەنگ بوونی سەرانی کورد.چەند تەڵەگراف و یاداشتێك لە شاری سلێمانییەوە نێردراوە بۆ مەندوبی سامی و کۆمەڵەی گەلان .لە ژمارە (٢٥٤)ی ٢٨ی تەمموزی ١٩٣٠رۆژنامەی ژیان بلاّوکراوەتەوە ( ٨ی تەمووزی ١٩٣٠ عمومی ئەشرافی سلێمانی ، بەگزادە و ڕوئەسای جاف هەمو بەگزادەی هەورامی، هەمو روئەسای پشدەر. هەمو ڕوئەسای هەمەوەند) لەو تەڵەگرافە داوای موختاریەتێکی ئیداری دەکەن .بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان[3].هەروەها بەهەمان شێوە لە تەڵەگرافێکی تر هاتووە کە لە رۆژنامەی ژیان ژمارە ٢٥٤، ٢٨ی تەمموزی ١٩٣٠ بلاّوکراوەتەوە:

(بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق)

ڕەئیسەل وزەرای عیراق _صورەتی بەغداد تایمس _العالم العربی _العراق _البلاد ، ئێمە ژنانی کورد، بە هەمو مەوجودیەتمانەوە طە لەبی حقوقی مەشروعەی کوردستان ئەکەین کە عیصبەتول ئومەم پێ‌ی بەخشیوین و ئیعتیرافی لە سەر کراوە ئیستیرحام ئەکەین حیمایەمان بفەرمون.٢٤ی تەموزی ١٩٣٠ :حەلاوە ڕەمزی ئەفەندی .ئامینە غەفور ئاغا. حەفصە نەقیب. ناهیە صالح ئەفەندی. حەفصە قادر ئاغا [4].

عەزمی بەگی بابان و هاوبیرەکانی بەردەوام لە هەوڵدان و یاداشت کردنی بۆچوونەکانیان بوون، بۆ مەندوبی سامی و کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بەمافەکانی کورد لە ١٩٣٠/٧/٢٦ یاداشتێکیان بەرزکردۆتەوە و باس لە دۆخەکە دەکەن .داوای خودموختاری بۆ کورد دەکەن.بەهەمان شێوە چوار سەرۆك هۆزی گەورە لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٣٠ بروسکەیەکیان ئاراستەی وەزیری موستەعمەراتی بریتانی کردوە ، داوای خودمختاری بۆ کورد دەکەن.دوای مانگێك و چوار رۆژ بەهەمان شێوە سەرۆکەکانی هۆزی داودە لە رێگەی مەندوبی سامییەوە مەزبەتەیەك دەنێرن بۆ کۆمەڵەی گەلان و داوای مافەکانی کورد دەکەن و پشتیوانی لە داواکانی خەڵکی سلێمانی دەکەن[5].لە مەزبەتەیەکی تردا کە ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کراوە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠داواکراوە بە:پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە ناو سنورە سروشتیەکەی خۆیدا کەوا لە زاخۆوە تاکو

[1]- هەمان سەرچاوە،ل٢٣٣.

[2]- السید عبدالرزاق الحسني ، سەرچاوەی پێشوو،ص١٥٤_١٥٨.

[3]- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٠.

[4]- هەمان سەرچاوە،ل٢٣١.

[5]- کەماڵ مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٧_١٥٩.

ئـەولای خانـەقیین ئەگرێتـەوە . چۆلکردنی لـە داودەزگـای سـپایی و مـەدەنی عـەرەب و تەسـلیم کردنـی بـە حکومەتە کوردیەکە.هەروەها هێشتنەوەی ناوچەی ناوبراو لـە ژێـر ئینتیـدابی بریتانیـدا وەکـو حکومـەتێکی کوردی تا کۆمەڵەی گەلان لەم بارەیەوە بڕیار ئەدا[1].جگە لەو یاداشت و بروسکە و مەزبەتانە بەدەیانی تـر لـە چوارچـێوەی ئەرشـیفەکانی دەوڵـەتی بریتـانی و لاپـەڕەی رۆژنامەکانـدا هەیـە.بـەلام هـەموو ئـەو هەولانـەی سەردار و رۆشنبیرانی کورد هیچ ئەنجامێکی بەرهەمداری لێ وەدی نەهاتووە.

**چوارەم :هەوڵی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێراق بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی کورد.**

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئێراقی جێگیر بوو . کوردستانی باشور بووە بەشێك لەو دەوڵەتە .لە ساڵی ١٩٢٥ یەکەم پەرلەمانی ئێراق دامـەزرا، کـوردیش وەك نوێنـەری شـار و ناوچـەکانی خۆیـان بوونـە ئەنـدام لـە پەرلـەمان. نوێنەرەکانی کورد لەوێ دەستیان کرد بە خەباتی مـەدەنی خۆیـان بـۆ داواکردنـی مافـەکانی کـورد.کـە زیـاتر خۆی لە مافی کارگێڕی و خوێندن بە زمانی کوردی و چاکسازیکردن لە رەوشی ئابوری و کۆمەلایەتی خـەڵك بوو.مەعروف جیاووگ وەکو نوێنەری هەولێر چەند جارێك هەولیداوە کێشـەی کـورد بکاتـە بـاس و خواسـی پەرلەمان.لە دانیشتنی رۆژی ١٣ای شوباتی ١٩٣٠ زۆر بەڕاشکاوی ئەم پرسـیارەی کـرد:ئایا مافـەکانی کـورد لـەو پەیمانە نوێیەدا دەپارێزرێ کە لەگەلْ بەریتانیادا مۆر دەکرێت؟[2].مەبەست لەو پەیماننامەی کە دواتر لە ٣٠ی حـوزەیرانی هـەمان سـالْ لـە نێـوان بریتانیـا و ئێـراق مـۆر کـرا.دواتـر لـە مـانگی نیسـانی ١٩٣٠ پێـنج لـە نوێنەرەکانی کورد لە پەرلەمانی ئێراق سکالایەکیان ئاراستەی مەندوبی سامی کرد لە بەغدا.کە پێکهاتبوون لـەم ناوانـە(ئیسـماعیل رەوانـدزی _نوێنـەری هـەولێر،محەمـەد جـاف_نوێنـەری کـەرکوك،حـازم شمـدین ئاغا_نوێنەری موسڵ،محەمەد سالْح_نوێنەری سلێمانی،مارف جیاووك_نوێنەری هەولێر).

لـە سکالایەکەیاندا مەترسـی زالْ بـوونی عـەرەبیان لـە ناوچـە کوردییـەکان بـە مەنـدوبی سـامی گەیانـدوە . هەروەها فەرامۆش کردنی خوێندن بـە زمـانی کـوردی ،مەترسـی ئـەوەی مامۆسـتایانی عـەرەب خوێنـدکارانی کورد بە ئاراستەی بیری نەتەوەیی عەرەب پـەروەردە بکـەن.لەگـەل کەمکردنـەوەی فەرمانبـەرانی عـەرەب لـە ناوچە کوردییەکان، نزم سەیرکردنی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە[3].حکومەتی ئێراق ئەوەنـدە لـە خـەمی چارەسـەر و بـەهاناوە هـاتنی داخوازیـەکانی کـورد نـەبوو.بۆیـە داواکارییـەکان ئاراسـتەی تونـد و تیـژی لـە شـارەکانەوە بەخۆیـە بینـی.سـەرەنجام حکومـەتی ئێـراق ناچـار بـەوە بـوو،وەفـدێکی بـالا بنێرێتـە شـارەکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی.وەفدەکەی حکومەتی ئێراق لە ٨ی ئابی١٩٣٠گەیشتە شـاری کـەرکوك،(جەعفـەر عەسـکەر)ی وەزیـری نـاوخۆ بـە نوێنەرایـەتی (نـاجی سـویدی) سـەرۆك وەزیـران سـەرۆکایەتی وەفدەکـەی دەکرد.نوێنەری مەندوبی سامیش هاوشانی وەفدەکە بوو[4].وەفدەکە لە کەرکوك دوو رای بیست یەکیان لەگەل داخوازیەکانی کورد بوو.یەکیان لەگەل ئەوەدا بوو کەرکوك تێکەل بەبابـەتی کـورد نـەکرێ .چونکە رەگـەزی خەڵکی کەرکوك دیارە.لە هـەولێر وەفدەکـە ڕووبـەڕوی ڕەخنـەی تونـد بـۆوە.هـەموویان ئـەوەیان خسـتە ڕوو

---

[1]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٢.

[2]- کەمالْ مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو،ل١٥١.

[3]- هەمان سەرچاوە،ل١٥٢_١٥٣.

[4]- السید عبدالرزاق الحسني، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٠.

کەوا بە هەموو شێوەیەك لەگەل داواکاریەکانی خەڵکی سلێمانین.کە داواکردنەکەش مافەکانی کورد بوو لەو پەیمانەی کە مۆرکراوە لە نێوان ئێراق و بریتانیا ،بەپێی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان نابێ مافی کورد پشت گوێ بخرێ.وەفدەکە دەیویست بە چەند وتارێك هەست و سۆزی کوردەکان کپ بکاتەوە.ئەگینا هیچ بەرنامە و نەخشەیەکیان نەبوو، بۆ داواکاریەکانی کورد.خۆپیشاندان و مانگرتن بەردەوام بوو تاکو ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری ڕووبەرووی گولە بارانکردنی پۆلیس و سەربازی ئێراقی بوونەوە،هیچ داوایەکی خۆپیشاندەران جێبەجێ نەکرا.جگە لە هەندێ گۆڕانی کارگێڕی نەبێ لە شارەکەدا.جەلال تاڵەبانی پێی وایە ( ڕاپەڕینی ٦_ئەیلول_١٩٣٠ ی نیشتمانی خالێکی وەرچەرخانی تۆمارکرد لە بزوتنەوەی کوردیدا ئەم ڕاپەرینە وەرچەرخانێکی قوڵی تۆمارکرد لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا لە رووی سروشت و بنکەی جەماوەری و سەرکردایەتیەوە.بۆ یەکەمجار لە مێژوی نوێی کوردیدا ڕاپەڕینێکی نیشتمانی لە شاردا روودەدات کاسبکاران و خوێندکاران و زەحمەتکێشان و بازرگانانی کورد پێ هەستن وە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ڕۆشنبیران و کاسبکارانی کورد دەبنە سەرکردەی ڕاپەرینێکی میللی لە جێی پیاوانی ئایینی و فەرمانانڕەوایانی کورد و سەرکردایەتیکردنی لە گوندەوە بۆ شار)[1].لەسەر ئەم کۆمەڵکوژیە چەندین چەندین یاداشت و بروسکەی نارەزایی بەرزکرایەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان و مەندوبی سامی و حکومەتی ئێراقی .لە هەمان کات بزووتنەوە سیاسی کورد چووە قۆناغێکی ڕێکخراوتر و سەردەمیانە تر.

**پێنجەم :خەباتی ڕۆژنامەوانی وەك ئامرازێکی هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی کورد.**

نووسەر و رۆشنبیر و سیاسییەکانی کورد هەر زوو لە بایەخی ڕۆژنامە گەیشتن.یەکەمیان بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ.دووەمیان وەك ئامرازێك بۆ گەیاندنی پەیامی خواست و ویستی گەلی کورد بۆ بەردەم دەسەڵاتداران،تاکو بگەن بەمافی خۆیان.لەسەرەتاوە ئینگلیز دوو ڕۆژنامەی بەزمانی کوردی دەرکرد. یەکەمیان لەساڵی ١٩١٨ لە شاری بەغدا بەناوی( تێگەیشتنی ڕاستی) چاپ دەکرا ،مەبەست لێی هاندانی کورد بوو، بۆ هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی عوسمانی.ڕۆژنامەی دووەم بەناوی (پێشکەوتن) لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی ،ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود بوو.دواتر هەر لە شاری سلێمانی لە لایەن ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد چەند ڕۆژنامەیەك دەرچوون:بانگی کوردستان ساڵی ١٩٢٢، ڕۆژی کوردستان ساڵی١٩٢٢، ئومێدی ئیستقلال ساڵی ١٩٢٣، بانگی حەق ساڵی ١٩٢٣،ژیانەوە ساڵی ١٩٢٤،ژیان ساڵی ١٩٢٦ ،هەروەها لە شارەکانی تریش دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار کرا،گۆڤاری دیاری کوردستان ساڵی ١٩٢٥ لە بەغدا، گۆڤاری زاری کرمانجی ساڵی ١٩٢٦لە ڕەواندوز، گۆڤاری کەرکوك ساڵی ١٩٢٦ لە کەرکوك [2]. ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە زۆرینەیان پڕیەتی لە وتار و بروسکە و شیعرو بابەتی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە مافەکانی کورد.هەروەها زۆر لە کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە پەیام و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە مافی کورد نووسیوە.بەشێوەیەك هەموو بابەتەکان پەیوەستن بەو دۆخەی کە کۆمەڵی کوردەواری تێیدا گوزەری کردوە .لەهەمان کات بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەش نیشانەی گەشەی

---

[1]- جەلال تاڵەبانی ، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٣.

[2]- ع.ز و رەفیق ساڵح ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٦_١٠٤.

بیری نەتەوەیی و خوێندەواری بووە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان.هەروەها مۆدێلێکی تازەی خەباتی سەردەمیانە بووە ، بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس.

**٢_ مافی چارەنووس لە بەرنامە و ئامانجی حزب و رێکخراوە سیاسییەکانی باشوری کوردستاندا.**

ئەمەش دەکرێ بکرێ بەچەند قۆناغێك کە حزبی کوردی لە باشوری کوردستان تێیدا گەشەی کردووە ،

**_قۆناغی یەکەم (١٩٣٠_١٩٤٥)**.دوای شکستی کۆمەڵێك جولانەوەی چەکداری و عەشایەری و ناوچەیی.لەگەل زۆر بوونی ژمارەی خوێندەوارانی کورد لە شارەکان ،دروست بوونی توێژی رۆشنبیران ،کاریگەری رێکخستنە حزبی و سیاسیەکانی ئێراق وایکرد رۆشنبیر و کەسە دەستبژێرەکان، بیر لە دامەزراندنی حزبی تازە و مۆدێرن بکەنەوە ،لە ژێر هەژموونی بیری سەردەمیانەی نەتەوەیی و سۆسیالیستی .بۆ ئەم مەبەستە چەند حزب و رێکخراوێکی تازە دامەزران، لە ساڵی ١٩٣٠ چەند کەسێك هەڵسان بە دامەزراندنی رێکخراوی (ئازادی کوردستان ) و (کۆمەلەی لاوان) .گۆڤارەکانی (دیاری لاوان و یادگاری لاوانیان) دەرکرد[١].لە هاوینی ساڵی ١٩٣٧ ژمارەیەك قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی شارەکانی کوردستان لە شاری کەرکوك ،بۆ تاقیکردنەوەی گشتی هاتبوونە ئەو شارە ،هەر لەوێ رێکخراوێکی سیاسی هەلگری بیری چەپ و نەتەوەییان دامەزراند ،بەناوی (دارکەر) دواتر لە ساڵی ١٩٣٩ ناوی رێکخراوەکە گۆڕا بوو بە (حزبی هیوا) .رەفیق حیلمی کەسایەتی رۆشنبیر و ناسراوی ئەوکاتە بووە سەرۆکی حزب ،ناوەندی سەرکردایەتی حزب گواسترایەوە بەغدا[٢].حزبی هیوا لەو سەردەمەدا پێشکەوتووترین حزبی باشوری کوردستان بوو.لەتەواوی شار و ناوچەکان ئەندام و لایەنگری هەبوو، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو.هەروەها لە ساڵی ١٩٣٨ ( کۆمەلەی برایەتی) بەسەرۆکایەتی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود دامەزرا.هەر لەو ماوە زەمەنیەدا چەند حزب و رێکخراوێکی تازە هاتنە مەیدان . وەك حزبی ریا راستی و حزبی رزگاری کورد و حزبی شیوعی کوردستان.لە ١٩٤٣/٩/٦لقی کۆمەلەی ژیانەوەی کوردستان لە باشور دامەزرا[٣]. هەموو ئەو حزب و رێکخراوانە ئامانجیان گەیشتن بوو بە مافی چارەنووس.کە زۆربەیان خۆی لەسەربەخۆیی دەبینیەوە.هیچ یەك لەو حزبانە ئەوەندە کاریگەری بەهێزی لەسەر کۆمەڵی کوردستان نەبوو،تاکوزۆرینەی میللەت بە ئاراستەی یەکانگیری بۆ وەدەست هێنانی مافە کانی کورد بیجولێنێ.بۆیە زوو هەلۆەشانەوە،نەیان توانی بەردەوامی بە ژیانی رێکخراوەیی خۆیان بدەن.

**_قۆناغی دووەم(١٩٤٥_١٩٧٥)**.ساڵی ١٩٤٥ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ،حزبی دیمۆکراتی کوردستان دامەزرا،پاشان کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا،بە بەشداری ژمارەیەك لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەوکاتەی باشوری کوردستان.لە ژێرکاریگەریی کۆماری کوردستان و حزبی دیمۆکرات رۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ لە شاری بەغدا زۆرلەسەرکردەی حزب و رێکخراوە کوردییەکانی ئەوکات لە چەپەوە تا راست کۆدەبنەوە، لە ژێر چەتری یەك حزب کە پارتی دیمۆکراتی کوردە یەکدەگرن[٤]. ئامانجی ئەوکاتەی پارتی تەنها جۆرێك لە

---

[١]- د. مکرم طالبانی، سەرچاوەی پێشوو،ل٧٢.

[٢]- هەمان سەرچاوە،ل٩٠.

[٣]- عبدالرحمن کریم درویش ،الفکر السیاسي للآحزاب السیاسیة في کوردستان العراق،( کرکوك ،مطبعة الشهید ازاد الهورامي، ٢٠٠٨..ص٩٧).

[٤]- هەمان سەرچاوە،ل٩٨.

مافی لامەرکەزی بووە بۆ کورد.تاکو ساڵی ١٩٥٣لە کۆنگرەی سێیەمدا ناوی پارتی گۆڕدرا بە (پارتی دیمۆکراتی کوردستان)[١].دروشمەکەی بووبە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد،پارتی بووە حزبی یەکەم و بێ ڕکابەری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان . لەبەرامبەر پارتیدا حزبی شیوعی ئێراق کە لە ١٩٣٤/٣/٣١بە سەرۆکایەتی (یوسف سەلمان _ فەهد) دامەزرا بوو.هەر زوو لە کوردستانیش شوێن پێی خۆی کردەوە ،بلاوکراوەی(ئازادی)کەزمان حالی لقی کوردستانی ئەم حزبە بوو،ساڵی ١٩٤٤ لە راگەیەنراوێکدا بەناوی پەیمانی کوردان، داوای یەکێتی و یەکگرتووی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات.لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا[٢].ئەمەش بەمانای ئەوە دێت بۆیەکەم جار حزبێکی خاوەن جەماوەر و کاریگەری ئەوکاتی ئێراق، دانی بە مافی چارەنووسی کوردان داناوە.لە دوای کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٥٨ کاری حزبی ئاشکرا کرا.پارتیش سەرۆکەکەی (مستەفا بارزانی )دوای ١٢ساڵ لە پەناهەندەیی گەڕایەوە. مافی ئۆتۆنۆمی بووە ئامانجی سەرەکی پارتی لە حکومەتی ئێراقی.لە ئەنجامداکێشەکان بەئاراستەی لێکترازان رۆیشت لەگەل حکومەتی عەبدولکەریم قاسم.لە ١١ی ئەیلوڵی ١٩٦١ شۆڕشی چەکداری راگەیاندرا، دژی حکومەتی ئێراقی بە ڕابەرایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی )بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان[٣].سەرەنجام دوای ٩ ساڵ لە شەڕ و ئالۆزی و گفتوگۆکردن لەگەل حکومەتی ئێراقی گەیشتنە رێکەوتن .(سەدام حسێن) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەل سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان رێکەوتنی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و پارتی دیمۆکراتی کوردستانی مۆرکرد.لە ١١ی ئاداری١٩٧٠ بەیانی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردلەلایەن( ئەحمەدحەسەن ئەلبەکر،١٩١٤_١٩٨٢)ی سەرۆك کۆمار خوێندرایەوە .گرنگترین بەندەکانی ئەم رێکەوتنە بریتی بوو لە (کورد بەشداری تەواوی دام و دەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی ئێراق بکات،یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار کورد بێت. فەرمانبەرانی ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردە دەبێ‌کوردبن، دەبێت رێژەی دادپەروەرانەی داهاتی ئابووری ولات بدرێتە ناوچە کوردییەکان.دان بە زمانی کوردیدا بنرێت وەك زمانێکی فەرمی لە ناوچە کورد نشینەکاندا، دەبێت سەرژمێریەك بکرێت بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن)[٤].لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤،ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بالاترین دەسەلاتی ئێراق بوو، بڕیاری ژمارە (٣٣)دەرکرد ، ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی بە سنورێکی تازەوە دیاری کرد،کۆمەلێك کوردی سەربە حکومەتی ناوەندی کردە بەرپرسی دام و دەزگا ئۆتۆنۆمیەکە[٥].سەرکردایەتی پارتی بەڕاگەیەنراێك دەستی بەشەڕ کردەوە

---

[١]- www.kdp.info،کاتی سەردان ٢٠١٧/٤/٥

[٢]- جلال طالباني، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٩.

[٣]- جليلي جليل،م.س.لازاريف،م.أ.حسرتيان،شاكرو محويان،أولغا جيغالينا،الحركة الكردية في العصر الحديث،ترجمة :د. عبدي حاجي،( دهوك،مطبعة خانى ، ٢٠١٢،ص٢٧٨).

[٤]- د.گوینتەر دێشنەر،کورد:گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێ کراو،چاپی دووەم،و:حەمە کریم عارف،( هەولێر ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،١٩٩٩،ل٢١٥).

[٥]- بشير صادق،ناوچە جێناکۆکەکان _ لێکۆلینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، (چاپخانەی ڕوئەی ،٢٠١٦،ل٩٩).

،لەبەرامبەر جێبەێنەکردنی مافەکانی کورد.دوای ساڵێك شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و سوپای ئێراق، حکومەتی ئێراقی لەگەل شای ئێران رێکەوت.لە پەراوێزی کۆنگرەی (ئۆپیك )،لە ولاتی جەزائیر (سەدام حسێن) جێگری سەرۆك کۆماری ئێراق و (محەمەد رەزاشا،١٩١٩_١٩٨٠) شای ئێران بە نێوەندگیری(هەواری بۆمیدیان،١٩٣٢_١٩٧٨) سەرۆك کۆماری جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ گەیشتنە رێکەوتن بۆ دووبارە دارشتنەوەی سنوری نێوانیان.ئێراق رووبەرێکی زۆری لە یەکاوی عەرەب بۆ ئێران جێهێشت. ئێران برپاریدا یارمەتیەکانی لە شۆڕشی کوردببرێ،سەرکردایەتی شۆڕش بەبێ هیچ بەرەنگاریەك،برپاری کۆتایی هێنانی بە جولانەوەی چەکداریدا.کۆتایی هێنان بە جولانەوەی چەکداری،شکستێکی یەکجار گەورە بووبۆ کورد،بۆ دەولەتی ئێراقیش سەرکەوتنێك بوو لە نرخ نەدەهات.

**قۆناغی سێیەم (١٩٧٥_١٩٩١)**.دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥،دەستبژێرە سیاسی و فەرماندە ناسراوەکانی پێشمەرگە،بەدوای وەلامێکی گەرم و گوڕ بوون بۆ ئەم شکستە گەورەیە.ئەنجام لە دیمەشقی پایتەختی سوریا رۆژی ١٩٧٥/٦/٢٢ بەسەرۆکایەتی( جەلال تالەبانی )*، رێکخراوێکی تازە بەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) راگەێنرا.رۆژی ١ی حوزەیران بووە ساڵ رۆژی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە[1].ئامانج لە دامەزراندنی یەکێتی وەك رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی ،کۆکردنەوەی زۆرترین بیروباوەڕە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بوو، بۆ دووبارە هەلگیرسانەوەی جولانەوەی چەکداری،بۆیە لە دوای یەك ساڵ ،لە ١٩٧٦/٦/١ شۆڕشی نوێ راگەیەنرا .ئامانجی یەکێتی لە یەکەم بەیاننامەدا هاتووە (ی.ن.ك داوای سەلماندنی مافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی راستەقینە لە چوارچێوەی کۆمارێکی عیراقی دیموکراتی سەربەخۆدا دەکات)[2].یەکێتی زوو گەشەی کرد، کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کە دواتر ناوەکەی بووە (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان )لە ساڵی ١٩٧٠ دروست بوو . لەگەل بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ،کە دواتر وشەی دیموکراتیەکەی لێکرایەوە لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزرابوو،لەگەل هێلی گشتی ئەوکەسانەی کە رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون.بەهەموویان نیمچە بەرەی یەکێتیان پێك دەهێنا[3]. یەکێتی لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی خۆیدا. دروشمی لە ئۆتۆنۆمی راستەقینەوە گۆڕی بۆ مافی چارەی خۆنووسین . کەوا شیکردنەوەی یەکێتی بۆ مافی چارەنووس هەر لە یەکێتی ئارەزوومەندانە تاکو سەربەخۆیی دەگرێتەوە[4]. لە دوای یەکێتی حزبەکانی تریش. حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ،دروشمی مافی چارەنووسیان بەرزکردەوە لە

---

*- جلال حیسامەددین نوراللە تالەبانی ساڵی ١٩٣٣لە گوندی کەلکانی قەزای رانیە لە دایك بووە. کۆلێژی مافی تەواو کردووە.لە کۆتایی چلەکان چۆتە ناو کاری سیاسی .دامەزرێنەر و یەکەم سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. لە ساڵی ٢٠٠٥بووە سەرۆك کۆماری عێراق،لە ساڵی ٢٠١٢بەهۆی نەخۆشیەوە لە کاری سیاسی دوور کەوتەوە ،لە ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد.

[1]- نەوشیروان مستەفا ئەمین،لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ،( سلێمانی ،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ،چاپی دووهەم، ١٩٩٧،ل٤٣).

[2]- سەروەر عەبدولرەحمان عومەر،یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان _ دامەزراندن و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش١٩٧٥_١٩٧٦،( سلێمانی ،چاپخانەی نما، ٢٠٠٢،ل١١٥).

[3]- هەمان سەرچاوە،ل٧٧.

[4]- جەلا تالەبانی .راپۆرتی سیاسی،پەسند کراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ،١/٢٧_١٩٩٢/٢/١٤،لە (هەولێر، بلاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ١٩٩٢،ل٧٥).

جێگای مافی ئۆتۆنۆمی.پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٧٦ بەناوی شۆڕشی گولان دەستیان بەجولانەوەی چەکداری کردبۆوە ،تاکو ساڵی ١٩٩٣ لە کۆنگرەی یازدەدا دروشمیان هەر ئۆتۆنۆمی بوو ،لەو کۆنگرەیەدا دروشمەکەیان گۆڕی بە مافی فیدراڵی[1].

**٣_ راپەڕین وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵی باشوری کوردستاندا.**

ڕۆژی ٥ی ئاداری ١٩٩١ ،دانیشتوانی شاری رانیە بەهاوکاری پێشمەرگە پەلاماری دام و دەزگاکانی حکومەتیاندا.ئەم سەرهەڵدانە بەخێرایی گەشەی کرد ،تاکو رۆژی ٣/٢١ شاری کەرکوکیش کەوتە ژێردەستی پێشمەرگە ،دواتر لە کۆتایی مانگی ئادار و سەرەتای نیسان،سوپای ئێراق پەلاماری باشوری ئێراق و کوردستانیاندا ، زۆربەی شارە گەورەکانیان کۆنترۆڵ کردەوە.لە کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن کەس ئاوارە بوو.لە چەند شوێنێك هێزی پێشمەرگە ،پێشڕەوییەکانی سوپای ئێراقی وەستاند.کۆمەڵی نێودەوڵەتی هاتە سەر هێل ،لەژێر کاریگەری ڕای گشتی میللەتەکانیاندا.چونکە میدیا رۆلی زۆری هەبوو لە گواستنەوەی مەینەتیەکانی خەڵکی کۆچڕەو .لە ١٩٩١/٤/٥ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی دەرکرد.لەم بڕیارەدا باس لە مەینەتییەکانی دانیشتوانی کورد دەکات ،لە دەست سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێراق ، هەروەها باس لە پێشێل کردنی مافی سیاسیان دەکات[2]. ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش بە یەکەم بریار دادەنرێت لە مێژووی خوێدا،کە باس لە مەینەتییەکانی گەلی کورد دەکات لە رووی مافی مرۆڤ و مافی سیاسی .ئەمەش بووە سەرەتایەکی باش لە ناسینی کێشەی کورد لە جیهاندا. بۆیە راپەڕین وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بوو،لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و جوگرافی کۆمەڵی باشوری کوردستاندا .هۆکاری سەرەکی ئەم وەرچەرخانەش سەرکێشیەکانی (سەدام حسێن) بوو ، چونکە بەگژ کۆمەڵی نێودەوڵەتی دا چۆوە.لە دوای کۆڕەو بەرەی کوردستانی کەوتە گفتوگۆ لەگەل حکومەتی ئێراق. بەلام دوای چەند مانگ گفتووگۆ بەبن بەست گەیشت[3].هەروەها هێزە کوردیەکانیش بۆچوونی جیاوازیان تێکەوتبوو ،لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩١ حکومەتی ئێراق هەڵسا بە کشاندنەوەی تەواوی یەکە کارگێڕییەکانی خۆی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك .خەڵکی کوردستان کەوتە دۆخێکی نەخوازراوی ئابووری و دارایی و بەڕێوەبردنەوە.بەرەی کوردستانی سەرپەرشتی یەکە ئیدارییەکانی دەکردلە (٨) حزب پێك هاتبوو .بەرەی کوردستانی بریارِی پڕکردنەوەی بۆشایی یەکە ئیدارییەکانیدا .بەپێی یاسای ژمارە (١) ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی ئێراق ،لە ١٩٩٢/٥/١٩ یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە باشوری کوردستان بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان ئەنجام درا.دواتر لە ١٩٩٢/٧/٥ حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق دامەزرا . هەموو ئەو بۆشایە کارگێڕیانەی کە دروست بووبوو پڕکرایەوە[4]. ئەرکی پەرلەمانی کوردستان ئەوە بوو کە بڕیار لە چارەنووسی میللەتی باشوری کوردستان بدات. بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمان لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیاری ژمارە (٢٢)ی دەرکرد، بە پێی ئەم بڕیارە نێوانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لەسەر

---

[1]- www.kdp.info .کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٩.

[2]- .www.un.org/ar/sc/documents/resolutions/1991. کاتی سەردان٢٠١٧/٣/١٩.

[3]- د. مکرم طالبانی ،سەرچاوەی پێشوو،ل٥١٩.

[4]- شورش حسن عمر ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٤٨.

بنەماییەکی یەکێتی فیدراڵی رێك دەخرێتەوە ،لە ئێرافێکی دیموکراتی پەرلەمانی[1]. ساڵی ٢٠٠٣هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ،دەسەڵاتی بەعسیان ڕووخاند. کورد بووە کاراکتەرێکی کاریگەر لە دامەزراندنەوەی ئەو وڵاتە، لە ٢٠٠٤/٣/٨ (قانوونی ئیدارەی کاتی )بە (٦٢) مادده دەرچوو .لەو قانوونەدا،شێوەی دەوڵەتی ئێراقی دیاری کراوە .کە دەوڵەتێکی سیستەم فیدڕالیە، هەروەها بە روونی دان بە مافەکانی گەلی کورد نراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی ئێراق، هەرێمی کوردستان بە تەواوی دامەزراوەکانی دانی پێنراوە [2].دواتر لە ٢٠٠٥/١/٣٠ یەکەم هەڵبژاردنی گشتی کرا بۆ دیاریکردنی پەرلەمانی کاتی و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی ئێراق. ئەنجام دەستووری ئێراقی لە (١٤٤)مادده نووسرایەوە،ئێراق بە وڵاتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی دیموکراتی ناسێنرا.لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ زۆرینەی خەڵکی ئێراق دەنگی بە دەستووردا.هەرێمی کوردستان بەتەواوی دامەزراوەکانی لەم دەستوورەدا وەك دەسەلاتی شەرعی هەرێم ناسراوە[3].هاو تەریب لەگەل یەکەم هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئێراق، دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش لەرۆژی٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ئەنجامدرا،لە هەمان کاتداکۆمەڵێك لە چالاکوان و رۆشنبیر و کەسایەتی نەتەوەیی و سیاسی کوردهەڵسان بەدامەزراندنی کۆمیتەیەك،بەمەبەستی ڕاپرسی کردن، لەسەر چارەنووسی باشوری کوردستان.لە پاڵ بنکەکانی دەنگدان بنکەیەکی تری دەنگدان هەبوو .بەمەبەستی راپرسی بە نەخێر و بەلێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان یان مانەوە لەگەل ئێراق ،ئەم راپرسیە رەسمی نەبوو،بەلام زۆرینەی دەنگدەران بەشداری ئەو راپرسییەیان کرد،ئەنجام (٩٨٪) دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا[4]. ئەمەش ئەوەی سەلماند،کەزۆرینەی گەلی کورد لەگەل دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن بۆ میللەتەکەیان لە فۆڕمی سەربەخۆیدا .

## بەشی چوارەم

## ناساندن و خستنە ڕووی پێکهاتەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵ

---

[1] - هەمان سەرچاوە،ل٣٤٩.

[2] - www.iraqja.iq/view.78. کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٩.

[3] - www.bbc.com/arabic/middleeast/2014/04/140424 ،_iraq_timeline. کاتی سەردان ٢٠١٧/٣/١٩.

[4] - د. مایکل رۆبن ،هەستانەوەی کوردستان؟تێڕامان لە کورد و وڵاتانی دراوسێ و هەرێمەکە ، و: د. پشتیوان فەرەج، (ئەمێریکان ئینتەپڕایز ئینستیتویت،٢٠١٦،ل٣٥).

لە دوای ڕاپەڕین ڕۆژنامەوانی و میدیای کوردی بەشێوەیەکی فراوان شوێنی خۆیان لە ژیانی گشتی و تایبەتی کۆمەڵی باشوری کوردستاندا گرت. ڕۆژنامەی ڕۆژانە هاتە کایەوە[1]. دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ،کاری ڕۆژنامەوانیش بەیاسا ڕێکخرا[2].بۆیەکەم جار ڕۆژنامەوانی کوردی بووە سەرچاوەی زۆربەی بابەتە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانی خوێنەر.لەپاڵ گەشەی ئابوری و سیاسی میدیاش بەتەواوی کەنالەکانیەوە گەشەی کرد.ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حزبی و ئەهلی هاتنە کایەوە. هەردوو ڕۆژنامەی (میدیا و هەواڵ)یش ڕۆڵی دیاریان هەبووە لە ئاراستەکردنی پرسە دیارەکانی کۆمەڵ،ڕۆژنامەیمیدیا و هەواڵ، دوو ڕۆژنامەی سیاسی گشتین،لە باشوری کوردستان ،هەردووکیان کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر پرسە گشتیی و تایبەتییەکان،ڕۆژنامەی میدیا وەك ئۆرگانی ناوەندی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK)* دەرچووە.ڕۆژنامەیەکی ئاراستە کراوی سیاسی حزبیە.بۆچوون و مەبەستەکانی پۆلێنی حزبین زیاتر،لە بابەتی پرسی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستاندا ڕۆژنامەی میدیا زۆر دەوڵەمەندە.هیچ ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە نیە یەکێ لە ژانرەکانی لەسەر پرسی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی نەبێت .

ڕۆژنامەی هەواڵ ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی گشتییە.ڕاوبۆچوونی لەسەر زۆرینەی بابەتەکانی ژیانی گشتی کۆمەڵی باشوری کوردستاندا هەیە، لە زۆر دەرگای توندی داخراوی داوە،لە بلاوکردنەوەی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا دەوڵەمەندی پێوە دیارە.سەبارەت بە پرسی مافی چارەنووس لە ڕۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان پشکی خۆی خستۆتە ڕوو،بەردەوام لەسەر ئەم ڕاستە هێلە ڕاوبۆچوون خۆی هەبووە [3].

## پاری یەکەم

## ناساندن و خستنە ڕووی ڕۆژنامەی میدیا

بەپێی مۆڵەتی ڕەسمی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ساڵی ١٩٩٦ (بە پاڵپشتی مادە(١٦)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣/ی هەرێمی کوردستان)بە ئیمزای (وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان) ڕۆژنامەی میدیا مۆڵەتی دەرچوونی وەرگرتووە.وەك ئۆرگانی ناوەندی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان). ژمارە سفری ڕۆژی ١٩٩٦/٣/٢١ لە شاری هەولێر دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز غەفور مەخموری[4].

---

[1] - ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ،وەك یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی ١٩٩٢/١/١٢ لە شاری هەولێربلاوکرایەوە،ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتیە.لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەردەچێت ، تاکو ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیەش بەردەوامە لە دەرچوون، بارەگای سەرەکی لە شاری سلیمانیە.

[2] - پەرلەمانی کوردستان،یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق ،ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣.

*- پارتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK.لە ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٥ (١٩٩٥/٣/٢١) لە لایەن چەند گەنجێکی بیروباوەڕ نزیك لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ،لە شاری هەولێر دامەزرا.دواتر لە ڕۆژی ١٩٩٥/١٠/١ بوون بە دوو بەش،باڵێکیان نزیك لە پارتی کرێکاران مایەوە ،بەشێکیشیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق) نزیك بوونەوە . دواتر باڵەکەی نزیك لە پارتی کرێکارانی کوردستان، PKKناوی تری وەرگرت . یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان YNDK .نزیك لە پارتی دیموکراتی کوردستان،PDK،بە سکرتاریەتی غفور مەخمووری بەردەوامی بەخۆیدا .

[3] - گفتوگۆ لەگەڵ شوان داودی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵ بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی،کەرکوك،کاتژمێر١ی نیوەڕۆ،٢٠١٧/٣/١٧.

[4] -گفتوگۆ لەگەڵ، غەفور مەخموری ،خاوەنی ئیمتیاز،هەولێر.کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، ٢٠١٧/٣/٩.

سەرنووسەری کامەران جەلال بووە .لە ژێر تایتلی میدیا نووسراوە رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە. ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK)ـە[1]. لە لۆگۆی رۆژنامەکەدا وشەی میدیا نووسراوە.لە دوای پیتی(م ) ئەستێرەیەکی چوار گۆشە هەیە،گوزارشتە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان.لە دوای ئەستێرەکە تیشکی رۆژی ئالای کوردستان هەیە.لە باگگراوندی ئەمانە نەخشەی کوردستانی گەورە دەبینرێ،نووسراوە هەفتانە دەردەچێ.بەلام (١٥) رۆژ جارێك دەرچووە،لە قەبارەی (٨) لاپەڕە بووە،رووبەرەکەی(٢٤×٣٣)سانتیمەترچوارگۆشەبووە،ناونیشانەکەی بە رەنگی سوور نووسراوە.

دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ رۆژنامەکە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تۆمار کراوە ،بەم شێوەیە (تۆماری یاسای / بەپێی برگەکانی (١،٢،٣،٤،٥،٦) لە ماددەی (٣)ی یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمار(٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ بڕیاری لەسەردرا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت رۆژنامەی (میدیا) کە خاوەن ئیمتیازی (غفور طاهر سعید) و سەرنووسەرەکەی (مظفر خالد عبدالرحمن) مەرجە یاسایەکانی تێدا بەدی هاتووە ،لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (٢٢) تۆمار کرا... ئیمزا _فەرهاد عەونی _نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان_ هەولێر_ ٢٠١٠/٢/٣)[2].

## ١_ دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی میدیا.

رۆژنامەی میدیا لە مێژووی خۆیدا چەند جارێك دەستەی نووسەرانی گۆڕیووە،یان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.لە یەکەم ژمارەی خۆیدا کە بە ژمارە سفر دەست پێدەکات،خاوەنی ئیمتیاز غەفور مەخموری بووە ،تاکو ئەنجام دانی ئەم توێژنەوەیە، ناوبراو هەر خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەیە.لەهەمان کاتدا سکرتێری گشتی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK)ە . رۆژنامەی میدیا لە مێژووی خۆیدا ژمارەیەك سەرنووسەری گۆڕیوە. لە چاو رۆژنامەیەکی لەم شێوەیە کە نزیکترین کاتی دەرچوونی هەفتانە بووە. زۆرترین سەرنووسەری گۆڕیوە،بەم شێوەیە :

١_ لە ژمارە سفرەوە تاکو ژمارە ٣٩،لە ١٩٩٦/٣/٢١ تاکو ١٩٩٨/١٢/١٥،کاروان جەلال.

٢_.لە ژمارە ٤٠ تاکو ژمارە ٥٥،لە١٩٩٩/٢/١ تاکو ١٩٩٩/١١/١٥' کاروان مەجید.

٣_ لە ژمارە ٥٧ تاکو ژمارە ٦٨،لە ١٩٩٩/١٢/١٥ تاکو ٢٠٠٠/٦/١٥،سەربەست مەحمود.

٤_ لە ژمارە ٦٩ تاکو ژمارە ٧٥،لە ٢٠٠٠/٧/١تاکو ٢٠٠٠/١٠/١،تەحسین شێروانی.

٥_ لە ژمارە ٧٦ تاکو ژمارە ٣٢٩،لە ٢٠٠٠/١٠/١٥تاکو ٢٠٠٨/٣/٤،ئاکۆ محەمەد سەرنووسەر بووە .

٦_ لە ژمارە ٣٣٠ تاکو ژمارە ٤٦٥،لە ٢٠٠٨/٣/١١ تاکو ٢٠١٠/١٢/٢٨،کاوە نادر قادر.

٧_ لە ژمارە ٤٦٦ تاکو دواین ژمارە،لە ٢٠١١/١/١١تاکو ئەنجامدانی ئەم توێژنەوەیە، شاخەوان خالید سەرنووسەر بووە .

لە ژمارە (٢٢١)ی رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٠ ناوی دەستەی نووسەران لە لاپەڕە (١٥) ئاشکرا کراوە . بەم شێوەیە .بێستون نوری جێگری سەرنووسەر،عەبدوڵلا قەرگەیی بەرپرسی دارایی و کارگێڕی،دەستەی نووسەران لەم ناوانە پێکهاتووە .فازڵ نەجیب، دەشتی سەباح ، حوسێن هیمەتی ،شوان تاڤینگ، سالار بابە

---

[1]- جەلال سمایل ،پانۆرامای رۆژنامەی میدیا ،رۆژنامەی میدیا ،ژمارە (٥٠٠)رۆژی ٢٠١١/٩/٢٠،ل٢.

[2] - سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ،تۆماری یاسایی ژمارە ٢٢ی رۆژی ٢٠١٠/٢/٣.

شێخ، ساڵح قادر،تۆڵە مەهدی .لە ژمارە (٢٧١)ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٩ ناوی جێگری سەرنووسەر نەماوە . لە ژمارە (٣١١)ی ٢٠٠٧/١٠/٢٢دەستەی نووسەران گۆڕانی بەسەرداهاتووە،سەلام سەعدی جێگری سەرنووسەر ،ساڵح قادر بەڕێوەبەری نووسین،عەبدوڵلا قەرگەیی بەرپرسی دارایی و کارگێڕی،حوسێن هیممەتی بەرپرسی هونەری.دەستەی نووسەران فازڵ نەجیب، ئەمیر ئیسماعیل، موسا محەمەد، نەوزاد مەحمود عەبدولکریم.لە ژمارە (٣٣٠)ی ٢٠٠٨/٣/١١ هەورامان محەمەد بووە بە جێگری سەرنووسەر،تاکو ژمارە (٣٤١)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٣٠. هەورامان محەمەد دوا جێگری سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە بووە، لە دوای ئەو هیچ کەسێك نەبۆتە جێگری سەر نووسەر.لە ژمارە (٣٣٥)ی ٢٠٠٨/٤/٢٣،نیاز عەبدوڵلا بووە بە سکرتێری نووسین، لە ژمارە (٣٨٧) ی ٢٠٠٩/٥/١٣ ناوی لە ڕۆژنامەکەدا نەماوە.لە ژمارە (٣٣٦)ی ٢٠٠٨/٢/٢٩. دەستەی نووسەران بەم شێوەیە.جەلال سلێمان بەرپرسی کارگێڕی و دارایی ، سعود هاشم ،خێلان بەختیار، خەلیل پالانی، هەلۆ مەرگەیی، نەهدی رواندزی ،دەستەی نووسەران. لە ژمارە (٤٤٢)ی ٢٠١٠/٧/٦ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. سالار بابە شێخ سکرتێری نووسین ، هەواڵ و سیاسەت بەهمەن عومەر، هەڵەچن بەختیار ئەحمەد ،دیزاین هیوا مەحمود.ئەم دەستەی نووسەرانە بەردەوام بووە ،لە ڕۆژنامەکەدا تاکو ژمارە (٦٢٩)ی ٢٠١٤/١٠/١٤ ناوی دەستەی نووسەران نەماوە . تەنها ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکە دەبینرێ[1].لە مێژووی ڕۆژنامەی میدیادا چەند کاریکاتێریستێك کاریان کردووە ،ئەوانیش (ئەحمەد خۆشنووس ، هندرێن ،دیار ئاکرەیی ، یاسین قوڕەیشیی)[2].

**٢_ لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی میدیا.**

ڕۆژنامەی (میدیا) چەند جارێك قەبارە و ژمارەو ڕەنگی لاپەڕەکانی گۆڕیووە.لە ژمارەی سفردا بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە.لە ژمارە(١_ ٨٩)، (٨)لاپەڕە بووە ،لەژمارە (١_٢٠) ڕووبەرەکەی بە پێوانەی (٢٤×٣٣)سانتیمەترچوارگۆشەیە.لە ژمارە (٩٠_٢٠٧) بووە بە(١٢) لاپەڕە .لە ژمارە (٢١_٢٠٧) پێوانەکەی (٣٠×٤٣) سانتیمەترچورگۆشەیە.لە ژمارە (٢٠٨تاکو ٢٣٢) بووە بە (١٦)لاپەڕە، پێوانەکەی (٣٣×٤٨) سانتیمەترچوارگۆشەیە.لە ژمارە (٢٣٣ _ ٣٥٣) بووە بە (٢٠) لاپەڕە[3].لە ژمارە (٣٥٤_٦٠٩) بۆتەوە بە (١٦) لاپەڕە . لە ژمارە (٣٩٠) لاپەڕەی یەکەم وناوەندوکۆتایی بووە بە ڕەنگاوڕەنگ.لە ژمارە(٦١٠_ ٦٤٥) بۆتەوە بە (١٢) لاپەڕە.لاپەڕەکانی میدیا پڕیەتی لە ژانری ڕۆژنامەوانی هەمەجۆر.لە بوارەکانی (سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و مێژوویی و جوگرافی و ئابووریی و زانستی و نەتەوەیی و وەرزش و ئەدەب و هونەر و گەنجان و ژنان ). لە ژمارەکانی سەرەتادا ،بابەتی وەرزش نابینرێ ،تاکو لە ژمارە (٢٤٣)ی ٢٠٠٦/٦/٦ هەردوو لاپەڕەی( ١٨ و ١٩ ) تەرخان کراوە بۆ وەرزش.دەتوانین بلێین لەگەل مۆندیالی جیهانی بۆ تۆپی پێی ساڵی ٢٠٠٦ی ئەڵمانیا ،دەستی بەبلاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتی وەرزشی کردووە . ڕۆژنامەی میدیا لە مێژووی خۆیدا چەند جارێك لۆگۆی خۆی گۆڕیوە .لە ژمارە (٠_ ٦٣). لە ژمارە (٦٤_ ٨٢). لە ژمارە (٨٣ _ ١٢٠).لە ژمارە (١٢١_ ١٩٨). لە ژمارە (١٩٩_ ٢٣٢).لە ژمارە (٢٣٤_ ٣٨٩).لە ژمارە (٣٩٠ _٦٤٥).لە ژمارە سفر تاکوژمارە

---

[1] - پشکنینی توێژەر لە ئەرشیفی ڕۆژنامەی میدیادا.

[2] - جەلال سمایل ،سەرچاوەی پێشوو،ل٢.

[3] - هەمان سەرچاوە،ل٢ .

(١٥١) نووسراوە(ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە .ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKە).لە لای چەپی تایتلەکەی دروشمی ( کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات) نووسراوە .لە ژمارە (١١٧) گۆڕان بەسەر ئۆرگانەکەیدا هاتووە ،بووە بە (ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە.یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەریدەکات).لە ژمارە (٢٣٦)ی ٢٠٠٦/٤/١٨.دروشم گۆڕاوە، بووە بە (بێلایەنی و پیشەیی و سەربەخۆیی کوردستان) .ئەم دروشمە هەتاکو دوا ژمارەی کاغەزی کە ژمارە (٦٤٥)ی ٢٠١٥/١٢/١بەردەوام بووە[1]. ڕۆژنامەی (میدیا) لە ژمارە (٩٠)ی ٢٠٠١/٣/٢١ چۆتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت (www.yndk.com).لە ژمارە (٦٠٩)ی ٢٠١٣/١٢/٢٤،لە ئاگاداریەکدا رایگەیاندووە کەوا لە ساڵی نوێدا (٢٠١٤/١/١)دا،ڕۆژنامەی (میدیا) لە تۆڕی ئەنتەرنێت دەبێتە ئۆنلاین بەناوی (ئاژانسی هەواڵی میدیا) دروشمەکەی بەم شێوەیە (راستگۆی لە هەواڵ و شرۆڤەی سیاسی و کۆمەلایەتی هەمەڕەنگ لە ئاژانسی هەواڵی میدیا دەستدەکەوێت). ناونیشانە ئەلکترۆنیەکەشی هەر وەکو خۆیەتی (www.yndk.com)[2].
لەگەل گەشەی تۆڕی ئینتەرنێت. ئاژانسی میدیا لینکی لاپەرەکانی رۆژنامەکەی لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی وەك (فەیسبوك و تویتەر و یوتوب و گوگل)داناوە.ڕۆژنامەی میدیا لە ژمارە سفریدا نووسیوییەتی هەفتانەیە.بەلام (١٥) رۆژ جارێك دەرچووە .لە ژمارە (١٨٠)ی ٢٠٠٥/٢/١٥، ئاگادارییەکی بلاوکردۆتەوە ،کەوا ڕۆژنامەکە دەبێتە هەفتانە .هەموو رۆژانی سێ شەممە دەکەوێتە بازاڕەوە (هەموو سێشەممەیەك میدیا بخوێنەوە.لە پێناو زیاتر وێراگەیشتن و خستنەڕوو و شرۆڤە کردنی بوویەرو ڕۆژەڤەکانی کوردستان، رۆژنامەی میدیا رایدەگەیێنێ کە لە رۆژی سێ شەممەی داهاتوو ٢٠٠٥/٣/١هەفتانە هەموو سێشەممەیەك دەردەچێت و دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی بەو بۆنەوە داوا لە هاوکاران و رۆژنامەڤان و نووسەران دەکەین بە هەواڵ و ریپۆرتاژ و وتار زیاتر هاوکاریمان بکەن.هەر بەو بۆنەیەوە میدیا کردنەوەی بارەگای تازەی خۆی لە شەقامی سولتان موزەفەر لە پشت ئاسایشی هەولێر نزیك کۆمپانیای بابان لە هەولێر رادەگەیێنی)[3].بەم شێوەیە رۆژنامەکە ،لە ژمارە (١٨١)ی ٢٠٠٥/٣/١ ،بووە بە هەفتانە ،هەموو رۆژانی سێشەممە دەرچووە .تاکو ژمارە (٦٠٩) ٢٠١٣/١٢/٢٤ .لە ژمارەی (٦٠٩)دا ئاگادارییەکی بلاوکردۆتەوە ، رۆژنامەکە دەبێتەوە بە (١٥) رۆژجارێك (ئاگاداریەك بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی میدیا. وێرای پیرۆزبایی ساڵی نوێی ٢٠١٤ئاگاداری خوێنەرانی ئازیزی رۆژنامەکەمان دەکەینەوە کە سێ شەممەی داهاتوو،رۆژنامەکەمان بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵ دەرناچێت.لە ساڵی نوێ رۆژنامەی میدیا بەهەندێ گۆڕانکاری و شێوازێکی دیکە و دووهەفتە جارێك، لە رۆژی سێ شەممە دەکەوێتەوە بەر دیدەی خوێنەرانی و لە ساڵی نوێ ئاژانسی هەواڵی میدیا . www.yndk.com دەکەوێتە کار و سات لە دوای سات هەواڵ و زانیاری نوێ بەخوێنەرانی ئازیزی پێشکەش دەکات)[4].لە ژمارە (٦١٠)ی ٢٠١٤/١/١٤ بۆتەوە بە پازدە رۆژ جارێك .لە ژمارە (٦٣٤) شاخەوان خالید سەرنووسەری رۆژنامەکە ،لە ستونەکەی خۆیدا بەناونیشانی (میدیا مانگانە جارێك دەردەچێت) باس

---

[1] - رۆژنامەی میدیا ، ژمارە (٦٤٥)،رۆژی ٢٠١٥/١٢/١،ل١.

[2] - رۆژنامەی میدیا . ژمارە (٦٠٩). رۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٤،ل١.

[3]- رۆژنامەی میدیا . ژمارە (١٨٠). رۆژی ٢٠٠٥/٢/١٥،ل١

[4] - رۆژنامەی میدیا . ژمارە (٦٠٩). رۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٤،ل١.

له مێژووی رۆژنامەکه و خزمەتکردنی به ڕەوتی رۆژنامەوانی کوردی دەکات.هۆکاری دەرچوونی رۆژنامەکە لەیەك مانگدا دەگێڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئابووری ،دەنووسێت (قەیرانی ئابوری کوردستان و ئەو ئابلوقە ئابوریەی حکومەتی ئێراقی خستیە سەر کوردستان و بڕینی بودجەی حزبەکان لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە،کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی لاپەڕەکان و دەرچوونی هەر دوو هەفتە جارێك کردە سەر میدیا، بەلام رۆژنامە هەر لەسەر پێ مایەوە و دەمینێتەوە لەبەر ئەوەی ئەم رۆژنامەیە مولکی هەموو نەتەوەیی و ولاتپارێزەکانی هەموو کوردستانییانە، بۆیە ناتوانین رایبگرین.تا ئێستا ئابووری کوردستان چاك نەبووە،بۆیە له سالی نوێ بەهۆی ئەم قەیرانە ئابووریە رۆژنامەی میدیا دەبێتە مانگانە و مانگی جارێك هەر لە رۆژانی سێ شەممە دەکەوێتەوە بەردیدی خوێنەرانی ئازیزی،دەرچوونی رۆژنامەی میدیا لە مانگێك تەنیاجارێك،خوێنەرانی نیگەران دەکات،بۆیە داوا لە خوێنەرانی ئازیزی رۆژنامەکەمان دەکەین بە گەورەیی خۆیان لێمان ببورن،وادەیان پێدەدەین لەگەل نەمانی قەیرانی ئابووری لە باشووری کوردستان رۆژنامەکەمان دەکەینەوە هەفتانە)[١]. بەم شێوەیە رۆژنامەی میدیا لە سالی ٢٠١٥ بەردەوام دەبێت.مانگانە تەنها یەك ژمارەی ١٢ لاپەڕەیی لێدەرچووە .بەسەریەکەوە تەنها (١١) ژمارەی لێدەرچووە . لە ژمارە(٦٤٥)ی ٢٠١٥/١٢/١، کە دوا ژمارەی کاغەزی رۆژنامەکەیە.بە ئاگادارییەك وەستانی رۆژنامەکەی ڕاگەیاندوە.بەم شێوەیە (ئاگاداریەك لە رۆژنامەی میدیا.بەدرێژایی ٢٠ سالْ بەردەوام بوون لە دەرکردنی ،رۆژنامەی میدیا خزمەتێکی بێوچانی بواری رۆژنامەوانی کوردی و خوێنەرانی ئازیزی کرد،بەلام بەهۆی نالەباری باری دارایی بەتایبەت ئەوە بۆ دوو سالْ دەچی بودجەی حزبەکان و YNDKراگیراوە ،بۆیە بەشێوەیەکی کاتی رۆژنامەی میدیا رادەگرین و لەگەل چاکبوونی بواری دارایی باشوری کوردستان رۆژنامەکە بە فۆڕم و بەرگێکی نوێوە دەردەکەینەوە . رێزی زۆرمان بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکەمان هەیە و سوپاسی هەموو پەیامنێر و نووسەر و رۆژنامەنووس و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هوکار بوونە لە دەرکردنی رۆژنامەکەمان و داوایان لێدەکەین لەگەلمان بەردەوام بن و نووسینەکانیان بۆ ئاژانسی هەوالی میدیا www.yndk.com بنێرن بۆ بلاوکردنەوەیان)[٢].بەم جۆرە رۆژنامەی (میدیا) کۆتایی بەتەمەنی کاغەزی خۆی هێناوە. هۆکاری سەرەکیش لە وەستانی خراپی باری دارایی بووە .باشوری کوردستان لە سەرەتای سالی ٢٠١٤وە بەهۆی پچڕانی پەیوەندی لەگەل حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و هەرزان بوونی نرخی نەوت و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە داریەکانی گشتی ،دووچاری قەیرانێکی قولی دارایی بوو .ئەم قەیرانە بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری لەسەر زۆربەی لایەنکانی ژیان کرد، کاریگەری زۆری لەسەر کەرتی میدیا و رۆژنامەوانی هەبوو. دەیان کەنالی میدیای لە هەموو جۆرەکان وەستان .

**٣_ پاشکۆکانی رۆژنامەی میدیا.**

رۆژنامەی (میدیا) هیچ پاشکۆیەکی بەردەوامی نەبووە . لەسەر بابەتێکی دیاری کراو.وەك ئەدەب و هونەر و وەرزش و یان هەر بابەتێکی تر بووبێ . چەند جارێك پاشکۆی تایبەتی دەرکردووە . پاشکۆکانیش تایبەت بوونە بە یادی نەورۆز و ڕاپەڕین و یادی دامەزراندنی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان)کە حزبی

---

[١]- رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦٣٤) ،رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣،ل١١.

[٢]- رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦٤٥)،رۆژی ٢٠١٥/١٢/١،ل١.

سياسی رۆژنامەكە بووە.لە كاتی بەستانی كۆنگرەی حزبەكەياندا پاشكۆی تايبەتی بە كۆنگرە دەركردوە.لە تەواوی ژمارەكانی ساڵی ٢٠١٣دا . لەگەل هەر ژمارەيەك ئەلبومێكی بۆ هونەرمەند و رۆشنبيرو نووسەرە ناوداره بەتەمەنەكانی كورد دەركردووە [١].

## ٤_ رۆژنامەی ميديا بەزمانی عەرەبی.

رۆژنامەی (ميديا) بۆ گەياندنی وتار و هەواڵ و بابەتەكانی بە خوێنەرانی عەرەبی زمان.هەڵساوە بە دەرچواندنی رۆژنامەكە بە زمانی عەرەبی .چەند ژمارەيەكی رۆژنامەكەی بە هەمان زنجيرە و لۆگۆ و دەستەی نووسەران بلاوكردۆتەوە .واتە ئەو ژمارانەی كە بە عەرەبی دەركراون بە كوردی بلاونەكراونەتەوە.ژمارە عەرەبيەكان بابەتەكانيان هەمەڕەنگن،لە وتاری سياسيی و رۆشنبيريی و مێژوويی و هونەريی گەلی كورد.بەسەريەكەوە (١٤)ژمارەی بەزمانی عەرەبی دەركردوە.هەر ژمارەيەك (٨)لاپەڕەيە،ژمارەكان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠_٢٠٠٤)دەرچووە.لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ ،هيچ ژمارەيەكی رۆژنامەكە بەزمانی عەرەبی دەرنەچووە [٢].

## ٥_ بەشەكانی رۆژنامەی ميديا.

رۆژنامەی (ميديا) بۆ باشتر ڕاپيكردنی كارەكانی ،پەيكەرێكی كارگێڕی هەيە، بەم شێوەيە [٣].

١_ بەشی كارگێڕی و دارايی .

٢_ بەشی هونەری و ديزاين و چاپ.

٣_ بەشی دابەشكردن و فرۆشتن و چاودێری كردن .

٤_ بەشی پەيوەنديەگشتييەكان و بەدواداچوون.

## ٦_ ميديا لە پێش خۆيدا.

بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی رۆژنامەوانی كوردی،بەر لە دەرچوونی رۆژنامەی ميديا،لە چەند شوێن و مێژووی تر بلاوكراوەی تر بەناوی (ميديا)دەرچووە.

١_لە نيسانی ساڵی ١٩٨٨لە شاری ئەستەمبۆلی ولاَتی توركيا گۆڤارێك بەناوی (ميديا) بەزمانی توركی دەرچووە.لە ژمارە (٧)نيوەی بووە بە كوردی.لە ژمارە(١٦) بووە بە رۆژنامە (١٥) رۆژ جارێك بلاو بۆتەوە [٤] .

٢_ گۆڤاری (ميديا) لە كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ لە هۆلەندا دەرچووە .گۆڤارێكی گشتی بووە [٥].

٣___گۆڤاری (ميديا) لە ساڵی ١٩٩٢ لە دهۆك كۆمەڵەی خوێندكاران و لاوانی كوردستان _لقی دهۆك بە زمانی كوردی و ئارامی دەری كردووە [٦].

٤_ گۆڤاری (ميديا) لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری سلێمانی دەرچووە و تەنها (٣)ژمارەی لێ بلاوكراوەتەوە [٧].

---

[١]- پشكنينی توێژەر لە ئەرشيفی رۆژنامەی ميديا، هەولێر،كاتژمێر٣ی پاش نيوەڕۆ .٢٠١٧/٣/١٥.

[٢]- جەلال سمايل .پانۆرامای رۆژنامەی ميديا ،سەرچاوەی پێشوو،...ل٢.

[٣]- گفتوگۆ لە گەل شاخەوان خاليد دواين سەرنووسەری رۆژنامەی ميديا،هەولێر،كاتژمێر٤ی پاش نيوەڕۆ .٢٠١٧/٣/١٥.

[٤]- ئيسماعيل تەنيا ، بيبلۆگرافيای رۆژنامەگەری كوردی ،١٩٧٥_١٩٩٣،( هەولێر،چاپخانەی رۆشنبيری، ١٩٩٨،ل٣٤).

[٥]- ئيسماعيل تەنيا ،رابەری رۆژنامەگەری كوردی،ئازاری ١٩٧٥_١٩٩٣،( هەولێر،چاپخانەی رۆشنبيری، ٢٠١٣،ل٢٤٨).

[٦]- ئيسماعيل تەنيا ، سەرچاوەی پێشوو،ل٩١.

[٧]- ئيسماعيل تەنيا ، سەرچوەی پێشوو،ل٢٨٩.

بەم شێوەیە بەناوی (میدیا)چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکی تر لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی دەرچووە.تاکو لە ١٩٩٦/٣/٢١ رۆژنامەی (میدیا) وەك ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەرچووە .

# پاری دووەم

## ناساندن و خستنە ڕووی رۆژنامەی هەواڵ

دوای وەستاندنی بڵاوکراوەی (رۆژنامەنووس)بەبڕیارێکی سیاسی*. لە ٢٠٠٠/٩/٣، ساڵی ٢٠٠١ دەستەی رۆژنامە نووسانی ئازاد نوسراوێکیان ئاراستەی بەڕێوەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن،بەشی مۆڵەت ،لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی ) کرد .داوای مۆڵەت وەرگرتنی رۆژنامەیەکیان کرد بەناوی (هەواڵ). لەبەرامبەردا وەزارەتی رۆشنبیری بە فەرمانێکی وەزاری مۆڵەتی دەرچوونی رۆژنامەی هەواڵی دەرکردووە(حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن ، بەشی مۆڵەت، ژمارە ١٥٦، زاینی : ٢٠٠١/٥/٦،کوردی: ١٦/گوڵان/ ٢٧٠١_فەرمانی وەزاری:

١_ بە پاڵپشتی مادە(١٦)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣/ی هەرێمی کوردستان،بڕیارماندا بە بەخشینی یاسایی بە ،رۆژنامەی هەواڵ..کە مانگی دووجار دەردەکرێ،و خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن.خاوەن ئیمتیاز:دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد.سەرنووسەر، (شوان داودی)شوان حویز فەریق.

٢_ ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونییەوە کاری پێ دەکرێ. فتاح زاخۆیی_ وەزیری رۆشنبیری).بەم شێوەیە رۆژنامەی هەواڵ لە شاری سلێمانی ژمارە (١)ی لە ٧/١ /٢٠٠١ دەرچوو.لە ژێر لۆگۆی هەواڵ نووسراوە (هەواڵنامەیەکی گشتی نیو مانگی یە دەستەی رۆژنامە نووسانی ئازاد خاونیەتی )[1]. ئارمی دەستەی رۆژنامە نووسانی ئازادی لەسەرە بەم شێوەیە (D.R.A). بە زمانی ئینگلیزیش نووسراوە ( HAWAL NEWSPAPER).(١٢)لاپەڕەیە، بە تابلۆیت و پێوەری (٢٤×٣٣)سانتیمەتر چوارگۆشە.ڕەنگی شین بۆ لۆگۆ و ناونیشانەکان بەکار هاتووە.سەرنووسەری رۆژنامەکەلە سەروتاری ژمارە یەکدا ،هۆکاری دەرچوونی رۆژنامەکەی باسکردووە[2].هەواڵ و وتاری ژمارەکانی سەرەتای رۆژنامەکە ،زیاتر سیاسی و ناوخۆیی کوردستان بووە .دواتر رۆژنامەکە مۆڵەتی سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستانی وەرگرتووە بە ژمارە (١١٧)ی ٢٠٠٩/٤/١.بەم شێوەیە( تۆماری یاسایی _ بەپێی بڕگەکان (١،٢،٣،٤،٥،٦) لە ماددەی (٣)ی رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت رۆژنامەی (هەواڵ) کەخاوەن ئیمتیازی (شوان حویز فریق) و سەرنووسەرەکەی (شوان حویز فریق)، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١٧)تۆمار کرا..

---

*-[٧]- بڕیاری وەستاندنی بلاوکراوەی رۆژنامەنووس لەسەرداوای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان .لە لایەن جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دراوە ،چونکە ئەو وەك کەسی یەکەمی بڕیار بەدەستی ناوچەی سلێمانی بوو ،گفتوگۆ لەگەل شوان داودی .سەرنووسەری بلاوکراوەی (رۆژنامەنووس) ،کەرکوك ،کاتژمێرای نیوەڕۆ،٢٠١٧/٣/١٧.

[1]- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (١)، رۆژی ١ی تەمموزی ٢٠٠١،ل١.

[2]- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (١)، هەمان سەرچاوە،ل١.

ئیمزا _فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان _ هەولێر ٢٠٠٩/٤/١)[1].بەم شێوەیە رۆژنامەی (هەواڵ) بە شێوەیەکی یاسایی درێژەی بەکاری خۆی داوە .لە ژمارە (٤٥)ی ٢٠٠٣/٧/١ بەم شێوەیە خۆی ناساندۆتەوە((هەواڵ) هەواڵنامەیەکی گشتی نیو مانگیە دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و راپرسی دەریدەکات)[2] .بەم شێوەیە ناوی دەستەی رۆژنامە نووسانی ئازاد نەماوە ،لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکەدا.لە ژمارە (١٠١)دا جارێکی تر گۆڕان بەسەر ناوی دامەزراوەکەدا هاتووە بووە بە (دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و رۆژنامەوانی). وشەی ڕاپرسی نەماوە .لە ژمارە(٤٠)ی ٢٠٠٣/٣/١ پێگەی ئەلکترۆنی خۆی لە تۆڕی ئەنتەرنێت کردۆتەوە (www.hawal.com). لە پاشاندا ئەم پێگە ئەلکترۆنییە گەشەی کردوە بووە بە ئۆن لاین ،بەردەوام هەواڵ و چالاکی زیندوو بلاودەکاتەوە،جگەلە پەخشکردنی رۆژنامە کاغەزیەکانی سەر بە دەزگای هەواڵ بۆ ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی.دوایین ناونیشانی ئەلکترۆنی رۆژنامەی (هەواڵ) بەم شێوەیە (www.hewalnews.com).

**١_ دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی هەواڵ.**

رۆژ نامەی (هەواڵ) لە تەمەنی خۆیدا چەند جارێك گۆڕان بەسەر دەستەی نووسەران و خاوەنی ئیمتیازی داهاتووە.لە ژمارە یەکدا خاوەنی ئیمتیازی دەستەی رۆژنامەنوسانی ئازاد بووە.سەرنووسەرەکەی شوان داودی بووە،ناوی هیچ کەسێکی تر لەسەر لاپەڕەکانی نابینرێ،لە ژمارە (٤٠)ی ٢٠٠٣/٣/١دا ، موعتەسەم نەجمەدین لە لاپەڕەی یەکەمدا ناوی وەك بەڕێوەبەری نووسین هاتووە[3].لە ژمارە (٤٥)ی ٢٠٠٣/٧/١. هەلۆ ئیبراهیم ئەحمەد بووە بە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن،ناوی لە لاپەڕەی یەك هاتووە[4].هەر لە هەمان ژمارەدا عەبدولڕحمان حاجی بکر ،وەك بەڕێوەبەری ئیدارە و پەیوەندی ناوی هاتووە .لە ژمارە (٥١)ی رۆژی ١/١٠/ ٢٠٠٣دا ناوی هەلۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکەدا نەماوە.لە ژمارە (١٠١)ی ١/١٠/ ٢٠٠٤ دلشاد نوری ئەحمەد بووە بە بەڕێوەبەری هونەری.لە ژمارە (٢٣٠) شوان داودی بووە بە(بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر)[5].لە ژمار(٢٥٨)ی ٨/١٢/ ٢٠٠٧ دەستەی نووسەران جارێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە.بەم شێوەیە (شوان داودی بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر، موعتەسەم نجمەدین جێگری سەرنووسەر،بورهان حاجی سلێمان بەڕێوەبەری نووسین ، عەبدولڕحمان حاجی بەکر بەڕێوەبەری ئیدارە و پەیوەندی،دڵشاد نوری ئەحمەد بەڕێوەبەری هونەری ).لە ژمارە (٣٥٢)ی رۆژی ٢٠٠٩/١١/٧ موعتەسەم نجمەدین وەك جێگری سەرنووسەر دەستی لە کارکێشاوەتەوە[6] ،لە کورتە نووسینێك باس لە هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەکەی دەکات.لە ژمارە (٤٥١) دەستەی نووسەران گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەبێ ئەوەی هیچ رونکردنەوەیەك بلاوکرابێتەوە (خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گشتی شوان داودی.سەرنووسەر بورهان حاجی سلێمان،

[1]- سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان،تۆماری یاسایی ،ژمارە ١١٧ی رۆژی ٢٠٠٩/٤/١.

[2]- رۆژنامەی هەواڵ،ژمارە (٤٥)، رۆژی ٢٠٠٣/٧/١،ل١.

[3]- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٤٠)، رۆژی ٢٠٠٣/٣/١،ل١.

[4]- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٤٥)، رۆژی ٢٠٠٣/٧/١،ل١.

[5]- رۆژنامەی هەواڵ،ژمارە (٢٣٠)، رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٩،ل١.

[6]- رۆژنامەی هەواڵ ،ژمارە (٣٥٢)، رۆژی ٢٠٠٩/١١/٧،ل٢.

بەڕێوەبەری هونەری دڵشاد نوری ئەحمەد،بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان عەبدولڕحمان حاجی بکر)[١].لە ژمارە (٥٠٠) دەستەی نووسەران گۆڕانی بەسەردا هاتووە.بەم شێوەیە (هێرۆ کوردە بەڕێوەبەری نووسین، توانا حەمە نوری و هێمن حەسیب سکرتێری نووسین ). لە ژمارە (٥٦٧) ناوی (هێرۆ کوردە و توانا حەمە نوری و هێمن حەسیب) نەماوە لە بەڕێوەبەری نووسین و سکرتێری نووسین. هەروەها سکرتێری نووسین هەڵوەشاوەتەوە .(هێمن حەسیب) بووە بە بەڕێوەبەری نووسین .

ڕۆژنامەی هەواڵ یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٠٠١/٧/١بڵاوکردۆتەوە .پازدە ڕۆژ جارێك،لە ڕۆژانی ١مانگ و ١٦ی مانگ چاپ و بڵاوبۆتەوە.لە ژمارە (٤٤)ی ٢٠٠٣/٥/١٦ لە سەرووی لاپەڕە یەکدا ئاگاداریەکی بڵاوکردۆتەوە ،سەبارەت بەوەستانی ڕۆژنامەکە و گواستنەوەی بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانیەوە بۆ شاری کەرکوك ((هەواڵ) بۆ ماوەیەکی کاتی لە دەرچوون دەوەستێ _ خوێنەران و دۆستان و ئازیزانی (هەواڵ)، لە (٢٢) مانگی رابردوودا هەموو (یەك) و (شازدەی)ی مانگێك ئێوەو (هەواڵ) بەیەك شاد دەبوونەوە ،دیارە خۆشەویستی ئێوە بۆ (هەواڵ) بۆ ئێوەی ئازیز و خۆشەویست نەهێنی سەرەکی سەرکەوتنی کارەکانمان بووە.دوای رزگارکردنی ئێراق و ئازادکردنی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان،دیارە پێویستمان بەخۆداچوونەوە و گوڕی تازە هەیە،بۆئەوەی بتوانین بە هەموومانەوە لە خزمەت ڕەوتی پێشکەوتنی ئەزمونەکەمان و سەرکەوتنی دۆزەکەماندا بین ،بۆیە پێمان خۆشە ئەوەتان پێرابگەیەنین بۆ ماوەیەکی کاتی (هەواڵ) دەوەستێ و دەرناچێ ، بۆدانانی بەرنامە و ستافی تازە بۆ ئەوەی بەگیانێکی تازەوە ئەمجارەیان لە کەرکوکی گڕوگڵپەوە بێتەوە خزمەتتان و درێژە بە خزمەتکردنتان بدات، بەو هیوایەی پشتتیوانیمان لێبکەن و هاوکارمان بن،هەموومان پێکەوە بۆ بنیات نانی کوردستانێکی سەرفراز و ئێراقێکی ئازاد. ستافی (هەواڵ))[٢]. ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە لە شاری سلێمانیەوە بارەگای گواستۆتەوە شاری کەرکوك . دوای ئەوەی کەرکوکیش وەك تەواوی شارەکانی تری ئێراق ،لە ئەنجامی روخاندنی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩دا، هێزی پێشمەرگەچووە ناو شاری کەرکوك و ئازادی کرد.ڕۆژنامەی هەواڵ لە ژمارە (٤٥)ی ٢٠٠٣/٧/١ ،لە شاری کەرکوك درێژەی بە دەرچوون داوە ،بە ستایلێکی تازە هاتۆتەوە مەیدان .بەم شێوەیە باس لە کاری تازەی خۆی دەکات(لە (هەواڵ)ەوە .بۆ دۆستان و هاوکاران و خوێنەرانی .دوای دابڕانێکی کورت ئەمڕۆ لە یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی هەواڵدا ژمارە (٤٥) کە یەکەم ژمارەی ساڵی سێیەمێتی کەوتە بەردەستان.هەواڵ بە گوێرەی پێشهاتە تازەکان هەوڵی داوە و هەولئەدا گۆڕانکاری لە خاوەنداریێتی و ناوەڕۆك و فۆڕم و ئاڕاستەیدا بکات. بۆیە لێرەوە داوا لە هەموو دۆستان و هاوکاران و خوێنەرانی هەواڵ دەکەین پێشنیاز و راوبۆچوونەکانیانمان پێبگەیەنن و هاوکارمان بن. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ هەموو لایەك ،ستافی هەواڵ،)[٣].ڕۆژنامەکە پازدە ڕۆژ جارێك بڵاوبۆتەوە.لەرۆژانی یەك و شازدەی هەموو مانگێك گەیشتۆتە زۆربەی شارەکانی باشوری کوردستان.لە ژمارە (٥١)ی ٢٠٠٣ /١٠/١ ئاگاداریەکی بڵاوکردۆتەوە ،کەوا ڕۆژنامەکە لە ژمارەی داهاتوودا دەبێت بە هەفتانە ،داوای هاوکاری لە نووسەران و خوێنەران دەکات ( هەواڵ لە نیو

---

[١]-ڕۆژنامەی هەواڵ ، ژمارە (٤٥١) ،ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٧،ل١٦.

[٢]- ڕۆژنامەی هەواڵ ، ژمارە (٤٤) ،ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/١٦،ل١.

[٣]- ڕۆژنامەی هەواڵ ، ژمارە (٤٥) ،ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/١،ل١.

مانگییـەوە بـۆ هەفتانـە.خوێنـەرانی خۆشەویسـتی (هـەواڵ) ئاگـادار دەکەینـەوە لـەوەی کەلـە رۆژی شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/١١ بـەدواوە (هـەواڵ) هـەموو رۆژانـی شـەممویەك دێتـە خزمـەتتان.بـەو بۆنـەیـەوە داوا لـە سەرجەم خوێنەران و هاوکاران و دۆستانی هەواڵ دەکەین کە هاوکارمان بن و لە ڕێگەی هـەردوو نوسـینگەی کـەرکوك و سـلێمانیەوە پەیوەنـدیمان پێـوە بکـەن و بابـەت و هەواڵـەکانیانمان پێبگـەێنن)[1].بـەم شـێوەیە رۆژنامەکەلە ژمارە(٥٢) تاکو ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە،هەموو هەفتەیەك،لە رۆژانی شەممە دەردەچێ .

## ٢_ لاپەڕەکانی رۆژنامەی هەواڵ.

لە ژمـارە (١_٢٠) بـە (١٢)لاپـەڕە دەرچـووە،ڕووبەرەکـەی بـە پێـوەری (٢٤×٣٣) سانتیمەترچوارگۆشـە بـووە.بـە ڕەنگـی شـین و ڕەش دەرچـووە .لـە ژمـارە (٢١)ی ٢٠٠١/٥/١٦ بـووە بـە (٨) لاپـەڕە بـە پێـوەری (٣٢×٤٥) سانتیمەترچوارگۆشە.تەنها ڕەنگی ڕەش ماوتەوە .لە ژمارە (٤٥)جارێکی تـر لۆگـۆ و سـەردێڕەکانی بـە ڕەنگـی شین نووسراوەتەوە .لە ژمارە (١٦٤) ژمارەی لاپەڕەکانی بووە بە (١٢)لاپەڕە بەردەوام بووە تاکو ژمـارە (٢٢٧)ی ٢٠٠٧/٤/٢٨ ژمارەی لاپەڕەکانی بووە بە (١٦) لاپەڕە و پێوەرەکـەی بـووە بـە (٣٤×٤٨)سانتیمەترچوارگۆشـە. لـە ژمـارە (٢٣٠)ی ٢٠٠٧/٣/١٩لاپـەڕەی یەکـەم و کۆتـایی بـووە بـە ڕەنگـاو ڕەنـگ.لـە ژمـارە (٢٥١)ی ٢٠٠٧/١٠/٢٠ پێوەرەکەی بووە بە (٣٣×٤٧)سانتیمەترچوارگۆشە، ئەم پێـوەرە هـەتاکو ئێسـتا بەردەوامـە و گـۆڕانی بەسـەردا نەهاتووە .بابەتی لاپەڕەکانی رۆژنامەکـە لەسـەرەتادا زیـاتر هـەواڵ و ڕاپـۆرت و وتـاری سیاسـی بـووە .کـەمتر خـۆی لـە بابـەتی کۆمەلایـەتی و ئـابووری و فەرهـەنگی و وەرزشـی داوە.لـە ژمـارە (١٠١)لاپـەڕەی حەوتـەمی تەرخان کردووە بۆ وەرزش.لاپەڕەکانی هیچ دابەش کاریەکیان بۆنـەکراوە ،تـاکو لـە ژمـارە (٢٣٠)، دابەشـکاری بۆ لاپـەڕەکانی کـردووە.لـە تـایتلی سـەرەوە تایبەتمەنـدی لاپەڕەکـە نووسـراوە (ل١_٣ هـەواڵ و سیاسـەت ،ل٤ گشـتی ،ل٥ بـیرورا، ل٦ هـەواڵ و سیاسـەت ، ل٧ دیـدار، ل٨ سـەرمایەگوزاری ،ل٩ تایبـەت بـە مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری ،ل١٠_١١ پـەڕەمووچ ئـەدەب، ل١٢ بـاران تایبـەت بـە ژنـان،ل١٣ شـۆك تایبـەت بـە گـەنجان، ل١٤ بەدواداچـون بـۆ کاروبـاری هاولاتیـان، ل١٥ وەرزش، ل١٦هەمـەڕەنگ).لـە ژمـارە (٢٨٦)ی ٢٠٠٨/٧/٥ ناونیشـانی تایبەت بەلاپەڕەکان نەماوە ،هەمووی بۆتەوە بە هەواڵ. لە ژمارە (٣٥١)ی ٢٠٠٩/١٠/٣١ جارێکی تـر دابەشـکاری بۆ لاپەڕەکان کراوەتەوە بەم شێوەیە (ل١_٢هەواڵ و سیاسەت ،ل٣هەواڵ و ڕاپـۆرت ،ل٤ ریپۆرتـاژ و دیـدار، ل٥ گشـتی ،ل٦ سیاسـەت ،ل٧ بـیرورا، ل٨_٩پـەڕەمووچ تایبـەت بـە ئـەدەب، ل١٠ بـاران تایبـەت بـە ژنـان،ل١١ شـۆك گەنجان، ل١٤ هەرزاڵ تایبـەت بـە فەلسـەفە ،ل١٣ گشـتی ، ل١٤ پەڵکـە زێڕینـە تایبـەت بـە ئەسـتێرەی بـەخت و وێنە، ل١٥ وەرزش ، ل١٦ ڕیکلام و نوکتە ). لە ژمارە (٣٥٢) لاپـەڕە(١٤)هـەرزاڵ کـە تایبـەت بـووە بـە فەلسـەفە گۆڕاوە بووە بە نێودەوڵەتی.لە ژمارە (٥٠٠) ناونیشان و تایبەتمەندی لاپەڕەکان نەماوە .

## ٣_پاشکۆکانی رۆژ نامەی هەواڵ[2].

---

[1] - رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٥١)، رۆژی ٢٠٠٣/١٠/١،ل١.

[2] - پشکنینی توێژەر لە ئەرشیفی دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و رۆژنامەوانی،بەسەرکردنەوەی هەموو ئەو رۆژنامە و پاشکۆیانەی کە دەزگاکە لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەریکردووە.کەرکوك رۆژی کاتژمێر١١ی نیوەڕۆ،٢٠١٧/٣/١٠.

دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و رۆژنامەوانی،جگە لە رۆژنامەی هەواڵ ،چەند پاشکۆییەکی تایبەت بە زمانی نەتەوەکانی تری باشوری کوردستان و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵی کوردی،چاپ و بلاوکردۆتەوە،دەکرێ ئەم پاشکۆیانە بکرێن بە دوو بەش ،یەکەمیان رۆژنامەکان.دووەمیان پاشکۆ تایبەتەکان.

**یەکەم :رۆژنامەکان .ئەوپاشکۆیانەی لە شێوەی رۆژنامە بلاوکراونەتەوە بەزمانی تر.**

١_ **(النبـأ)**.هەفتەنامەیەکە بەزمانی عەرەبی دەردەچێ.سەرەتا وەك پاشكۆیەکی چوار لاپەڕەیی لە ژمارە(٤٠)ی ٢٠٠٣/٣/١ لەگەل لاپەڕەکانی رۆژنامەی (هەواڵ) بلاوکراوەتەوە ،ناوی کەسی لەسەر نیە،تەنها سێ ژمارە لەم پاشکۆیە دەرچووە.دواتر هەر بە درێژکراوەی ئەم سێ پاشکۆیە بووە بە رۆژنامەیەکی سەربەخۆ .هەموو رۆژانی سێ شەممە دەرچووە،بە هەشت لاپەڕە،بەپێوەری (٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشە،لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی ڕەنگاوڕەنگە.لە ژمارە (١_ ٣٢) دکتۆر فاروق ئەحمەد سەرنووسەری بووە.ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردوە.لەدوای ئەو (جلیل ئیبراهیم ئەلزهیری)بووە بەسەرنووسەرتاکو ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەردەوامە.لەسەندیکای رۆژنامە نووسانی ئێراق متمانەی ژمارە (١٤٦٠)ساڵی ٢٠١٥پێدراوە . لە سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستانیش متمانەی ژمارە (١١٨) ساڵی ٢٠٠٩وەرگرتووە .

٢_ **(نرگال)** بەزمانی عەرەبی و ئاشوری دەرچووە.یەکەم رۆژنامەی ئاشورییە لە مێژووی شاری کەرکوك . مانگانە بلاوکراوەتەوە،یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە، دوا ژمارەی لە نیسانی ساڵی ٢٠١١دەرچووە .(٨)لاپەڕە بووە ،بە پێوەری (٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشە.هەمووی بەسەر یەکەوە (٩٠)ژمارەی لێدەرچووە.سەرنووسەرەکەی (فوئاد الكنجی) بووە.گرنگی بە زمان و کەلتوری ئاشوری داوە،لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان متمانەی ژمارە (١١٥)ی پێدراوە.

٣_ **(أینا)** بە زمانی تورکمانی دەرچووە ،مانگی جارێك دەرچووە.یەکەم ژمارەی لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ دەرچووە.هەمووی بەسەر یەکەوە (٣٠) ژمارەی لێ دەرچووە.هەشت لاپەڕ بووە .بە پێوەری (٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشە،بایەخی بە کەلتور و زمانی تورکمانی داوە.سەرنووسەرەکەی (ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی) بووە.لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان متمانەی ژمارە (١١٦)ی پێدراوە .

٥_ **(شلك و شا_ Shilk u sha)**.بلاوکراوەیەکی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بە منداڵان بووە،بەم شێوەیە خۆی ناساندووە (پاشکۆیەکی مانگانەیە دەزگای هەواڵ بۆ ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی دەریدەکات).دروشمی سەر لۆگۆکەی(منداڵان ساباتن بۆ جوانی زەمین بۆ پاکی) بلاوکراوەیەکی سەربەخۆ بووە،گرفتارکاکەیی سەرنووسەر بووە ،هەشت لاپەڕە بووە.بە پێوەری (٢٤×٣٣)سانتیمەترچوارگۆشە،بەسەریەکەوە (٢٤)ژمارەی لێدەرچووە.ژمارە (١)ی لە ئەیلولی ٢٠١٠دەرچووە.ژمارە (٢٤)ی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دەرچووە .

**دووەم : پاشکۆکان،ئەو پاشکۆیانەی لەناوەخنی رۆژنامەی هەواڵ بلاوکراونەتەوە[١].**

١_ **سەرمایەگوزاری** :پاشکۆیەکی مانگانەی ئابووری بووە،بەم شێوەیە خۆی ناساندووە (سەرمایە گوزاری . پاشکۆیەکی ئابووری هەفتەنامەی هەواڵە. بەسەرپەرشتی مووعتەسەم نەجمەدین).بە چوارلاپەڕە دەرچووە.

---

[١]- پشکنینی توێژەر لە ئەرشیفی دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و رۆژنامەوانی،بەسەرکردنەوەی هەموو ئەو رۆژنامە و پاشکۆیانەی کە دەزگاکە لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەریکردووە.کەرکوك رۆژی کاتژمێر١١ی نیوەڕۆ،٢٠١٧/٣/١٠.

بــه پێــوەری (٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشــە.بەســەر یەكــەوە (٣١)ژمــارەی لێدەرچــووە . ژمــارە (١)ی ٢٠٠٣/١٢/١٣دەرچووە . ژمارە (٣١)ی كە ژمارەی كۆتاییە، ٢٠٠٦/٧/١دەرچووە .

**٢_ پەڕمووچ**: پاشـكۆیەكی مانگانـەی ئـەدەبی و هونـەری بـووە.بـەم شـێوەیە خـۆی ناسـاندووە (پـەڕمووچ . پاشكۆیەكی ئەدەبی و هونەریی هەفتەنامەی هەواڵە. بەسەرپەرشتی دانا عەسكەر). بە چوارلاپەڕە دەرچووە ،بــە پێــوەری(٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشــە.بەســەر یەكــەوە (٤٤)ژمــارەی لێدەرچــووە.ژمــارە (١)ی ٢٠٠٣/١٢/٢٠دەرچووە . ژمارە (٤٤)كە ژمارەی كۆتاییە ٢٠٠٧/٤/١٤دەرچووە .

٣_ **مرۆڤ** : پاشكۆیەكی مانگانە بووە تایبەت بە مافی مرۆڤ ،بەم شێوەیە خۆی ناساندووە (مرۆڤ. پاشكۆیەكی مافی مرۆڤـی هەفتـە نامـەی هەواڵـە. بەسەرپەرشـتی مەجیـد ساڵح) بـە چوارلاپەڕە دەرچووە، بـە پێوەری (٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشـە.بەسـەر یەكـەوە (٩)ژمـارەی لێدەرچـووە . ژمـارە (١)ی ٢٠٠٣/١٢/٢٧دەرچـووە . ژمارە (٩)كە ژمارەی كۆتاییە ٢٠٠٤/٨/١٤دەرچووە .

٤_ **باران**: پاشـكۆیەكی مانگانـە بـووە،تایبـەت بـە كاروبـاری ژنـان،بـەم شـێوەیە خـۆی ناسـاندووە (بـاران. پاشكۆیەكی هەفتەنامەی هەواڵە بۆ كاروباری ژنان.بەسەرپەرشـتی شـەهلا مـەحمود).لـە ژمـارە (١٥)دا شـەهلا جەلال بۆتە سەرپەرشتیار،بە چوارلاپەڕە دەرچووە ، بە پێوەری (٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشە. بەسەریەكەوە (٤١)ژمارەی لێدەرچووە.ژمارە (١)ی ٢٠٠٤/١/٣دەرچووە.ژمارە (٤١) كە دوا ژمارەیەتی لە ٢٠٠٧/٤/٢٨دەرچووە .

٥_ **دژەمـین**:یـان چـالاكیەكانی مین،پاشـكۆیەكی مانگانـە بـووە ،مەبەسـت لـەم پاشـكۆیە هۆشـیاركردنەوە و زانیـاری بەخشـین بـووە لەسـەر مـین و تەقەمـەنی .بـەم شـێوە خـۆی ناسـاندوە .( بڵاوكـراوەی بـواری چـالاكیەكانی (مـین)ە لـە كوردسـتان بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی مـین هەڵگرتنـەوە وەك پاشـكۆ لـە (هـەواڵ)دەریـدەكات .بەسەرپەرشـتی تەڵعـەت تـاهیر). بـە چـوارلاپەڕە دەرچـووە.بـە پێوەری(٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشە. (٦)ژمارەی یەكـەمی بـەناوی (چالاكیەكانی مـین)بـووە ،دواتـر ناوەكـەی گۆڕاوە بووە بە (دژەمین). بەسەریەكەوە (٢٩)ژمارەی لێدەرچووە .ژمـارە (١)ی لـە ٢٠٠٤/٨/٢٨دەرچـووە.ژمـارە (٢٩)كە دوا ژماریەتی لە ٢٠٠٦/١٢/٢٣دەرچووە .

٦_ **گەشـە**: پاشـكۆیەكی مانگانـە بـووە ،بایـەخی بـە لایـەنی تەندروسـتی داوە.بـەم شـێوەیە خـۆی ناسـاندوە (گەشە.وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێم وەك پاشكۆ لە (هـەواڵ)دەریـدەكات.بەسەرپەرشـتی فەریـدون ئیـبراهیم عەبـدولڕەحمان)بـە چـوار لاپـەڕە دەرچـووە، بـە پێـوەری(٣٢×٤٥) سانتیمەترچوارگۆشـە.هـەمووی بەسـەریەكەوە (٥) ژمـارەی لێدەرچـووە.ژمـارە (١)ی ٢٠٠٥/١٠/٢٩دەرچـووە.ژمـارە(٥)كـە دوا ژمارەیـە لـە ٢٠٠٦/٤/٢٢دەرچووە.

٧_**شۆك**: پاشكۆیەكی مانگانە بووە تایبەت بە لاوان و گەنجان.بەم شێوەیە خۆی ناساندووە (شۆك.پاشكۆیەكی لاوانـی هەفتەنامـەی هەواڵـە.بەسەرپەرشـتی سـوارە نەجمـەدین).بـە چـوار لاپـەڕە دەرچـووە، بـە پێـوەری(٣٢×٤٥)سانتیمەترچوارگۆشـە.هـەمووی بەسـەریەكەوە (١٨) ژمـارەی لێدەرچـووە .ژمـارە (١)ی لـە ٢٠٠٥/١٢/٣دەرچووە . ژمارە (١٨)كە دوا ژمارەیەتی لە ٢٠٠٧/٤/٢١دەرچووە .

٨_ **وەرزش**. وەك پاشکۆیەکی هەفتانەی وەرزشی بلاوکراوەتەوە ،بایەخی بەهەواڵ و چالاکیە وەرزشییەکان داوە،ڕەنگاو ڕەنگ بووە.هەمووی بەسەر یەکەوە (٥٠)ژمارەی لێدەرچووە .ژمارەکانی رۆژنامەی (هەواڵ)ی وەرگرتووە .لە ژمارە (٤٠١)ی لە ٢٠١٠/١١/٦ تاکو ژمارە (٤٥٠)ی ٢٠١١/١٢/١٠.بە ڕووبەری رۆژنامەکە دەرچووە. جگە لەم پاشکۆیانەی کە خستمانە ڕوو لە بۆنە نیشتمانی نەتەوەیەکانی وەك راپەڕین و هەڵەبجە و ئەنفاڵ و رزگارکردنی کەرکوك پاشکۆی تایبەتی دەرکردوە .هەروەها چەند کتێبێکی چاپ و بلاوکردۆتەوە. لەگەل ئەنجامدانی چەند فیستیڤاڵ و پێشبڕکێی ئەدەبی و رۆژنامەوانی بۆ گەنجان[1].

رۆژنامەی هەواڵ لە مێژووی دەرچوونی خۆیدا چەند جارێك لۆگۆی خۆی گۆڕیوە.لە ژمارە (١_٢٠). لە ژمارە (٢١_ ٤٤). لە ژمارە (٤٥_ ١٠٠). لە ژمارە (١٠١_٢٠٠). لە ژمارە (٢٠١_٢٥٠).لە ژمارە (٢٥١_٣٥٠). لە ژمارە (٣٥١_٤٥٠). لە ژمارە (٤٥١ _٥٠٠).لە ژمارە (٥٠٠ وە تاکو ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەمان لۆگۆیە).چەند جارێك رەنگی نووسینی لۆگۆکە گۆڕاوە.لە شینەوە بۆ رەش.لە رەشەوە بۆ شین.لە شینەوەبۆرەنگی سەوز و سوور و زەرد.لە رەنگاوڕەنگەوە بۆ شین.

**٤_بەشەکانی رۆژنامەی هەواڵ.**

رۆژنامەکە بۆ باشتر ڕاییکردنی کارەکانی،پەیکەری کارگێڕیەکەی بەسەر چەند بەشێکدا دابەشکردووە [2].

١_ بەشی هونەری و دیزاین و هەڵەچنی.

٢_ بەشی دابەشکردن و فرۆشتن و چاودێری کردن .

٣_ بەشی ئیدارە و پەیوەندیەکان و بەدواداچوون .

٤_ بەشی دارایی و ژمێریاری.

**٥_ رۆژنامەی هەواڵ لە پێش خۆیدا.**

بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی رۆژنامە نووسی و میدیای کوردی لە کۆن و نوێدا بەر لە دەرچوونی رۆژنامەی هەواڵ لە هیچ کات و سەردەمێکدا،رۆژنامەیەك یان گۆڤاربەناوی (هەواڵ) لە تەواوی بەشەکانی تری کوردستان و تاراوگە بلاونەکراوەتەوە. بە گەڕانمان لە بیبلۆگرافیاکانی مێژووی رۆژنامە نووسی کوردی ،دلنیا بووین لەوەی یەکەم جارە رۆژنامەیەك بەو ناوە دەربچێ بەزمانی کوردی.

# پاری سێیەم

## مافی چارەنووس لە ژانرەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵدا

مەبەست لە ژانرەکانی رۆژنامەنووسی ،هەموو ئەو نووسینانەیە،کە هەریەکەی بەناوێك لاپەڕەکانی رۆژنامە پڕدەکەنەوە (مانشێت ،هەواڵ ،وتار،راپۆرت ،ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، کاریکاتێر، ئەدەب،وێنە،...هتد).هەردوو رۆژنامەی (میدیا و هەواڵ)دوو رۆژنامەی دیاری باشوری کوردستانن.هەریەکەی بەشێوەیەك بایەخی بۆ پرسی مافی چارەنووس هەبووە.لەگەل گۆڕان و پێشهاتەکانی ڕەوتی رووداوەکان،ئەوانیش رۆلی خۆیان هەبووە ،وەك رۆژنامەوانی کوردی،لە ئاراستەکردن و ئاگادارکردنەوەی شەقامی کوردی.

---

[1] - گفتوگۆ لەگەل شوان داودی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵ بۆ راگەیاندن و رۆژنامەوانی،کەرکوك،کاتژمێر١ی نیوەڕۆ،٢٠١٧/٣/١٧.

[2] - گفتوگۆ لەگەل بورهان حاجی سلێمان ،سەرنووسەری هەفتە نامەی هەواڵ،کەرکوك،کاتژمێر١٢ی نیوەڕۆ،٢٠١٧/٣/١٠.

**یەکەمیان:ڕۆژنامەی میدیا.**وەك ڕۆژنامەیەکی ئاراستەکراوی پارتێکی سیاسی بیروباوەڕ نەتەوەیی و باوەڕ بە سەربەخۆیی کوردستان .

**دووەمیان:ڕۆژنامەی هەواڵ.**وەك ڕۆژنامەیەکی ئازاد لە شاری کەرکوك ،کە چەقی ململانێکانی باشوری کوردستان لە کۆنەوە لەسەر ئەم شارە بووە ،بێگومان کاریگەری خۆی لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە هەیە ،وەك گەیاندنی بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانی،بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس.

توێژەر نموونەی بەشێك لە ژانرەکانی هەردوو ڕۆژنامەی لە باسکردنی مافی چارەنووس خستۆتە ڕوو .

**یەکەم : هەواڵ.**

هەردوو ڕۆژنامەکەبەسەریەکەوە (٧٢)ژمارەیە، بەشێوەیەکی گشتی لاپەڕەی یەکەمیان پڕیەتی لە هەواڵی گرنگ سەبارەت بە مافی چارەنووسی گەلی کورد، بەهەردوو ڕۆژنامەکە (٦٠) هەواڵیان سەبارەت بە مافی چارەنووس بلاوکردۆتەوە، ڕۆژنامەی میدیا (٤٤)هەواڵی بەرکەوتووە لە (٢٥)ژمارەدا.ڕۆژنامەی هەواڵ (١٦) هەواڵی بەرکەوتووە،لە(٤٧)ژمارەدا،هەواڵەکان دابەش بوونە لە نێوان ئەرێنی و نەرێنیدا.ڕۆژنامەی میدیا زیاتر بەدوای ئەو هەوالانەوە بووە کە باسیان لە مافی چارەنووس کردووە. چونکە ئۆرگانی حزبێکی بیروباوەڕ نەتەوەییە،کە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانە،زیاتروابەستەی سیاسەتی پارتەکەی بووە.لەبەرامبەردا ڕۆژنامەی هەواڵ کەمتر ئەو هەولانەی بلاوکردۆتەوە کە پرسی سەربەخۆیان باس کردووە .لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکی ئەهلیە، زیاتر بایەخی بەو هەوالانە داوە کە تایبەتن بە ژیانی ڕۆژانە . واتە لەگەل واقع زیاتر مامەلەی کردووە. مەبەست لە بلاوکردنەوەی هەواڵەکان،زانیاری بەخشین و شیکردنەوە و ئاگادارکردنەوە و ڕێنمایکردنە .هەواڵەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەن.لە هەمان کاتدا هەواڵی ئەرێنی و نەرێنین،ڕەخنە و شیکارین.نموونەی چەند هەواڵێك لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا.

لە ژمارە (٦١٧)ی ڕۆژنامەی میدیا هەوالێك هاتووە بەناونیشانی (کوردستان لە ئێراق جیادەبێتەوە) . لەبەشێکی هەواڵەکەدا نووسراوە (لە ڕاپۆرتێکی سەنتەری جیهانی لێکۆلینەوەکانی گەشەپێدان کە بارەگاکەی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیایە،پێشبینی کراوە ،باشووری کوردستان لە دوو ساڵی داهاتوودا لە ئێراق جیا ببێتەوە و دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیێنرێت) لە کۆتایی هەواڵەکەدا هاتووە (لە ڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوەش کراوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا ڕێگری ناکەن لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی،بەهۆی ئەوەی زۆرینەی کۆمپانیا نەوتییەکانیان لە باشووری کوردستانن و گرنگیی تەواویان بە گرێبەستە نەوتییەکانیان لەگەل کوردستان داوە)[1].

ڕۆژنامەی هەواڵ لە ژمارە (٥٥٩)دا، هەواڵێکی بلاوکردۆتەوە ،بەناونیشانی (بایدن نیگەرانی خۆی سەبارەت ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەردەبڕێت). لە بەشێکی هەواڵەکەداهاتووە (بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیبلۆماسی ئاگادار، جۆبایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی ئاگادارکردوەتەوە کە پەلە نەکات لە هەنگاوەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ، ڕاشیسپاردوە کە مانەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا سودی زیاتری بۆی هەیە). لە کۆتایی هەواڵەکەدا هاتووە (جێی ووتنە بە پێی

---

[1] - ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦١٧)، ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٢٩،ل١.

سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی دواخستنی سەردانی بارزانی بۆ واشنتۆن پەیوەندی بە نیگەرانی ئەمریکاوە هەیە سەبارەت بە پەیوەندیە نەوتیەکانی هەرێم)[١].لە هەردوو هەواڵەکەدا ئاراستەی پێچەوانە دەبینرێ . یەکەمیان نووسیویەتی کەوا ئەمەریکا و ئەوروپا رێگرنینە لە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان . دووەمیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا دژی سەربەخۆی کوردستانە.دۆسیەی نەوتیش لە هەردوو هەواڵەکە بە پالنەری سەرەکی کێشەکە دانراوە .

لە ژمارە (٦٢٨)ی رۆژنامەی میدیا ،هەواڵێك هاتووە بەناونیشانی (باشووری کوردستان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەکات.لێدوانی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرتووە.کە بەرنامەی هەرێم ئەوەیە ئەگەر حکومەتی بەغداکێشەکانی نێوان خۆی و هەرێم چارەسەر نەکات ،ئەوە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان ئەنجام دەدەن .بارودۆخەکەش لە بارە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم)[٢] .

هەروەها لە ژمارە (٥٧٦) رۆژنامەی هەواڵدا،هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (دوو کۆر لە کەرکوك بەرێوە چوو). لە هەردوو کۆڕەکەدا کە یەکیان بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان ئەنجامی داوە ،سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان.دووەمیشیان بنکەی ئەدەبی رووناکبیری گەلاوێژ ئەنجامی داوە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان.لە هەردوو کۆڕەکەدا هاتووە کە بارودۆخی کوردستان لە سایەی پاراستنی پێشمەرگە و هەڵومەرجە نێودەوڵەتیەکەدا لە بارە بۆ ریفراندۆم[٣].لە هەردوو هەواڵەکە دا یەکانگیری هەیە. ئەویش بە خوێندنەوەی بارودۆخی ئەو ساڵە کە کوردستان پێدا رەت بووە.کە بارودۆخێکی گونجاو بووە ،بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی.چونکە شەڕی داعش و پچڕانی پەیوەندیە ئابووریەکانی هەرێم لەگەل بەغدا وهاتنی گەورە دیبلۆماتکارانی جیهان بۆ هەرێم فاکتەری بەهێزی ئەو بۆچوونە بوونە.

**دووەم : مانشێت.**

هەردوو رۆژنامە بایەخی زۆریان بە مانشێت داوە،بەسەریەکەوە (٣٣) مانشێتی لاپەڕەی یەکەمیان تەرخان کردووە بۆ گوزارشت کردن لە مافی چارەنووس یان پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ ،رۆژنامەی میدیا (١٧)مانشێتی لە (٢٥) ژمارەدا،گوزارشت لە پرسی مافی چارەنووس دەکات.رۆژنامەی هەواڵ (١٦)مانشێتی لە (٤٧) ژمارەدا،گوزارشت لە پرسی مافی چارەنووس دەکات.بێگومان رۆژنامەی میدیا زیاتر بایەخی هەبووە بۆ ئەم پرسە وەك لە رۆژنامەی هەواڵ، ئەمەش کاریگەری سیاسەتی حزبی بەسەر رۆژنامەی میدیاوە هەیە. بۆیە زیاتر لەگەل دروشم مامەلەی کردووە، بەلام رۆژنامەی هەواڵ زیاتر لەگەل کێشە و رووداوە واقعییەکان مامەلەی کردوە .لە ژمارە (٦١٤) رۆژنامەی میدیادا مانشێتەکەی بەم شێوەیە (باشترین چارەسەر بۆ دەربازبوون لە تەنگەژەکان راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە)[٤].لە ژمارە (٦١٦)دا مانشێتەکەی بەم شێوەیە (تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزرێت)[٥].لە ژمارە (٦١٨) مانشێتەکە بەم

[١]-رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٥٥٧)، رۆژی ٢٠١٤/٢/١٥،ل٢.

[٢]- رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦٢٨) ،رۆژی ٢٠١٤/٩/٣٠،ل١.

[٣]-رۆژنامەی هەواڵ ، ژمارە (٥٧٦) رۆژی ٢٠١٤/٧/١٢،ل١٦.

[٤]- رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦١٤) ، رۆژی ٢٠١٤/٣/١٨،ل١.

[٥]- رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦١٦) ، رۆژی ٢٠١٤/٤/١٥،ل١.

شێوەیە (تەنها سەربەخۆیی کوردستان زامنی دووبارە نەبوونەوەی کارەساتەکانە)[١].مانشێتەکانی رۆژنامەی میدیا هەموویان ئەرێنین .زیاتر بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە نووسراون، بە دیوێکی تر رەنگدانەوەی دروشم و ئامانجەکانی (یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان YNDKە).

لە ژمارە (٥٦٤) رۆژنامەی هەواڵدا مانشێتەکەی بەم شێوەیە نووسراوە (بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد چاوی لە دۆراندنی مالیکیە لە هەڵبژاردنەکان)[٢]. لە ژمارە (٥٧٩) مانشێتەکەی بەم شێوەیە (پێشمەرگە شکۆی گەل و پارێزەری خاکی کوردستانە _ ئارامیی کەرکوك بە خوێنی ٤٨ پێشمەرگە پارێزراوە)[٣]. لە ژمارە (٥٩٨) مانشێتەکە بەم شێوەیە هاتووە ( _(٤٠٣) ملیار دینار پشکی کەرکوکە _بودجەی پێشمەرگە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم دەبێت)[٤].مانشێتەکانی رۆژنامەی هەواڵ واقعی رووداوەکانی رۆژن، ئەو هەواڵە بەرجەستەکراوانەی کە روویانداوە یان روودەدەن،بۆیە وەك کاری رۆژنامەوانی مامەلە لەگەل مانشێتەکان کراوە، نەوەك دروشم و پڕوپاگەندەی سیاسی . بەبەراوورد لە نێوان مانشێتی هەردوو رۆژنامەکە ،جیاوازی زۆر دەبینرێ.لە هی یەکەمیان کارکردنە لەسەر دروست کردنی ئەو ڕایەی کە دەیەوێ بەرەو جودابوونەوە و گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆ بڕوات.دووەمیان کارکردنە لەسەر واقع و گەیاندنی هەواڵی رووداو و پێشهاتەکان وەك خۆی ،بەشێوەیەکی ئەرێنی بێت یان نەرێنی .

**سێیەم: وتار.**

لاپەڕەکانی ناوەوەی هەردوو رۆژنامەکە پڕیەتی لە وتار و گۆشە وتار.لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە مافی چارەنووس،کە لە کۆتایدا گەیشتنە بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.بەهەردوو رۆژنامە (١٤٢) وتار و گۆشە وتاریان لە بارەی مافی چارەنووس بلاوکردۆتەوە .رۆژنامەی میدیا (٥٩) وتاری بلاوکردۆتوە.لەبەرامبەردا رۆژنامەی هەواڵ (٨٣) وتاری بلاوکردۆتەوە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە نووسەرەکان زیاتر لە رۆژنامەی هەواڵ بوونی خۆیان دۆزیتەوە ،بۆ گوزارشت کردن لە بیروباوەڕی خۆیان ،لەسەر پرسی مافی چارەنووس .وتارەکان لەسەر ئاستی ئەرێنی و نەرێنی و بێلایەنی دابەش بوونە،هەریەکەی بەمەبەستێك نووسیویەتی، شیکاریکردن و زانیاری بەخشین و ئاگادارکردنەوە و رێنمایکردن .

لە ژمارە (٦١٧)ی رۆژنامەی میدیادا ، وتارێك بلاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (مافی چارەی خۆنووسین)، لەم وتارەدا نووسەر باس لە چەمکی مافی چارەنووس دەکات (دیارە وشەی ماف چەمکێکی فراوانە و ماتماتیکیانە پێناسە ناکرێت. بەبۆچوونی من هەموو ئەو کەرەستە و پێداویستییانەی مرۆڤ لە بچوکترین بۆ گەورەترین حەز و ئارەزووەکانی دەگرێتەوە ، لە بازنەیەکی دیاریکراودا لە چرکەساتی دروستبوونی تاکو مردن. هەروەها ماف لە دوو بەشی سەرەکیدایە،مافی تایبەت و مافی گشتی.لە زانستی کۆمەلایەتی دەلێن: تاك بەشێکە لە کۆمەلگە (الفرد جزء من المجتمع) بۆیە زۆرجاران مافی تاکەکان بەتایبەت لە مافە هاوشێوەکان دەبێتە مافی گشتی.یەکێك لەوانە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانە (حق تقرير مصير

---

[١]- رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦١٨)، رۆژی ٢٠١٤/٥/١٣،ل١.

[٢]- رۆژنامەی هەواڵ،ژمارە (٥٦٤)، رۆژی ٢٠١٤/٤/١٢،ل١.

[٣]- رۆژنامەی هەواڵ،ژمارە (٥٧٩)، رۆژی ٢٠١٤/٨/٩،ل١.

[٤]- رۆژنامەی هەواڵ،ژمارە (٥٩٨) رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٧،ل١.

الشعوب)كە ئێمەی کوردیش بەشێکین لە گەلانی جیهان) لە کۆتایدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی (دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ لە گشت بوارەکان، تەواو ریگەکان و ئەگەرەکان بەوردی و دروستی دیراسە بکەن وەك (سیاسی ، ئابوری ،سەربازی،ئیداری و .. هتد) و ئامادەسازی مرۆیی و زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەیی و بەتایبەتی لە ریزی گەنجان،چونکە ئەوان پشت و هێزن بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان بەتایبەتی حکومەتی هەرێم دەبێ پێداچوونەوە بکات لە چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەلایەتی و بەگەڕخستنی هێز و تواناکانی گەنجانی وڵاتپارێز، کە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بەبێ ئەو هێزە لە واقع دووردەکەوێتەوە )[1].وتارێکە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە و رێنمایکردن نووسراوە ئەرێنیە.

لە ژمارە (٥٦١)ی رۆژنامەی هەواڵدا، وتارێك بڵاوکراوەتەوە ،بەناونیشانی (راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە گیرفانی بەتالەوە ناکرێت!). نووسەر لەم وتارەدا دەنووسێت (خەونە لە مێژینەکەی سەرتاپای کورد لە هەر چوار بەشەکەدا بریتیە لە یەکگرتنەوەی هەر چوار بەشەکە و دواتر راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیە بەناوی کۆماری کوردستانەوە،لەو پێناوەشدا چەندەها شۆڕش و راپەڕینی بەرپاکردوە و رووبارێك خوێن و فرمێسکی رشتوە و بەسەدان هەزار گەنج و لاوی ئەم میلەتە خێر لە خۆنەدیوەی کردۆتە قوربانی ئەو ئاوات و خواست و مافە رەوایە).لە کۆتایدا دەنووسێت (جا حکومەتێك تەمەنی ٢٣ ساڵ بێت و نەتوانێت موچەی ٢ مانگی فەرمانبەرانی خۆی دابین بکات ئیدی چ ئومێدێك دەمێنێتەوە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی،کە تاکو ئێستا نەکەوتوینەتە جەنگەوە و تۆپ و تەیارە نەهاتۆتە سەرمان و گەمارۆی ئابوری نەخراوەتە سەر و جەنگمان لە دژ رانەگەێنراوە ،ئاوا حاڵمان بێت ئاخۆ ئەو بارودۆخە هاتە پێشەوە سەرکردەکانمان دەبێت چ هەڵوێستێکیان هەبێت؟بە دڵنیایەوە ئەوا راستەوخۆ یان هەڵدێن بۆ دەرەوەی وڵات یان تەسلیم دەبن)[2].وتارێکی شیکاری رەخنەیی نەرێنیە.

لە هەردوو وتارەکەدا دوو ئاراستەی پێچەوانە دەبینرێ.یەکەمیان هەموو تۆمەتەکە دەداتە پاڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا. رێنمای دەخاتە ڕوو، کەوا بەم شێوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دێتە بەرهەم . دووەمیان لایەنە نەرێنی و خراپەکانی حکومەتی هەرێم دەخاتە بەرچاو کەوا ئەو ئامانجەی کە بۆی هەوڵدەدات کە دەوڵەتی سەربەخۆیە.بەم دۆخەی ئێستای لە چرکە ساتی یەکەم دووچاری شکست دەبێت .دەکرێ بگوترێ یەکەمیان لە دیدی حزبێکی نەتەوەیی ئامانج گەیشتن بەسەربەخۆیی کوردستانە. دووەمیان لە دیدی کەسێکەوە کە واقعی رۆژگار و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کردوە بە بەڵگەی ناشایستە بوون و لەمپەر بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

گەڕانەوە بۆ ئاستێکی مامناوەندی لە نێوان هەر دوو رۆژنامەکەدا،ئەویش رێکەوتن لەسەر سیستەمی کۆنفدراڵی لە ئێراقدا،بۆئەم مەبەستە دوو وتار بەرچاو دەکەون .

لە ژمارە (٦٣١)ی رۆژنامەی میدیادا، وتارێك بڵاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (بەرەو کۆنفیدراڵی).لەم وتارەدا نووسەر بەم شێوەیە دەست پێدەکات (پەرلەمانی باشووری کوردستان بەر لە ٢١ ساڵ و لە رۆژی ٤ی تشرینی یەکەمدا، دروشمی فیدراڵی بۆ کوردستانی ئێراقی وەك بژاردەیەکی گونجاوی ئەوێ رۆژێ ، بۆچارەسەری

---

[1]- عەبدوڵڵا عومەر حەسەن ،رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦١٧)، رۆژی ٢٠١٤/٤/٢٩،ل١٠.

[2]- نەوزادی موهەندیس . رۆژنامەی هەواڵ . ژمارە (٥٦١)، رۆژی ٢٠١٤/٣/١٥،ل٧.

كێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا پەسندکرد.ئەگەرچی لە دەستووریی ئێراقی دوای بەعسیشدا ، کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ دانپێدانراوە ،بەلام هێشتا کێشەی جەوهەریی کورد لە ئێراقدا، کە کێشەی خاك و ناوچە زەوتکراوەکانییەتی ، بە چارەسەری ریشەیی نەگەیشتووە). لە بەشێکی تری وتارەکەی دا راو سەرنجی خۆی بەم شێوەیە دەخاتە روو (لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان بە دوو زلهێزی داگیرکەری کوردستان دەورەدراوە فیدراڵییەتیش بۆ ئەم ئێراقە شەق و شرەی ئێستا، بژاردەیەکە نە وەڵامدەرەوەی حەز و خواستەکانی کوردە،نە رەنگدانەوەی ئەو دۆخە سیاسییەشە کە لەناوچەکەدا دەگوزەرێت.بۆیە لەم قۆناغەدا بژاردەی کۆنفیدراڵی دەکرێت کورد پێداگری لەسەربکات،چونکە هەم دەتوانێت لەو نێوەدا دەسەڵاتێکی رامیاری و ئابووری و سەربازی فراوانتر بۆخۆی فەراهەمبکات،هەمیش دەتوانێت خۆی پێ لە مەترسی داگیرکەرە دراوسێکانی کوردستان بپارێزێت،هەم هاوپەیمانی عەرەبیش بێت لە پاراستنی سنور و بەرژەوەندیەکانی باشووری کوردستان و ئێراق)[١].وتارێکی زانیاری بەخشی ئەرێنیە .نووسەر بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی بزووتنەوەی سیاسی کورد بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی لەبەرچاوگرتووە .

لە ژمارە (٥٦٣)ی رۆژنامەی هەواڵدا ،وتارێك بلاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (سیستەمی کۆنفیدراڵی .. گونجاوترین دروشمی قۆناغەکە و ئایندەی سیاسی کوردستان و ئێراقە). نووسەر لە سەرەتای وتارەکەیدا دەنووسێت( مەسەلەی کورد ماوەی ١٠٠ ساڵێکە بۆتە مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و مەترسیداری ناوچەکە و رۆژهەلاتی ناوەراست و چارەسەرکردنیشی لەو ماوەیەدا بۆتە خەون بۆ کورد و مۆتەکەش بۆ رژێمە سەردەستەکانی کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە .لەلایەك کورد بەبەردەوامی لە خەبات و شۆرش و راپەریندا بوە بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆی لە سەربەخۆیی یان لانی کەم دیاریکردنی چارەنوسی بە ئازادی ). لە درێژەی نووسینەکەی هۆکاری سەرەکی دەست نیشان دەکات ،دەنووسێت(هەر بۆیە ئالێرەوە گەران بەدوای رێگاچارەیەکی گونجاو و شیاوتر لە فیدرالیەت بۆتە کارێکی زۆر پێویست بەتایبەتی لە لایەن کوردەوە و ناتوانرێت چیدی درێژە بەم جۆرە سیستەمە بدرێت لە ئێراقدا چونکە وەڵامدەرەوەیەکی بەهێز نەبوو بۆ داواکاری و مافە رەواکانی کورد، ئەو رێگاچارەیەش هەنگاوێك بالاترە و بریتیە لە سیستەمی کۆنفیدراڵی .)[٢].وتارێکی شیکاریە، بەمەبەستی رێنمایکردن نووسراوە و ئەرێنییە.

لە هەردوو وتارەکەدا هاورایەك هەیە ،بۆگەیشتن بە ئاستێك لە مافی چارەنووس .کەوا دەکرێ کورد خۆی بگونجێنێ بەم شێوە سیستەمە ،کە سیستەمی کۆنفیدراڵیە . هەنگاوێکی گرنگە بەر لە گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواو .لە هەردوو وتارەکەدا لایەنە سیاسی و ئابوری و دیبلۆماسی و جوگرافی و مێژوویەکان لێکدراوەتەوە . ئەنجامی لێکدانەوەکە وا دەخوازێت لەم قۆناغەدا کورد سیستەمی کۆنفیدراڵی هەڵبژێرێت.

لە دوو وتاری تردا نووسەرەکان گەیشتونەتە ئەو بروایەی کەوا کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هاتووە نابێت بەهیچ شێوەیەك دوا بخرێت .

لە ژمارە (٦٢٢) رۆژنامەی میدیا ،وتارێك بلاوکراوەتەوە،بەناونیشانی (بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان هیچ پەڵەتێك نەماوە!) ،نووسەر دەنووسێت (لەبەر رۆشنایی پرەنسیپی بیری رووناك و زانستییانەی

---

[١]- د. ئەیوب عەبدوڵلا ،رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦٣١)،رۆژی ٢٠١٤/١١/١١،ل١٠.

[٢]- نەوزادی موهەندیس ،رۆژنامەی هەواڵ ،ژمارە (٥٦٣)، رۆژی ٢٠١٤/٤/٥،ل٧.

مەشخەڵی داگیرساوی سیاسەتی نوێی جیهانی و بڕوابوون بە ئازادی تاکی مرۆڤ و سیستەمی دیموکراتی و دادپەروەری و بەدیهێنانی ئیرادەی نەتەوە چەوساوە و خاك داگیرکراوەکان ، لە راپرسییەکی روونـدا، جەماوەر بڕیاری مافی چارەنووس و دامەزراندنی کیانی سیاسی خۆی ئەدات.ئا لەم دەمی هەڵکەوتە مێژووییە ، کورد لەسەر ئاستی پرسی نەتەوە و ناوچەکە و جیهانی ، لە دایکبوونی (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان)لە رووی یاسایی و ئەمری واقیعەوە چاوی بە رۆشنایی هەڵهێناوە). لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنووسێت (کورد ئێستا یەك گوتاری سیاسی هەیە و یەك ئامانجە و خاوەنی حکومەت و پێشمەرگە و ئاڵا و مارشی نەتەوەیی خۆیەتی و پەیوەندییەکی بەهێزی دیپلۆماسی و بنەمایەکی ئابووری دەوڵەمەندی هەیە.بۆیە هەق نییە نەوەی دلسۆز و هۆشیاری ئەم نەتەوەیە بنێشتی بیانووی نەیارانی کورد بۆ دواخستنی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بجوێتەوە ، هەر کەس و لایەنێکیش ئەوە هەڵوێستی بێت، لە کاروانی سەرفرازی و ئارامیی ویژدانی دوا ئەکەوێت)[1].وتارێکی شیکاری ئەرێنییە،نووسەر پێی وایە هیچ پاساوێك نەماوە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان.کاتەکە لە هەموو روویێکەوە بە گونجاو دەزانێت بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان .

لە ژمارە (٥٨٣)ی رۆژنامەی هەواڵدا،وتارێك بلاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (مەرجەکانی سەربەخۆیی کوردستان هەن و ئامادەن) نووسەر دەنووسێت(هەموو گەلانی جیهان دەزانن و ئاگادارن گەلی کورد لە ناو خاك و نیشتمانی خۆی چەندین ساڵە لە پێناو بوون و مانەوەی خۆی درێژە بە شۆڕش و قوربانیەکانی دەدات ، کورد لە باشوری کوردستان لە سەرەتای سالانی شەستەکانەوە تاکو ئەمڕۆ لە خەبات و شۆڕشێکی درێژخایەندایە).نووسەر لە کۆتایدا دەنووسێت (ئەمڕۆ دەسەلاتی کورد لە باشوری کوردستان لە ئەنجامی قوربانیدان و شۆڕشێکی درێژ خایەن هاتۆتە سەر خاك و گۆڕەپانی خۆی نەك بە رێکەوتن و گفتوگۆی مەرجدانراوی سەرمێز تاکو ئەمڕۆ ئەمبەر و ئەوبەری پێ بکرێت، هەروەك حکومەتەکانی ناوەندی ئێراقی پێشو دەیانکرد لەگەل سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، هەر لەبەر ئەو هۆیانەو بەلگە فەرمییەکاندا ئەمڕۆ زۆربەی جیهان پشتگیری لەگەلی کورد دەکەن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستان)[2]. وتارێکی شیکاریی ئەرێنییە .بە خوێندنەوەیەکی کورت بارودۆخی ناوچەکە ،مەرجەکانی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی خستۆتە روو.هەردوو وتارەکە بەشێوەیەکی ئەرێنی و هەستی پڕ لە سۆزی نەتەوەیی نووسراون بە سەیرکردنیان بۆ دۆخەکە ،داوای راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن. هەروەها دوو وتار لەسەر یەك دیاردە ،بەلام هەریەکەی بە ئاراستەیەك نووسراوە،هەر یەك لە وتارەکان ئاراستەیەکی سیاسی پێوە دیارە .

لە ژمارە (٦٣٣) رۆژنامەی میدیادا، وتارێك بلاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (ئەو دەمەی تەلبەندی رۆژئاوا و باکووری کوردستان دەبەزێنرێت). نووسەر دەنووسێت (تیرۆرستانی داعش، لە سنووری باکووری کوردستان (تورکیا) هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگە و شەڕڤانان لە رۆژئاوای کوردستان (سوریا) و دروستە کە بە گوتەی فەرماندەکانی پێشمەرگە و شەرڤانان تەرمی چەندین داعش کەوتوونەتە دەست پێشمەرگەی کوردستان،

---

[1]- د. عەبدوڵلا ئاگرین،رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦٢٢)، رۆژی ٢٠١٤/٧/٨،ل٢.

[2]- ماشاءالله عوسمان سەعید،رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٥٨٣)، رۆژی ٢٠١٤/٩/٦،ل٦.

بەلام ئەو دەمەی تەلبەندی رۆژئاوا و باکووری کوردستان دەبەزێنرێت، لە باکوورەوە تورکیا بەرپرسیاری یەکەمە کە تەنانەت ناتوانێ سەروەریی خاکەکەشی بپارێزێت. تورکیا لە بری ئەوەی لەگەل هێزی هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکاندا (کە هەرێمی کوردستان پشکی شێری پێ براوە)دژی تیرۆر و تاریکپەرستان بوەستێتەوە رێگا دەدات داعش لە نێو سنووری جیۆگرافیا دەستکردەکەیەوە هێرش بۆ سەر هێزێکی نێودەڵەتیی دانپێدانراودا بنێت کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە).نووسەر لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنووسێت (دیقەت بدەن هێشتا ئێمە لە شەرێکی قورسداین لەگەل داعش، کەچی لە جەلەولا و سەعدییە میلیشیا شیعەکان ماڵی کورد و سوننەکان تالان دەکەن ، نفوزی شیعە دەسەپێنن و هەوڵی فراوانکردن و پاوانکردنی دەسەڵاتی شیعەگەرایی دەدەن، کورد ئەم هەموو شەهیدەی بۆ جەلەولا و سەعدییە دا ، کەچی خەرێکە وەك میوانیش قبولی نەکەن. لەو سۆنەگەیەوە دەشێ بڵێین نە کەمالیست و نە شیعەکانیش، نوقلانەی سەرکەوتنی یەکجاری و دەوڵەتی کوردی نابەخشنەوە، بەلکە هەرچییەك دژی کورد پێیان بکرێت،دەیکەن)[1]. وتارێکی شیکاریە ،لەسەر تەڵبەندی نێوان سنوری باکور و رۆژاوای کوردستان نووسراوە . کە دەوڵەتی تورك لەوێوە ،هاوکاری تیرۆرستانی داعشی کردوە .دژی هێزی پێشمەرگە،لە کۆتایدا رەخنە لە کەمالیست و شیعەکان دەگرێ کە دژی دەوڵەتی کوردین .

لە ژمارە (٥٦٥)ی رۆژنامەی هەواڵدا،وتارێك بلاوکراوەتەوە ،بەناونیشانی (لە خەندەقی شەرمدا خەونی نەتەوەیەك مەنێژن!). نووسەر دەنووسێت (کورد وەکو نەتەوە بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆ بەرێوەبردنی داوە.ئەمە ئاواتی بە درێژایی مێژوو لە گەڵیدا هاتوە . تاکو ساڵی ١٩٩١ بەشێك لە خەونە گەورەکەمان هاتەدی و بەشێکی باشوری کوردستان رزگارکرا. لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی دوو ساڵ لەمەو بەری رۆژئاوای کوردستان سەرجەم نەتەوەی کورد وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستانی لەت لەت کراو بە ئومێدەوە چاویان دەبڕی لەو شۆڕشە و هاوکاری مادی و مەعنەوەیان دەکرد.جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دژایەتی بزاڤی رزگاری خوازی دەکرد لە و بەشەی کوردستان).لە کۆتایی وتارەکەیدا دەنووسێت (بۆ لێناگەرێن .. گەر ناتەوێت هاوکار بن لە بەدیهێنانی خەونی کوردستانی گەورەمان ئەوە کارەکە لەمە زیاتر خراپتر مەکەن، دروستکردنی خەندەقی شەرم هەموو ئەو دروشمانەتان دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە باسی لێوەدەکەن، بە جەنابی سەرۆکیش دەڵێم ئەو کۆنگرە نەتەوەییەی کە تۆ کاندیدی بوویت چۆن دەبیتە سەرۆکی نەتەوەیەك بەبێ رۆژئاواکەی؟... لە غیابی دوو سەرکردەکەی کوردستانی گەورە ئەرکی تۆ لە ژێر بارێکی قورس و بەرپرسیارێتییەکی گەورەدایت و ئەرکی جەنابتانە بەرگری لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بکەیت و پشتگیری لە خواست و ئیرادە و بژاردەی گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستانەکەمان بکەیت ؟!!)[2].وتارێکی شیکاری رەخنەییە، لەسەر ئەو خەندەقەی کە لەنێوان باشور و رۆژئاوای کوردستان هەڵکەندراوە،نووسراوە.لە نێوان هەردوو وتاردا هاوبەشیەك هەیە.ئەویش دروستکردنی بەرپەستە لە نێوان سنوری بەشەکانی کوردستان . هی یەکەمیان رەخنە لە لایەنێکی دەرەکی زاڵ بەسەر کوردستان دەگرێ .

---

[1]- ئومێد پشدەری ،رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦٣٣)، رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩،ل١٠.

[2]- رەوان تالیب، رۆژنامە هەواڵ ،ژمارە (٥٦٥)،رۆژی ٢٠١٤/٤/١٩،ل٧.

دوەمیان رەخنە لە خودی دەسەڵاتێکی کوردی و سەرۆکەکەی دەگرێ.کاریگەری ئاراستە سیاسییەجیاوازەکان بەسەر هەردوو وتارەکەدا دیارە . یەکەمیان بەو ئاراستەیە کە نەتەوەیی بوون تێیدا زاڵە.دووەمیان رەخنەگەرتن لە دەسەڵاتی باشوری کوردستان بەسەریدا زاڵە.

**چوارەم :ڕاپۆرت.**

هەردوو رۆژنامەکە گرنگییەکی زۆریان بە راپۆرت داوە،لەبارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە مافی چارەنووس .بەسەریەکەوە لە هەردوو رۆژنامەدا (٤٠) راپۆرت بڵاوکراوەتەوە .(٣١)راپۆرت لە رۆژنامەی میدیادا. (٩)ڕاپۆرتیش لە رۆژنامەی هەواڵدا.رۆژنامەی میدیا وەك بەشێك لە ستراتیجی سیاسی و ئۆرگانی خۆی گرنگی زۆر زیاتری بەو بابەتانەداوە ،کە پرسی مافی چارەنووسیان تێدا بووە . بۆیە ژمارەی راپۆرتەکانی زیاترن لە رۆژنامەی هەواڵ. ڕاپۆرتەکانی هەردوو رۆژنامە، هەمەجۆرن لە باری جوگرافی لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدایە . هەروەها بە مەبەستی زانیاری بەخشین و ئاگادارکردنەوە و رێنمایکردن نووسراون،لەسەر ئاستی ئەرێنی و نەرێنی دابەش بوونە .

لە ژمارە (٦١٩)ی رۆژنامەی میدیادا،لە ئامادەکردنی:رێبوار عوسمان، راپۆرتێك بڵاوکراوەتەوە،بەناونیشانی (هەڵبژاردن سەلماندییەوە کەرکوك کوردستانییە). سەرەتای راپۆرتەکە بەم شێوەیە دەستی پێکردووە (بەرپرسانی کورد لە کەرکوك جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەنگدەرانی کورد وەك پرسێکی نەتەوەیی تەماشای هەڵبژاردن دەکەن،بۆیە سەرجەمیان بەشداریی پرۆسەکەیان کردووە،سیاسەتمەدارێکی عەرەبیش کەمبونەوەی کورسییەکانیان لە کەرکووك بە کۆسپ و هەڕەشە لەسەر عەرەبی شارەکە ناو دەبات. ئەنجامی هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسان لە کەرکووك، لێدانەوەکانی ئاوەژووکرد،چونکە زۆرێك لە چاودێران پێیانوابوو، کورد بەهۆی فرەلیستییەوە نەتوانێت تەنانەت شەش کورسییەکەی پێشووی بەدەستبهێنێت، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ یەکەمجار لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە ، لایەنی کوردی لەکەرکووك بووە خاوەنی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی کەرکووك لە کۆی ١٢کورسی ٦کورسی بەر لیستی یەکێتی و ٢کورسی بەر لیستی پارتی کەوت).

راپۆرتەکە راو سەرنجی چەند کەسێکی لە بەرپرسانی کورد وەرگرتووە . لەسەر هۆکاری زیادبوونی کورسییەکانی کورد . ئەمەش بە هەنگاوێك و سەلماندنێکی دووبارە بوونەوەی مێژوودادەنێن ، لەسەر ئەوەی کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە . لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتەکە بیروڕای لایەنی عەرەبی و تورکمانیشی وەرگرتووە . هەریەکەی بەجۆرێك باس لە کەمبوونەوەی کورسیەکانی خۆیان دەکەن لەشاری کەرکوك .بۆیە لێدوانی یەك لە بەرپرسەکانی عەرەب بەم شێوەیە (هۆکارەکانی کەمبونەوەی دەنگەکانی عەرەبی گەڕاندەوە بۆ :ململانێی بەرپرسە عەرەبەکان بۆ دەسەلات، هەروەها گوتی : دەنگدەرانی عەرەبیش بەرپرسن کە دەنگیان بە غەیری عەرەب داوە، هەروەها بەشێکیان بەشداری پرۆسەکەیان نەکرد و بایکۆتیان کرد)[١].

بەمەبەستی زانیاری بەخشین ئامادەکراوە ،کەواکەرکوك بەشێکە لە باشوری کوردستان،راپۆرتێکی ئەرێنییە.

لە ژمارە (٥٩٤)ی رۆژنامەی هەواڵدا،لە ئامادەکردنی: رامان.ڕاپۆرتێك بڵاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (دوای چەندین شەهید پێشمەرگە دەمێنێتەوە یان بەبڕیارێکی سیاسی پاشەکشە دەکات؟ چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکان بەرەو کوێ؟). هۆکار لە ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە ،دەنگۆی پاشەکشە پێکردنی هێزی

---

[١]- رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦١٩)،رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٧،ل٣.

پێشـمەرگەی كوردسـتانە ،لـە ناوچـە كێشـە لەسـەرەكان ،دوای تـەواو بـوونی شـەڕی تیرۆرسـتانی داعش.لەڕاپۆرتەدا نووسراوە(لە دوای ڕووداوەكانی موسڵەوە قۆناغێكی نوێ لە ئێراق هاتە ئاراوە ،چارەنوسی ناوچە دابڕاوەكانیش قۆناغێكی تری بەخۆیەوە بینیوە ،دوای هێرشی چەكدارانی گروپی تیرۆرستی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەك، هێزی پێشمەرگەی كوردستان توانی پارێزگاری لە بەشێكی ئەو ناوچانەبكات، بەوەش لە رووی واقعەوە لە ژێر كۆنترۆڵی هێزە كوردیەكانە ، ئێستاش لێرەو لەوێ باس لە ڕادەستكردنەوەی ئەو ناوچانە بە حكومەتی ئێراق دەكرێت). راپۆرتەكە راو سەرنجی چەند ئەندام پەرلەمانێكی كوردی لە پەرلـەمانی ئێـراق و هـەرێمی كوردسـتان وەرگرتـووە،لەگـەل راو سـەرنجی چـەند فەرماندەیـەكی هێـزی پێشمەرگە و چاودێرانی سیاسی. نموونە كاوە محەمەد ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی بزووتنـەوەی گۆڕان دەلێت ( پاشەكشەكردن لەو ناوچانە شكستێكی گەورەیـە و نابێت سەركردایەتی سیاسی كورد قبوڵی بكات . لە دوای نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی ئێراق ، كورد پشتی بە مادەی ١٤٠ بەستوە بۆ گەڕانـەوەی ناوچە دابڕاوەكان). موسەنا ئەمین ئەندام پەرلەمانی ئێراق ،لەسەر لیستی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان ،لەم بارەیەوە دەلێت (دەبێت تا توانای هەیە ئەمری واقع لەو ناوچانە دروست بكات، بۆ ئەوەی دواتر بیكاتـە كارتێكی فشار لە دانوستانەكاندا، چونكە ناتوانێت لە ناوچە دابڕێندراوەكان هێز بسەپێنێت، بەدروستكردنی فشاریش رەنگە بەشێك لەو ناوچانەی لە ژێر كۆنترۆڵدا بمێنێتـەوە ).محەمـەد عوسمان ئەنـدام پەرلـەمانی ئێراقـی لەسـەر لیسـتی یـەكێتی نیشـتمانی كوردسـتان ، لـەم بارەیـەوە دەلێـت (ئـەو ناوچـانەی بـەخوێنی پێشـمەرگە ئـازاد دەكـرێن ، هێـزی پێشـمەرگە تێیانـدا دەمێنێتـەوە ، هـیچ هێـز و گـروپێكیش ناتوانێـت پێشمەرگە لەو ناوچـانە دوور بخاتـەوە ). خۆشـەوی خـەلیل ئەنـدام پەرلـەمانی ئێـراق لەسـەر لیسـتی پـارتی دیمۆكراتی كوردستان، لەم بارەیـەوە دەلێـت (ئەگـەر ناوچـە تـازە رزگاركراوەكـان رادەسـتی حكومـەتی ئێـراق بكرێتـەوە خیانـەتێكی گەورەیـە، داكـۆكی بـەردەوامیش لـەو ناوچـانە دەكـەین و دەشـبێت لـە گفتوگۆكانـدا جـەخت لـە مانـەوەی ئـەو ناوچـانە لـە ژێـر كـۆنترۆڵی هـەرێم بكرێتـەوە).عـەدنانی حەمـەی مینـا وەك فەرماندەیـەكی هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتان دەلێـت (ئـەو ناوچـانە بـە خـوێن رزگـاركراون ، سـەرۆكایەتی حكومـەت و سـەرۆكایەتی  هـەرێم هـەر بریارێـك بـدەن ئێمـە جێبـەجێی دەكـەین).سـتران عەبـدوڵلا وەك چاودێرێكی سیاسی لەم بارەیەوە دەلێت (ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هـەرێم كاتێـك دەكەونـە بەر مەترسی و هەڕەشەیان لەسەر دەبێت ئەركی سەرشانی پێشمەرگە و حكومـەتی هەرێمـە كـە پارێزگاریـان لێ بكـەن، بۆیـە رزگـاركردنی ئـەو ناوچـانە و پاراستنیشـیان ئـەركێكی یاسـایی و مرۆڤایـەتی پێشـمەرگەیە). فـەخرەدین قـادر سـكرتێری پەرلـەمانی هـەرێمی كوردسـتان ،لـەم بارەیـەوە دەلێـت (ناوچـە كوردسـتانیەكان جارێكی تر ناچنەوە ژێر كۆنترۆڵی حكومەتی ناوەنـد، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بریـاری پەرلـەمانی كوردسـتان و سەرۆكایەتی هەرێم هەیە كە پێشمەرگە ناكشێتەوە بەهۆی ئـەوەی سـوپای ئێـراق نـەیتوانیوە پارێزگـاری لـە هاوڵاتیانی نیشتەجێی ئـەو ناوچـانە بكـات)[١].ڕاپـۆرتێكی نەرێنیـە،بەمەبەسـتی ئاگاداركردنـەوە نووسـراوە.لـە راپۆرتەكەدا هەموو هاو دەنگیەكیان هەیە . لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەم ناوچانە.هـەروەها بـوون و پارێزگـاریكردنی پێشـمەرگە لـەو ناوچانە،نیشـانەی كوردسـتانی بوونیانـە.لـە نێـوان هـەردوو راپۆرتەكـەدا

---

[١]- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٥٩٤)،رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٩،ل٥.

یەکانگیریەك هەیە،ئەویش یەکەمیان بەهۆی دەنگدانی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك کە زۆرینەی ناوچە دابڕاوەکانە،کوردستانی بوونی ئەم ناوچانە سەلمێنراوە.دووەمیان بەهۆی ئازایەتی هێزی پێشمەرگە لە پاراستنی ئەم ناوچانەکوردستانی بوونیان دەسەلمێنرێ .

**پێنجەم :ریپۆرتاژ.**

هەردوو رۆژنامە ژمارەیەك ریپۆرتاژیان بڵاوکردۆتەوە، بەسەریەکەوە (١٤) ریپۆرتاژە.(٤) ریپۆرتاژ بەر رۆژنامەی میدیا کەوتووە.(١٠) ریپۆرتاژیش بەر رۆژنامەی هەواڵ کەوتووە.رۆژنامەی میدیا زۆر کەمتر بایەخی بە ریپۆرتاژداوە.رۆژنامەی هەواڵ بایەخی زیاتری پێداوە .

لە ژمارە (٦٣٠)ی رۆژنامەی میدیا،لە ئامادەکردنی کارزان مامەند پیرانی،ریپۆرتاژێك بڵاوکراوەتەوە ، بەناونیشانی (پێشمەرگە و شەڕڤانان ئازایانە رووبەرووی داعش دەبنەوە). لە م ریپۆرتاژەدا راو سەرنجی چەندین کەسایەتی سیاسی وەرگیراوە،جگە لە هەڵسەنگاندنی ئامادەکاری ریپۆرتاژەکە بۆ رووداوەکان .بەشێك لە راو سەرنجی بەشدار بووەکان بەم شێوەیە(سۆران پالانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەڵێت: ئێمە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی سوریاوە ، بەتایبەت تێروانینمان بۆ شۆڕشی رۆژئاوای کوردستان رامانگەیاندووە کە دەبێت لایەنەکان یەکگرتووبن، یەکگرتوویشمان بەمەرجی سەرکەوتنی شۆڕشی کوردی لەو بەشەی کوردستان زانیوە.نور شەوقی نوێنەری بەشی کوردی ئۆپۆزیسۆنی سوریا لە باشوری کوردستان دەڵێت: رەوشی رۆژئاوای کوردستان و کۆبانێ لە رەوشێکی خراپدان ،یەکینە نێودەوڵەتییەکان ئێستا یەکتریان گرتووە ، بۆ لێدانی داعش و دوور خستنەوەی لە کۆبانێ رۆژئاوای کوردستان، ئەم یەکگرتنەش زۆر باش بوو بۆ رۆژئاوای کوردستان بەگشتی و کۆبانی بەتایبەتی.مام خدر روسی سکرتێری بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان دەڵێت: ئێستا واقعێك دروست بووە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە یەك نزیك بوونەتەوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لایەنە کوردییەکان و دانیشتن و گفتوگۆ دروست بووە ، هۆکارێکی تر ئەوەبوو کورد زیاتر بە دونیا بناسرێت و ئەوە بسەلمێت کە کورد یەکەم شەڕکەرە لە بەرامبەر داعش، سوپای سوریا و ئێراق نەیانتوانی وەك پێشمەرگە و گەریلاو شەرڤانان بەرگری بکەن و بەرپەچی هێرشەکانی داعش بدەنەوە.د.موسا کەڤاڵ مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین بەشی زانستە رامیارییەکان لە بەشێکی سەرنجەکانی دەڵێت:کورد بۆ دیمۆکراسی شەڕ دەکات و خۆی بە کوشت دەدات ،ئەگەر داعش خەلافەت دروست دەکات،مەترسیەکی گەورە نەك هەر لەسەر کورد بەلکو لەسەر تورکیا و ئێران و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپاش دروست دەکات،لە ئەوروپا بە هەزاران موسڵمان هەیە،ئێستا ئەوروپاییەکان وابیر دەکەنەوە بۆ ئەوان ئێمە خۆمان بە کوشت دەدەین، بۆیە خۆیان بەقەرزاری کورد دەزانن و هاوکاری سەربازی رەوانە دەکەن، پێویستە دەوڵەتی کوردیش رابگەیەنێت و چەکی خۆی بکرێت و خۆی پەروەردە بکات و میکانیزمێکی هەبێت بۆ پاراستنی کوردان )[١].ئەم ریپۆرتاژە بەشێوەیەکی گشتی و ئەرێنی ئامادەکراوە.بەمەبستی شیکردنەوە و زانیاری بەخشین نووسراوە.لە رووی جوگرافیەوە کوردستانی گەورەیە.

---

[١]- رۆژنامەی میدیا ،ژمارە (٦٣٠)،رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨،ل٤.

له ژماره (٥٨٦)ی رۆژنامەی هەواڵدا، له ئامادەكردنی هێمن حەسیب،ریپۆرتاژێك بڵاوكراوەتەوە،بەناونیشانی (ئایا سیناریۆی سكوتلەندییەكان لە كوردستان دووبارە دەبێتەوە؟).ریپۆرتاژەكە بەخستنە رووی هەندێ ئاماری بەراووردكاری لەسەر هەرێمی سكوتلەندا و هەرێمی كوردستانی خستۆتە روو . وەك رووبەری جوگرافی و ژمارەی دانیشتوان و سەرچاوەی ئابوری و ناوی پایتەخت، لەگەڵ چەند لایەنێكی تری مێژووی و كەلتوری . لەهەمان كات شیكردنەوەی بۆ هەندێ رووداو كردووە ، دواتر سەرنج و تێبینی چەند كەسایەتێكی سیاسی و نووسەری باشوری كوردستانی وەرگرتووە هەریەكەی لە دیدی خۆیەوە ، سەرنج و تێبینی خۆی لەسەر ئەم پرسە باسكردوە . كە مەبەست تێیدا سەربەخۆیی كوردستانە. بەشێك لە راو سەرنجە وەرگیراوەكان (ئازا حەسیب قەرەداغی،ئەندامی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دەڵێت: ئەگەر هەرێمی كوردستان دەرفەتی ریفراندۆمی پێبدرێت،هاوڵاتیان بە (بەڵێ) وەڵام دەدەنەوە ،چونكە سكۆتلەندا جیاوازە لە هەرێمی كوردستان. دكتۆر شێركۆعەبدوڵڵا نوسەر و چاودێری سیاسی دەڵێت :هاوڵاتیان متمانەیان بە سەركردایەتی كورد نییە،تا هەرچییان وت بە (بەڵێ) پشتگیرییان بكەن.فەرید ئەسەسەرد،سەرۆكی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان دەڵێت:پێكهێنانی دەوڵەت تەنها سیاسی نییە بەلكو ئابوریشە،هیچ كێشەیەكیش لە مەسەلەی راپرسی و ئەنجامەكەشی نیە،بەڵام زەمانەت بۆ سەر هەڵنەدانی قەیران لە رووی ئابوریەوە چییە.ئەبوبەكر عەلی ئەندامی بزووتنەوەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان دەڵێت : ئەگەر بڕیارێكی گەورە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی كوردستان بدرێت و زەمانەت بدرێت بەساڵێك قەیران و نەهامەتیەكان كۆتایی پێبێت ، جێگەی قبوڵكردنە و هاوڵاتیانیش قبوڵی دەكەن. د. فرسەت سۆفی ئەندامی فراكسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی كوردستان دەڵێت : قورگمان ناگیرێت ئەگەر سەربەخۆیی رابگەیەنین ، بەڵام سەربەخۆیی لە بەرنامەماندا نیە ).ریپۆرتاژەكە ڕاو سەرنجی زۆرینەی پارت و رێكخراوە سیاسییەكانی باشوری كوردستانی تێدایە.لە ئاستی ئەرێنی و نەرێنیە ، بەمەبەستی شیكردنەوە و ئاگاداركردنەوە نووسراوە .لە نێوان هەردوو ریپۆرتاژەكەدا ئەوەی دەبینرێ ،لە رۆژنامەی میدیا زیاتر بە ئاستی ئەرێنی قسە كراوە.ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەكە یەك دەگرێتەوە. لە رۆژنامەی هەواڵ زیاتر واقع بوون خراوەتە روو.لایەنە ووردەكانی پرسی سەربەخۆیی خراوەتە روو.

**شەشەم :چاوپێكەوتن.**

هەردوو رۆژنامەكە وەك بەشێك لە تەواوكاری كاری رۆژنامەوانی،بەردەوام چاوپێكەوتنیان ئەنجامداوە ،لەگەڵ ئەو كەسایەتیانەی كە لە رووداوەكان راو سەرنج و كاریگەریان هەیە . بەتایبەت كەسایەتییە سیاسییەكان .لە هەردوو رۆژنامەدا (٣١) چاوپێكەوتن هەیە (٢٠) چاوپێكەوتن لە رۆژنامەی میدیا.(١١) چاوپێكەوتن لە رۆژنامەی هەواڵ. چاوپێكەوتنەكانی رۆژنامەی میدیا زیاتر كەسایەتییە سیاسی و نەتەوەییەكانی هەر چوار پارچەی كوردستانە، زیاتر لە دیدی نەتەوەییەوە وەڵامەكانیان داوەتەوە . بەلام چاوپێكەوتنەكانی رۆژنامەی هەواڵ زیاتر لەگەڵ نوێنەرانی كوردە، لە پەرلەمانی ئێراق و كوردستان . واتە زیاتر لە رەسمیات و تێگەیشتنی یاسایەوە وەڵامەكانیان داوەتەوە .لە ژمارە (٦١٦)ی رۆژنامەی میدیادا، چاوپێكەوتنێك لە گەل (د.جەواد مەلا)سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان KNC ئەنجام دراوە.ناوبراو لە وەڵامی بەشێك لە پرسیارەكاندا دەڵێت (لە دابەشكردنی كوردستانەوە تا ئەمڕۆ هەندێك لە سیاسەتمدار و

نووسەرەکانی جیهان و هەندێك لە سەرکردەکانی دەوڵەتانیش باسی دەوڵەتی کوردستانیان کردووە ،بەڵام سەرکردایەتی کورد خۆی کەمتەرخەم بووە ، دەنا بۆچی زەمینەسازی بۆ پێکهێنانی ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی هەبووە ،بەڵام زەمینە سازی بۆ پێکهێنانی یەك دەوڵەتی کوردی نیە ؟کورد چەندین دەرفەتی زۆر باشی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لە دەستداوە ). لە بەشێکی تری وەلامەکانی ناوبراودا هاتووە (ئەگەر سیاسەتمەدارانی کوردستان سیاسەتەکەیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبێت ، نەك لە ساڵی ٢٠١٤ بەڵکو لە ساڵی ٤٠١٤ـەش دەوڵەتی کوردی نابینین)[١]. لەم چاوپێکەوتنەدا باس لە مێژووی کورد و هەولەکانی بۆ سەربەخۆی دەکات . هەروەها رەخنەش لە سەرکردەکانی کورد دەگرێ .کەوا پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ لە پێشینەی هەولەکانیاندا نیە . چاوپێکەوتنێکی ئەرێنیە بەمەبەستی زانیاری بەخشین نووووسراوە .

لە ژمارە (٥٨٣)ی رۆژنامەی هەواڵدا،چاوپێکەوتنێکی لەگەل بێگەرد تاڵەبانی ،سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجامداوە .ناوبراو لە وەلامی بەشێك لە پرسیارەکانی هەواڵدا دەلێت (ئێمە وەك یەکێتی بانگەشەکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەبێ رەخساندنی زەمینەسازی و پشتیوانی نیودەوڵەتی کێشەی گەورە دروست دەکات ، لە کۆبوونەوەیەکیشدا لەگەل سەرۆکی هەرێم ئەو پرسیارەم لێکرد (ئایە زەمینە سازی نێودەولەتی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کراوە ) ، لە وەڵامدا پێیوتم (بە تەحەداوە دەوڵەتی کوردی رادەگەیەنم)،بەڵام خۆزگە زەمینەسازی لە رووی سەربازی و کۆمەڵایەتی و دارایی و سیاسی بۆ بکرایە و لە ئاستی نێودەوڵەتیش پشتیوانی کۆبکرایەتەوە ،ئەوسا ئەو بابەتە بوروژێنرایە ، چونکە هەر لە سەرەتای راگەیاندنی پرسی دەوڵەتبوون لە لایەن ئەمەریکاوە ئاگادارکراینەوە ،کە هێشتا زووە باس لەو بابەتە بکەین و دەبێت گرنگی بە حکومەتێکی یەکرێزی لە ئێراق بدەین)، لە وەڵامی پرسیاری کۆتایدا ناوبراو دەلێت (ئێمە پێمان وایە چەکی دەوڵەتی کوردی نابێت لە کاتێکدا بەکاربهێنرێت کە هیچ ئەنجامێکی نەبێت)[٢].لەم چاوپێکەوتنەدا وەڵامەکان نەرێنین بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی . لە دیدێکی واقعی رۆژەوە وەلامی داوەتەوە ،کە پەیوەندی بەسیاسەتی نێو دەوڵەتی و ناوچەیی هەیە ،بەمەبەستی زانیاری بەخشین نووسراوە .

لە هەردوو چاوپێکەوتنەکەدا ئەوە دەردەکەوێت،یەکەمیان: وەك سەرۆکی حزبێکی کوردستانی کە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەو پێی وایە ئازایەتی و جورئەت هەبێت دەوڵەتی کوردستان رادەگەینرێ و جێگیر دەبێت .دیارە ئەمە ش زیاتر لە دیدێکی نەتەوەیی ئەو سیاسەتمەدارە و سیاسەتی رۆژنامەی میدیا یەکدەگرێتەوە،کە سەربەخۆی کوردستان ئامانجی یەکەمیانە . دووەمیان: ناوبراو وەك سیاسەتمەدار و وەك کەسایەتێکی رەسمی کە ئەندامی پەرلەمانە . بە تێبینی لەسەر راو سیاسەتی وڵاتان، باس لە پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکات . وەك سیاسەتی ئەمریکا ،کە وڵاتێکی زلهێزی دونیا و خاوەن هەژموونە لە ئێراقدا.ناوبراو لەگەل واقعی رۆژ قسە دەکات ،نەوەك لەگەل دروشم.ئەمەش یەکانگیرە لەگەل واقع بوون و بوونی پانتایی ئازادی لە رۆژنامەی هەواڵدا

## حەوتەم :بابەتە ئەدەبیەکان.

---

[١]- رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦١٦)، رۆژی ٢٠١٤/٤/١٥،ل٥.

[٢]- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (٥٨٣)، رۆژی ٢٠١٤/٩/٦،ل٥.

هەردوو رۆژنامەی میدیا و هەواڵ بەشێك لە ڕووبەری خۆیان بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخان کردووە.ئەگەرچی ئەدەب ژانرێکی رۆژنامەوانی نیە.بەلام ناونیشانی توێژنەوەکە گشتگیرە و توێژەر نەیتوانی بابەتی ئەدەبی پشت گوێ بخات،بەتایبەتی شیعر.کە لە مێژووی جولانەوەی سیاسی کوردا،زۆرجار شیعر دەربڕی پەیامە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان بووە .رۆژنامەی میدیا لە ژمارە (٦٢٦)دا شیعرێکی بلاْوکردۆتەوە، بەناونیشانی (میهرەبان)لە نووسینی (ئەیوب کوردی). لە بەشێکی شیعرەکەیدا هاتووە:

زنجیرە چییای حەمرینی سەرکەش
بۆ چەکدارەکان بوو بە جێی ژووان
ئـــاواتی کۆنی ساڵەهای ســالم
خــــەونی رابردووی پڕ بە خەیاڵم
ئـەمـرۆ بە جـارێ هــاتۆتـەدێ
بوو بەدەوڵەت باشووری کوردستان[١].

رۆژنامەی هەواڵ لە ژمارە (٥٩١)دا شیعرێکی بلاْوکردۆتەوە بەناونیشانی (نامەیەك لە حەمرینەوە ) لە نووسینی (کاوە حەسیب)لەبەشێکی شیعرەکەیدا هاتووە:

بەرانبـــەر حەمـــــرین شــــورای کوردســـــــتان
لە خوێــــن پێویســــتر بۆ رۆحــی ئینســــــــان
دووژمنانم وادەزانن من دەست لە حەمــرین بەردەدەم
خوێنم ئەکەم بە باران و چەند گیایەکی پێ شین دەکەم
بڕۆن لە حەمـــــرین بپرســـــن بزانن چیتــان پێ دەڵێت
ئەڵێ من خاکی کوردســـتانم لەوە زیاتر هیچی تر مەڵێن[٢].

لە هەردوو شیعرەکەدا ناوچەیەکی جوگرافی دەست نیشان دەکەن وەك خەون ئاواتی لە مێژینەی کورد، کە ئەویش چیای حەمرینە . ئەم سنورە لە کۆنەوە لە لایەن جوگرافی ناس و مێژوونووسان بە خالی سنوری نێوان ولاتی کوردان و ولاتی عەرەب دەست نیشان کراوە .

## بەشی پێنجەم

## مافی چارەنووس لە ژانرەکانی رۆژنامەی میدیاوهەواڵدا

[١]- رۆژنامەی میدیا،ژمارە (٦٢٦)،رۆژی ٢٠١٤/٩/٢،ل١١.

[٢]-رۆژنامەی هەواڵ،ژمارە(٥٩١)،رۆژی ٢٠١٤/١١/٨،ل١٦.

**یەکـەم :رۆژنامـەی میـدیا.** لـە ژمـارە (٦١٠)ی ٢٠١٤/١/١٤ تـاکو ژمـارە (٦٣٤)ی ٢٠١٤/١٢/٢٣.وەرگـیراوە ،بـۆ توێژنەوەکە.واتە تەواوی ژمارەکانی ساڵی ٢٠١٤ بەسەر یەکەوە (٢٥)ژمارەیە.ژمارەی ئەو ژانرانەی پەیوەنـدیان بەم توێژنەوەیە هەیە (١٨٨)ژانرە ، بە بابەتە ئەدەبیەکانیشەوە .

| خشتەی (٧)دەرخستنی کۆی ژانرەکان لە رۆژنامەی میدیادا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ژانر | دووبارە | ٪ | پلە |
| ١ | مانشێت | ١٧ | ٩,١ | پێنجەم |
| ٢ | هەواڵ | ٤٤ | ٢٣,٤ | دووەم |
| ٣ | وتار | ٥٩ | ٣١,٤ | یەکەم |
| ٤ | راپۆرت | ٣١ | ١٦,٥ | سێیەم |
| ٥ | ریپۆرتاژ | ٤ | ٢,١ | هەشتەم |
| ٦ | چاوپێکەوتن | ٢٠ | ١٠,٦ | چوارەم |
| ٧ | کاریکاتێر | ٧ | ٣,٧ | شەشەم |
| ٨ | ئەدەب | ٦ | ٣,٢ | حەوتەم |
| هەمووی | | ١٨٨ | ٪١٠٠ | |

**دووەم : رۆژنامـەی هـەواڵ.**لـەژمارە (٥٥٢)ی ٢٠١٤/١/١١ تـاکو ژمـارە (٥٩٨)ی ٢٠١٤/١٢/٢٧.وەرگـیراوە، بـۆ توێژنەوەکە. واتـە تـەواوی ژمارەکـانی سـاڵی ٢٠١٤،بەسـەریەکەوە دەکاتـە (٤٧) ژمـارە . ژمـارەی ئـەو ژانرانـەی پەیوەندیان بەم توێژنەوەیە هەیە (١٦٥)ژانرە ، بە بابەتە ئەدەبیەکانیشەوە .

| خشتەی (٨) دەرخستنی کۆی ژانرەکان لە رۆژنامەی هەواڵدا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ژانر | دووبارە | ٪ | پلە |
| ١ | مانشێت | ١٢ | ٧,٣ | چوارەم |
| ٢ | هەواڵ | ١٦ | ٩,٧ | دووەم |
| ٣ | وتار | ٨٣ | ٥٠,٣ | یەکەم |
| ٤ | راپۆرت | ٩ | ٥,٤ | حەوتەم |
| ٥ | ریپۆرتاژ | ١٠ | ٦,١ | شەشەم |
| ٦ | چاوپێکەوتن | ١١ | ٦,٧ | شەشەم |
| ٧ | کاریکاتێر | ١٣ | ٧,٨ | سێەم |
| ٨ | ئەدەب | ١١ | ٦,٧ | پێنجەم |
| هەمووی | | ١٦٥ | ٪١٠٠ | |

لەبەراوورد کردنی هەردوو خشتەکەدا دەردەکـەوێت ،وتـار و هـەواڵ لـە پلـەی یەکـەم و دووەمـی ژانرەکانـدان .بەلام لە کۆی ژانرەکـان رۆژنامـەی میـدیا لـە پـێش رۆژنامـەی هەواڵدایـە بـە (٢٣) ژانـر.لـە کاتێکدا ژمـارەی وەرگـیراو لـە رۆژنامـەی هەواڵـدا (٤٧)ژمـارەی (١٦) لاپەڕەییـە.بـەلام ژمـارەی وەرگـیراو لـە رۆژنامـەی

میدیا(٢٥)ژمارەی (١٢)لاپەڕەییە.بەم پێیە بێت رۆژنامەی میدیا زیاتر بایەخی هەبووە بۆ پرسی مافی چارەنوس.هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کەوا رۆژنامەی میدیا ،رۆژنامەی ئۆرگانی پارتێکی سیاسی نەتەوەییە.بایەخی سەرەکی بۆ پرسە چارەنوس سازەکانی گەلی کوردستانە .

# پاری یەکەم

## ڕووپێوی و شیکاریکردنی ژانرەکانی رۆژنامەی میدیا و هەواڵ

**یەکەم: مانشێت**.مانشێت بەمانای روخساری یەکەمی رۆژنامە دێت.مانشێت دەروازەی یەکەمی ئەو بابەتانەیە کە رۆژنامەکە بایەخی بۆی هەیە .دەرخستنی ئامانج لە مانشێتی رۆژنامە چەند هۆکارێکە،رۆژنامەی هەواڵ (١٦)مانشێتی هەیە .

١_ **مەبەست** : مەبەست لە ڕووی گەیاندنەوە ،ژانرەکە بە چ مەبەستێك و ئامانجیك نووسراوە(زانیاری بەخشین، رێنماییکردن، ئاگادارکردنەوە ).

| خشتەی (٩)دەرخستنی مەبەستی مانشێت لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | | |
| مەبەست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | |
| زانیاری بەخشین | ٨ | ٥٠ | ١ | ٦ | ٣٥,٣ | ٢ | ١٤ | ٤٢,٤ | |
| رێنماییکردن | ٢ | ١٢,٥ | ٣ | ٣ | ١٧,٦ | ٣ | ٥ | ١٥,٢ | |
| ئاگادارکردنەوە | ٦ | ٣٧,٥ | ٢ | ٨ | ٤٧,١ | ١ | ١٤ | ٤٢,٤ | |
| هەمووی | ١٦ | ٪١٠٠ | | ١٧ | ٪١٠٠ | | ٣٣ | ٪١٠٠ | |

لە خشتەی (٩)دەردەکەوێت، هەردوو رۆژنامەکە بایەخی یەکەمیان بۆ زانیاری بەخشین و ئاگادارکردنەوە بووە.رێنماییکردن لە پلەی دووەم دێت.بەلام رۆژنامەی هەواڵ لە زانیاری بەخشین لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە.رۆژنامەی میدیاش لە ئاگادارکردنەوە و رێنمایکردن لە پێش رۆژنامەی هەواڵە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەواڵ زیاتر بە دوای وەرگرتن و پەخشکردنی زانیاریەوە بووە .

٢_ ناوچەی جوگرافی:مەبەست لەناوچەی جوگرافی بەشەکانی کوردستانە (باکور،رۆژهەلات،باشور،رۆژئاوا ،کوردستانی گەورە ).

| خشتەی (١٠)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە مانشێتی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باکور | _ | _ | ٤ | ٢ | ١١,٨ | ٣ | ٢ | ٦,١ |
| رۆژهەلات | ١ | ٦,٢ | ٣ | _ | _ | ٤ | ١ | ٣ |
| باشور | ١٣ | ٨١,٣ | ١ | ١٠ | ٥٨,٨ | ١ | ٢٣ | ٦٩,٧ |
| رۆژئاوا | ٢ | ١٢,٥ | ٢ | ٢ | ١١,٨ | ٣ | ٤ | ١٢,١ |
| کوردستانی گەورە | _ | _ | ٤ | ٣ | ١٧,٦ | ٢ | ٣ | ٩,١ |
| هەمووی | ١٦ | ٪١٠٠ | | ١٧ | ٪١٠٠ | | ٣٣ | ٪١٠٠ |

**لە خشتەی (١٠)دا دەردەکەوێت،باشور لە پێشەوەی بایەخ پێدانی هەردوو رۆژنامەکەدایە لە پلەی یەکەمە.لە پلەی دووەمدا رۆژئاوا دێت. لە پلەی سێیەمیندا کوردستانی گەورە دێت.لە پلەی چوارەمداباکوری کوردستان دێت.لە پلەی پێنجەم و کۆتایدا رۆژهەلات دێت.بەلام رۆژنامەی میدیا لە مانشێتەکانیدا بایەخی بۆ پارچەکانی تری کوردستان زیاتر بووە ،وەك لە رۆژنامەی هەواڵ.**

**دووەم : هەواڵ** . هەواڵ ژانرێکی گرنگی کاری رۆژنامەوانییە.هەردوو رۆژنامەی هەواڵ و میدیا بایەخی زۆریان بە هەواڵ داوە، هەواڵەکان هەمە جۆرن .

**١_ جۆرەکانی هەواڵ:**لە هەردوو رۆژنامەکەدا چەندین جۆر هەواڵ بڵاوکراوەتەوە (سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، هونەری، رۆشنبیری ).

**خشتەی (١١)دەرخستنی جۆرەکانی هەواڵ لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا**

| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری هەواڵ | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| سیاسی | ٧ | ٤٣,٨ | ١ | ٣٠ | ٦٨,٢ | ١ | ٣٧ | ٦١,٧ |
| ئابووری | _ | _ | ٥ | ١ | ٢,٣ | ٥ | ١ | ١,٧ |
| کۆمەلایەتی | ٣ | ١٨,٨ | ٢ | ٥ | ١١,٤ | ٢ | ٨ | ١٣,٣ |
| رۆشنبیری | ٣ | ١٨,٨ | ٢ | ٢ | ٤,٥ | ٤ | ٥ | ٨,٣ |
| هونەری | ١ | ٦,١ | ٤ | ٣ | ٦,٨ | ٣ | ٤ | ٦,٧ |
| سەربازی | ٢ | ١٢,٥ | ٣ | ١ | ٢,٣ | ٥ | ٣ | ٥ |
| زانستی | _ | _ | ٥ | ٢ | ٤,٥ | ٤ | ٢ | ٣,٣ |
| هەمووی | ١٦ | ٪١٠٠ | | ٤٤ | ٪١٠٠ | | ٦٠ | ٪١٠٠ |

**لە خشتەی (١١)دا دەردەکەوێت،هەواڵی سیاسی لە پلەی یەکەمدایە.لە پلەی دووەمدا هەواڵی کۆمەلایەتی دێت.لە پلەی سێیەمیندا هەواڵی رۆشنبیری دێت. لە پلەی چوارەم هەواڵی هونەری دێت. لە پلەی پێنجەمداهەواڵی سەربازی دێت. لە پلەی شەشەمداهەواڵی زانستی دێت.لە پلەی حەوتەم و کۆتایداهەواڵی ئابووری دێت.سیاسەت لە پلەی یەکەمی بایەخی هەردوو رۆژنامەکەدایە.بەلام ئابووری کە ژیانی زۆرینەی کۆمەڵی پێوە بەندە لە پلەی کۆتاییدایە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵی کوردەواری زیاتر سیاسییە.رۆژنامەی کوردیش سیاسەت لە بابەتە هەر لە پێشینەکانی خۆی دادەنێ.رۆژنامەی میدیا .لەپێش**

رۆژنامەی هەواڵە لە هەواڵی سیاسی. بەلام لە هەرسێ بابەتی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و سەربازی رۆژنامەی هەواڵ لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە بەرێژەیەکی زۆر . ئەمەش نیشانەی زیاتر بابەخدانە بەپرسە گشتیەکانی کۆمەڵ.لەبەرامبەردا لە بابەتەکانی ئابووری و هونەری و زانستی رۆژنامەی میدیا لە پێش رۆژ نامەی هەواڵە بەرێژەیەکی کەم . ئەمەش نیشانەی بوونی گشتگیری هەواڵەکانی رۆژنامەی میدیایە.

٢_ **سەرچاوە** : مەبەست لە بەکارهێنانی سەرچاوە، سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکەیە،ئایا سەرچاوەکە دیارە یان نادیارە یان کەسی بینەری رووداوەکەیە.

| خشتەی (١٢) دەرخستنی جۆری سەرچاوەی هەواڵ لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری سەرچاوە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| دیار | ٨ | ٥٠ | ١ | ٢٢ | ٥٠ | ١ | ٣٠ | ٥٠ |
| نادیار | ٦ | ٣٧,٥ | ٢ | ١٤ | ٣١,٨ | ٢ | ٢٠ | ٣٣,٣ |
| کەسی بینەر | ٢ | ١٢,٥ | ٣ | ٨ | ١٨,٢ | ٣ | ١٠ | ١٦,٧ |
| هەمووی | ١٦ | ٪١٠٠ | | ٤٤ | ٪١٠٠ | | ٦٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٢)دا دەردەکەوێت، سەرچاوەی دیار پلەی یەکەمی وەرگرتووە. لە پلەی دووەمدا سەرچاوەی نادیار دێت. لە پلەی سێیەمیندا کەسی بینەر (شاهد حال) دێت.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە رۆژنامەکان کەمتر پشتیان بەکاری مەیدانی بەستووە .زیاتر مامەلەیان لەگەل سەرچاوە دیار و فەرمیەکان بووە ،بۆیە سەرچاوەی دیار لە پێشەوەی سەرچاوەکانی ترە .

٣_ **ناوچەی جوگرافی**:مەبەست لەناوچەی جوگرافی بەشەکانی کوردستانە.( باکور، رۆژهەلات، باشور ، رۆژئاوا،کوردستانی گەورە)، واتە هەواڵی رووداوەکە لە کام بەشە روویداوە.

| خشتەی (١٣)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە هەواڵەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| باکور | _ | _ | ٤ | ٤ | ٩,١ | ٥ | ٤ | ٦,٦ |
| رۆژهەلات | _ | _ | ٤ | ٥ | ١١,٤ | ٤ | ٥ | ٨,٤ |
| باشور | ١١ | ٦٨,٨ | ١ | ٢٠ | ٤٥,٤ | ١ | ٣١ | ٥١,٦ |
| رۆژئاوا | ٢ | ١٢,٥ | ٣ | ٨ | ١٨,٢ | ٢ | ١٠ | ١٦,٦ |
| کوردستانی گەورە | ٣ | ١٨,٧ | ٢ | ٧ | ١٥,٩ | ٣ | ١٠ | ١٦,٦ |
| هەمووی | ١٦ | ٪١٠٠ | | ٤٤ | ٪١٠٠ | | ٦٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٣)دا دەردەکەوێت هەردوو رۆژنامەکە گرنگیی یەکەمیان بۆ باشوری کوردستان بووە.لە پلەی دووەم رۆژئاوا و کوردستانی گەورە دێن. لە پلەی سێیەمیندا رۆژهەلات دێت. لە پلەی چوارەم باکور دێت . رۆژنامەی میدیا بایەخی بۆ هەموو پارچەکان و کوردستانی گەورە هەبووە.کەچی رۆژنامەی هەواڵ هیچ

بایـەخێكی لـە هەواڵـەكان بـۆ بـاكور و ڕۆژهـەڵات نـەبووە.زۆرتـرین بایـەخی بـۆ باشـور بـووە ،لەبـەر ئـەوەی ڕۆژنامەیەكە زیاتر كاری لەسەر ڕووداوی نزیك كردووە. هۆكارەكـەش ئەوەیـە ڕۆژنامـەی میـدیا بـەو پێیـەی زمانحاڵی حزبێكی نەتەوەییە،بایەخی بۆ سەرجەم بەشەكانی كوردستان هەبووە .

**سێیەم :وتار**.وتار ژانرێكی گرنگی ڕۆژنامەوانیـە، بەتایبـەت ئـەو ڕۆژنامانـەی كـە زیـاتر بایـەخ پێدانیان بـۆ سیاسەت هەیە، ڕۆژنامەی گشتین. لەهەردوو ڕۆژنامەكەدا، وتار بە پلەی یەكەمی ژانرەكان هاتووە،سەرجەمی (٨٣)وتارە.

١_ جۆری وتار:چەند جۆرە وتاریك باوە لە ڕۆژنامەوانی،(سەروتار،شیكارە وتار،گۆشە وتار،وتاری ڕەخنەیی).

| خشتەی (١٤) دەرخستنی جۆری وتار لە ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری وتار | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| سەروتار | — | — | ٤ | — | — | ٤ | — | — |
| ڕەخنە | ١٣ | ١٥,٦ | ٣ | ٦ | ١٠,١ | ٣ | ١٩ | ١٣,٤ |
| شیكار | ٢٤ | ٢٩ | ٢ | ٢٩ | ٤٩,١ | ١ | ٥٣ | ٣٧,٣ |
| گۆشە | ٤٦ | ٥٥,٤ | ١ | ٢٤ | ٤٠,٨ | ٢ | ٧٠ | ٤٩,٣ |
| هەمووی | ٨٣ | ١٠٠٪ | | ٥٩ | ١٠٠٪ | | ١٤٢ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (١٤)دا دەردەكـەوێت، لـە پلـەی یەكەمـدا وتـارە گۆشـە زۆرتـرین پانتـایی گرتـووە.لـە پلـەی دووەم شیكارە وتار دێت.لە پلەی سێیەم وتاری ڕەخنەیی دێت.بەڵام لەهیچ یەك لـە ڕۆژنامەكانـدا ،سـەروتار نییـە . لە هەمان كات لەهەردوو پلەی یەكەم و سێیەمدا ،ڕۆژنامەی هەواڵ لە پـێش ڕۆژنامـەی میـدیا دایـە، ئـەویش وەك ڕۆژنامەیەكی ئـەهلی زیـاتر گرنگی بـە ڕەخنـە داوە.هـەروەها ژمـارەی گۆشـەكانی زیـاترە لـە ڕۆژنامـەی میـدیا،ئەمـەش بـە مانـایی بـوونی پانتـایی ئـازادی زیـاترە بـۆ بڵاوكردنـەوە،بۆیـە نووسـەران زیـاتر ڕوویـان تێكردووە.بەڵام ڕۆژنامەی میدیا لە شیكارە وتار لە پێش ڕۆژنامەی هەواڵە. ئەویش بەهۆی بوونی سیاسـەتی ڕۆژنامەكەوەیە،كەوا پانتایی زیـاتری بـۆ شـیكارە وتـار ڕەخسـاندوە،وەك لـە وتـاری ڕەخنـە،ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیە كە ڕۆژنامەیەكی ئاراستە كراوە، زیاتربۆ بابەتی شیكاری.

٢_ **بابەتی وتار** . مەبەست لە بابەتی وتار ،بەمانای لەسەر چ بابەتێكی پەیوەست بە ژیانی كۆمەڵ نووسراوە ( سیاسی ، فەرهەنگی ، كۆمەلایەتی ، ئابووریی ، یاسایی ، مێژوویی ،جوگرافی،هەر بابەتێكی تر ).

| خشتەی (١٥)دەرخستنی جۆری بابەت لە وتارەكانی ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری بابەت | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | ٣٣ | ٣٩,٨ | ١ | ٢٧ | ٤٥,٨ | ١ | ٦٠ | ٤٢,٣ |
| کۆمەلایەتی | ٩ | ١٠٨ | ٢ | ٧ | ١١,٨ | ٣ | ١٦ | ١١,٤ |
| مێژوویی | ٧ | ٨,٥ | ٣ | ٨ | ١٣,٥ | ٢ | ١٥ | ١٠,٦ |
| فەرهەنگی | ٩ | ١٠,٨ | ٢ | ٤ | ٦,٨ | ٦ | ١٣ | ٩,٣ |
| جوگرافی | ٩ | ١٠,٨ | ٢ | ٦ | ١٠,٢ | ٤ | ١٥ | ١٠,٦ |
| یاسایی | ٧ | ٨,٥ | ٣ | ٥ | ٨,٥ | ٥ | ١٢ | ٨,٥ |
| ئابووری | ٩ | ١٠,٨ | ٢ | ٢ | ٣,٤ | ٧ | ١١ | ٧,٢ |
| هەمووی | ٨٣ | ١٠٠٪ | | ٥٩ | ١٠٠٪ | | ١٤٢ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (١٥)دادەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا وتاری سیاسی دێت.لە پلەی دووەم بابەتی کۆمەلایەتی دێت.لەپلەی سێیەمدا مێژوویی و جوگرافیی دێن.لە پلەی چوارەم بابەتی فەرهەنگی دێت.لە پلەی پێنجەمدا بابەتی یاسایی دێت. لە پلەی شەشەم و کۆتایدابابەتی ئابووری دێت.لە هەردوو رۆژنامەکەدا پرسی سیاسی بەپلەی یەکەم دێت ،بەرێژەیەکی یەکجار زۆر لە پێش بابەتەکانی تردایە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە رۆژنامەوانی کوردی زۆرترین بایەخی بۆ بابەتی سیاسییە ،وەك لە بابەتەکانی تری پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵ.لەهەمان کاتدا کەمترین بایەخدان بۆ بابەتی یاسا و ئابووری هەبووە، لە کاتێکدا دوو بابەتی زۆر گرنگن بۆ سیاسەتی سەردەم ،بەبێ بوونی دەستوور و یاسایەکی پێشکەوتوو،لەگەل بنەمایەکی ئابووری بەهێز قورسە هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی.

٣_ **مەبەست** : مەبەست لە نووسینی وتار چیە؟ ئایە بۆ چ لایەنێك و بە چ مەبەستێك نووسراوە ،(زانیاری بەخشین،شیکاریکردن، رێنماییکردن ،ئاگاداری کردنەوە ).

| خشتەی (١٦) مەبەست لە نووسینی وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| بەمەبەستی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| زانیاری بەخشین | ٢١ | ٢٥,٣ | ٢ | ١٧ | ٢٨,٨ | ١ | ٣٨ | ٢٦,٨ |
| شیکاریکردن | ٢٦ | ٣١,٣ | ١ | ١٦ | ٢٧,١ | ٢ | ٤٢ | ٢٩,٦ |
| رێنماییکردن | ١٦ | ١٩,٣ | ٤ | ١٢ | ٢٠,٤ | ٤ | ٢٨ | ١٩,٧ |
| ئاگادارکردنەوە | ٢٠ | ٢٤,١ | ٣ | ١٤ | ٢٣,٧ | ٣ | ٣٤ | ٢٣,٩ |
| هەمووی | ٨٣ | ١٠٠٪ | | ٥٩ | ١٠٠٪ | | ١٤٢ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (١٦) دا دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا شیکاریکردن دێت.لە پلەی دووەمدا زانیاری بەخشین دێت. لە پلەی سێیەمیندا ئاگادارکردنەوە دێت.لە پلەی چوارەم و کۆتایی رێنماییکردن دێت. نووسەرەکان زیاترگرنگیان بە شیکاریکردن داوە،لە هەردوو رۆژنامەکەدا.رۆژ نامەی هەواڵ لە شیکاریکردن و ئاگادارکردنەوەدا لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە ،بەرێژەیەکی کەم.بەلام لە زانیاری بەخشین و رێنماییکردن رۆژنامەی میدیا لە پێش رۆژنامەی هەواڵە بە رێژەیەکی کەم.

٤_ **هەڵوێست**: مەبەست نووسەرە لە وتارەکەی کام هەلویستی هەیە( ئەرێنیە ، نەرێنیە ، بێلایەن).

خشتەی (١٧)دەرخستنی هەڵوێست لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا

| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵوێست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| ئەرێنی | ٥٢ | ٦٢,٦ | ١ | ٤٢ | ٧١,٢ | ١ | ٩٤ | ٦٦,٢ |
| نەرێنی | ٢٤ | ٢٨,٩ | ٢ | ١٤ | ٢٣,٧ | ٢ | ٣٨ | ٢٦,٨ |
| بێلایەن | ٧ | ٨,٥ | ٣ | ٣ | ٥,١ | ٣ | ١٠ | ٧ |
| هەمووی | ٨٣ | ١٠٠ | | ٥٩ | ٪١٠٠ | | ١٤٢ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٧)دا دەردەکەوێت ،لەپلەی یەکەمدا هەڵوێستی ئەرێنی دێت. لەپلەی دووەمدا هەڵوێستی نەرێنی دێت. لە پلەی سێیەمدا بێ لایەن بوون دێت.بەلام رۆژنامەی هەواڵ لە هەڵوێستی ئەرێنی لە دوای رۆژنامەی میدیاوەیە.لە هەڵوێستی نەرێنی دا رۆژنامەی هەواڵ لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە. هەروەها لە هەڵوێستی بێلایەندا رۆژنامەی هەواڵ لە پێش رۆژنامەی میدیا هاتووە .ئەمەش نیشانەی بوونی پانتایی ئازادی رادەربڕینی زیاتری رۆژنامەی هەواڵە ،وەك لە رۆژنامەی میدیا کە رۆژنامەیەکی حزبی ئاراستە کراوە .

٥_ **سەرچاوەی بەکارهاتوو**:بۆ نووسینی وتار هەمیشە سەرچاوەیەك دەبێ هەبێت( کەنالەکانی راگەیاندن،دیکۆمێنت ،ئەرشیف ،چاوپێکەوتن ، نەخێر_واتە هیچ سەرچاوەیك نیە).

خشتەی (١٨)دەرخستنی سەرچاوەی بەکارهاتوو لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا

| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری سەرچاوە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| کەنالی راگەیاندن | ٣٢ | ٣٨,٦ | ٢ | ١٨ | ٣٠,٥ | ٢ | ٥٠ | ٣٥,٢ |
| دیکۆمێنت | ٧ | ٨,٤ | ٤ | ٥ | ٨,٥ | ٤ | ١٢ | ٨,٤ |
| ئەرشیف | ٩ | ٩,٨ | ٣ | ٧ | ١١,٩ | ٣ | ١٦ | ١١,٣ |
| نەخێر | ٣٥ | ٤٢,٢ | ١ | ٢٩ | ٤٩,١ | ١ | ٦٤ | ٤٥,١ |
| هەمووی | ٨٣ | ٪١٠٠ | | ٥٩ | ٪١٠٠ | | ١٤٢ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٨)دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا نەخێردێت. لە پلەی دووەمدا کەنالەکانی راگەیاندن دێت.لە پلەی سێیەمدا ئەرشیف دێت.لە پلەی چوارەمدا دیکۆمێنت دێت. بەلام رۆژنامەی میدیا لە بەکارهێنانی سەرچاوەی (نەخێر)لەپێش رۆژنامەی هەواڵە.کەچی رۆژنامەی هەواڵ لە بەکارهێنانی کەنالەکان، وەکو سەرچاوە لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە.بەلام لە هەردوو سەرچاوەی ئەرشیف و دیکۆمێنت رۆژنامەی میدیا لە پێش رۆژنامەی هەواڵە بەرێژەیەکی کەم.بەلام هەواڵ زیاتر پشتی بە کەنالەکانی راگەیاندن بەستووە.

٦_ **ناوچەی جوگرافی** : مەبەست لە ناوچەی جوگرافی، وتارەکە کام بەشەی کوردستان دەگرێتەوە (باکور، باشور ، رۆژهەلات ،رۆژئاوا ،کوردستانی گەورە).

| خشتەی (١٩)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە وتارەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| باکور | ١٠ | ١٢,١ | ٢ | ٢ | ٣,٤ | ٣ | ١٢ | ٨,٤ |
| رۆژهەڵات | ـــ | ـــ | ٥ | ـــ | ـــ | ٤ | ـــ | ـــ |
| باشور | ٦٦ | ٧٩,٥ | ١ | ٤٩ | ٨٣ | ١ | ١١٥ | ٨١ |
| رۆژئاوا | ١ | ١,٢ | ٤ | ـــ | ـــ | ٤ | ١ | .٧ |
| کوردستانی گەورە | ٦ | ٧,٢ | ٣ | ٨ | ١٣,٦ | ٢ | ١٤ | ٩,٩ |
| هەمووی | ٨٣ | ٪١٠٠ | | ٥٩ | ٪١٠٠ | | ١٤٢ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٩)دا دەردەکەوێت،باشوری کوردستان لە لایەن هەردوو رۆژنامەکەوە ،جێگای بایەخی یەکەمی وتارەکانیانە،بۆیە بەپلەی یەکەم هاتووە.لەپلەی دووەمدا کوردستانی گەورە دێت. لە پلەی سێیەمدا باکوری کوردستان دێت.ئەویش بەهۆی بوونی پرۆسەی ئاشتی لەوساڵەدا بایەخێکی خۆی هەبووە.لەپلەی چوارەمدا رۆژئاوای کوردستان دێت.لەپلەی پێنجەم و کۆتایدا رۆژهەڵاتی کوردستان دێت کە یەك وتاریشی لەبارەوە نەنوسراوە.ئەوەش نیشانەی بایەخنەدانی نووسەرانی هەردوو رۆژنامەکەیە،لە وتارەکانیاندا بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان .رۆژنامەی هەواڵ لە بایەخدان بە باکورو رۆژئاوا لە پێش رۆژنامەی میدیایە. رۆژنامەی میدیا لە بایەخدان بە باشوروکوردستانی گەورە لە پێش رۆژنامەی هەواڵە،بەرێژەیەکی کەم .

**چوارەم : ڕاپۆرت**. ڕاپۆرت یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی کاری رۆژنامەوانی و میدیایی، چونکە زانیارێکی تەواو لەسەر رووداوەکە دەدات بە خوێنەر.

١_ جۆرەکانی راپۆرت: لەجۆرەکانی راپۆرت ( هەواڵی ، کەسی، زانستی ) گرنگن.

| خشتەی (٢٠)دەرخستنی جۆرەکانی راپۆرت لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری راپۆرت | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| هەواڵی | ٢ | ٢٢,٢ | ٢ | ١٥ | ٤٨,٤ | ١ | ١٧ | ٤٢,٥ |
| کەسێتی | ٦ | ٦٦,٧ | ١ | ١٥ | ٤٨,٤ | ١ | ٢١ | ٥٢,٥ |
| زانستی | ١ | ١١,١ | ٣ | ١ | ٣,٢ | ٢ | ٢ | ٥ |
| هەمووی | ٩ | ٪١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ | | ٤٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢٠)دا دەردەکەوێت،راپۆرتی کەسێتی پلەی یەکەمی وەرگرتووە. لە پلەی دووەمدا راپۆرتی هەواڵی دێت. لە پلەی سێیەمدا راپۆرتی زانستی دێت.رۆژنامەی هەواڵ راپۆرتەکانی زیاتر کەسین،وەك لە هەواڵی.بەلام رۆژنامەی میدیا بایەخی زۆری بە هەموو جۆرەکانی راپۆرت داوە.بە ژمارە (٢٢) راپۆرت زیاتر لە پێش رۆژنامەی هەواڵە .

٢_ **جۆری بابەت:** بابەتەکانی راپۆرت (سیاسی،فەرهەنگی، کۆمەلایەتی،ئابووری،سەربازی،...هتد).

| خشتەی (٢١)دەرخستنی جۆری بابەتەکانی راپۆرت لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری بابەت | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| سیاسی | ٤ | ٤٤,٥ | ١ | ١٣ | ٤١,٩ | ١ | ١٧ | ٤٢,٥ |
| ئابووری | _ | _ | ٤ | ٢ | ٦,٥ | ٥ | ٢ | ٥ |
| کۆمەلایەتی | ١ | ١١,١ | ٣ | ٧ | ٢٢,٦ | ٢ | ٨ | ٢٠ |
| فەرهەنگی | ١ | ١١,١ | ٣ | ٥ | ١٦,١ | ٣ | ٦ | ١٥ |
| سەربازی | ٣ | ٣٣,٣ | ٢ | ٤ | ١٢,٩ | ٤ | ٧ | ١٧,٥ |
| هەمووی | ٩ | ٪١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ | | ٤٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢١)دادەردەکەوێت،لە پلەی یەکەم راپۆرتی سیاسی دێت.لەپلەی دووەمدا بابەتی کۆمەلایەتی دێت.لە پلەی سێیەمدا سەربازی دێت.لە پلەی چوارەمدا فەرهەنگی دێت.لە پلەی پێنجەم و کۆتایی ئابووری دێت.هەردوو رۆژنامەکە زۆرترین بایەخیان بۆ بابەتی سیاسی بووە.کەمترین بایەخیان بۆ بابەتی ئابووری بووە.ئەمەش نیشانەی زیاتر سیاسی بوونی رۆژنامەکانە.بەلام رۆژنامەی هەواڵ بایەخی زۆرتری بۆ بابەتی سەربازی بووە،بەهۆی نزیکی لەبەرەکانی جەنگەوە.رۆژنامەی میدیا بایەخی زیاتری بۆ کۆمەلایەتی بووە .

٣_ **مەبەست**:مەبەست لە راپۆرتەکان (زانیاری بەخشین،رێنماییکردن،شیکاریکردن، ئاگادارکردنەوە ).

| خشتەی (٢٢)دەرخستنی مەبەست لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| مەبەست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| زانیاری بەخشین | ٤ | ٤٤,٥ | | ١٣ | ٤١,٩ | | ١٧ | ٤٢,٥ |
| رێنماییکردن | ٢ | ٢٢,٢ | | ٣ | ٩,٧ | | ٥ | ١٢,٥ |
| ئاگادارکردنەوە | ١ | ١١,١ | | ٧ | ٢٢,٦ | | ٨ | ٢٠ |
| شیکردنەوە | ٢ | ٢٢,٢ | | ٨ | ٢٥,٨ | | ١٠ | ٢٥ |
| هەمووی | | ٪١٠٠ | | | ٪١٠٠ | | ٤٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢٢)دا دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا زانیاری بەخشین دێت،لە پلەی دووەمدا شیکردنەوە دێت. لە پلەی سێیەمد ئاگادارکردنەوە دێت.لە پلەی چوارەمدا رێنماییکردن دێت.لە رۆژنامەی هەواڵدا رێنامایکردن بەرێژەیەکی زۆرتر لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە . بەلام لە ئاگادارکردنەوە رۆژنامەی میدیا زۆر لە پێش رۆژنامەی هەواڵە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە رۆژنامەی هەواڵ هەمیشە رێنمایکردنی واقیعیانەی لامەبەست بووە.بەلام رۆژنامەی میدیا بە هۆی باکگراوندی سیاسی خۆیەوە هەمیشە ئاگادارکردنەوەی زیاتر خستۆتە روو .

٤_ سەرچاوە : سەرچاوەی بەکار هاتوو لە راپۆرتەکاندا چیە(کەنالەکانی راگەیاندن، کاری راستەوخۆ، دیکۆمێنت)،واتە راپۆرتەکە لەکام سەرچاوە سوودی بینیووە .

| خشتەی (٢٣)دەرخستنی سەرچاوە لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | | |
| جۆرەکانی سەرچاوە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | |
| کەناڵەکانی راگەیاندن | ٣ | ٣٣,٣ | ٢ | ١٣ | ٤١,٩ | ٢ | ١٦ | ٤٠ | |
| کاری راستەوخۆ | ٥ | ٥٥,٦ | ١ | ١٦ | ٥١,٦ | ١ | ٢١ | ٥٢,٥ | |
| دیکۆمێنت | ١ | ١١,١ | ٣ | ٢ | ٦,٥ | ٣ | ٣ | ٧,٥ | |
| هەمووی | ٩ | ١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ | | ٤٠ | ٪١٠٠ | |

لە خشتەی (٢٣)دا دەردەکەوێت ،لە بەپلەی یەکەمدا کاری راستەوخۆی مەیدانی دێت.لە پلەی دووەمدا کەناڵەکانی راگەیاندن دێت.لە پلەی سێیەمدا دیکۆمێنتەری دێت. ئەمەش بەلگەی ئەوەیە ،کە کاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری ،کەمترین بایەخی هەبووە لە هەردوو رۆژنامەکەدا.بەلام رۆژنامەی هەواڵ لە کاری راستەوخۆ و دیکۆمێنتەری لە پێش رۆژنامەی میدیایە،ئەمەش نیشانەی بوونی بایەخی رۆژنامەکەیە بۆ هەواڵ و بابەتی تازە و نەبیستراو .لە سەرچاوەی کەناڵەکانی راگەیاندن رۆژنامەی میدیا لە پێش رۆژنامەی هەواڵە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە رۆژنامەکە زیاتر وابەستەی سیاسەتێکی دیاری کراوە .

٥_ **هەڵوێست** : راپۆرتەکان لەچ ئاستی گەیاندنی هەڵوێست کامانەن( ئەرێنین ،نەرێنین . بێلایەنن).

| خشتەی (٢٤)دەرخستنی هەڵوێست لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | | |
| هەڵوێست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | |
| ئەرێنیێ | ٤ | ٤٤,٤ | ٢ | ١٩ | ٦١,٣ | ١ | ٢٣ | ٥٧,٥ | |
| نەرێنی | ٥ | ٥٥,٦ | ١ | ١٢ | ٣٨,٧ | ٢ | ١٧ | ٤٢,٥ | |
| بێلایەن | _ | _ | ٣ | _ | _ | ٣ | _ | _ | |
| هەمووی | ٩ | ٪١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ | | ٤٠ | ٪١٠٠ | |

لە خشتەی (٢٤)دا دەردەکەوێت راپۆرتەکان لە هەردوو رۆژنامەدا دابەشی سەر دوو تەوەر بوونە .ئەرێنی و نەرێنی.لە پلەی یەکەمدا ئەرێنی دێت.لە پلەی دووەمدا نەرێنی دێت. لەپلەی سێیەمدا بێلایەن دێت. بەلام لە رۆژنامەی هەواڵ راپۆرتە نەرێنیەکان لە پێش راپۆرتە ئەرێنیەکانەوەن.ئەمەش نیشانەی زیاتر واقعیی بوون دەگەیێنێ .بەپێچەوانەوە لە رۆژنامەی میدیا راپۆرتە ئەرێنیەکان زۆر لە پێش نەرێنیەکانەوەن ،ئەمەش نیشانەی بوونی سیاسەتێکی ئاراستەکراو دەگەیێنێ.بەلام هەردوو رۆژنامەکە لە بێلانیدا خالین .

٦_ **ناوچەی جوگرافی** : مەبەست لەناوچەی جوگرافی ،واتە راپۆرتەکان لە چ بەشێکی کوردستان دەدوێن (باکور ،رۆژهەلات ، باشور ، رۆژئاوا ،کوردستانی گەورە ).

| خشتەی (٢٥)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە راپۆرتەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | |
| باکور | _ | _ | ٣ | ٦ | ١٩,٤ | ٣ | ٦ | ١٥ | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژهەڵات | _ | _ | ٣ | ٨ | ٢٥,٨ | ٢ | ٨ | ٢٠ |
| باشور | ٨ | ٨٨,٩ | ١ | ٥ | ١٦,١ | ٤ | ١٣ | ٣٢,٥ |
| رۆژئاوا | _ | _ | ٣ | ٩ | ٢٩ | ١ | ١١ | ٢٧,٥ |
| کوردستانی گەورە | ١ | ١١,١ | ٢ | ٣ | ٩,٧ | ٥ | ٤ | ١٠ |
| هەمووی | ٩ | ٪١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ | | ٤٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢٥)دا دەردەکەوێت ،لە پلەی یەکەمدا باشور دێت. لەپلەی دووەمدا رۆژئاوا دێت .لە پلەی سێیەمدا رۆژهەڵات دێت. لە پلەی چوارەمدا باکور دێت لە پلەی پێنجەمدا کوردستانی گەورە دێت. رۆژنامەی هەواڵ بایەخی سەرەکی بۆ باشوری کوردستان بووە. هیچ راپۆرتێکی لەسەر باکور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا نیە . تەنها یەك راپۆرتی لەسەر کوردستانی گەورە هەیە. رۆژنامەی میدیا بایەخی بە هەموو پارچەکان داوە . رۆژئاوای کوردستان لە پلەی یەکەمدا دێت.رۆژهەڵات لە پلەی دووەم.باکور لە پلەی سێیەمدایە باشور لە پلەی چوارمەدایە. کوردستانی گەورە لەپلەی پێنجەمدا دێت.ئەمەش ئەوە دەگەێنێت ،کەوا رۆژنامەی میدیا لە روانگەی سیاسەتی نەتەوەیی حزبەکەیەوە جوڵاوەتەوە.بەلام رۆژنامەی هەواڵ وەك رۆژنامەیەکی ئەهلی زیاتر بایەخی بە بابەتە خۆجییەکانی باشوری کوردستانداوە .

**پێنجەم : ریپۆرتاژ:** ریپۆرتاژ وەك ژانرێکی گرنگ لە کاری رۆژنامەوانی بایەخی خۆی هەیە. لە هەردوو رۆژنامەدا ریپۆرتاژ هەیە،رۆژنامەی میدیاتەنها (٤) ریپۆرتاژی هەیە.رۆژنامەی هەواڵ (١٠) ریپۆرتاژی هەیە.

١_ **جۆری بابەت** : واتە لەسەر چ بابەتێکی ریپۆرتاژەکە ئامادەکراوە ( سیاسی ،کۆمەلایەتی ، فەرهەنگ ، ئابوری ، سەربازی ،جوگرافی ).

| خشتەی (٢٦)دەرخستنی جۆری بابەت لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری بابەت | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| سیاسی | ٤ | ٤٠ | ١ | ٢ | ٥٠ | ١ | ٦ | ٤٢,٩ |
| کۆمەلایەتی | ٢ | ٢٠ | ٣ | ١ | ٢٥ | ٢ | ٣ | ٢١,٤ |
| سەربازی | ٣ | ٣٠ | ٢ | ١ | ٢٥ | ٢ | ٤ | ٢٨,٦ |
| فەرهەنگی | ١ | ١٠ | ٤ | _ | _ | ٣ | ١ | ٧,١ |
| هەمووی | ١٠ | ١٠٠ | | ٤ | ٪١٠٠ | | ١٤ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢٦)دا دەردەکەوێت . پلەی یەکەمدا سیاسەت دێت.لە پلەی دووەمدا باری سەربازی دێت. ئەمەش هۆکاری زیاتری شەڕ بووە ،لەگەل تیرۆرستان. لە پلەی سێیەمدا کۆمەلایەتی دێت . لە پلەی چوارەمدا فەرهەنگ دێت. لە رۆژنامەی هەواڵدا سیاسەت و سەربازی نزیکی یەکترن.هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە شوێنی دەرچوونی لە شاری کەرکوکە ،بۆیە زیاتر بایەخی بۆ هەردوو پرسەکە هەبووە .

٢_ **مەبەست** :بڵاوکردنەوەی ریپۆرتاژەکان بۆ چ مەبەستێك بووە( زانیاری بەخشین ،ئاگادارکردنەوە ، رێنماییکردن،شیکردنەوە ).

| خشتەی (٢٧)دەرخستنی مەبەست لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| مەبەست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| زانیاری بەخشین | ٤ | ٤٠ | ١ | ٢ | ٥٠ | ١ | ٦ | ٤٢,٩ |
| رێنماییکردن | ١ | ١٠ | ٤ | _ | _ | ٣ | ١ | ٧,١ |
| شیکردنەوە | ٣ | ٣٠ | ٢ | ١ | ٢٥ | ٢ | ٤ | ٢٨,٦ |
| ئاگادارکردنەوە | ٢ | ٢٠ | ٣ | ١ | ٢٥ | ٢ | ٣ | ٢١,٤ |
| هەمووی | ١٠ | ٪١٠٠ | | ٤ | ٪١٠٠ | | ١٤ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢٧)دا دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا زانیاری بەخشین دێت.لە پلەی دووەمدا شیکردنەوە دێت. لە پلەی سێیەمدا ئاگادارکردنەوە دێت.لە پلەی چوارەم و کۆتایدا رێنماییکردن دێت.هەردوو رۆژنامەکە زیاتر گرنگیان بەزانیاری بەخشین داوە.رۆژنامەی هەواڵ ژمارەی ریپۆرتاژەکانی زیاترە لە رۆژنامەی میدیا.

٣_**هەڵوێست** :واتە ریپۆرتاژەکە بە چ هەڵوێستێك ئامادەکراوە ( ئەرێنی ،نەرێنی ، بێلایەن).

| خشتەی (٢٨)دەرخستنی هەڵوێست لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | رۆژنامە |
| هەڵوێست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| ئەرێنیٚ | ٨ | ٨٠ | ١ | ٤ | ١٠٠ | ١ | ١٢ | ٨٥,٧ |
| نەرێنی | ٢ | ٢٠ | ٢ | _ | _ | ٢ | ٢ | ١٤,٣ |
| بێلایەن | _ | _ | ٣ | _ | _ | ٢ | _ | _ |
| هەمووی | ١٠ | ٪١٠٠ | | ٤ | ٪١٠٠ | | ١٤ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢٨)دا دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەم ئەرێنی دێت.لە پلەی دووەم نەرێنی دێت.لە پلەی سێیەمدا بێلایەن دێت. بەلام ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی میدیا بەرێژەی (٪١٠٠) ئەرێنیە.کەچی ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ بەرێژەی (٪٨٠)ئەرێنی و بە رێژەی (٪٢٠)نەرێنیە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە رۆژنامەی میدیا هەمیشە بەدوای بابەتە ئەرێنیەکانەوەیە.کەمتر خۆی لە قەرەی بابەتە نەرێنیەکان داوە.هیچ هەڵوێستێکی بێلایەن لە هەردوو رۆژنامەکەدا نیە.

٤_ **سەرچاوە** : مەبەست لە سەرچاوەی بەکارهاتوو، لە ریپۆرتاژەکاندا (کەناڵەکانی راگەیاندن ، کاری راستەوخۆ، دیکۆمەینتەری).

| خشتەی (٢٩) سەرچاوەی بەکارهاتوو لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| سەرچاوە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| کەناڵەکانی راگەیاندن | ٣ | ٣٠ | ٢ | ٢ | ٥٠ | ١ | ٥ | ٣٥,٧ |
| کاری راستەوخۆ | ٥ | ٥٠ | ١ | ٢ | ٥٠ | ١ | ٧ | ٥٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیکۆمێنتەری | ٢ | ٢٠ | ٣ | _ | _ | ٢ | ٢ | ١٤,٣ |
| هەمووی | ١٠ | ٪١٠٠ | | ٤ | ٪١٠٠ | | ١٤ | ٪١٠٠ |

**لە خشتەی (٢٩)دا دەردەکەوێت ،لەپلەی یەکەمدا کاری راستەوخۆی دێت. لە پلەی دووەمدا کەناڵەکانی راگەیاندن دێت . لە پلەی سێیەمدا دیکۆمێنتەری دێت. رۆژنامەی هەواڵ زیاتر کاری راستەوخۆی ئەنجام داوە.بەلام رۆژنامەی میدیا لە نێوان کەنالەکانی راگەیاندن و کاری راستەوخۆ نیوە بەنیوەیە .**

**٥_ ناوچەی جوگرافی:ریپۆرتاژەکان بارودۆخ و کێشەی کام لە پارچەکانی کوردستانیان خستۆتە ڕوو (باکور ، رۆژهەلات ، باشور ، رۆژئاوا، کوردستانی گەورە ).**

| خشتەی (٣٠) دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە ریپۆرتاژەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| باکور | _ | _ | ٥ | ١ | ٢٥ | ١ | ١ | ٧,١ |
| رۆژهەلات | ١ | ١٠ | ٢ | ١ | ٢٥ | ١ | ٢ | ١٤,٣ |
| باشور | ٧ | ٧٠ | ١ | ١ | ٢٥ | ١ | ٨ | ٥٧,٢ |
| رۆژئاوا | ١ | ١٠ | ٢ | _ | _ | ٢ | ١ | ٧,١ |
| کوردستانی گەورە | ١ | ١٠ | ٢ | ١ | ٢٥ | ١ | ٢ | ١٤,٣ |
| هەمووی | ١٠ | ٪١٠٠ | | ٤ | ٪١٠٠ | | ١٤ | ٪١٠٠ |

**لە خشتەی (٣٠)دا دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا باشور دێت.لە پلەی دووەمدا رۆژهەلات وکوردستانی گەورە دێن. لە پلەی سێیەمدا باکور و رۆژئاوا دێن.بەلام رۆژنامەی میدیا ریپۆرتاژەکانی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر باکور و رۆژهەلات و باشور و کوردستانی گەورەدا وەك یەك دابەش کردووە .لە رۆژنامەی هەواڵدا باشور بە پلەی یەکەم هاتووە .ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زیاتر بایەخی بۆ باشور هەبووە.**

**شەشەم:چاوپێکەوتن . چاوپێکەوتن ڕووبەرێکی زۆری لاپەڕەکانی هەردوو رۆژنامەکەی داگیرکردووە . رۆژنامەی هەواڵ (١١)چاوپێکەوتنی هەیە.رۆژنامەی میدیا (٢٠)چاوپێکەوتنی هەیە.چاوپێکەوتنەکان هەمەجۆرن لە بابەت و کەسایەتیدا .**

**١_ کەسایەتییەکان: مەبەست لە کەسایەتییەکان،واتە ئەو کەسایەتیانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەل ئەنجامدراوە ،چ کارەن( سیاسی،رۆشنبیر،چالاکوان،ئەکادیمی،...هتد). هەریەکەی لە دیدی خۆیەوە دواوە.**

| خشتەی (٣١) دیاریکردنی کەسایەتی لە چاوپێکەوتنەکانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆر کەسایەتی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| سیاسی | ٨ | ٧٢,٧ | ١ | ٨ | ٤٠ | ١ | ١٦ | ٥١,٦ |
| رۆشنبیر | ٣ | ٢٧,٣ | ٢ | ٤ | ٢٠ | ٣ | ٧ | ٢٢,٦ |
| چالاکوان | _ | _ | ٣ | ٥ | ٢٥ | ٢ | ٥ | ١٦,١ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەكادیمی | ـ | ـ | ٣ | ٣ | ١٥ | ٤ | ٣ | ٩,٧ |
| هەمووی | ١١ | ٪١٠٠ | | ٢٠ | ٪١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٣١)دا دەردەكەوێت ، پلەی یەكەمدا سیاسییەكان دێن.لە پلەی دووەمدا ڕۆشنبیران دێن. لە پلەی سێیەمدا چالاكوانان دێن.لە پلەی چوارەمدا ئەكادیمییەكان دێن. بەلام ڕۆژنامەی هەواڵ زۆری چاوپێكەوتنەكانی لەگەل كەسایەتییە سیاسییەكان بووە. وەك ڕۆژنامەیەكی ئەهلی بەدوای كێشە سیاسییەكانەوەبووە، كەلەواقعی یاسایی و دەستووری و سیاسی بوونیان هەبووە،بەتایبەتی لە باشوری كوردستاندا.ڕۆژنامەی میدیا گشتگیرترە لە چاوپێكەوتنەكاندا ،لەگەل زۆرینەی كەسایەتییە كاریگەرەكانی ناو كۆمەڵ، سەبارەت بە پرسی مافی چارەنووس گفتوگۆ و چاوپێكەوتنی ئەنجام داوە .

٢_ **بابەتی چاوپێكەوتنەكان**: مەبەست لە بابەتی چاوپێكەوتنەكان،جۆری بابەتەكان چیە (سیاسی، فەرهەنگی،جوگرافی،كۆمەلایەتی،زانستی ).

| خشتەی (٣٢)دەرخستنی جۆری بابەت لە چاوپێكەوتنەكانی ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری بابەت | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| سیاسی | ٥ | ٤٥,٤ | ١ | ٨ | ٤٠ | ١ | ١٣ | ٤١,٩ |
| كۆمەلایەتی | ـ | ـ | ٤ | ٤ | ٢٠ | ٣ | ٤ | ١٢,٩ |
| فەرهەنگی | ٣ | ٢٧,٣ | ٢ | ٥ | ٢٥ | ٢ | ٨ | ٢٥,٨ |
| زانستی | ١ | ٩,١ | ٣ | ١ | ٥ | ٥ | ٢ | ٦,٥ |
| جوگرافی | ٢ | ١٨,٢ | ٢ | ٢ | ١٠ | ٤ | ٤ | ١٢,٩ |
| هەمووی | ١١ | ٪١٠٠ | | ٢٠ | ٪١٠٠ | | ٣١ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٣٢)دا دەردەكەوێت،لە پلەی یەكەمدا سیاسەت دێت. لەپلەی دووەمدا فەرەنگ دێت.لە پلەی سێیەمدا هەردوو بابەتی كۆمەلایەتی و جوگرافی دێن.لە پلەی چوارەم و كۆتایدا زانست دێت.ڕۆژنامەی میدیا بابەتەكانی هەمەجۆرترە.چونكە لە هەڵبژاردنی كەسایەتییەكانیش هەمەجۆرە. بەلام ڕۆژنامەی هەواڵ زیاتر كەسایەتییەكانی سیاسین لە چاوپێكەوتنەكانیدا.بۆیە سیاسەت بەرێژەی لە (٤٥,٤)ی بابەتەكانی بەركەوتووە .

٣_ **مەبەست** : چاوپێكەوتنەكان بۆ چ مەبەستێك ئەنجام دراوە (زانیاری بەخشین، ڕێنماییكردن، شیكردنەوە، ئاگاداركردنەوە ).

| خشتەی (٣٣)دەرخستنی مەبەست لەچاوپێكەوتنەكانی ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| مەبەست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| زانیاری بەخشین | ٤ | ٣٦,٣ | ١ | ٨ | ٤٠ | ١ | ١٢ | ٣٨,٧ |
| ڕێنمایكردن | ٢ | ١٨,٢ | ٣ | ٣ | ١٥ | ٤ | ٥ | ١٦,١ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیکردنەوە | ٢ | ١٨,٢ | ٣ | ٤ | ٢٠ | ٣ | ٦ | ١٩,٤ |
| ئاگادارکردنەوە | ٣ | ٢٧,٣ | ٢ | ٥ | ٢٥ | ٢ | ٨ | ٢٥,٨ |
| هەمووی | ١١ | ١٠٠٪ | | ٢٠ | ١٠٠٪ | | ٣١ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٣٣)دا دەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا زانیاری بەخشین دێت.لە پلەی دووەم ئاگادارکردنەوە دێت.لەپلەی سێیەمدا شیکردنەوە دێت.لە پلەی چوارەمدا ڕێنماییکردن دێت.ڕۆژنامەی میدیا لە زانیاری بەخشین لە پێش ڕۆژنامەی هەواڵە. بەلام ڕۆژنامەی هەواڵ لە ئاگادارکردنەوە لە پێش ئەوە.

٤_ **هەڵوێست** .هەڵوێستی چاوپێکەوتنەکە چۆنە (ئەرێنی، نەرێنی،بێلایەن).

| خشتەی (٣٤) دەرخستنی هەوڵوێست لە چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| هەڵوێست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| ئەرێنی | ٦ | ٥٤,٥ | ١ | ١٢ | ٦٠ | ١ | ١٨ | ٥٨,١ |
| نەرێنی | ٤ | ٣٦,٤ | ٢ | ٧ | ٣٥ | ٢ | ١١ | ٣٥,٥ |
| بێلایەن | ١ | ٩,١ | ٣ | ١ | ٥ | ٣ | ٢ | ٦,٤ |
| هەمووی | ١١ | ١٠٠٪ | | ٢٠ | ١٠٠٪ | | ٣١ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٣٤)دا دەردەکەوێت ،لە پلەی یەکەمدا ئەرێنی دێت. لە پلەی دووەمدا نەرێنی دێت.لە پلەی سێیەمدا بێلایەن دێت.بەهەمان شێوە لە هەردوو ڕۆژنامەکەشدا ،هەڵوێستی ئەرێنی لە پلەی یەکەمدایە . هەڵوێستی نەرێنی لە پلەی دووەمدایە.بێلایەن بوون لە پلەی سێیەم و کۆتاییدایە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کەسایەتیەکانی کە چاوپێکەوتنیان لەگەل کراوە. کەمتر سەربەخۆن ،یان لە دیدێکی زانستی و بێلایەن شرۆڤە و هەڵسەنگاندنیان بۆ پرسی مافی چارەنووس کردووە.

٥_ **ناوچەی جوگرافی** : مەبەست لەناوچەی جوگرافی چاوپێکەوتنەکە زیاتر باسی کام بەشەی کوردستان دەکات (باکور ،ڕۆژهەلات، باشور ،ڕۆژئاوا ،کوردستانی گەورە ).

| خشتەی (٣٥)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| باکور | _ | _ | ٣ | _ | _ | ٤ | _ | _ |
| ڕۆژهەڵات | _ | _ | ٣ | ٣ | ١٥ | ٣ | ٣ | ٩,٧ |
| باشور | ٩ | ٨١,٨ | ١ | ١٣ | ٦٥ | ١ | ٢٢ | ٧١ |
| ڕۆژئاوا | _ | _ | ٣ | _ | _ | ٤ | _ | _ |
| کوردستانی گەورە | ٢ | ١٨,٢ | ٢ | ٤ | ٢٠ | ٢ | ٦ | ١٩,٣ |
| هەمووی | ١١ | | | ٢٠ | | | ٣١ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٣٥)دا دەردەکەوێت،له پلەی یەکەمدا باشوردێت.لە پلەی دووەمدا کوردستانی گەورە دێت.لە پلەی سێیەمدا رۆژهەلات دێت. لە پلەی چوارەم باکورو رۆژئاوا دێن رۆژنامەی هەوالْ زۆرترین بایەخی بۆ باشوری کوردستان هەبووە ،دوای ئەو بۆ کوردستانی گەورە بووە .بەشەکانی تری کوردستان هیچیان بەرنەکەوتووە ،ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی رۆژنامەکە،کەوا زیاتر گرنگی بەواقعی کۆمەڵی باشوری کوردستان داوە. رۆژنامەی میدیا بەپلەی یەکەم بایەخی بە باشور داوە.لەپلەی دووەمدا کوردستانی گەورە دێت،لەپلەی سێیەمدا رۆژهەلات دێت .لە پلەی چوارەمدا باکور و رۆژئاوادێن کە هیچیان بەرنەکەوتووە.رۆژنامەی میدیا ئاراستە سیاسیەکەی کوردستانیە.لە ژێر کاریگەری ئەم ئاراستەکردنە بایەخی زیاتری بۆ بەشەکانی تر هەبووە .

**حەوتەم : کاریکاتێر.** کاریکاتێر یەکێکە لە ژانرە ،هەرە سەرنج راکێشەکانی کاری رۆژنامەوانی دا، لە ڕووبەرێکی کەم وێنەیەکی کێشراودا زۆرترین گوزارشت دەبەخشێ.زۆرجار ئەوەی وشە نایگەیێنێ،وێنەی کاریکاتێری دەیگەیێنێ،چونکە خوێنەر دەباتە قولایی بابەتێك تەنها بەسەرنجدان و بیرکردنەوەیەکی سادە. هەردوو رۆژنامەی هەوالْ و میدیا بایەخیان بە کاریکاتێر داوە.بەلام رۆژنامەی هەوالْ زیاتر،بەدەگمەن ژمارەیەکی هەیە بەبێ بوونی کاریکاتێر.رۆژنامەی هەوالْ (١٣)کاریکاتێر.رۆژنامەی میدیا (٧)کاریکاتێر.

١_ گوزراشتکردن: مەبەست لە گوزراشتکردن کاریکاتێرەکە گوزارشت لە چ بابەتێك دەکات( سیاسی ،کۆمەلایەتی ، ئابووری ، یاسایی ،گەندەلی ،جوگرافی ) .

| خشتەی (٣٦)دەرخستنی گوزارشتکردن لە کاریکاتێرەکانی رۆژنامەی هەوالْ و میدیادا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەوالْ | | | میدیا | | | هەمووی | | |
| گوزارشت کردن | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | |
| سیاسی | ٤ | ٣٠,٧ | ١ | ٣ | ٤٢,٨ | ١ | ٧ | ٣٥ | |
| کۆمەلایەتی | ١ | ٧,٧ | ٣ | _ | _ | ٤ | ١ | ٥ | |
| ئابووری | ٢ | ١٥,٤ | ٢ | ٢ | ٢٨,٦ | ٢ | ٤ | ٢٠ | |
| یاسایی | ٢ | ١٥,٤ | ٢ | _ | _ | ٤ | ٢ | ١٠ | |
| گەندەلی | ٢ | ١٥,٤ | ٢ | ١ | ١٤,٣ | ١ | ٣ | ١٥ | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جوگرافی | ٢ | ١٥,٤ | ٢ | ١ | ١٤,٣ | ١ | ٣ | ١٥ |
| هەمووی | ١٣ | ١٠٠ | | ٧ | ٪١٠٠ | | ٢٠ | ٪١٠٠ |

له خشتەی (٣٦)دا دەردەكەوێت،له پلەی یەكەمدا سیاسەت دێت. له پلەی دووەمدا ئابووری دێت. له پلەی سێیەمدا گەندەڵی و جوگرافیا دێن. له پلەی چوارەمدا یاسا دێت. له پلەی پێنجەمدا كۆمەلایەتی دێت. له هەردوو رۆژنامەكەدا سیاسەت له پێشەوەیه.بەلام رۆژنامەی هەواڵ بۆ هەموو بابەتەكان كاریكاتێری هەبووە.لەبەرامبەردا رۆژنامەی میدیا تەنها بۆ چەند بابەتێك كاریكاتێری هەبووە .ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە رۆژنامەی هەواڵ زیاتر گرنگی بە پرسە گشتییەكان داوە .

٢_ **ناوچەی جوگرافی**:مەبەست لەناوچەی جوگرافی كاریكاتێرەكان گوزارشت لەكام بەشەی كوردستان دەكات ( باكور ، رۆژهەلات ، باشور ، رۆژئاوا ، كوردستانی گەورە ).

| خشتەی (٣٧)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی له كاریكاتێرەكانی رۆژنامەی هەواڵ ومیدیادا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | |
| باكور | _ | _ | ٣ | _ | - | ٣ | _ | _ | |
| رۆژهەلات | _ | _ | ٣ | _ | _ | ٣ | _ | _ | |
| باشور | ١١ | ٨٤,٦ | ١ | ٦ | ٨٥,٧ | ١ | ١٧ | ٨٥ | |
| رۆژئاوا | _ | _ | ٣ | ١ | ١٤,٣ | ٢ | ١ | ٥ | |
| كوردستانی گەورە | ٢ | ١٥,٤ | ٢ | _ | _ | ٣ | ٢ | ١٠ | |
| هەمووی | ١٣ | ٪١٠٠ | | ٧ | ٪١٠٠ | | ٢٠ | ٪١٠٠ | |

له خشتەی (٣٧)دا دەردەكەوێت،له پلەی یەكەمدا باشور دێت.له پلەی دووەمدا كوردستانی گەورە دێت.له پلەی سێیەمدا رۆژئاوا دێت.له پلەی چوارەمدا باكور و رۆژهەلات دێن.هەردوو رۆژنامەكە له بایەخدانی هونەری كاریكاتێر بۆ باشوری كوردستان له یەك ئاستدان.رۆژنامەی میدیا بەرێژەیەكی كەم له پێش رۆژنامەی هەواڵەوەیه.بۆ بەشەكانی تری كوردستان هەردووكیان كەمترین بایەخیان هەبووە.بەلام رۆژنامەی هەواڵ له پێش رۆژنامەی میدیاوەیه.

**هەشتەم:ئەدەب**. ئەدەب،وەك بابەتێكی خوازراو، هەمیشە له رۆژنامەكاندا بوونی هەبووە.ئەگەر رۆژنامەكان تایبەتمەندیش بن.بەلام ئەدەب هەر بوونی هەبووە. هەردوو رۆژنامەی هەواڵ و میدیا بەردەوام گرنگیان بە بابەتی ئەدەبی داوە.بەتایبەت رۆژنامەی هەواڵ ڕووبەرێكی زۆری تەرخان كردوە بۆ ئەدەب، بەهەموو لقەكانیەوە.ئەدەب ژانرێكی رۆژنامەوانی نیە.بەلام لەبەر ئەوەی بەردەوام له رۆژنامەوانی كوردی بوونی هەبووە و هەیە، ناونیشانی توێژنەوەكەش گشتگیرە،بۆیە ئەدەبیش وەك ژانرێك بەشدارە لەم توێژنەوەیەدا.رۆژنامەی هەواڵ بە (١١) بابەت بەشدارە.رۆژنامەی میدیاش بە (٦)بابەت.

١_ **هەڵوێست** :هەڵوێست له بابەتە ئەدەبیەكان واتا (ئەرێنی ،نەرێنی ،بێلایەن).

| خشتەی (٣٨) دەرخستنی هەڵوێست لەبابەتە ئەدەبیەكانی رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا |
|---|

| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵوێست | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| ئەرێنی | ٦ | ٥٤,٥ | ١ | ٣ | ٥٠ | ١ | ٩ | ٥٢,٩ |
| نەرێنی | ٤ | ٣٦,٤ | ٢ | ٢ | ٣٣,٣ | ٢ | ٦ | ٣٥,٣ |
| بێلایەن | ١ | ٩,١ | ٣ | ١ | ١٦,٧ | ٣ | ٢ | ١١,٨ |
| هەمووی | ١١ | ٪١٠٠ | | ٦ | ٪١٠٠ | | ١٧ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٣٨)دا دەردەکەوێت،لەپلەی یەکەمدا ئەرێنی دێت.لە پلەی دووەمدا نەرێنی دێت. لە پلەی سێیەمدا بێلایەن دێت.بەلام لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا ئەرێنی لە پلەی یەکەمە،لەیەك ئاستی نزیك لەیەکەوەن.لە پلەی دووەمیشدا نەرێنی لەهەردوو ڕۆژنامەکە لەیەکەوە نزیکن.لە هەڵوێستی بێلایەن بوون ،ڕێژەکە کەمێك دوورە لەیەکتر،ڕۆژنامەی میدیا لەپێش ڕۆژنامەی هەواڵەوەیە.

٢_ **ناوچەی جوگرافی** : مەبەست لە ناوچەی جوگرافی ،واتە کامە بەشەی کوردستان دەگرێتەوە(باکور،ڕۆژهەلات،باشور، ڕۆژئاوا، کوردستانی گەورە).

| خشتەی (٣٩)دەرخستنی ناوچەی جوگرافی لە بابەتە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| ناوچەی جوگرافی | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| باکور | _ | _ | ٤ | _ | _ | ٤ | _ | _ |
| ڕۆژهەلات | _ | _ | ٤ | _ | _ | ٤ | _ | _ |
| باشور | ٤ | ٣٦,٤ | ٢ | ٢ | ٣٣,٣ | ٢ | ٦ | ٣٥,٣ |
| ڕۆژئاوا | ١ | ٩,١ | ٣ | ١ | ١٦,٧ | ٣ | ٢ | ١١,٨ |
| کوردستانی گەورە | ٦ | ٥٤,٥ | ١ | ٣ | ٥٠ | ١ | ٩ | ٥٢,٩ |
| هەمووی | ١١ | ٪١٠٠ | | ٦ | ٪١٠٠ | | ١٧ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٣٩)دادەردەکەوێت،لە پلەی یەکەمدا کوردستانی گەورە دێت. لەپلەی دووەمدا باشور دێت.لە پلەی سێیەمدا ڕۆژئاوا دێت.لە پلەی چوارەمدا باکور و ڕۆژهەلات دێن.لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا کوردستانی گەورە بە پلەی یەکەم هاتووە.لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا باشوری کوردستان لە پلەی دووەمدا هاتووە.بەلام لە پلەی سێیەمیندا ڕۆژئاوای کوردستان بەژمارەی بابەت وەك یەك هاتووە .

## پاری دووەم

## وێنە لە ژانرەکانی هەردوو ڕۆژنامەی هەواڵ و میدیادا

وێنە بەهەر چوار جۆرەکەی (وێنەی زیندوو،ئەرشیف،سکێچ ،نەخشە)، بەشێکی ڕووبەری ژانرەکانی داگیرکردووە. بەشێوەیەك لە ڕۆژنامەی هەواڵدا (٤٢) وێنە هاتووە ،بەهەر چوار جۆرەکەی.بەهەمان شێوە لە ڕۆژنامەی میدیادا (٨٥)وێنە هاتووە ،بە هەر چوار جۆرەکەی .واتە بەسەریەکەوە لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا

(١٣٧)وێنە هاتووە ،بە هەرچوار جۆرەکەیەوە.لەبەراوورد کردنی وێنەی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەکە لە هەردوو رۆژنامەدا رۆژنامەی میدیا بە (٤٣)وێنە لە پێش رۆژنامەی هەواڵەوەیە .

| خشتەی (٤٠) دەرخستنی ڕێژەی(٪) رووبەری وێنە لە کۆی گشتی رووبەری وەرگیراو و بەکارهاتوو لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | کۆی ڕووبەری وەرگیراوبە سم٢ | کۆی ڕووبەری بەکارهاتوو بە سم٢ | کۆی ڕووبەری وێنەکان بە سم٢ | ڕێژەی ڕووبەری وێنە لە کۆی گشتی وەرگیراو٪ | ڕێژەی ڕووبەری وێنە لە کۆی ڕووبەری بەکارهاتوو٪ |
| هەواڵ | ١,١٦٦,٣٥٢ | ٨٣,٧٧٠ | ٧٠٨٥ | ٠,٦ | ٨,٤ |
| میدیا | ٤٧٥,٢٠٠ | ٩٠,٠٢٣ | ١٣٦٠٧ | ٢,٩ | ١٥,١ |
| هەمووی | ١,٦٤١,٥٥٢ | ١٧٣,٧٩٣ | ٢٠,٦٩٢ | ١,٣ | ١١,٩ |

لە خشتەی (٤٠)دادەردەکەوێت،کۆی گشتی رووبەری بەکارهاتوولە هەردوو رۆژنامەکەدا بۆ جۆرەکانی وێنە (٢٠,٦٩٢) سانتیمەتر چوارگۆشەیە.لەکۆی ڕووبەری وەرگیراوڕێژەی (١,٣)بەروێنەکەوتووە.لەرۆژنامەی هەواڵدا وێنەلەکۆی ڕووبەری وەرگیراو ڕێژەی(٠,٦)وەرگرتووە.هەروەها رۆژنامەی میدیا لەهەمان ڕووبەری وەرگیراوی خۆیدارێژەی(٢,٩)وەرگرتووە.لە بەراوورد کردندا دەردەکەوێت رۆژنامەی میدیا بایەخی زیاتری بۆ وێنە هەبووە و کاری مەیدانی زیاتری کردووە.


| خشتەی (٤١)دەرخستنی جۆرەکانی وێنە لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | هەواڵ | | | میدیا | | | هەمووی | |
| جۆری وێنە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ | پلە | دووبارە | ٪ |
| وێنەی زیندوو | ٢٠ | ٤٧,٦ | ١ | ٤٨ | ٥٦,٥ | ١ | ٦٨ | ٥٣,٦ |
| وێنەی ئەرشیف | ١١ | ٢٦,٢ | ٢ | ٢٧ | ٣١,٨ | ٢ | ٣٨ | ٢٩,٩ |
| نەخشە | ٧ | ١٦,٧ | ٣ | ٨ | ٩,٤ | ٣ | ١٥ | ١١,٨ |
| سکێچ | ٤ | ٩,٥ | ٤ | ٢ | ٢,٣ | ٤ | ٦ | ٤,٧ |
| هەمووی | ٤٢ | ٪١٠٠ | | ٨٥ | ٪١٠٠ | | ١٣٧ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٤١)دا دەردەکەوێت،لەپلەی یەکەمدا وێنەی زیندوودێت.لە پلەی دووەمدا وێنەی ئەرشیف دێت. لە پلەی سێیەمدا نەخشە دێت.لە پلەی چوارەمدا سکێچ دێت. بایەخی زیاتر بۆ وێنەی زیندووە.رۆژنامەی

میدیا لە هەردوو وێنەی زیندوو و ئەرشیف لە پێشەوەی رۆژ نامەی هەواڵە.رۆژ نامەی هەواڵ لە هەردوو جۆری نەخشە و سكێچ لە پێش رۆژنامەی میدیاوەیە.

١_ هێلكاری (١)دەرخستنی رێژەی جۆری وێنەكان.


هێلكاری (١)دەرخستنی رێژەی(٪) جۆرەكانی وێنە لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا




لە هێلكاری (١)دا رێژەی بەركەوتووی جۆرەكانی وێنە دەخاتە ڕوو.وێنەی زیندوو زیاتر لە هەرسێ جۆرەكەی تری بەركەوتووە.ئەمەش نیشانەی بوونی كاری راستەوخۆ و گواستنەوەی بابەتی زیندووی رۆژ بووە لەلایەن هەردوو رۆژنامەكەوە .

٢_ هێلكاری(٢)دەرخستنی بەركەوتەی رێژەیی،هەریەك لە جۆرەكانی وێنە.لە كۆی ڕووبەری بەكارهاتووی وێنەدا،لە هەردوو رۆژنامەی هەواڵ و میدیاكە(٦٩٢،٢٠)سانتیمەتر چوارگۆشەیە.

هێلكاری (٢) دەرخستنی رێژەی(٪) جۆرەكانی وێنە لە ڕووبەری بەكارهاتووی وێنەكان لە رۆژنامەی هەواڵ و میدیادا




لەهێلكاری (٢)دا دەردەكەوێت .وێنەی زیندوو لە پلەی یەكەمدایە.ئەرشیف لە پلەی دووەمدایە.نەخشە لە پلەی سێیەمدایە.سكێچ لە پلەی چوارەمدایە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە هەردوو رۆژنامە زۆرترین كاری راستەوخۆیان كردووە ،بۆیە زۆرترین وێنەی زیندوویان بەكار هێناوە.

# پاری سێیەم

## رووپێوی ڕووبەری وەرگیراو و بەکارهاتووی لاپەڕەکانی هەردوو رۆژنامەکە

مەبەست لە ڕووپێوی رۆژنامەکان ،رووبەری لاپەڕە و کۆی ڕووبەری ژمارەیەك و کۆی گشتی سەرجەم ژمارەکانی وەرگیراوە لە لایەن توێژەرەوە، بۆ ئەنجامدانی توێژنەوەکەی کە کاری لەسەر کردوە.

| خشتەی (٤٢)دەرخستنی ڕووپێوی تەواوی ژمارە وەرگیراوەکانی رۆژنامەی هەواڵ ومیدیادا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامە | ژمارە | ژمارەی لاپەڕە | ڕووبەری لاپەڕەیەك بە سم٢ | ڕووبەری ژمارەیەکی تەواو بە سم٢ | ڕووبەری تەواوی ژمارەکان بە سم٢ |
| هەوال | ٤٧ | ١٦ | ١٥٥١ | ٢٤,٨١٦ | ١,١٦٦,٣٥٢ |
| میدیا | ٢٥ | ١٢ | ١٥٨٤ | ١٩,٠٠٨ | ٤٧٥,٢٠٠ |
| هەمووی | ٧٢ | ٢٨ | ٣,١٣١ | ٤٣,٨٢٤ | ١,٦٤١,٥٥٢ |

لە خشتەی (٤٢)دا دەردەکەوێت، رۆژنامەی هەواڵ ژمارەکانی زۆر زیاترە لە ژمارەکانی رۆژنامەی میدیا،بە (٢٢)ژمارە لە پێشترە.هەروەها ژمارەی لاپەڕەکانی رۆژنامەی هەواڵ بە (٤)لاپەڕە زیاترە ،لە ژمارەی لاپەڕەکانی رۆژنامەی میدیا. پێوانەی رووبەری لاپەڕەیەکی رۆژنامەی میدیا زیاترە لە رۆژنامەی هەواڵ .پێوانەی لاپەڕەیەکی رۆژنامەی میدیا(٣٣×٤٨= ١٥٨٤ سم٢). پێوانەی لاپەڕەیەکی رۆژنامەی هەواڵ(٣٣×٤٧= ١٥٥١ سم٢).لە کۆی گشتی ڕووبەری ژمارەکانیدا رۆژنامەی هەواڵ (٦٩١,١٥٢ سم٢) لە رۆژنامەی میدیا ڕووبەری زیاترە .هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە رۆژنامەی هەواڵ هەفتانە دەرچووە.بەلاّم رۆژنامەی میدیا (١٥)رۆژجارێك دەرچووە . هەروەها رۆژنامەی هەواڵ (١٦)لاپەڕەیە.کەچی رۆژنامەی میدیا (١٢)لاپەڕەیە.

